




# له "ڕۆژنامەی کوردستان"
# و"کوردستان میدیا"وە

خاکەلێوەی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- سپاسنامەی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی کوردستان ........................ کوردستان میدیا ..... ٥
٢- نەورۆز لە تانوپۆی نیشتماندا ........................................................ کەریم پەرویزی ..... ٧
٣- کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان: هەڵاوردنی سیستماتیک دژی ژنان و کچان جینایەت دژی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا بوون .......... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠
٤- نەورۆزی دژە گوتار ........................................................................ یەعقووب ڕەوا ..... ١٥
٥- لە ساڵی نوێدا بەرەو "پۆست" ژن، ژیان، ئازادی ........................................ ئەلبورز ڕووئینتەن ..... ١٨
٦- لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا ........................................ عومەر باڵەکی ..... ٢١
٧- وەهمی تێگەیشتن و زانایی ............................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٢٥
٨- بەرزتر شاهۆ، تیژباڵتر لە هەڵۆ (شەهید ئەرشەد ڕەزایی) ................................ برایم چووکەڵی ..... ٣٠
٩- لە نێوان ئێران و چیندا کامیان تەواو کەری کامیانە؟ ....................................... دارسمە ..... ٣٣
١٠- ئەیەوێ جێگا بە ئیسرائیل لێژ بکا! .......................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٣٦
١١- جامانە سەروێنی یەکسانی و بەرابەریخوازی ............................................ تاهیر قاسمی ..... ٣٩
١٢- بووژانەوەی شەقام لە پێناو سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا ................................ ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ٤٢
١٣- پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ٣٦٠ پلەیی نەتەوەیی لە پێناو پەرەپێدانی گوێگرتن و چارەسەری دیپلۆماسی نێوخۆیی ..................................................................... د. مەجید حەقی ..... ٤٦
١٤- شۆڕشی ژیان و ڕێگای کۆمەڵگەی کوردی بۆ ڕزگاری ........................................ حەسەن قارەمانی ..... ٤٩
١٥- بۆچی لە کێل و مەزاریشمان دەترسن؟ ....................................................... عەلی بداغی ..... ٥٣
١٦- حیزب وەک سەنتەر، ستراتژیی حیزب وەک سەنتێز ........................................ تاهیر قاسمی ..... ٥٧
١٧- شەهید بە ژیانی نیشتمانێک بونیات دەنێ ..................................................... کەریم پەرویزی ..... ٦٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٨- پەیام ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتیی حیزب: بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ................ ٦٣
١٩- مێژووی جەژنی نەورۆز لای نەتەوەی کورد ................................................ خەلیل جەنگی ..... ٦٧
٢٠- ئەوەی پێشەوا کردی ........................................................... عومەر باڵەکی ..... ٧٦
٢١- شەهید کێیە؟ ................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٢
٢٢- بۆ گەل ژیا، بۆ گەل مرد ....................................................... سمایل شەرەفی ..... ٨٥
٢٣- قووڵایی ستراتیژیی ئێران گەیشتنە بە چەکی ناوکی ...................................... شۆڕش شاباز ..... ٩٠
٢٤- جیاوازیی نەورۆزی مەشخەڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ...................................... ئاسۆ پیرانشاری ..... ٩٦
٢٥- نەورۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاتی شۆڕشی ژینا ...................................... نەهیە خۆشکەلام ..... ٩٩
٢٦- سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانیدا ...................................... ئاشق ئیسماعیلی ..... ١٠٣
٢٧- ١٢ی خاکەلێوە، دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە نەهامەتییەکان ...................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٠٧
٢٨- ئاسوودە بنوو حەزرەتی پێشەوا! ...................................... ڕەزا دانشجوو ..... ١١٠
٢٩- هەنگاوەکانی بەرەو لووتکە ...................................... عەلی بداغی ..... ١١٥
٣٠- گوتاری نەتەوەیی ئێمە و ئالنگارییەکانی بەردەمی ... وتوویژ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە ... عەلی لەیلاخ ..... ١١٨
٣١- نەورۆز و گۆڕانێک لە میحوەرییەتی خەبات ...................................... پژمان شەریعەتی ..... ١٣١
٣٢ - کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان ...................................... تاهیر قاسمی ..... ١٣٦
٣٣- سروودێک لە چاوی ئاوردا (شەهید ئەنوەر ئیبراهیمی) ...................................... برایم چووکەڵی ..... ١٤٠
٣٤- سێزدەبەدەر و درۆکردن دە دڵی خۆماندا ...................................... دارسمە ..... ١٤٣
٣٥- د. هۆشمەند عەلی: شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبوونەتە وانەی مێژوو بۆ نەوەی ئێستامان ......................
دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٤٦
٣٦- ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی: کۆچی دوایی کاک هاشم کەریمی ................ ١٥٣
٣٧- ساڵی پێشمەرگە، نەورۆزانەی کوردستان ...................................... شاروخ حەسەنزادە ..... ١٥٦
٣٨ - پاڵپشتی سەنگەر ...................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٥٩
٣٩- کوردستان ئامادەیە ...................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ١٦٢
٤٠- هێلانەی هەڵۆ ئی هەڵۆیە! ...................................... زانیار حوسێنی ..... ١٦٥
٤١ - کردەی بەکۆمەڵ ...................................... شەهێن زاد ئەحمەد ..... ١٦٩
٤٢- کوردستان لە قاپی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا ...................................... سمایل شەرەفی ..... ١٧٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤


٤٣- سەمای سنوور ........................................................................ دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ..... ١٧٧

٤٤- سەرکەوتنی هەرەگەورەی ئێمە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتە ..................... د. عەبدوڕەحمان قاسملوو ..... ١٨٢

٤٥- بڕیاری مێژوویی ........................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٥

٤٦- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی لاوانی کورد ........................................................................ ١٨٨

٤٧- بەرژەوەندیی خەڵک لەکوێی هاوکێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دایە؟ ......... سمایل شەرەفی ..... ١٩٢

٤٨- جلوبەرگی خاکی و جامانە وەک ڕەمزی بەهێزی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........... حەسەن قارەمانی ..... ١٩٥

٤٩- بەڵگەی ڕوون بۆ پێویستیی نەمانی کۆماری ئیسلامی ......................................... سمایل شەرەفی ..... ١٩٧

٥٠- جامانەی خەباتگێڕان و جامانەی مرۆکوژان .................................................. ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٢٠٠

٥١- وەڵامەکەی ئێران بۆ ئیسراییل و ئەو ئامانجانەی نەپێکران .................................. مادح ئەحمەدی ..... ٢٠٢

٥٢- شکۆی کچان و ژنانی کوردستان و پیلانی کۆماری ئیسلامی .............................. حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٢٠٥

٥٣- ئەرکی ئێستامان ........................................................................ مستەفا مەولوودی ..... ٢٠٨







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سپاسنامەی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی کوردستان




**خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی کوردستان!**

دەستپێکی ساڵی نوێ و نەورۆزی ئەمساڵ بەو حەماسەت و یەکگرتوویی و ئەو دیمەنە ڕەنگاوڕەنگ و پڕمانایە کە هەموو کوردستانی لەخۆگرتبوو، مژدەی ساڵێکی پڕدەسکەوت و هیوابەخشی بەهەموو لایەکمان دا.

ئەوەی ئەمساڵ ئێوەی تێکۆشەر لە گوند بە گوند و شار بە شاری کوردستان، هەر لە خوارووترین شوێنی ئیلامی دێرینەوە بگرە تا سەرووترین شار و گوندی ورمێی هەمیشە کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا پیشانی دنیاتان دا، جارێکی دیکە سیمایەکی لێوڕێژ لە شادی، جوانی و پڕ وزەتان بۆ ژیان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە خستەڕوو.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کاتێکدا بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای شۆڕشی ژینا بەتەمابوو وا بنوێنێ توانیویەتی کوردستان کۆنترۆڵ بکا و بارودۆخەکە ئاسایی پیشان بدا، بەڵام ئێوەی تێکۆشەر و بەهەڵوێست ئەو ڕیسەتان لە کۆماری ئیسلامی کردەوە خوری و بەکردەوە هاوارتان کرد، نە دەنگی کورد کپ دەکرێ و نە کوردستان بە هیچ داگیرکەرێک کۆنترۆڵ دەکرێ. ئێوە بە ڕوونی بە هەموو لایەکتان گوت ئەوەی لە کوردستان لەم ڕێوڕەسمە نەورۆزییانەدا ڕوو دەدا هەر درێژەی


https://serchawe.com

شۆڕشی ژینایە و بزووتنەوەی کوردستان تا سەرکەوتنی یەکجاری لە پێ ناوەستێ.

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ سپاسی بێپایانی خۆی پێشکەشی ئێوەی خۆشەویست بکا بۆ ئەرک و زەحمەتی یەکەبەیەکەتان لە نەخشاندنی ئەم لاپەڕە زێڕینانەی مێژووی گەلەمان لە نەورۆزی ئەمساڵدا.
لە بەرانبەر گەورەیی و لەخۆبوردوویی بنەماڵە و دایک و باوکی شەهیدان دەستی ڕێز بە سینگمانەوە دەنێین کە سەرەڕای دڵبرینداریيان، بە ناردنی پەیامی نەورۆزی و بەئامادەبوونیان لە ڕێوڕەسمەکاندا پێشەنگایەتی گەلەکەمانیان کرد و ئاوری نەورۆزییان لە شار و گوندەکانی کوردستان کردەوە و تەنانەت بەشدارییان لە شایی و گۆڤەندی خەڵکدا کرد. ئەوەی ئەم ئازیزە ڕووسوورانەی گەلەکەمان کردیان دووپاتکردنەوەی ئەو درووشمە بەناوبانگەی ڕێبەری شەهیدمان قاسملووی مەزن بوو کە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە".

ناوندی تەشکیلات هەروەها وێڕای پێزانین لە ماندوویینەناسیی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات سپاسی گەرمی خۆی پێشکێشیان دەکات کە لە نەورۆزی ئەمساڵدا ئەرکی خۆیان بە باشترین شێوە بە جێ گەیاند.

**بەهیوای سەرکەوتن و ڕزگاریی یەکجاری، دەستی هاوخەباتیتان بەگەرمی دەگوشین.**

**جارێکی دیکە نەورۆزتان پیرۆز.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی تەشکیلات**

**١ی خاکەلێوەی ١٤٠٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەورۆز لە تانوپۆی نیشتماندا



**کەریم پەرویزی**

زەوی بە دەوری خـۆردا دەورێکـی تەواوی لـێ دایەوە و دووبـارە لە نـوختەیەکی تایبەتـدا سرووشـتی سـەر زەوی بەرەوڕووی گۆڕانێکی دیکە دەبێتەوە. لە نوختەی ناسراو بە پێگەی بەهاری لە بـازنەی زەوی بە دەوری خۆردا، ژیـان لەسەر زەوی لە ناخەوە دەگۆڕێ و بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، لە بەرزاییەکانی زاگرۆسدا سەهۆڵ و شەختە دەتـوێنەوە و گـوڵی پەیـامهێنەری کۆتـایی زسـتان سـەر هەڵ دەدەن. نەورۆزی سروشت ژیـانەوە بە مزگێنـی دێنـێ و نەورۆزی کـۆمەڵگەش ژیانەوەی سروشت دەکا بە هێمای هیوا بە ڕۆژێکی نوێ!

لەوەتەی خەڵکی نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست لەگەڵ شارسـتانیەتی مێزووپۆتامیـا ئاشـنا بـوون، ڕێورەسمە تایبەتەکـانی نوێبوونەوەی ساڵی سرووشت و ژیان پێکەوە دەگرن و سەری ساڵ لەم ناوچەیەدا لەگەڵ ڕووداوە سرووشتیەکان یەکانگیر بـوون و هەر بۆیە سەری ساڵ لە کوردستان پڕ بە پێستی نوێبوونەوەیە.

ئەم ڕەمزی نوێبوونەوەیە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر ستەمکاریی درندانەی ڕێژیمێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەڕۆدایە، مانایەکی قووڵتر دەگرێتە خۆ و هەر بۆیە دەبینین کە لە کوردستانی هەمیشە لەسەر پێ، خەڵک بە گوڕ و تینەوە بەرەو پێشوازیی نەورۆز دەچن. ڕێورەسمە بەرفراوانەکانی پێشوازیی نەورۆز لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان، نیشانەی ڕوونی زیندوویی ئەم گەلە و لەسەرهەست بوونیان و هەروەها هێمابەخشیی نەورۆز و ئاگری پیرۆزی نەورۆزن بۆ نیشتمانی کوردستان.

لەوەتەی لە تارانەوە سیستمی سیاسی هەوڵی داوە کە ڕەنگ و بۆ و تام وچێژی جیاوازی نەتەوەیی لە ئێران بسڕێتەوە و هەمووی لە زەرفێکی دەسکرد بە ناوی نەتەوەی ئێرانیدا بتوێنێتەوە، تاکوو ئێستا بەردەوام هێما و ڕەمز و پارامێترە کولتووری و ناسنامەییەکانی کوردستان و  کورد بەتاڵان براوە و هەوڵیان داوە بەرگێکی دیکەی بە بەردا بکەن و بە ڕەنگ و بۆنی دیکەوە بە کوردستانی بفرۆشنەوە.

لە ڕێورەسم و یادەکانی نەورۆزیشدا هەوڵیان داوە ئاگری نەورۆز داگیر بکەن و بیکەن بە شتێکی لاوەکی و نەورۆز تەنیا لە دانیشتن لەماڵەوە بە دەوری سفرەیەک بەناو حەوت سیندا کورت بکەنەوە کە نە ڕەسەنە و نە لە هیچ مێژوویەکدا ئاماژەی پێ کراوە!

بەڵام ڕێورەسمە نەورۆزییەکان و هەڵکردنی ئاگر لەسەر بەرزاییەکان و پێشوازی لە نوێبوونەوەی ساڵ و هەروەها کۆبوونەوەی خەڵکی شار و گوند بە دەوری یەکەوە و پێکەوە شایی کردن و بە تێکڕا سەردانکردنی ئەو ماڵانەی ئازیزێکیان لەم ساڵدا لەدەست داوە، لە پارامێترە ناسێنەرەکانی نەورۆزی کوردەوارین!

ساڵانێکی زۆر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی پاڵەوی و دوایەش خومەینی هەوڵیان دا هێما فەرهەنگییەکانمان بدزن و لە نێوەڕۆک بەتاڵی بکەنەوە و چەندین دەیەشە ڕێژیمی خومەینی دژی نەورۆزی کوردستان بووە و تەنانەت ئاگرکردنەوەشی بە گوناح ناودێر دەکرد. بەڵام مێژوو نیشانی داوە و دووبارەش کوردستان سەلماندیەوە کە ئەوە دەسەڵاتدارانن کە دەبێ ملکەچی ڕەوڕەوەی مێژوو ببن و نەتەوەکان هەر دەمێنن. بۆیە دەبینین کە دوای چەندین دەیە دژایەتیی دەسەڵاتی ملهوڕی تاران لەگەڵ نەورۆزی کوردەواری، ئێستە ئیدی بە فراوانی ڕێورەسمی نەورۆزی لە کوردستان بەڕێوە دەچێ و هێما خەباتکارانەکانیشێ تێدا بەرز دەکرێتەوە و دەسەڵاتی ملهوڕ تەنیا ڕووڕەشییەکەی بۆ دەمێنێتەوە!

نەورۆز وەکوو یادێکی سەری ساڵ ڕەنگە کورتماوە بێ و بە هەڵکردنی ئاگر و بەرزکردنەوەی هێما نەتەوەیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

خەباتکارانەکان، خەڵک هیوایەکی دووبارەیان پێ ببەخشرێ و دەسەڵاتیش پێی وابێ بە کۆتاییهاتنی ئەو ڕۆژە، ئیدی دۆخەکە وەکوو خۆی لێ دێتەوە و دووبارە زاڵ دەبێتەوە بەسەر کۆمەڵگەدا! بەڵام ئەوەی لێی نازانێ و خەڵک لەوێشدا بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ئینکارگەر دەجووڵێنەو، بریتیە لەوەی کە نەورۆز دەکەن بە بناخەیەک بۆ هیوا بەخشێن و هەروەها توندکردنەوەی گرێچنە کۆمەڵایەتییەکان.

کاتێک ڕێورەسمی نەورۆز لە کوردستان بەڕێوە دەچێ، بە تێکڕای نەتەوەیەک بەرەوپیری دەچن و پێی شاد دەبنەوە و بە دەوری ئاگرەکەیەوە شایی دەگێڕن و ئەمە ڕۆحی نەتەوەییان دووبارە دەر دەخاتەوە و دەیسەلمێنێتەوە. سنوورێک کە تێیدا ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە و خەڵکێک کە بە دەوری ئەو ئاگرەوە شایی دەگێڕن و هێما نەتەوەیی و خەباتکارانەکان بەرز دەکەنەوە لە ڕاستیدا سنووری نیشتمان دەر دەخا!

لەنێو ئەم نیشتمانەدا، هەن کەسانێک کە گرانبەهاترین سەرمایەیان واتە گیانیان پێشکەشی ڕووسووریی نیشتمان کردوە. شەهیدانی کوردستان ئەوانەن کە بە خوێنیان نیشتمانیان بونیات ناوە و هەر بۆیە ڕەمزی سەربەرزیی گەلن و لە نەورۆزدا، کۆمەڵگە بەرەو سەر مەزارەکەیان و سەردانی بنەماڵەکانیان دەچێ تاکوو ڕایبگەیەنێتەوە کە ئەم نیشتمانە و ئەم ڕێورەسمانە و ئەم زیندوومانەوەی هێما و ئاڵای نەتەوەیی و خۆڕاگرییانە و گەشاوە بوونی ئەم ئاگرانە، بەرهەم و قەرزارباری خوێنی شەهیدان و ئەم ڕۆڵە نەمرانەن کە ئێستا ئیدی مەشخەڵانی ڕزگاریی نیشتمانن.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کۆماری ئیسلامی




**"هەڵاواردنی سیستماتیک دژی ژنان و کچان، ڕێخۆشکەری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جینایەت دژی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا بوون"**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**ژنێڤ، ٨ی مارچی ٢٠٢٤**

سەرکوتی توندوتیژانەی خۆپیشاندانە هێمنانەکان و هەڵاواردنی بە دامەزراوییکراوی بەربڵاو دژی ژنان و کچان بوونە هۆی پێشێلکاریی جیددی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. گەلێک لەو پێشێلکارییانە وەک جینایەت دژی مرۆڤایەتی دێنە ئەژمار، ئەوە لە یەکەم ڕاپۆرتی کۆمیتەی سەربەخۆ و نێونەتەوەیی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپۆرتەکە کە بۆ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ئامادە کراوە دەڵـی، توندوتیژییەکان و پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە چوراچێوەی ناڕەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"دا کە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ دەستیان پێ کرد و کوشتنی دەرەوەی یاسا، کوشتنی نایاسایی و گیانئەستاندن، کەڵکوەرگرتنی ناپێویست و ناڕێژەیی لە توندوتیژیی، دەستبەسەرکردنی گۆترەیی، ئەشکەنجە، لاقەکردن، بزرکردنی زۆرەملی و ڕاوەدوونانی زایەندیی دەگرتنە خۆ.

پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی ناڕێژەیی دژی ژنان، منداڵان و ئەندامانی کەمینەکانی ئەتنیکی و ئایینی بەڕێوە چوون. ئەو کۆمیتەیە بەڵگەی ڕاوەدوونانی زایەندیی تێکەڵاو بە هەڵاواردن بەگوێرەی ئەتنیک و ئایینی دەست کەوتوە.

سارا حوسێن، سەرۆکی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی، "ئەو کردەوانە بەشێک لە هێرشی بەربڵاو و سیستەماتیک دژی خەڵکی مەدەنیی ئێرانن، واتە دژی ژنان، کچان، کوڕان و پیاوانێک کە داوای ئازادی، یەکسانی، ڕێز و لێپرسینەوەیان کردوە. ئێمە داوا لە دەوڵەت دەکەین دەستبەجێ کۆتایی بە سەرکوتی ئەو کەسانەی بە شێوەی ئاشتییانە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە بێنێ، بە تایبەتی هی ژنان و کچان".

ناڕەزایەتییەکانی ئێران بە هۆی مردنی ژنێکی کوردی ئێرانی، تەمەن ٢٢ ساڵ، بە ناوی ژینا -مەهسا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەر کران بە هۆی ڕەچاونەکردنی یاسای ئێرانیی حیجابی زۆرەملیی دەستیان پێ کرد. ئەو کۆمیتەیە بۆی دەر کەوتوە کە توندوتیژیی فیزیکی لە کاتی دەستبەسەرکرانی، بووە هۆی کوشتنی نایاسایی خاتوو ئەمینی. دواتر لەجیاتی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ، کاریگەر و ورد، کە یاسای نێودەوڵەتی دەخوازێ، دەوڵەت چالاکانە ڕاستییەکەی شاردەوە و خۆی لە جێبەجێ کردنی دادپەروەری بوارد.

پاشان کاربەدەستان سەرجەم دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی بۆ سەرکوتی ئەو خۆپیشاندەرانە خستە کار کە دوای کوژرانی خاتوو ئەمینی هاتبوونە سەر شەقامەکان. بەگوێرەی ئاماری بڕوا پێکراو، ٥٥١ خۆپیشاندەر بە دەست هێزە ئەمنییەتییەکان کوژران، لە نێویاندا ٤٩ ژن و ٦٨ منداڵ. زۆربەی کوژرانەکان بە هۆی چەک ڕوویان دا، لە نێویاندا بە تفەنگی ئۆتوماتێک.

کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، لەو دۆخانەی کە لێیانی کۆڵیوەتەوە بۆی دەر کەوت کە هێزە ئەمنییەتییەکان کەڵکیان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و نارێژەیی وەرگرت کە بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی نایاسایی خۆپیشاندەرا.ن  نموونەی برینی قووڵ لە چاوی خۆپیشاندەران، بۆتە هۆی کوێربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، پیاوان و منداڵان و نقوستانبوونیان بۆ تا هەتایە. ئەو کۆمیتەیە هەروەها بەڵگەی کوشتنی دەرەوەی یاساشی دۆزیوەتەوە.

کۆمیتەکە کوژران و بریندار بوونی هێزە ئەمنییەتییەکانی پشتڕاست کردۆتەوە بەڵام زۆربەی هەرە زۆری نارەزایەتییەکان هێمنانە بوون.

هێزە ئەمنییەتییەکان خۆپیشاندەرەکانیان بە دەستبەسەرکردنی لەگۆترە سەرکوت کردوە، لە نێویاندا خەڵکی ئەوتۆ هەبووە کە تەنیا سەمایان کردوە، دروشمیان داوە، دروشمیان لەسەر دیوار نووسیوە، هۆرنیان لێ داوە، یان لەسەر سۆسیال مێدیا پشتگیرییان لە داخوازییەکان، وەکوو مافەکانی ژنان، یەکسانیی و لێپرسینەوەیان کردوە. گەلێک لەوان چاوبەست کراون و بردوویاننە نێو ئامێری گواستنەوەی بێ نیشانە، لە نێویاندا ئامبوڵانس. سەدان منداڵ کە بەشێکیان تەنیا دە ساڵ تەمەنیان هەبووە، دەستبەسەر کراون، بێ ئەوەی زانیارییەک لەبارەی شوێنی ڕاگرتنیان بدرێ، و لە بنەماڵەکانیان جیا کراونەوە.

لە کاتی دەستبەسەر کراندا، کاربەدەستانی دەوڵەتی، قوربانییەکانیان ئەشکەنجە کردوە تا ئیعترافیان لێ بستێنن یان بیانترسێنن، بێڕێزییان پێ کردوون و سزایان داون. کۆمیتەکە هێندێک دۆخی دۆزیونەوە کە لەواندا ژنان و کچان لاقە کراون و توندوتیژیی سێکسی و زایەندیی دژیان کراوە، لە نێویاندا لاقەکرانی بەکۆمەڵ، لاقە کران بە شتێک، لە کارەبادانی زێ، بەزۆر ڕووتکردنەوە و دەستبۆبردن. هێزە ئەمنییەتییەکان داوای ژنان بۆ یەکسانیی و نەهێشتنی هەڵاواردنیان وەکوو "ویستی ڕووتبوونەوە" و "بڵاوکردنەوەی بێڕەوشتی" لێک داوەتەوە.

کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بۆی دەر کەوتوە کە دەوڵەت لە دێسەمبەری ٢٠٢٢ تا جانیوەری ٢٠٢٤  لانی کەم و لەگۆترە، پاش دادگاییکردنی کورتماوە کە پشتبەستوو بە دانپێدانان لەژێر ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نارەوا بووە ٩ لاوی لە سێدارە داون.  دەیان تاک، هێشتا لە ژێر مەترسی لەسێدارە دران یان وەرگرتنی حوکمی ئیعدام لە پەیوەندی لەگەڵ نارەزایەتییەکان دان. ژنان و منداڵان لەنێو گەلێک لەو کەسانەدا دەبینرێن کە لە سەرەتای دەستپێکی نارەزایەتییەکان تۆمەتبار بە تاوانی ئەوتۆ کراون کە سزای مەرگیان هەیە.

ڕێژەیەکی زۆر هێشتا تێچوویەکی زۆر بە هۆی پشتیوانی لە جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەدەن. کاربەدەستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوتەکانیان بۆ سەر بنەماڵەی قوربانییان، ڕۆژنامەنووسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەران، پزیشکان و گەلێک خەڵکی دیکە چەند هێندە دەکەن، تەنیا بەو هۆیە کە بیروڕای خۆیان دەربڕیوە، پشتگیرییان لە خۆپیشاندەران کردوە یان بە دوای ڕاستی و دادپەروەری بۆ قوربیانیان دابوون.

کاربەدەستانی دەوڵەتی، لە بەرزترین پلەکاندا بە لێدوانەکانیان هاندەر، بڕیاردەر و خوازیاری پێشێلکارییەکان دژی مافەکانی مرۆڤ بوون و پاساویان بۆ ڕەفتار و ئاکاری هێزە ئەمنییەتییەکان دەهێنایەوە. ئەوان دەستیان دایە هەڵمەتێکی شێواندنی ڕاستییەکان کە لەویدا خۆپیشاندەرانیان بە "ئاژاوەگێڕ"، "بەکرێگیراوی بیانی" یان تاقمی "جیاییخواز" نێو دەبرد. هێزە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی، بە تایبەت سوپای پاسداران، هێزی بەسیج و هێزەکانی فەرماندەیی سەپاندنی یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێران (فەراجا)، بەشداری پێشێلکردنی جیددی مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی بوون.

کاربەدەستانی ئێران ڕێگرییان لە هەوڵەکانی قوربانییان و بنەماڵەکانیان بۆ قەرەبووکرانەوە و دۆزینەوەی چارەسەر داوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بەو ئاکامە گەیستووە کە قوربانییەکان لەگەڵ سیستەمێکی دادوەریی بەرەوڕوو بوونەوە کە سەربەخۆیی، شەفافیەت و لێپرسینەوەی نییە.

ڤیڤیان کرستیچەڤیچ، ئەندامی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی، "کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیارە مافەکانی ژنان و منداڵان بپارێزێ و مافی ڕاستی، دادپەروەریی و قەرەبووکردنەوەی سەرجەم قوربانییەکان دەستەبەر بکات. بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاواردنی بەدامەزراوییکراو دژی ژنان و کچانی ئێران، ئەوان مافی قەرەبوو کرانەوەی تەواو و زەمانەت کردنی ئازادیی تەوا و و بەشداریی لە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییانەی ئێمە دۆزیومانەنەوە، ئەوە بێجگە لە ڕێکاری دیکە، بە مانای گۆڕینی سەرجەم یاساکانی مەدەنی و سزادان، چاکسازیی لە سیستەمی دادوەریی و هەنگاوەکان بۆ قبووڵی بەرپرسیارەتی دەگرنە خۆ".

کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بەداخە لە نەبوونی هاوکاریی کاریگەر لە لایەن دامودەزگاکانی ئێرانیی خاوەن دەسەڵات، سەرەڕای داوای بەردەوامی ئێمە بۆ وەرگرتنی زانیاریی، لە ناویاندا زانیاریی لە بارەی کوژراو و بریندارانی هێزە ئەمنییەتییەکان ئەوان لە خۆ بواردن لە دەستڕاگەیشتنی ئێمە بە وڵاتەکە و خەلک بەردەوام بوون. کۆمیتەکە هەروەها نەبوونی هەر جۆرە شەفافیەت لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتی خودی دەوڵەت لەمەڕ تۆمەتەکانی پێشێلکاریی جیددی مافەکانی مرۆڤی پشتڕاست کردۆتەوە.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە هۆی نەبوونی چارەسەری کاریگەر و بە لەبەر چاو گرتنی بێ سزا هێشتنەوەی پێشێلکارییەکانی سیستەماتیک و مێژوویی لە ئێران، دەوڵەتانی ئەندام پێویستە ڕێکارەکان بۆ لێپرسینەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و سیستەمەکانی نێوخۆیی خۆیاندا بکۆڵنەوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان داوا لە دەوڵەتان دەکات پرەنسیپە گەردوونییەکانی دادوەریی بۆ گشت تاوانەکانی ژێر یاسای نێودەوڵەتی بەبێ سنووردار کردنی ڕێکارەکان، دامەزراندنی سندووقی قەرەبوو کردنەوەی قوربانییان، بە کۆ یان بە تاک و، دابین کردنی پارێزگاریی، لە ناویاندا بە قبووڵی پەنابەریی و ڤیزای مرۆڤدۆستانە بۆ ئەو کەسانەی لە ڕاوەدوونان بە هۆی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران ڕا دەکەن، لەبەر چاو بگرن.

شەهین سەردار عەلی، ئەندامێکی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی، "ئێمە داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکەین دەستبەجێ لەسێدارەدانەکان ڕا بگرن و سەرجەم ئەو کەسانەی لەگۆترە و لە ڕەشبگیرییەکاندا بە هۆی بەشداریی لە ناڕەزایەتییەکان دەستبەسەر کراون بێ مەرج ئازاد بکات و کۆتایی بە سەرکوتی خۆپیشاندەران و بنەماڵەکانیان و لایەنگرانی جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بێنێ.

***

پاشخان: ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دروستکردنی کۆمیتەیەکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە بارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی پەسەند کرد تا لە پێشێلکارییەکانی ئیددیعاکراوی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆمای ئیسلامیی ئێرانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی دوای ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، بەتایبەتی ئەوانەی دژی ژن و منداڵانی دەگرتەوە، بکۆڵێتەوە.

لە ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢، سەرۆکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە سارا حوسێن (بەنگلادێش)، شەهین سەردار عەلی (پاکستان) و ڤیڤیان کرستیچەڤیچ (ئارژانتین) وەک سێ ئەندامی سەربەخۆ بەشداری کۆمیتەکە دەبن و سارا حوسێن وەک سەرۆکی کۆمیتەکە دیاری کرا.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەورۆزی دژە گوتار



یەعقووب ڕەوا

لە تیۆریی "میخائیل باختین"دا کارنەڤاڵ وەک چەمکێکی بنەڕەتی و گرنگ دەخرێتە ڕوو. باختین کارنەڤاڵ بە پرۆسەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات کە تێیدا مرۆڤەکان بە شێوەیەکی نافەرمی و داهێنەرانە دژی یاسا و ڕێسا ئاساییەکان ڕادەبنەوە و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی توشی ئاڵنگاری دەکەن.

هەرچەند توخمەکانی بیردۆزی باختین زۆر بەرفراوانتر و فرە ڕەهەندترن و پتر بۆ لێکدانەوەی ئەدەبیی بەکار هاتوون، بەڵام بۆ لێکدانەوەی نەورۆز لە کودرستان زۆر کارامەن. شێوەی بەڕێوەبردنی کارنەڤاڵی نەورۆز و ئەو فۆرمەی هەنووکەیی بەشی هەرە زۆری قەرزداری پیرەمێردی نەمر و نەورۆزەکانی گردی مامەیارەی سلێمانییە. ڕاسانی نەورۆزیی پیرەمێرد نەک هەر تەنیا پیرۆزکردنی سەرساڵی کوردەواری بەڵکە ڕابوون و ڕاچەنینی گەلێکی ژێردەستەیە. پیرەمێرد دژی یاسا و ڕێسای باو هەستایەوە و نەورۆزی لە قوژبنی ماڵەکان هێنایە مەیدانی گشتیی شار و فۆرمێکی کارناڤاڵیی پێدا. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا نەورۆز جەژنێکی کولتووری بوو، بەڵام بوونیەتیی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و پێناسەی سەربەخۆبوونی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەیی، پرۆسەی میللەتسازیی عێراقی تووشی ئالنگاریی جیدی دەکرد. نەورۆزی پیرەمێرد هەڵقولاوی شارنشینی مۆدێرنی کوردی و ئێلێمانەکی بەهێزی شوناسخوازانە بوو. هەر بۆیە زۆر زوو حکوومەتی مەلیکیی عێراقی کەوتە کاردانەوەی جیدی و قەدەغە کردنی. تەشەنەکردنی نەورۆزی ئیعترازیی پیرەمێرد و مامەیارە بە هەمان نێوەرۆک و فۆرمەوە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بە خێراییەکی یەکجار زۆر بوو و ئێستاش پاشی نەوەد ساڵ هەر بە هەمان شێوە حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان تووشی ئالنگاری دەکا.

## نەورۆز و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نەورۆز لەو فۆرمەی خۆیدا بۆ ساڵانیکی زۆر لە هەر چوار پارچەی کوردستان قەدەغە بوو و زۆر جار بکەرانی سزا دراون. هەر بۆیەش خۆی لانیکەم ئەکتی ئاگرکردنەوەکەی حەرەکەتەکی ئیعترازیی دژە باو و دژە داگیرکەر سەیر کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرۆسەی میللەتسازیی مۆدێرنی پەهلەوی لە خۆیدا دژی نەورۆز نەبووە و بە جێژنێکی ئێرانی پێناسەی کردوە، هەر بەو پێیەش هەوڵیان دەدا فۆرمی ستانداردی حکوومی بۆ ساز بکەن و بیکەنە باو. بەڵام بە تایبەتی بە تەشەنەکردنی نەورۆزی پیرەمێرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو هەوڵانە مایەپووچ بوون و کاتی سەری ساڵ بڵێسەی ئاگری نەورۆز لە بەرزاییەکانی سەر بە شار و دێهاتەکانی کوردستان هەموو ئەو پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێرانی ئاگر تێبەر دەدا.

## نەورۆز و کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆماری ئیسلامی بەو پێیەی ڕێژیمێکی مەزهەبیی ئێرانییە تێکۆشاوە نەورۆز و سەری ساڵ بە ڕەنگێکی مەزهەبی-شیعییەوە پەرە پێ بدا. بەو پێیەی بوونیەتیی نەورۆز لای گەلانی دیکەی پیرۆزکەری نەورۆز -غەیرە کورد-، بوونیەتییەکی کولتورییە، ڕیوایەتی کۆماری ئیسلامی لای ئەوان زۆر کێشەدار نەبوو. بەڵام لە کوردستان کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە دژی بوو و بەرخۆدانی چڕی پارتیزانی لە ئارادا بوو، ئەو ڕیوایەتە فەرمیی حکومییە هەر زوو ڕەت کرایەوە. حکوومەتیش هەر بەو پێیە حازر بە قبوڵکردنی گێڕانەوەی کوردیی نەورۆز نەبووە و نییە و ئاگری نەورۆزی بە دژی خۆی دیوە و کردویەتی بە پرسێکی ئەمنییەتی. ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەتی نەورۆزی کوردستان بە گشتی دەکرێ دابەشی دوو قۆناغ بکرێن. لە نزیک دوو دەیەی سەرتای ژیانی کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە ڕیوایەتێکی غەیرە حکوومەتی لە نەورۆز بە توندی بەرپەچ دەدرایەوە و تەنانەت لە سۆنگەی مەزهەبیشەوە هێرشی دەکرایە سەر و بە نەریتێکی دژە ئیسلامی ناو دەبرا. قۆناغی دووهەمیش لە پرۆژەی ئێرانشاریدا دەردەکەوێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نەرۆز و پرۆژەی ئێرانشاری

بەرخۆدانی بێوچانی گەل و دژبوون دەگەڵ ڕیوایەتی فەرمیی حکومەت لە نەورۆز وای کرد لە قۆناغی دووهەمدا کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی پرۆژەی ئێرانشاری و قبوڵکردنی کورد بە قەومێکی ئێرانی نەورۆز لە کوردستان کولتووریزە بکا و ڕەنگی سیاسی لی بستێنێ. نەورۆز لە ژیانی نهێنیی خۆیدا وەک چەکێکی دژە گوتاری زاڵ سەیر دەکرا کە بە هەڵگیرسانی ئاگر لە بەرزاییەکانی کوردستان هەموو هەوڵی نەتەوەسازیی ئێرانی ئاگر تێبەر دەدا. هەر بەو پێیەش لە قۆناغی دووهەمی بەرەنگاری دەگەڵ نەورۆز هەوڵ درا بە کۆنترۆلکردن و پێدانی ئیزنی حکوومەتی نەورۆز بکاتە بۆنەیەکی کولتووری و ئێرانی.

## نەورۆز و قۆناغی ئێستا

نەورۆز ئێستا لە گەورەترین کارناڤاڵەکانی غەیرە حکومی جیهانییە کە نێوەرۆکێکی تەواو سیاسیی هەیە. کۆماری ئیسلامی کە بوونیەتییەکی مەزهەبی و دژە ڕەنگالەیی و دژە ژیانی هەیە، نەورۆز وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆی دەبینێ و تەواو هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆلکردن یان لانیکەم گۆڕینی نێوەرۆکی نەورۆزی تەنانەت بە ڕێگەپێدان و ڕێکخستنی حکوومەتیش خستووەتە گەڕ. بوونیەتیی کارنەڤاڵی نەورۆز کە کۆبونەوەی هاوکات و هاوشوێنی چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە هەر لە ڕەگەزەوە بگرە هەتا چینی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بیرۆکەی جیاوازی سیاسییە، پیشاندەری توخمی چەند دەنگیی کارنەڤالی باختینییە کە لە نێوەرۆکی خۆیدا تەناتەت دژی هەندی نەریتی ئیسلامی و دینیی خۆی کۆمەڵگەی کوردستانیش و لە ئاستێکی بەرینتریشدا هەوێنی تەبایی نەتەوەیی و دژە داگیرکەرییە. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نەورۆزەکانی ڕۆژهەڵات خۆ ڕێکخستنی تێکڕاییە کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی دژی بووە و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دژبەریەتیی ئەو لەگەڵ نەورۆزە.

کۆتا قسە ئەوەیە هیچ یەک لە حکوومەتەکانی داگیرکەر کوردستان نە توانیویانە و نە دەشتوانن نێوەرۆکی سیاسیی نەورۆز و نێوئاخنی بەرخۆدان و شوناسخوازی و دژە گوتاربوونی داگیرکەران بگۆڕن و لەباری بەرن، بگرە ئەو نێوەرۆکە ساڵ بە ساڵ تۆختر و ڕەنگینتر دەبێت.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لەساڵی نوێدا بەرەو "پۆست" ژن، ژیان، ئازادی



**ئەلبورز ڕووئین‌تەن**

لە سەر ئەوەی کە ڕابردوو چۆن دەتوانێ کاریگەریی لە سەر داهاتوو هەبێ مشتومڕێکی زۆر لەنێو فەیلەسوفان و زانایانی زانستی مرۆڤایەتی هەیە، هەر یەک لە زانایان باس لە شێوازێکی کاریگەری ڕابردوو لەسەر داهاتوو دەکەن بە جورێک کە جەبری مێژووی باسێکی گەرمی فەلسەفەی هێگل هەژمار دەکرێ کە لە تێروانینەکانی ئەفلاتون سەرچاوەی گرتووە و لەسەر فەلسەفەی مارکسیش کاریگەری داناوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لە گەڵ نێوڕۆکی ئەو بابەتەی کە لێرەدا باسی دەکەین ئەو وتەیەی ئێدمۆند بەرک نووسەر و فەیلەسوفی بریتانیاییە کە نوسەری کتێبی ڕامانێک لە سەر شۆڕشی فەڕانسەیە. بەرک لە وتەیەک لە مەڕ مێژوو دەڵێ: "لە مێژوودا قەبارەیەکی زۆری ڕێنوێنی بۆ ئێمە هەیە، کە دەتوانێ پێداویستیەکانی زانستی داهاتوو، لە هەڵە و لاوازییەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی دروست بکات".

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە ئێستا لە گرینگترین ئەو ڕووداوانەی ڕابردووی نزیکمان بە تایبەتی لە بەرەنگاری لە ڕێژیمی دیکتاتورییە پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی چەند ڕەهەندی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین وەک ڕێنوێنی بۆ داهاتوو کەڵکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێوەرگرین، هەر بۆیەش کە بەرەو پۆست ژن ژیان ئازادی دەڕۆین پێویستە نەک لە خاڵە ئەرێنییەکان بەڵکوو لە هەڵەکانیش کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی هەستانەوەی داهاتوومان سەرکەوتووتر بێ یا سەرکەوتنی کۆتایی واتە ڕووخانی دیکتاتوری بە ئازادی گەیشتنی کورد و کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

بە تایبەتی کە بەرەو ساڵی نوێش دەچین ئەو پێویستییە زیاتر خۆی دەنوێنی، چونکە ساڵی نوێ بۆ ئێمە دەستپێکی چالاکیی نوێ بە هێمای نەتەوەیی لە بەرانبەر سەرکوت و بیری فاشیستییە.

زۆرن ئەو لایەن و ڕەهەندانەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە دەبێ شەن و کەوی بکرێن، بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا بەکورتی باسی لە سەر دەکەین هەبوونی بیری شۆڤینستییە کە لە ڕێژیم و هەروەها بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەبیندرێ کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی مافە نەتەوەییەکان دەکات. ئەو ڕەهەندە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆی ئەوەی سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ.

لە دەستپێکدا کە شۆڕش لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد چالاکییەکانی دەرەوەی کوردستان وێڕای پشتیوانی بۆ کوردستان وەک چالاکییەک دژی حیجاب دەستیان پێ کرد، لە کوردستان مەودایەکی زۆری نەبرد کە شۆڕش لە دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی لە دژی شەهیدبوونی ژینا بۆ قوناغی ژن ژیان ئازادی گۆڕا و لەوێ ئازادیی کورد و کوردستانیش وەک سەنتێز خۆی نیشان دا و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پشتیوانی لە هێزی سیاسیی کوردی و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات و شەهیدی نەمر دکتو قاسملوو وەک هێمایەکی چالاکییەکان بە زەقی خۆیان نیشان دا. هەرچەند لە کوردستان چالاکییەکان ڕەنگی خەباتی نەتەوایەتییان بە خۆوە زیادتر دەدیت لە دەرەوەی کوردستانیش پشتیوانی بۆ ئەو خەباتەی کوردستان کەمتر دەبۆوە، تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی فارسی بەرەو دژایەتییەکی سیستماتیک بۆ ئەو شۆڕشە ڕۆیشت و بە جۆرێک هەوڵی دەدا شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە هەر جۆرە هێمایەکی نەتەوەیی کوردی بسڕێتەوە و لە داخوازی بۆ لابردنی حیجاب لە تاراندا کورتی بکاتەوە بە جۆرێک کە پێناسەی ئەو شۆڕشە واتە "ژن، ژیان، ئازادی"، بۆ "پیاو، وڵات، ئاوەدانی" لەلایەن خێڵی پاشایەتیخواز بگۆڕێت.

ئەو دژایەتییەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە لەگەڵ هەوڵی زۆر ڕێژیم بۆ نیشاندانی ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی کوردان بۆ جیاییخوازی هاوتەریب بوو، ئەو هاوتەریبیە لە نێوان لایەنی دژ بەیەک جاریکی دیکە سەلماندی شوڤینیزمی دژە کورد و مافەکانی لە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش لەوانەیە بەردەوام بێت، کە ئێستاش بە ئەندازەیەک دژایەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد دەکەن.

دژایەتیی کوردی و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی تەنانەت بۆ نێو میدیای فارسی زمانی دەرەوەش گواسترایەوە بە جۆرێک هەمیشە بە گومانەوە سەیری چالاکییەکانی کوردستانیان دەکرد و تەنانەت ئەگەر لەژێر تیغی سانسوریش دەرچوبا هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بەرگی ئێرانی بوونی کە ساختەی بیری شوڤینیزمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی بە سەردا بسەپێنین، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ بە هەمان ئەندازەی ئازادیخوازی بۆ کورد فەلسەفەی ژیانە، دژایەتی کردنی ئەو ئازادیەش بە بیانووی وەک جیاییخوازی بۆ ئەوان هزر و ئەندیشەیە کە ناتوانن لە بیری بکەن یا وەلای بنێن؛ تەنانەت ئەگەر بانگەشەی دیموکراسییش بکەن.

"

پۆست" ژن، ژیان، ئازادی بەر لە هەموو شتێک خوازیاری ئەوەیە کە دەبێ ئەو ڕاستییە زیاتر بناسین کە ئەو بیرۆکەی کە زیادتر لە سەد ساڵە ڕێگری دەکات لەوەی کورد بە کەمترین مافەکانی بگات، تەنیا سیاسەتی دەسەڵاتداران لە تاران نییە بەڵکوو مێنتالیتەیەکی زۆرینەی لایەنەکانی نەتەوەی سەردەستە. تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنانە دژی یەکتریش بن، بەڵام بە نسیبەت پرسی کورد هاوڕا و تەنانەت هاوباوەڕن. دەرککردن بەو ڕاستیە ئێمە هان دەدا هەتا وزەی هەرە زۆری خۆمان لە ڕاستای کوردستان و یەکگرتووی لە کوردستان لە پێناو خەبات بۆ کوردستان یەک بخەین کە ئەو کات دەنگمان لە تاران زۆر بەهێزتریش دەبێ، بەتایبەتی لە هەر ئەگەرێکدا ئێمە ڕووبەڕووی ئەو هزرە شوڤینیستییە هەر دەبین.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا



**عومەر باڵەکی**

لە سەردەمی ئێستادا هەر نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لە میللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە. گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوە ڕەسەنەکانی سەر ئاو و خاکی خۆی خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لەنێو گەلانی ناوچە و جیهاندا خۆی پێ دەناسێنێ. بەڵام ئەوەی گەلی کورد لە زۆربەی گەلانەی دیکەی جیهان جیا دەکاتەوە ئەوەیە زۆربەی ئەو گەلانە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بوونە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆیان و یادکردنەوە و ڕێزدانان بۆ هێماکانیان پتر دەبێتە ئەرکی دەوڵەتەکانیان کە بە چ شێوازیەک و لە چ کاتێکدا ئەو بۆنانە یاد بکەنەوە. بەڵام لای گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت ئەرکی پاراستن و تەنانەت ئاشناکردنی نەوە لەدوای نەوەی خۆیان بەو هێما و شوناسە نەتەوەییانە کەوتۆتە سەرشانی کۆمەڵگەی کوردەواری. لەو نێوەدا ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان گرینگە کە بتوانن لە ڕێگای خەباتی بێوەچان و ڕۆشنگەری لەنێو کۆمەڵگەدا گەشە بەو هەستە نەتەوایەتییە بدەن.مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی گەلی کورد پڕە لە ڕووداو و کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام دەبینین بە هۆی بوونی ڕیکخراوی سیاسیی لە کوردستان و خەباتی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکان، گەلی کورد نەک توانیویەتی لە گەردەلوولی ڕووداوەکان خۆی لە فەوتان دەرباز



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکا بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایە توانراوە هەست وشعوری نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە ڕادەیەک گەشە بکا کە جیهان دان بە بوونی نەتەوەی کورد دابنێ.

نەورۆز واتە نوێبوونەوەی ساڵ جیا لەسەربردە مێژوویەکانی بە پێی هەڵکەوتی جوغرافیایی کورستان وشێوەی ژیانی کورد لەو ناوچەیە، یەکێک لەو بۆنانەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆی هەموو ساڵێک بە دەربرینی شادی و خۆشی و ڕێکخستنی ڕێورەسمی گەورە کە هەموو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا بەشدار دەبن، ڕێزی لێ دەگرێ بەرەو پیلی ساڵی نوێ دەچێ.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان ئەگەر لە هێندێک لە بەشەکانی کوردستان بە هۆکاری جیاواز وەک ڕێگری دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەتوانراوە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆ بنوێنی، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی یادی دەکرێتەوە. ٧٩ ساڵ لەوە پێش لە سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا کە چەندین برگەی وەک ڕێژەی پێشمەرگە و خوێندنەوەی وتار و شێعر لە خۆ دەگرێ بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری شاری مەهاباد، ڕێز لە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی دەگرن. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، خاکەلیوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر سەردێری "جیژنی نەورۆز لە مەهاباد" نووسیویەتی: "ڕۆژی پێنجشەممە هەوەلی ساڵی ١٣٢٥ کاتێک کە هەتاو لە پشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز کردەوە و بە تیشکی تینداری خۆی مزگینی بەهاری تەروتازە و ڕۆیشتنی سەرماوسۆڵی زستانی بە ئافریدەکانی خوای بێ‌هەوتا دەدا، مەهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) و دانیشتووانی خۆی وردودرشت، کیژولاو بە دڵێکی هێزدار و ڕوویەکی گەشەوە بۆ نیشاندانی بەروبووی کوردان کە چەندێک لەومەبەر باخەوانێکی بە ڕاوژێر ڕەنێوی هێناوە، وا ئامادە ببوون کە دۆست لە پێستی خۆیدا نەدەگونجا و لەبەر کەیفخۆشی نەدەحەجما، چونکە زۆر لەمێژبوو کە کورد نەورۆزی لەبەر زوڵم‌وزۆری بلەوەزەکان لەبیر کرابوو و ڕۆژی واشی بە خۆیەوە نەدیبوو... پێشەوای معظمی کوردستان هاتە پشتی تریبوون و پاش ڕۆژباش و پیرۆزبایی ڕۆژی تاریخیی نەورۆزی کوردان، فەرمووی ئەو ڕۆژانە تورکیە و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن و دەیانهەوی پەیمانی مەنحووسی سەعداباد کە ماددەیەکی بە زیانی کوردانە لە حاڵی ئێستادا دەیانهەوی بۆ دوژمنایەتی کوردان تازەی بکەنەوە بەڵام دەبێ بزانن کە ئەو پەیمانە وەکوو لە پێشدا کاغەزپارەیەک زیاتر نەبوو ئێستاش کاغەزپارەیەک زیاتر نییە"...

دوای ٧٨ ساڵ لەو ڕێکەوتە لەلایەک دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە ڕۆژانە بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافخوازانەی گەلی کورد خەریکی پیلانگێران و بەستنی پەیماننامەی ئەمنییەتین لەنێو خۆیاندا و لەلایەکی دیکەوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو و خاک دابەش کراو بە هەموو شێوازیەک بۆ پاراستنی هێما و شوناسی خۆی و وەدەستهێنانەوەی مافەکانی لە مەیدانی خەباتدا لەگەڵ ئەوەدا خۆێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە وکاولکاری زۆری بەسەر دا هاتووە، هەر لەسەر پێیە و هەروا بە گوڕوتین و ساڵبەساڵ یەکگرتووتر بەگژ دوژمن و نەیارەکانیدا دەچێتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیان دروست دەکەن، هەوڵیان داوە نەورۆز وەک جێژنی نەتەوەیی بە بەشداریی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە باشترین شێواز بەڕێوەبەرن وپەیامی یەکگرتووی خۆیان بەگوێی دەسەڵاتدارانی تاراندا بچرپێنن. ئەوەی جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە بە بوونی هێزە سەرکوتکارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بەڕێوەچوونی ئەو ڕێورەسمە نەورۆزانەی ئەو ساڵ گوڕوتینێکی دیکەیان پێوە دیاربوو و نیشانەی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی مافخویستی و شوناسخوازیی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان نەک هەر لەسەر پێیە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشان و گەشەکردنە و هێزی ئینکار و سەرکوت ناتوانی بەچۆکی دابهێنێ و پاشەکشەی پێ بکا.

ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەوساڵ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ساڵێکی پڕ لە خەبات و بەربەرەکانی لە درێژەی ڕاپەرینی ژینادا بە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ کرد. بەڵام ئەوەی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ -بێجگە لەوە کە گشتگیرتر و لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە چوون- لەساڵی ڕابردوو جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێورەسمە نەورۆزییانە لەگەڵ هەموو نەزم و دیسیپلینێک کە هەیانبوو، خاوەنی پەیامی سیاسیی زۆر بەهێز بوون ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. جیا لە شێعر و پەخشان و وتار، پۆشێنی جلوبەرگی خاکی و لەملکردنی جامانە و هەوری لە کۆڵکردن لەلایەن ژن و پیاو و کچ و کوڕی بەشدار لەو بۆنە نەورۆزییانەدا خۆی نیشانەی پشتگیری زۆرینەی خەڵکی کوردستانە لە خەباتکارانی خۆی کە ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو گەڵە بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەجەنگن. بۆ هەر کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان جلی خاکی پێشمەرگانەی دەبەر کردبێ وجامانەی لەمل هاڵاندبێ، بە دیتنی ئەو هەموو خاکیپۆش و جامانە لەملانەلە گەڕی هەڵپەرکێی نەورۆزیدا بێ سێودوو هەستی پێشمەرگانەی دەبزووێ و شانازیی بە خۆی دەکا کە پێشمەرگەی گەل و نیشتمانی خۆی بووە. شانازی دەکا و دڵی ئۆقرە دەگرێ کە زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگانە و خوێن و قوربانیدانی لە پێناو گەلەکەی خۆیدا بە فیرۆ نەڕۆیشتوە وئەمڕۆ ئاکامەکەی کە گەشەکردنی هەست و شعووری نەتەوەییە لە شەقامی شارەکان و گۆڕەپانی گوندەکان لە گەڕی شایی و گۆبەندی خەڵکی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی خۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبینێ و لەشی شەکەتی پێدەحەسێتەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بەرێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ هەڵگری هەمان پەیامی نەورۆزی ٧٨ ساڵ لەمەوبەرە کە پێشەوای مەزن فەرمووی گەلەکۆمەکێی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و سەرکوت و کوشتار و زیندان و ئێعدام ناتوانێ ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی تێک بشکێنی. ئەو کاروانە خەباتە بە بەشداریی هەموو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەتا لوتکەی سەرکەوتن درێژەی دەبێ.

لە کۆتاییدا جێژنی نەورۆز جێژنی یەکگرتووی نەتەوەیی لە هەموو خەڵکی کوردستان پیرۆز بێت.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

## وەهمی تێگەیشتن و زانایی



**ڕەزا دانشجوو**

ڕەزا پێشمەرگەی سەردەمی کۆمارە! خۆی دەڵێت کاتێک پێشەوای نەمر دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، لە ڕیزی پێشەوەی ئامادەبووان بوو. ڕەنگە لای ئێوە پرسیار بێت مەگەر ڕەزا تەمەنی چەندە کە لە سەردەمی کۆماردا ئامادە بووە؟ ڕەزا تەمەنی زۆر نییە، چڵ و چەند ساڵ دەبێت، بەڵام وایە ئیدی ئەوکات لەگەڵ بووە! ڕەزا دەڵێ، پێشەوا دەیتوانی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی کورد و کۆمار بگۆڕێت، بەڵام هەڵەی کرد! دەڵێ: جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لەگەڵ پێشەوا ئەماژەی بە کۆمەڵێک خاڵی گرنگ کردوە، بەڵام بەداخەوە پێشەوا بایەخی بە قسەکانی نەداوە! ڕەزا دەگێڕێتەوە کاتێکیش پێشەوایان دەبرد بۆ نامەحکەمەی پەهلەوی چاوی پێی کەوتوە. دەڵێ جەنابی پێشەوا بانگی کردوە و پێی گوتووە: ڕەزا! خۆزگە گوێم لە ئامۆژگارییەکانی تۆ دەگرت!

ڕەزا شانازی بەوە دەکات وەک پێشمەرگەیەکی بەئەمەگی کوردستان بەشداریی لە زۆربەی شەڕەکانی دژی داگیرکەران کردوە.



https://serchawe.com

ڕەزا بیرەوەریی یەکجار زۆری لە ململانێی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە. ڕەزا دەڵێت: کاتێک خومەینی فەرمانی جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، چووەیە لای دوکتۆر قاسملوو و پلانێکی فرە لاپەڕەیی بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا پێ داوە. دەڵێ دوکتۆر قاسملوو بە دیتنی پلانەکەی ئەو سەرسام بووە و بە فەرماندەکانی پێشمەرگەی گوتوە: لەم گەنجە فێربن چۆن لە تەمەنێکی وادا پلانێکی ئاوهای داڕشتووە ! ڕەزا دەڵێ، هەتا هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی پلانەکەی ئەو شەڕ و خۆڕاگرییان دەکرد، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن، بەڵام دواتر ئیرەیی و چاوچنۆکیی بەشێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەرانبەر بە پلانەکەی وای لێ کردن بە شێوازێکی دیکە هەڵسوکەوت بکەن و ئەمەش بوو بە هۆی کۆمەڵە ڕووداوێکی ناخۆش و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە!

ڕەزا چیرۆکی بێئەژمار لە شەڕی دەستەویەخە دەگێڕێتەوە! ڕەنگە لاتان پرسیار بێت ئەی بۆچی لە هیچ شوێنێک ناوی ڕەزا ناهێنرێت و کەس نایناسێت؟ خۆی دەڵێت هەمیشە هەوڵی داوە بێناو بمێنێتەوە و بەنهێنی خەبات بکات!

ڕەزا کارەکتەری دوکتۆر قاسملووی خۆش دەوێت، بەڵام ڕەخنەی بنەڕەتیی لە هەندێک لە ڕەفتارەکانی هەیە! دەڵێ دوکتۆر قاسملوو زۆربەی کاتەکان ڕاوێژی لەگەڵ دەکرد! باس لەوە دەکات چەند جارێک دوکتۆر قاسملووی لە مەترسی تیرۆرکردنی ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە دوکتۆر قاسملوو گرنگی بە وریاکردنەوەکانی نەداوە!

ڕەزا ڕەخنەگری هەموو لایەنە کوردییەکانە، دەشڵێت زۆر لایەن پێشنیاریان کردوە کە سەرکردایەتیی ئەوان قبوڵ بکات، بەڵام ئەو ملی بۆ ڕانەکێشاوە و نەیویستوە، چونکە چوارچێوەی سیاسیی ئەوانی قبوڵ نەبووە. دەشڵێت، دوای چەندین ساڵ لە سیاسەتکردن ماندوو بووە و پێی باشترە لە سیاسەت دوور بکەوێتەوە. ڕەزا دەڵێت، بەڵام خۆشەویستیی بۆ کورد و کوردستان ڕێگە نادات بۆیە هەندێک جار باسی هەڵەکانی لایەنە سیاسییەکان دەکات تەنها بۆ ئەوەی لایەنەکان ڕێگای ڕاستی خۆیان بدۆزنەوە.

ڕەزا تێگەیشتنێکی باشی لە زمان نییە، باشتر ئەوەیە بڵێین هەر باوەری بە فێربوونی زمانی بێگانە نییە! ڕەزا فارسی نازانێت، هیچ لە زمانی ئینگلیسیش و زمانی دیکەش تێ ناگات، ئەو دەڵێت نابێ فێری زمانی داگیرکەران بین! فارسی زمانی داگیرکەرە و ئینگلیسی زمانی کۆلۆنیالیستەکانە! ڕەزا زمانی کوردی وەک چۆن خۆی حەز دەکات دەنووسێت و بەکاری دەهێنێت. لە وەڵامی هۆکاری زۆری هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی و ئاخاوتنەکانیدا دەڵێت: ڕێزمانی کوردی لەلایەن هەندێک کەسی نەخوێندەوارەوە نووسراوە و هەڵەی زۆرە! دەڵێت چەند جارێک هەوڵی ڕاستکردنەوەی ڕێزمانی کوردیی داوە، بەڵام


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتی نەبووە و دایناوە بۆ ئەوکاتەی کەمێک سەری سووک بێت!

ڕەزا چارەسەری بۆ هەموو شتێک هەیە. دەشڵێت هەموان ئیرەیی پێ دەبەن چونکە دەزانن هەمیشە دەستەکانی پڕن و توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا هەیە. ڕەزا حەزی لە خوێندنەوە نییە، دەڵێت کتێبێکی نەدۆزیوەتەوە کە شتێکی نوێی بۆ کۆمەڵگە پێ بێت! هەر بۆیە لەبری خوێندنەوە بیرکردنەوەی پێ باشترە! ڕەزا دەڵێت کاتی نییە، ئەگینا تا ئێستا بیست کتێبیشی نووسیبوو، کتێبی پڕ لە مانا و هزری سەردەم، نەک وەک کتێبی بێبایەخی کەسانی تر. لەوانەیە بپرسن ئەدی ئیشوکاری ڕەزا چییە کە ئەوەندە سەرقاڵە و فریای هیچی دی ناکەوێ. ئەوەی ڕاست بێت ڕەزا بێکارە، هەر لەسەرەتاوە بێکار بووە. دەڵێت کاری ئەو بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوە هەموو کاتەکانی دەبات! دەڵێ نایەوێت وەک مرۆڤەکانیتر شەو و ڕۆژ بەدوای پاروو نانێکدا بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی بگەڕێت. دەڵێت ژیان زۆر لەم شتانە بەنرخترە و کاتی خۆی تەنیا و تەنیا بۆ بیرکردنەوە تەرخان کردووە!

ساڵانێکە ڕەزا بە دەستەواژەی" ئەمن نەمگوت" و "ئەدی مەگین باسم نەکردبوو" دوای هەر ڕووداوێکی گرنگ گلەیی لەوە دەکات کە ئامۆژگارییەکانی پشتگوێ دەخرێن! ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیەی ڕەزا لە شیکردنەوەی ڕووداوەکاندا ئەم توانایەی پێ بەخشیوە کە زۆر پێش سیاسەتمەداران پێشبینیی دۆخەکان بکات! چالاکیی سەرەکیی ڕەزا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندایە. ئەو هەتا ئێستا دووجار ئۆتۆنۆمی و جارێکیش سەربەخۆیی بۆ کوردستان وەرگرتووە!

ڕەزا پارادۆکسێکی تەواو لە بیروباوەڕی جیاوازی سیاسییە! لەلایەک دژی فیدرالیزمە و فیدرالیزم بە هەڵەیەکی گەورە بۆ کورد دەزانێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە کورد دەبێت بە دوای سەربەخۆییدا بگەڕێت و پێویستە کورد خۆی لە باقی گەلانی ئێران جیا بکاتەوە! بەڵام لە کاتی خولی نوێی پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی بە هەڵەیەکی گەورە لە قەڵەم دا. ڕەزا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نوێنەری باش و خوێندەوار بنێردرێتە پارلەمانی ڕێژیم! ڕەزا دەنگهێنانەوەی چەند نوێنەرێکی بەناو کورد لە ورمێ و ماکۆ بۆ پارلەمانی ڕژیم بە سەرکەوتنێکی ئێجگار مەزن دەزانێت!

***

کاریگەریی "دانینگ - کروگر" بە پشتبەستن بە توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی کۆرنێل لەلایەن دەیڤید دانینگ (David Dunning) و جاستن کروگر (Justin Kruger) ئەنجام درا دۆزرایەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم دوو کەسە، تاقمێک کەسیان لە ڕووی توانایی ئیستدلالی لۆژیکی، ڕێزمانی زمانی ئینگلیسی و توانایی نوکتەگێڕاوە پشکنی و لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو ئەنجامە سەرنجڕاکێشەی خەڵکانێک کە خۆیان لە ئاستی مامناوەند باشتر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵسەنگاندوە، لە ڕاستیدا ئەنجامەکانیان زۆر کەمتر بووە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە توانایان ١٢ لە سەد بووە، پێشوەختە توانای خۆیان بە ٦٢ لە سەد بەراورد کردوە!

بەم شێوەیە "دانینگ" و "کروگر" ئەم کێشە دروونییەیان دۆزییەوە کە بریتییە لە "تێنەگەیشتن لە ئاستی توانا و ئەدای تاک" و ئەم بابەتەیان بەم شێوەیە داڕشت:

ئەو کەسانەی زانیارییان لە خوار ئاستی مامناوەندییە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی دوو گرفت دەبنەوە، ئەوان نەک هەر دەرئەنجامەکانیان ناڕاستن، بەڵکوو بە پشتبەستن بەو دەرەنجامە ناڕاستانە زۆرجار تووشی کردەوەی هەڵە دەبن و هەڵەکانیان دووبارە دەکەنەوە، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی لە بێتوانایی خۆیان تێ نەگەن و درکی پێنەکەن و ئاگاداری ئەم کەمایەسییە گەورەیە نەبن.

ئەو کەسانەی کە تووشی وەهمی زانینن (نارسیست) هەرگیز ڕێگە نادەن لەلایەن کەسانی ترەوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، چونکە لە ئەساسدا باوەڕیان بە ئەگەری هەتڵەبوون یان هەبوونی خاڵی لاواز کە تایبەتمەندیی سروشتی مرۆڤە نییە! ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشیی وەهمی زانینن زۆرتر حەوجێیان بەو کەسانەیە کە کوێرانە پەسەند و ستایشیان دەکەن، یان کەسانی لاواز و بەستراوەن.

***

ڕەزا کەسێکی تایبەت نییە، تەنانەت پەیوەندی بە کاتێکی تایبەتیش نییە. ڕەزا کۆمەڵێک دژایەتی و ململانێییەکانی کەسانی نێو کۆمەڵگەیە کە لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو توانایی هاوڕێیەتییان نییە و لەبری هاوکاری کردن ڕاوەستان و خەریکی بەردەبارانکردنی شەمەندەفەری کۆمەڵگەن کە لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە. ڕەزا تێکەڵاوێکە لە نەزانین و نەتوانین. نایەوێت قبووڵی بکات کە ئەو کەسەی دەبێت ڕێگا و ڕێبازی خۆی بگۆڕێت ئەوە نەک کۆمەڵگە.

ڕەزا منم، ڕەزا تۆی! هەموومان کەم تا زۆر جۆرێک لە کەسایەتیی ڕەزامان لە بیروبۆچوونەکانماندا ئەزموون کردوە. کاتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزی، لەبری ئەوەی بارێک لەسەر شانی کۆمەڵگە لابەرین خۆمان بووینە هۆکاری بارگرانی. کاتێک لەبری ئەوەی ئەلتەرناتیڤێک یان ڕێگایەکی بەدیل بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزینەوە، لە گۆشەیەکدا خۆمان شاردەوە و تەنانەت گاڵتەمان بە ڕێبواران کرد. کاتێک لەبری خوێندنەوە و گوێگرتن، ڕاهاتووین تەنها قسە بکەین بەبێ ئەوەی هیچ شتێکمان هەبێت بۆ پێشکەشکردن و پیشاندان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

وەهم بە زانین گەورەترین کێشەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆمانە. کۆمەڵگایەک کە کەمترین بایەخ بە خوێندنەوە ئەدات و کتێبی نییە، بێ ئاگایە لە مێژوو و هیچ وانەیەکی لێ فێر نەبووە، ئەوەی دەیزانێت تاکە ڕاستییە و ئامادە نییە گوێ لە هیچ وشەیەکی دژبەر بگرێت. با ئاگامان لە ڕەزا و ڕەزاکانی نێو مێشک و بیروباوەڕەکانمان بێت! با چیی تر جەستەی ماندووی و زامداری نیشتیمان بە خۆبەزلزانین و وەهمی مەعریفە تووشی مەترسی و کێشە نەکەین! با نەبینە هۆکاری لێکترازان و دابڕانی زیاتر!


با ڕەزا نەبین، با خوێندکارێکی ڕێبازی زانین و تێگەیشتن بین!

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەرزتر شاهۆ، تیژباڵتر لە هەڵۆ (شەهید ئەڕشەد ڕەزایی)




**برایم چووکەڵی**

ڕۆڵە گیان، ئەگەر من مردم نابێ لەسەر لەشی بێگیانی باوکی پێشمەرگەت فرمێسک هەڵوەڕێنی. نابێ ڕەش بپۆشی و نەیاران و دوژمنی خۆت بە خۆت و نەتەوەکەت خۆش بکەی. چاوێک لە مێژووی خەباتی خوێناویی گەلانی زۆرلێکراو بکە، بۆت دەر دەکەوی گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی گیان و ژیانی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی وەک منی پێویستە. ئازادی خوێنباییەکی گرانە و بە لافاوی خوێنی هەزاران لاوی دڵسوتاوی دڵ پڕ لە گڕی نیشتانپەروەری وەدی دێت. "هەگبەی شاخ و شۆڕش" ئەمجارە ڕوی کردووەتە شاهۆ، چیای سەرکەش و سەربەرز و لەنێو ئاسمانی کاروانی فەرماندەرانی شەهیدی ئەو مەڵبەندەدا، ژیان و بە سەرهاتی فەرماندەی قارەمان، ئەڕشەد ڕەزایی دەنووسێتەوە.

شەهید ئەڕشەد ڕەزایی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی شۆشمێ سەر بە شاری نەوسوود لەنێو ئامێزی بنەماڵەیەکی خۆشناو و ڕێزداردا چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرەبەرە کە گەورە بوو نێردرایە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندنی هەتا سێهەمی ناوەندی بە سەرکەوتوویی بڕی. بەڵام دواتر بەهۆی وەزعی نالەباری ژیان و دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بە هۆی ئەوەی گوندی شۆشمی لەژێر ئاگری هەردوو ئەو وڵاتەدا بوو، بەناچاری ماڵی ئەڕشەد ڕەزایی وەک زۆر


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵەی دیکەی ئەو مەڵبەندە لە زێدی خۆیان هەڵکەندران و لە باشووری کوردستان گیرسانەوە.

شەهید ئەڕشەد ڕەزایی ساڵی ١٣٦٠ پێوەندیی بە کۆمیتەی حیزب لە هەورامان گرت و وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد، بەڵام دواجار جینایەتەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەڕشەدیان هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە هەر لەو ساڵەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیم بێتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆوە، و شانبەشانی تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا شانازی بخوڵقێنێ. ئەڕشەد هەر زوو نیشانی دا پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمانە و لە پێناو ئامانجەکانی حیزب و گەلەکەیدا ئامادەیە گیانیشی ببەخشێ. ئەو لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی ڕێژیمدا ئازایەتیی خۆی نواند و هەموو لێوەشاوەیی خۆی بۆ خزمەتی حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد؛ بەوەش زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەڕشەد لە شەڕەکاندا ئازا و بەورە و لە بەڕێوەبردنی مەئموورییەتە جۆراوجۆرەکاندا سەرلەپێناو بوو. کاری بەردەوام، خۆماندووکردن، هەڵسووڕانی بەرچاو، فیداکاری و لەخۆبوردوویی لە تایبەتمەندییەکانی ئەڕشەد بوون کە بوونە هۆی ئەوەی سەرەتا وەک سەرپەل، دواتر جێگری دەستە، پاشان فەرماندەی دەستە و کادری سیاسی و؛ دواجار وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێت.

شەهید ئەڕشەد پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕ و فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورجوگۆڵ و کارلێهاتوو بوو، بەدەستوبرد و زەبروەشێن بوو، و نەعرەتەی شێرانەی زراوی دوژمنی بردبوو. شەڕە حەماسییەکانی کەللەقەندی، ئاوسێ، نێوشاری نەوسوود، قەڵاگا، شۆشمێ، شەڕەکانی کۆساڵان و پشتی تەنگیسەر، ناوچەی داڵاهۆ و سەلاسی باوەجانی، بەمۆ و چیای نۆدشە نموونەیەکی بچووک لە قارەمانەتی، ئازایەتی و فەرماندەیی ئەڕشەدی ڕەزایین. ئەڕشەد ساڵی ١٣٧١ نەقلی کۆمیتەی ئەمنیەت کرا و لەو ئورگانەش زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکانی خۆی بەڕێوە برد و پاش ساڵێک لە سازماندەیی نوێدا وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پاوە و فەرماندەری دەستەی کوماندۆ دیاری کرا.

شەهید ئەڕشەد ڕەزایی ڕۆژی ٢٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە کاتێکدا لە مەئمووریەتێکی حیزبی لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی لە ناوچەی هەورامان دەگەڕانەوە، بە پیلانی خائینانەی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە و بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی ئەڕشەد ئەمجارەیان لەنێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێکرد.

لەو ٧ کەسە کە لە زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کەوتبوونە بەر ئەشکەنجەی قورس و دڕەندانە، یەکیان ڕزگار بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەپێی گێڕانەوەی ئەو هاوڕێیە جەللادانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ دابوو بەچۆکیان دابێنن و ئیرادەی پێشمەرگانەیان تێک بشکێنن، بەڵام ئەوان کە ئیمانیکی قووڵیان بە حیزبەکەیان هەبوو، لێوە ئەمینداره‌کانیان هەڵنەپچڕی و دڵی خۆیان کردە گەنجینەی سەربەمۆری نهێنییەکانی حیزب. ئەوان زیندانیان کردە مەتەرێزی شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی و لەم بوارەشدا ڕووسوور هاتنەدەر و نیشانیان دا بەحەق پێشمەرگەی حیزب و گەلەکەیانن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کاتێک زانی ناتوانێ بەسەر ئیمانی کوڕانی دێموکراتدا سەرکەوێ، ئەڕشەد ڕەزایی و ٥ هاوڕێیەکەی بە ناوەکانی محەممەدعەزیز قادری، یۆنس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی و مەعرووف سۆهرابیی ئێعدام کرد. ئەو تێکۆشەرانە لە زیندانیشدا نەعرەتەی شێرانەیان دوژمنی وڕ و کاس کردبوو. ئەگەر هەرکام لەوان پێشتر چەندجار لە سەنگەردا بریندار بوون، بەڵام لە زیندانی ڕێژیمدا هەموو ڕۆژێ جارێک بریندار دەبوونەوە، بەڵام قەت سەریان نەوی نەکرد و دوژمنیان زەبوون و دەستەوەستانی ئیرادەی بەرزی خۆیان کرد. ئەو پۆلە، هەرکامیان هەڵۆیەکی شاهۆی سەربەرز بوون کە ڕێژیم قەت نەیتوانی باڵیان بکە و لە فڕینیان بخات، بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامی و ئەو خۆفرۆشانەی دەستیان لە لەداوخستن و پاشان ئێعدامی ئەواندا هەبوو ڕووڕەشی قاپیەی ویژدان مانەوە.


سلاو لە گیانی پاکی ئەڕشەد ڕەزایی و هەموو شەهیدانی کوردستان.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە نێوان ئێران و چیندا کامیان تەواو کەری کامیانە؟




**دارسمە**

کەس نازانێت کێ دەیکات و کێ دەیخوات. کردن و خواردن بیلامانێ دوو پێڤاژۆی تێکەڵ و لە یەکتر نزیک و تەواوکەری یەکترین. زۆر شتی دیکەش "تەواوکەر" یان "تەواو کەر"ی یەکترین و لەسەریەک ناکرێت لەم دەرفەتە کەمەی چوارچێوە بۆمانی دیاری کردوە، باسی هەموویان بکەین. هاوکات سەبارەت بە پێڤاژۆی "تەواو کەر"ی زۆر پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگرین دوو وشەی "تەواو" و "کەر" لە کوێی نووسین و دەربڕیندا وەک دوو وشەی سەربەخۆ و لە کوێشدا بە هەڤرا وەک یەک وشە خۆیان دەنوێنن، یان نووسەر و ئاخێوەر لایان لێ دەکەنەوە.

زۆر جار خوێنەری ڤیچۆکەیەک هێڕ بەزەحمەت لە مەبەستی نووسەر یان ئاخێوەر تێدەگات و دوای خوێندنەوە یان بیستنی بابەتێک ئەنگوستی دۆشاومژەی دەکاتە نیو کەوانە و لەسەر لێوانی ئەمبەر و بەری دەمی داخراوی دادەنێت. ئەم کورتە پێشەکییەی سەروە بۆ ئەمە بوو زەحمەتی پێڤاژۆی بە نیوکەوانەکردنی ئەنگوستی دۆشاومژە و دانانی لەسەر دەمی وەک تەڵەی تەقیوت لە کۆڵ بێتەوە و بەیەکەوە بچینە سەر بابەتی "روابط" فرە حەسەنەی نێوان ئێران و چین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە "روابط حسنە"ێ نێوان چین و ئێراندا پێوستە خۆتان لە بەرانبەر دروشمی "نە شرقی نە غەربی"ی سەر سەردەرانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گێل بکەن یان هەر نەبیت، دوو "نە"یەکەی نێو ئەم دروشمە لەبەرچاو نەگرن و ئەمجارە بچینە سەر سوودە بێکۆتاییەکانی پێوەندیی نێوان ئێران و چین و بەرژەوەندییە لەبڕاننەهاتووەکانی پێوەندیی نێوان "دو کشور دوست و برادر" لێکبدەینەوە.

هەمووتان ئاگاداران لەوەتەی ئەمریکای سەرۆکی ئەمپریالیزمی جیهانی، گەمارۆی خستووەتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتی چین بە خۆی و نزیکەی یەک میلیارد و نیو دانیشتووانیەوە چۆن لە پشت کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاوە و لە ماوەی ئەم چەندساڵەی ئێران گەمارۆ دراوە، پشتی بەرنادات.

ئەوە چەند ساڵە چین بێ ئەوەی گوێ بداتە گەمارۆی ئەمریکا، نەوتی ئێران دەکڕێت و خزمەت بە ئابووریی خۆی و ئێران دەکات. ئەمریکا هەرچند بە خۆی و وزارەتی خەزێنەکەی و هاوپەیمانانی ئورووپایی فشار بخاتە سەر ئێران دەگەڵ چینی پێ ناکرێت و چین بەم سیاستە ئابوورییە گەشاوە و لە حاڵی پێشکەوتنەیدا حیللەشەرعیی وامان بۆ دێنێتەوە ئەمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە درەنگەوە دەزانێت چۆن کڵاوی چووەتە سەر.

لەم دواییانەدا وڵاتی چین خەریکە بە سیاسەتێکی حەکیمانە بە بەردێک نەک دوو چۆلەکە بەڵکوو زۆر چێشکان دەپێکێت و بەو پشتگیریەی لە ئێرانی دەکات، ئەمریکا لە بەرانبەریدا ئەژنۆی دەفیزێن. لە کاتێکدا چین دەزانێت کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیدا تەواو کەریەتی، پلانێکی زۆر ڕێکوپێکی بەم شێوەی خوارەوە داڕشتوە:

دوای ئەوەی ئەمریکا بەهۆی سزادانی تۆڕی بانکی ئێرانی ناهێڵێت پارەی دەستکەوتوو لە هەناردی نەوت بگاتەوە ئەم وڵاتە، چین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پیلانەی ئەمریکا ڕێگەیەکی باش و گونجاوی گرتووەتەبەر. لە کاتێکدا چین پارەی نەوت بە ئێران قەرزدارە و لەبەر گەمارۆی ئەمریکا ناتوانێت بیداتەوە، بەباشی زانی چەند کۆمپانیایەک بۆ دروستکردنی خانوبەرە بنێرێتە ئێران. ئەم کۆمپانیایانە بەو پارەی نەوتەی وڵاتەکەیان بە ئێران قەرزدارە لە تاران دەست دەکەن بە دروستکردنی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێ بوون. وردبینیی ئەم سیاسەتەی چین لێرەدا زۆر جوان خۆی دەنوێنێت.

ئەم کۆمپانیایانە ئەگەر کرێکاری ئێرانی دەکار بکەن پێویستە پارەیان پێ بدەن و لە ئەنجامدا بەشێک لەو پارەیەی پێویستە لەبری قەرزی نەوت بیدەن بە ئێران لێی کەم دەبێتەوە و بەم جۆرە قەرزی نەوتەکە زۆر درەنگ پاک دەبێت.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

لەبەر ئەمە دارێژەرانی سیاسەتی ئابووری چین لە جیات کرێکاری ئێرانی، زیندانی یان بەندکراوانی وڵاتی خۆیان دەبەنە تاران و کاریان پێدەکەن. چین بە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە خزمەت بە هەموو لایەک دەکات و دەکرێت بەشێک لە ئاکامەکانی ئەم خزمەتە هەراوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینین:

١- چین دڵی ئەمریکا ناشکێنیت و ڕاستەوخۆ پارەی نەوت بە ئێران نادات.

٢- چین بە ناردنی بەندکراوانی خۆی بۆ کارکردن لە ئێران، ناچار نابێت کرێکاری ئێرانی بگرێت و پارەیەکی زیاتری بۆ دەگەڕێتەوە و بەمجۆرە زووتر قەرزی نەوتی ئێران پاک دەبێت.

٣- ئەم سوودە بە زیندانیانی چینی دەگات، لە زیندانی بچووک و نەگەبەرەکانی چینەوە دەگوازرێنەوە بۆ زیندانێکی گەورەتر.

٤- ئەو کەسانەی لە نێوخۆی ئێران ڕەنگبوو وەک کرێکاری کۆمپانیای چینی دەست بەکار بن، لە برسان لە وڵاتی سووریا دەبن بە پارێزەرانی حەرەم و یان لە میترۆ و سەر شەقامان لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەیەکی کەمدا دەبنەهەنگڵی ئەو ژنانە دەکوتن پرچیان بە سەر شانالندا بەردەدەنەوە.

٥- ئێران سینگی دەردەپەڕێنت و بە لووتبەرزیەوە باس لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەناردەی نەوت و شکستی سیاسەتی گەمارۆی ئەمریکا دەکات.

٦- بۆ هەموو سیاسەتوان و لێکۆڵەر و تەنانەت شۆفیر تاکسیی سەر شەقامەکانی باشووری شاری تارانیش دەردەکەوێت چین تەواوکەری ئێران و ئێرانیش تەواو کەری چینە.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەیەوێ جێگا بە ئیسرائیل لێژ بکا!



**ئاسۆ مینبەری**

لە مێژووی ٤٥ ساڵەی ڕێژیمی ئێراندا، هەمیشە چەواشەکاری هەبووە و هەتا ئەم ڕێژیمەش بمێنێ چەواشەکارییەکانیشی بەردەوام دەبن. لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێران هاتووەتە سەر کار، هەتا ئەمڕۆ، کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بە خۆگێلکردن لە بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ٥٧ و ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکانی ئێران، ژیانیان لە خەڵک تاڵ کردوە و نەیانهێشتوە ڕۆژێکی خۆش ببینن. ئەڵبەت ئەمە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەتایبەت کورد، چەند قات زیاتر بووە و لەو نێوانەشدا ژنانی کورد هەمیشە بەر پەلاماری ستەمکاری و هەڵاواردن و نکۆڵیکردنی ڕێژیم کەوتوون. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە، ڕووهەڵماڵراویی کاربەدەستانی ڕێژیمە کە سەرەڕای ئاشکرابوونی کردەوە قێزەونەکانیان دژ بە خەڵک، دیسانەوە باس لە ماف و ژن و ئازادی دەکەن!

بە پێی ئامارێک کە لەم ڕۆژانەدا، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان لە ٨ی مارسی ٢٠٢٣ هەتا ٨ی مارسی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە، ١٤ کەس لە ژنانی دەسبەسەرکراوی کورد لە دادگاکانی ئینقلاب و سزادانی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامیدا بەرەورووی سزای جۆراوجۆری لە چەشنی بەندکران، لێدانی قامچی، پێبژاردن و سزای تەواوکەر بوونەتەوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانیش لە یەکەم ڕاپۆرتی خۆیدا کە ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەشەمە، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، بڵاوی کردەوە، سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشی ژینای لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە "جینایەت دژی مرۆڤایەتی" ناو برد.

هەر لەم ڕۆژانەدا، ڕێکخراوی "ستۆپ فێمسایدی ئێران" لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینییدا ١٥٦ ژن لە ئێراندا کوژراون. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییش ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕەشەمە ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و لەو ڕاپۆرتەدا ڕێژیمی ئێرانی بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتی ژنان و پێشێلکردنی مافی ژنان مەحکووم کرد.

لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەزی ١٤٠١دا و لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا بە هۆی سەرکوتی بەربڵاو و سیستماتیکی ژنان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن دەر کرا و ئەندامەتیی ڕێژیم لەم کۆمیسیۆنە بۆ چوار ساڵ هەڵوەشایەوە، کەچی لە ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا، ئێنسییە خەزعەلی، جێگری کاروباری ژنان لە دەوڵەتی ڕەئیسیدا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێگەی ژنان گەیشتە نیۆیۆرک! خەزعەلی لە ٦٨ەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕۆژنامەنووسانی میدیاکانی سەر بە ڕێژیمی ڕاگەیاندوە، من بۆ بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی تایبەتی ژنان لە غەززە و داواکاری بۆ دەرکردنی ئیسرائیل لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە ئامادەم و گوتوویەتی: وەک وڵاتانی دیکە کە ڕاپۆرتێک لەبارەی دۆخی ژنان دەخەنە ڕوو، ئێمەش ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی ژنان لە ئێراندا دەخەینە ڕوو و باس لە بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو کێشانە دەکەین کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بە شێوەیەکی تایبەت باس لە بارودۆخی ژنانی فەلەستینی لە غەززە دەکەین.

ئەمە جیا لەوەی کە لایەنێکی پێوەندیی بە جیددینەبوونی وڵاتانی زلهێز و لەوانە ئەمریکا سەرەڕای ئاشکرابوونی ڕاستییەکان بەتایبەت لەلایەن کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە لە درێژەی شۆڕشی ژینادا هەیە، لەلایەکی دیکەوە نیشان دەدات کە ئەم ڕێژیمە چەندە لە ئەستاندنی گیانی خەڵک و قسەی زل و بریقەداردا بێ شەرمە.

هەر لەو کاتەدا کە خەزعەلی دەیویست باس لە دۆخی ژنان لە ئێران بکات و داوای دەرکردنی ئیسرائیل لەم کۆمیسیۆنەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکرد، ٩ ژنی کورد بە ناوەکانی زەینەب جەلالیان، سوعدا خەدیرزادە، موژگان کاوسی، سەکینە پەروانە، ژیلا هۆژەبری، هاجەر سەعیدی، فریشتە حوسێنی، وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی لە بەندیخانەکانی ئێڤین، یەزد، ورمێ، تۆن کابۆن، مەشهەد و سنەدا بوون و لەگەڵ خراپترین ئەشکەنجە دەروونییەکانی بەرپرسانی بەندیخانەکاندا بەرەوڕوو بوون، کەچی ئێنسییە خەزعەلی زیاتر خەمی ژنانی فەلەستینی دەخوات و داوای دەرکردنی ئیسرائیل لەم کۆمیسیۆنە دەکات، بەڵام بیری چووەتەوە کە خۆی ساڵێک پێش ئێستا لەم شوێنە دەر کراوە و پاش ساڵێک، لێکۆڵینەوەکان هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ستەمەکانی ڕێژیمە دڵخوازەکەی ئەم بەناو بەرپرسەیان بە بەڵگەی باوەڕپێکراو پشتڕاست کردووەتەوە.

لە ڕاستیدا بەشداریکردنی خەزعەلی و چەواشەکردنی ڕاستییەکان و هەوڵ بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتی هیچ لە دۆخی خراپی ئێران لە باری نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە ناگۆڕێ، وڵاتانی دیکە دەزانن کە کۆماری ئیسلامی کۆڵەکەکانی لەرزۆک بوونە و لە لێواری ڕووخان نزیک بووەتەوە و لە نێوخۆش خەڵک بەردەوام لەقاوی چەواشەکارییەکانی دەدەنەوە و بە پێداگری لەسەر ماف و ئازادییەکانیان دەکەن و بەرەنگاری دەبنەوە.

جێگا لێژکردن بە ئیسرائیل هیچ لە دۆخی ڕێژیم ناگۆڕی و ئەوەی کە ڕوونە، سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدایە.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جامانە سەروێنی یەکسانی و بەرابەریخوازی




**تاهیر قاسمی**

جامانە، جامەدانە، جامەدانێ، جەمەدانە یان ئاغابانوو پارچەیەکی سپیی بە دەزووی ڕەش و هێندێکجاریش بە ڕەنگی دیکەی وەک سوور یان سەوز چندراوە. بە جۆرێک کە پارچەکە ڕەنگی ڕەش و سپی بە خۆوە دەگرێ. تا ئاستێک کە ڕادەی هەردوو ڕەنگ تێیدا یەکسان دەبن و دەبێ سەروێن و وەک پێچ، شەدە، مشکی و.. لەگەڵ کڵاو، لە دەوری سەری دەهاڵێنن و لەسەری دەبەستن.

جامانە وەک ڕەنگ تایبەت بە کورد نییە و لەنێو نەتەوەکانی دەوروبەریش بەتایبەت لەنێو عەرەبدا بەشێوە و ڕەنگی جیاواز، کەم و زۆر دەبیندرێ. دیارە لەنێو کوردیشدا نە ڕەنگەکەی و نە شێوەی بەستنەکەی وەک یەک نییە. لەهێندێک ناوچەدا بەتایبەت لە بارزان و بادینان زیاتر ڕەنگە سوورەکەی باوە لەحاڵێکدا لەناوچە سۆرانی نشینەکاندا ڕەنگە ڕەش و سپییەکەی برەوی زیاتری هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەبارەت بە جۆری بەستن یان لەسەرنانی، وەک هەر سەروێنێکی دیکە، پیاوان لە دەوری سەری دەهاڵێنن و ژنان وەک لەچکە لەسەری دەبەستن. لەهێندێک ناوچەدا ڕیشۆڵی وێدەخەن و هێندێکجاریش لەگەڵ شەدە و مشکی تێکەڵی دەکەن.

لەباری مێژوویی‌یەوە ڕوون نییە کە جامانە لە کەیەوە لەنێو کورددا داکەوتووە. کۆنترین وێنەگەلێ کەم لەم بارەوە بەردەستن، وێنەی زێوەری شاعیر (١٨٧٥ - ١٩٤٨) بە تەمەنی پیری و شێخ مەحموودی حەفید (١٨٧٨ - ١٩٦٥) لە نێونجی تەمەنیدایە. بەو پێیەش دەبێ جامانە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لانیکەم لە دەڤەری سلێمانی و دەوروبەردا سەروێنێکی باو و جێکەوتوو بووبێ.

سەبارەت بە بنەمای وشەی جامانە و لق و پۆپەکانی دوو بۆچوون هەیە؛ بۆچوونی باو پێیوایە کە جامانە هەمان جامەدانی و ئەویش لە دوو پاژی جامە بە واتای جل و دان یان دانی بەواتای شوێنی هەڵگرتنە کە لەسەر یەک واتای شوێن یان کەرەسەی هەڵگرتنی جامە و جلە. بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێی وایە جامانە دەگەڕێتەوە سەر وشەی جەم بەواتای لێک کۆبوونەوە کە وشەیەکی کەونارای ئایینی‌یە بەو جۆرەی لە جەم و جەمخانە و جومعەدا هەیە. ئەوەش بەسەرنجدان بە لێک کۆبوونەوە و یەکتر گرتنەوەی دوو ڕەنگی ناتەبا و دژ بە یەکی ڕەش و سپی وەک نەخشی سەر ئەم پارچەیە. ئەم واتایە بەجۆرێک لە وشەی ئاغابانووشدا هەیە کە لە دوو بەشی ئاغا وەک پیاو و بانوو وەک ژن پێکهاتووە. دوو توخمی نالێک کە لە ڕاستیدا تەواوکەری یەکترن .

لە سەدەی ڕابردوودا، لەگەڵ پەرەگرتنی یەک لە دوای یەکی خەباتی چەکداری لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، جامانە زیاتر وەک سەروێنێکی پێشمەرگانە خۆی نواند. بە تایبەتیش کە پیاوان بەشی هەرە سەرەکیی هێزی پێشمەرگەیان پێکدەهێنا، وای کرد کە لە هزر و ڕوانینی خەڵکدا جامانە بە بەشێک لە جلی پیاوانە هەژمار بکرێ. بەڵام ئەو بۆچوونە درووست نییە و جامانە سەروێن و هێمای هاوبەشی نێوان ژن و پیاوی کوردە، چونکە؛

١- لە ڕابردوودا هەر دوو جنسی ژن و پیاو ئەم سەروێنەیان بەستووە. تایبەتیش نەبووە بەو ژن و پیاوانەی چەکیان لە شان بووە یان تەنیا ئەوانەی پێشمەرگە بوون. لەنێو خەڵکی ئاساییدا بە شێوە بەستنی جیاواز، بۆ هەر دوو ڕەگەز باو و برەوی هەبووە. پیاوان زیاتر وەک سەروێن لە سەریان هاڵاندووە و ژنان وەک لەچکە لە سەریان بەستووە. هاوکات هەردوو ڕەگەز لە ملیان هاڵاندووە و تەنانەت هەبووە کە وەک پشتێندیش لە کەمەریان بەستووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- لە جامانەدا ڕادەی دوو ڕەنگی سپی و ڕەش یان سپی و سوور بەرابەرن. ئەوە دەکرێ وەک هێمایەکی بەرابەریی کۆمەڵگا و بەرابەری لە نێوان دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دا سەیر بکرێ.

٣- یەک لە ناوەکانی دیکەی جامانە، ئاغابانوویە کە لەو وشەیەشدا هەر دوو ڕەگەزی پیاو (ئاغا) و ژن (بانوو) حزووریان هەیە.

٤- وشەی جامانە دەکرێ لە جامەدانەوە نەهاتبێ کە لە بنەڕەتیشدا کەمتر بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ بەکار دێ. بەو پێیە وەک باس کرا، جامانە لە ڕەگی جەم بە واتای هێما و نیشانەی جەمبوون و لێک نیزیکبوونەوەی جیاوازیەکان و پەرت و پەرەوازەکان لەگەڵ یەکترە. جەمخانە بە واتای شوێنی کۆبوونەوە بۆ نوێژ و خوێندنی سروودە ئایینیەکان هەتا ئێستاش ناوی پیرۆزترین ماڵی پێڕەوانی ئایینی یارسانە.

٥- دانانی دوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە پەنا یەکتر ڕەگی لە باوەڕە مێژووییەکانی کورددا هەیە. ئەم باوەڕە بۆ وێنە لە بیناسازیدا؛ (بورجا بەلەک)، لە ڕستن و چنیندا؛ (بەرماڵ و دووگورد)، لە جلوبەرگ دا؛ (گۆرەویی میرزایی، چۆغەی بەختیاری و کڵاو) و بوارگەلی دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

٦- وشەی "ڕەشبەڵەک" کە بە هەڵپەڕینی هاوبەشی ژن و پیاو، دەستی یەک گرتنی کچ و کوڕ و لە پەنا یەک قەرارگرتنی ژن و پیاو لە گەڕی هەڵپەڕکێدا دەگوترێ، بە واتای لەپاڵ یەکدا بوونی دوو ڕەنگی ڕەش و سپییە. مەبەست لەو دوو ڕەنگەش یەکیان ژن و ئەویدی پیاوە. جامانەش هەڵگری ئەو پێکهاتەیە.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بووژانەوەی شەقام لەپێناو سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا



**ناسر سالحیئەسڵ**

چییەتی "شەقام" پێویستی بە تێڕوانینێکی دوولایەنەی مێژوویی و هەنووکەیی هەیە؛ لەم بەستێنەدا هەم دەبێ سیاسەت و هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەم دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیران ڕەچاو بگرێن. ئەوەندەی بۆ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەو ڕێژیمە نادێموکراتیکە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا، سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیم هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتا ئیستا نەگۆڕدراوە. ڕێژیمی تاران هیچکات نەیویستووە و نایەوێت پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران چارەسەر بکرێت. هەربۆیە جگە لە نکۆڵیکردن، سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوەکان، ئێتنیک و ئایینزاکان، بڕوای بە هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە. بۆ نموونە ڕێژیمی ئێران قەت نەیویستوە وتووێژ و دیالۆگی لەگەڵ کورد بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەریی پرسی ئەو نەتەوەیە لە ئێراندا هەبێت. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، کاتێک خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئاخوند کرمانیی بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێی کوردستان دەکا، بەوجۆرە ئامۆژگاری دەکات: "... هەر جۆرێ بە ڕای جەنابت و ئاغایان مەسڵەحەت بوو، هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە بدەن. دیارە مەبەست ئەوە نییە لەگەڵ جینایەتکاران و سەرۆکەکانیان وتووێژ بکەن؛ ئەوان دەبێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوت بکرێن"...

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە کاتی وتوویژەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە لە بەهاری ١٣٥٨دا واز لە بۆمباران و تۆپبارانی شاری سنە ناهێنن، تا ئەو جێیەی "ئەحمەد سەدر حاج سەید جەوادی"، وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی کاتیی مێهدی بازرگان، لە نامەیەکدا بۆ تیمسار قەرەنی، سەرۆکی ئەرتەشی ئەوکات دەڵێت: "فڕینی جێتەکان بە سەر شاری سنەدا، بووە هۆی تووڕەیی خەڵک و پچڕانی وتوویژەکانی ئێمە! هەروەها کێ بڕیاری ئەو مانۆڕەی داوە و کێ گوتویەتی پادگان تەقە بکات و خەڵک بکوژێت؟ فەرمان بدەن دەسبەجێ تەقەکردن ڕاوەستێت و شەوانە تیشکهاوێژ نەهاوێن". بەڵام سەرۆکی ئەرتەش بە هۆی دەسەڵاتێک کە لەلایەن خومەینییەوە پێی درابوو، ئەو داواکارییە قبووڵ ناکات. کەچی بە پێچەوانە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی خومەینی هەمیشە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیان بە شەڕخواز ناو بردوە و کاربەدەستانی ڕێژیم هەتا ئێستاش هەر ئەم سیاسەتە درێژە پێ دەدەن. هەر ئەو سیاسەتەش بوو کە بووە هۆی ئەوەی کوردستان هێرشی بکرێتە سەر، هەزاران کەس شەهید و بریندار ببن و ڕێبەرانی کورد تێرۆر بکرێن.

لە تێڕوانین و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا وتوویژ و ڕێگای ئاشتیانە بۆ پرسی کورد مانایەکیان نەبووە و نییە. چونکە لەو پێکهاتە سیاسییەدا هیچ چوارچێوەیەکی سیاسی- یاسایی و دەرفەت و دەرەتانێک بە مەبەستی چالاکیی سیاسی و کاری مەدەنی بۆ گەلانی ئێران نییە. نە ڕێگا بە ئازادیی حیزبی و ڕاگەیاندن دەدرێ و نە هیچ بەشدارییەک لە دەسەڵاتدا بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، چ لە ئاستی باڵای وڵات چ لە ئاستی ناوچەییدا دستەبەر کراوە. تەنانەت لە بواری فەرهەنگی و زمانیشدا هیچ مافێک تەنانەت لە چوارچێوەی ماددەی ١٥ی یاسای بنچینەیی خۆشیاندا ڕەچاو نەکراوە و هۆکارەکەشی بۆ فۆبیای گەشەسەندنی هەستی نەتەوەخوازی لە گەلانی ئێراندا دەگەڕێتەوە. تەنانەت لە کوردستان دامەزراوە ناحکومییەکان کە یاسایین و لەلایەن دامودەزگاکانی ڕێژیمەوە مۆڵەتیان دراوەتێ، ڕێگای چالاکیی جۆراوجۆریان لێ بەربەست دەکرێت. هەر بۆیە دامەزراوە و ناوەندە فەرهەنگی و مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە کاتی دامەزران و چ لە ڕەوتی کارکردندا بەتەواوی خراونەتە ژێر چاودێریی ئەمنیەتییەوە و چالاکیی هەرکام لەو ڕێکخراوانە و ئەندامەکانیان فووکوسی دەخرێتە سەر و سنووردار دەکرێن.

بۆ نموونە لە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانی پێوەندیدار بە دامەزراوە فەرهەنگی و مەدەنییەکان لە شاری سنە، بەرپرسی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە لە قسەکانیدا گوتبووی "ئێمە کە دۆسیەی ئەمانە دێتە بەردەستمان، ناهێڵین لەژێر دەست دەرچن و دەیانناسین و ڕەتیان دەکەینەوە، بەڵام باشتر وایە ئێوە هەر لە سەرەتادا خۆتان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕەتیان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەنەوە کە ناوی وەزارەتی ئیتلاعات بە خراپ دەرنەچێت". هەروەها ئاماژەی بەوەش کردبوو کە "زۆرینەی ئەندامانی ئەم دامەزراوە فەرهەنگی و مەدەنییانە پێوەندییان بە تاقمۆکەی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن و نابێت ڕێگەش بدرێت هیچ پشتیوانییەکی ئابووری و نائابووریی دەرەکییان هەبێت و بەشداریی کۆنفرانسەکانی دەرەوەی وڵات بکەن!" ئەو دۆخەش سەلمێنەری ئەوەیە چالاکیی سیاسی، مەدەنی و ڕێکخراوەیی کە هەڵگری تۆخمی مافویستی و شوناسخوازیی نەتەوەیی بێت چ بۆ ڕێکخراوەکان و چ بۆ تاکەکان تێچووی قورسی هەیە و ڕەنگبێ ئاماژە بە سزای قورسی زیندان بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی "نۆژین"ی سنە نموونەیەکی هەرە نیزیک بێت.

ڕێگری بۆ بەرتەسککردنەوەی خەباتی سیاسی و جموجۆڵی فەرهەنگی لە کوردستان لەلایەن ڕێژیمەوە لە کاتێکدایە کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە و هەتا ئیستاش خەباتی مەدەنیی شار و سەرشەقام کاکڵی سیاسەتی ڕێبەرانی کورد بووە. حیزبی دێموکرات حاشای لەوە نەکردوە کە خەباتی چەکداریی لە ڕووی ناچاری و تاکتیکی بەسەردا سەپاوە و ناچار بووە بە شانازییەوە بەرسڤی چەکداریی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان بداتەوە و بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەکەی بکات. بەدرێژایی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتیش ئەم دوو گۆڕەپانە "شار" و "شاخ" لە یەکتری جیا نەبوون و تەواوکەری ئەکتری و پێکەوە مانابەخش و ئاکامدەر بوون. بۆیە ئەگەر ڕێژیمەکانی تاران ڕەچاوی وتووێژ و سیاسەتی ئاشتیخوازانەیان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران کردبایە، پێویست نەدەبوو کورد بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕوو لە شاخ و چەک بکات. خۆ هەر لە جێشدا سەرچاوەی هەموو بزووتنەوە و شۆڕشەکان لە ئێرانی فرەنەتەوە و ئێتنیک و ئایینزادا، پرسە چارەسەرنەکراوەکان و قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێرانە کە ڕێژیمە ناوەندگەراکان بەردەوام حاشایان لێ کردوە و بە سەرکوت و زەبروزەنگ بەرسڤی خەڵکیان داوەتەوە.

ئێستا پاش شکستی بەناوهەڵبژاردنی ١١ی ڕەشەمە و ئەو "نا" بەهێز و گەورەیەی بە تەواوییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گوترایەوە، گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد بۆ بەهێزکردن و یەکگرتوویی شۆڕشی ژینا ئەرکی زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆ: لە لایەک دەبێ هەوڵی زیاتر بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد و گەلانی ئێران بدرێت و لە لایەکی دیکەوە هەوڵی پتر لە بواری دیپلۆماسیدا بۆ گوشاری نێودەوڵەتی پتر بۆ سەر ڕێژیم لە ڕێگای دەستێوەردانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە بدرێت. لە نێوخۆی وڵاتیشدا هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازی جۆراوجۆر و بەهێزکردنی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕێکخستندا تا هەوڵدان بۆ هاندانی جەماوەریی گەلانی ئێران بۆ هاتنەسەر شەقام، لە ئەرکە گرینگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی گەلانی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات و چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی و ڕێکخراوە فەرهەنگی و مەدەنییەکانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە و ئەو "نا" گۆتنەوەی گەلانی ئێران بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەلایەک کەلێن و مەودای نێوان گەلانی ئیران و ڕێژیمی قووڵتر و زەقتر کردووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە شەڕی دەسەڵات لە نێوان باند و باڵەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتی داخراوی ڕێژیم زیاتر تەقیوەتەوە و بە زەقی خۆ دەنوێنێ. ئەو کەلێن و کێبرکێیەش لوژیکی سیاسەت و ئولگوی ڕەفتاری ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر تێک دەدات. بۆیە لە دوای ١١ی ڕەشەمەوە ئیدی نیوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی هەر کێشەی ئیدئولوژی نێو بازنەی داخراوی ڕێژیم نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک مافیا و چەتەی ئابوورین کە لەسەر دەسەڵات و سەروەت و سامان، لە شەڕیکی تەواو لەگەڵ یەکتریدان. دیارە لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەو کێبرکێیە بووەتە هۆکاری سڕینەوە و وەدەرنانی یەکتر لە بازنەی داخراوی دەسەڵاتدا.

شۆڕشی ژینا بە پاشخانیکی بەهێز لە بزوتنەوەی دێموکراسیخوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و و نەتەوایەتییەکان لە دوای ١١ی ڕەشەممەوە لە پەرەگرتن و گەشەسەندندایە. هاوکات ئەو پەیامەشی بە کۆمەڵگەی جیهانی داوە کە کۆماری ئیسلامی وەک یەکەیەکی سیاسی هەرەسی هێناوە و هیچ شەرعییەتێکی گەلیی نییە و ڕەوتی ڕووداوەکان و دۆخی نێوخۆی وڵات بۆ پێش ڕاپەرینەکەی پاییزی ١٤٠١ ناگەڕێتەوە؛ ئەگەرچی پێش ئەوکاتیش خەبات و تێکۆشانی خەڵک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی زۆر قۆناغی سەرکەوتووانەی بڕیبوو. لە وەها بارودۆخیکدا "خەباتی شار" بۆ گەلانی ئیران و گەلی کورد بە تایبەت داهاتووبینی تێدایە و هەوڵێکە بۆ دەستەبەری مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلانی ئیران و پاراستنی هێمنایەتی و پیشکەوتنی داهاتووی کوردستان و ئیران. هەر بۆیە پاش شکستی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی "خەباتی شەقام" ڕێگایەکە بەرەو ڕاسانەوە و هەستانەوە و بەرگری لە کوژانەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و ڕاپەرینی گەلانی ئیران و هەوڵدان بۆ خوڵقاندن و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی ڕاپەرینی گشتی و جەماوەری.

ڕێگەی خەبات لە ئێستادا لە هەموو کاتێک هەموارترە و هەتا لووتکە زۆری نەماوە.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ٣٦٠ پلەیی نەتەوەیی لەپێناو پەرەپێدانی گوێگرتن و چارەسەری دیپلۆماسیی نێوخۆیی



د. مەجید حەقی

شۆرشی ژینا لە کوردستان و ئێراندا، کاتالیزۆرێک بوو بۆ ڕوونبوونەوەی پۆتانسیەل و هەڕەشەکانی بەردەم کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە ئاستی ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا. شۆرشی ژینا دەری خست کە مخابن، یەکگرتوویی و هاوپەیمانییەکانی ڕابردووی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردی لەسەر بنەمای ستراتیژیک و بەرنامەبۆدارێژراو نەبووە و زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی تاکتیکی پێویستییەکانی پێکهێنەرانی ئەو "هاوپەیمانیانە" بووە. سەلمێنەری ئەو ئیدعایەی من شتێک نیە جگە لە لێکدوورکەوتنەکان و شەڕی نەرمی دوای واژۆی "مەنشووری مەهسا-جۆرج‌تاون" و خۆ بەبەرپرسنەزانینی لایەنەکان بەرامبەر بە هەڵەکانیان و دوورکەوتن لەو بنەمانایانەن کە سەردەمانێک لایەنەکان بۆخۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد. هەوڵەکانی لایەنەکانیش تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە جارێ بەکردەوە نەبووتە هۆی نزیک‌بوونەوەیەکی ستراتیژیک و دروشمەکان نەیانتوانیوە شکڵێکی ماددی بە خۆیانەوە بگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ئەوەی جیهان لێمان تێ بگات و پشتیوانیی جیهانی بۆ پرسی نەتەوەیی خۆمان بەدەست بێنین، پێویستمان بە یەکریزی و یەکگرتوویی هەیە. بۆ ئەوەی یەکریزی بەدەست بێنین، پێویستمان بە تێگەیشتنێکی ورد و تەواو هەیە لەوەی کە کێ و چی وێنەی نەتەوەیەک پێک دەهێنێت. ئێمە مخابن خاوەنی توێژینەوەیەکی وا نین، کە چوارچێوەیەکی تیۆریک و مێتۆدۆلۆژیانە بۆچوونی خەلکی بیانی لە سەر وێنەی سیاسی ئێمە بزاڤی نەتەوەیی کورد شی بکاتەوە. لێکۆلینەوەیەکی نێوخۆیی خۆشمان نییە لە مەڕ ئەو خەسارە دەروونی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤی و ژینگەییانەی کە بەهۆی پەرتەوازەیی و لێکترازانەکانی نێو بزاڤی کوردستان. بزاڤی سیاسی کوردستان پێویستە هەست بە گرینگی چەمکی ڕای گشتی و پێکهێنانی وێنەی بنەتەوە بکات و مۆدێلێکی پێوانەکردن لە بەرچاو بگرێت بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی خۆی.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستیمان بە ئامرازێکی نوێ و داهێنەرانە هەیە بەناوی گوێگرتن لە پێناو ناسینی ئاواتە گشتییەکانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی دیپلۆماسیی نیوخۆیی. تەنیا دانان بە فرەڕەنگیی کۆمەڵگە و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستان ناتوانێت ببێتە هۆی وێکگەیشتوویی بەڵکوو دەبێ مۆدێلێکی کاری داهێنان بکرێت کە لەودا پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان وێنەی نیشتمان پێک بێنن و لەو چوارچێوەیەدا بایەخە گشتییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان شی بکرێنەوە. ئەم شێوازە ڕێگە بە شیکاریی ستراتێژیک دەدات کە چۆن پێوەندییەکانی دیپلۆماسی نێوخۆیی و جیاوازییەکان دەتوانن بەشداری بکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی ئەمڕۆیی لە کوردستان. ئێمە پێویستمان بە توێژینەوە و گفتگۆ هەیە لەسەر پێوەندی نێوان لایەنەکان لە ڕووی چەندی و چۆنیەتییەوە، پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو پێوەندییانە و تەواویەتی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جیا لەوە پێویستمان بە سازکردنی مۆدێلێکە بۆ وێناکردنی بزوێنەرەکانی بایەخە هاوبەشەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانین وێنەی گشتیی کۆمەڵگە لە وێکگەیشتووییەکی هارمۆنێکدا وێنا بکەین. ئەو هەنگاوانە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی ڕیئالیستیانە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەدەست بێنین و گرینگی "گوێگرتن" لە پێکهێنانی بایەخە هاوبەشەکان هەست پێ بکەین.

گرتنەبەری سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی زۆر هەستیار و پێویستی بە پێوەندی، بەڕێوەبەری و پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە هەیە کە دەتوانێت سەکۆی بازدان لە ڕابردووی پڕ لە کێشەدا بەرەو داهاتوویەکی چارەسەرهێنەر بێت. سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یەکێک لە ئامرازە ساناکانە بۆ تێگەیشتن لە شوێندانەریی هەڵوێست و کردارەکانمان لە سەر خەڵکانی دیکە و شێوەی تێگەیشتنی ئەوان لە هەڵسوکەوتمان. دەروونناسی یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ ناسینی خۆی. بەڵام ڕەچاوکردنی سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئەوەی خۆمان بەو شێوەیەی کە خەڵکانی دیکە دەماننناسن بناسین. لە ڕێگەری سیاسەتی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣٦٠ پلەییدا ئێمە دەتوانین بەوەی پێی دەگوترێ "جام جهان‌نما" (ئەرێنی: ئاگادار، ئەرێنی: نائاگا، نەرێنی: ئاگادار، نەرێنی: بێئاگا) بگەین وەک پەنجەرەی "جۆهاری"، بەڵام گرینگی دەداتە جیاوازییە هەستکردنەکان (ادراکی) لە مێحوەرەکانی کەمێک جیاواز بەکار دەهێنێت بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان. پەنجەرەی جۆهاریی بریتیە لە مۆدێلێک لە وێناکردنی ئاستەکانی وشیاری لە ڕەفتاری مرۆڤدا. ئەو مۆدێلە پێوەندی مرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە لە چوارچێوەی خانوودا نیشان دەدات کە هەریەکیان خانوویەکی پەنجەرەیەکی گەورەیە. قەبارەی هەر ماڵێک نوێنەرایەتی هۆشیاری - لەلایەن کەسەکە خۆیەوە یان لەلایەن کەسانی دیکەوە - لە ڕەفتار و هەست و پاڵنەرەکانی دەکات.

گرتنەبەری سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یاریدەری ڕێبەرانی سیاسی دەدات، لە گەشەکردنی توانایییە ڕێکخراوەکانیان، هاوکاری و لە دۆزینەوەی دەرفەتە نوێیەکان بۆ هاوکاری کردن و گەشەی پایەداری ڕێکخراوەیی و سیاسی و بەرەوپێش بردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی. لەو ڕێگەیەدا تێگەیشتنی هاوبەش لە دۆزینەوەی بایەخە هاوبەشەکان و یەکگرتوویی لە پلۆرالیزمدا بەدەست بهێنرێت. گرتنەبەری سیاستی ٣٦٠ پلەیی خوڵقێنەری دەرفەتە بۆ هەموو ئەکتەرەکانی سیاسی کوردستان و وەک چۆنێک لەتە بازنەیەکی ٣٦٠ پلەیی لە کەوانە جۆراوجۆرەکان پێکهاتووە، بازنەی سیاسیی کوردستانیش بە بوونی ئەکتەرە کانی نێو کۆمەڵگەی سیاسییەوە تەواو دەبێت. لەوەها کەشێکدا حیزبەکان نەک ڕکەبەری یەکتر نین، کە بگرە دەبنە تەواوکەری یەکتری. واتە بوونی ئەوی دیکە نەتەنیا هەڕەشە نیە بۆ بوونی خۆمان، بەڵکوو بوونی ئەو پێویستییەکە بۆ مانەوە و تەواوبوونی خۆمان.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژیان و ڕێگای کۆمەڵگەی کوردی بۆ ڕزگاری



**حەسەن قارەمانی**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەیەک کە لە ڕەوتی مێژوودا بۆ تێکۆشانی ئازادی وەستاوە، شۆڕشێکی بەهێز لە پانتاییەکی بێوێنەدا وەڕێ کەوتوە.

ئەم شۆڕشە وەک بڵێسەی ئەبەدی، دڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتوە و ڕۆشنایی خستووەتە سەر سێبەری تاریکیی ستەم و ژێردەستەیی. وەک بانگەوازێکی بەئاگاهێنانەوەی ستەملێکراوان و هیوای ونبووەکان کار دەکات و هەستێکی یەکگرتووی هەوڵدان بەرەو داهاتوویەکی باشتر دەورووژێنێت.

شۆڕشی ژیان تەنیا زنجیرەیەک ڕووداو نییە؛ دەرکەوتنی ئیرادە و بوێری و قوربانیدانی مرۆڤە. وەک شایەتحاڵی خۆشەویستیی بێمەرجی ئەو خەڵکە بۆ ئازادی وەستاوە، کە تامەزرۆییەکی ڕەگداکوتاوی بۆ دارشتنی چارەنووسی خۆیان و دووبارە نووسینەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بە دەستی خۆیان هەیە. ئەم شۆڕشە بناغەی دیوارەکانی ستەم دەهەژێنێت و ئەو


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەربەستانە دەڕوخێنێت کە سەردەمانێک پێدەچوو تێنەپەڕێندرێت. دەنگ بە هاواری بێدەنگ و هێز دەدات بە هەوڵی ستەملێکراو. لە سایەیدا چەوساوەکان و پەراوێزخراوەکان و ئازاکان کۆ دەبنەوە، بە خواستێکی هاوبەش بۆ دادپەروەری و ئازادی یەک دەگرن.

شۆڕشی ژیان بیرهێنانەوەی ماندوونەناسانەی مرۆڤە بۆ دادپەروەری و چارەی خۆنووسین. گوزارشتە لە ململانێی بەردەوامی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە نیری ستەمکاری و چەوساندنەوە. لە بڵێسەی ئەم ئاگرەشدا نەک تەنیا ڕوانگەیەک بۆ داهاتوویەکی باشتر دەبینینەوە، بەڵکوو بانگەوازێکیشە بۆ هەموو ئەوانەی تامەزرۆی جیهانێکن کە تێیدا ئازادی و دادپەروەری باڵادەست بێت.

ئەم شۆڕشە چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟ خەباتێکە کە لەگەڵ بنەڕەتیترین بەهاکانی ژیاندا دەنگ دەداتەوە: ئازادی، دادپەروەری و مافی بیستنی دەنگ. ململانێیەکە بۆ شکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی کە مرۆڤەکان بە دیل دەگرن، نەک تەنیا لە ڕووی جەستەییەوە بەڵکوو لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە. پەیوەندی بە کردنەوەی دەرگاکانەوە هەیە بۆ دەرفەت و ڕێگەدان بە هەر تاکێک کە لە هێز و توانای تایبەتیی خۆیدا گەشە بکات.

ئەم شۆڕشە بانگەوازێکە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگمان دژی نادادپەروەری و ستەم، نەک تەنیا لە فەزای گشتی بەڵکوو لەنێو دڵ و مێشکی خۆماندا. بانگەوازێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێپەڕاندنی بلۆکە دەروونی و پێشوەختە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان، بۆ دروستکردنی جیهانێکی گشتگیرتر و دادپەروەرانەتر بۆ هەمووان. خەباتێکە کە پێویستی بە بوێری و کۆڵنەدان هەیە، بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی شەپۆلەکە بڕوات و لە پێناو ئەوەی ڕاستە بوەستێت تەنانەت کاتێک سەختیش بێت. خەباتێکە کە تەنیا بە تێپەڕاندنی ئاستەنگە جەستەییەکان ڕازی نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات ئەو دیوارانە بشکێنێت کە لە یەکتر جیامان دەکەنەوە و کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ڕێز و لێکتێگەیشتنی یەکتر دروست بکات.

ئەم شۆڕشە بیرخستنەوەیەکە کە هەموومان بەرپرسیارێتیی دروستکردنی جیهانێک لە ئەستۆ دەگرین کە هەموو تاکێک بتوانێت بە ئازادی و کەرامەتەوە بژی. وەبیرهێنانەوەیەکە کە هەر کردارێک، هەر قسەیەک، هەر هەڵبژاردنێک کە دەیکەین دەرئەنجامێکی هەیە و دەتوانێت جیاوازییەکی ڕاستەقینە لە شەڕی ئازادی و دادپەروەریدا دروست بکات.

شۆڕشی ژیان زۆر لەوە بەرفراوانترە کە تەنیا خەباتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت. خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ پاراستن و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاراستنی ژینگە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بتوانن هەسارەیەکی پاکتر و بەردەوامتر بە میرات وەربگرن. ئەم شۆڕشە بە پێداگری لەسەر ئەوەی سروشت و سەرچاوەکانی بە ڕێز و خەمخۆرییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، میراتێکی هەمیشەیی بۆ داهاتوو بەجێ دەهێڵێت.

شۆڕشی ژیان وێڕای خەبات بۆ ژینگە، کار بۆ پاراستن و بەرەو پێشبردنی دەوڵەمەندیی کولتووری و زمانەوانیی کوردیش دەکات .زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، مایەی شوناس و شانازییە بۆ گەلی کورد. شۆڕش بە هاندانی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی، پەیوەندییەکانی نێوان نەوەکان پتەوتر دەکات و میراتی کولتووری بۆ داهاتوو دەپارێزێت.

ئەوەی لەوەش ئیلهامبەخشترە ئەوەیە کە شۆڕشی ژیان تەنیا خەباتێک نییە بۆ گەلێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو، خەباتێکە بۆ هەموو مرۆڤەکان بەبێ گوێدانە پاشخان و بنەچەیان. ململانێیە بۆ پرەنسیپەکانی وەک یەکسانی و ئازادیی تاک و کەرامەتی مرۆڤایەتی. ئەم شۆڕشە بە بەرزکردنەوەی ئەم ئایدیالانە بۆ بەرچاوی جیهان، پەیامێکی بەهێز دەنێرێت: کە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانیەوە چیتر تەحەمول ناکرێت. بەم شێوەیە شۆڕشی ژیان زۆر لە سنوورە جوگرافییەکانی خۆی درێژتر دەبێتەوە و دیدێکی جیهانی بۆ جیهانێکی دادپەروەرانەتر و بەزەییدارتر دەکاتەوە. خەباتێکە کە ئیلهامبەخشە و بیرخستنەوەیەکە، کە مرۆڤەکان کاتێک یەکگرتوو وەستاون، دەتوانن هەر بەربەستێک تێپەڕێنن و داهاتوویەکی باشتر بۆ هەمووان دروست بکەن.

شۆڕشی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاترە لە خەباتێک لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا. هێزێکی گۆڕانخوازە خەریکی پێناسەکردنەوەی بناخەکانی کۆمەڵگەیە و سەردەمێکی نوێی یەکسانی و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی بە ژیان دەهێنێتەوە. لە نێوەڕۆکیدا ڕاگەیاندنێکی بەهێزە بۆ ڕزگارکردن و بەهێزکردنی ژنان، بۆ لە ئامێزگرتنی ئازادیی تاک و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم و کۆیلایەتی.

ژنانی کورد دەمێکە لەژێر سیستەمی چەوسانەوەی پێکهاتەیی و سنووردارکردنی کۆمەڵایەتیدا ئازار دەچێژن. شۆڕشی ژیان ئەو زنجیرانە دەپسێنێت و ماف و کەرامەتی ژنان دەخاتە چەقی گۆڕانکارییەکەوە. شۆڕش لە ڕێگەی کردەوە و قسەکانیەوە دەبێتە ڕاگەیاندنێکی بەهێزی یەکسانی و هیچ شتێکی کەمتر لە یەکسانییەکی تەواو لەنێوان ڕەگەزەکاندا قبوڵ ناکات. تەحەدای ئەو نۆرمە پیاوسالارانە و بیروباوەڕە نەریتییەکان دەکات کە بۆ چەندین سەدە ژنانیان ڕاگرتوە.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها ئەم شۆڕشە هێمای بڕیاری کۆمەڵگەی کوردییە بۆ لە ئامێزگرتنی ئازادیی تاکەکەسی و فرەچەشنی. کۆمەڵگەی کوردی بە فڕێدانی کۆت و بەندەکانی ستەم و سانسۆر، دەرگاکانی سەردەمێکی نوێی چارەنووس و دەرفەت دەکاتەوە. ڕەتی دەکاتەوە بە ترس و ملکەچبوون حوکمڕانی بکرێت و لەبری ئەوە هەڵدەبژێرێت ئایندەیەک لە باوەش بگرێت کە هەر تاکێک مافی ئەوەی هەبێت چارەنووسی خۆی لە قاڵب بدات و ئازادانە خۆی دەرببڕێت.

لەم شۆڕشەدا گەلی کورد پلەیەکی سەرنجڕاکێش لە پێگەیشتن و یەکگرتوویی نەتەوەیی نیشان دەدات. بە وەستانەوە بە یەکگرتوویی دژی هێزەکانی ستەم و ڕاوەستان لە پشت دیدێکی هاوبەشی ئازادی و دادپەروەری، هێز و ئیرادەی خۆیان بۆ خەبات بۆ ئەوە ڕاستەڕێیە نیشان دەدەن.

هیوا و بوێری دوو نیشانەی شۆڕشی ژیانن. لە کۆبوونەوەی ئەو دوو هێزە بەهێزەدا ئایندەیەکی دوور لە ستەم و پڕ لە دەرفەت پێک دێت. لەم شۆڕشەدا هیوا و ئازایەتی بە یەک دەگەن و پێکەوە ئایندەیەکی دوور لە ستەم و پڕ لە دەرفەت دادەڕێژن. شۆڕشی ژیان بەردەوامە لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە و لەگەڵ هەر هەنگاوێک ئازادی بەهێزتر دەبێت و دادپەروەری زیندووتر دەبێت. خەباتێکە کۆتایی نایەت تا هەموو مرۆڤێک نەتوانێت بە ئازادی و کەرامەت بژی، بێ گوێدانە ئەوەی لە کوێوە هاتبێت یان چ مێژوویەک لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچی لە کێل و مەزاریشمان دەترسن؟



## عەلی بداغی

یەک لەو هەزاران بەڵگانەی گرووپی هاکێریی "عەداڵەتی عەلی" لەو ماوەیەدا لەسەر ماڵپەڕەکەیان بڵاویان کردەوە، پێوەندیی بە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئامار و زانیاری لەبارەی کوژراوەکانی بزووتنەوەی ژینا بوو. لەو بەڵگەیەدا دەبینین شوڕای بەرزی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر ئەوەی "بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە ئامار و زانیارییەک لە ژمارەی کوژراوەکان قەدەغەیە"، داوای لە دەزگای دادی ڕێژیمەکەیان کراوە لەو پێوەندییەدا بەتوندی بەگژی هەموو ئەو کەس و لایەنانەدا بچنەوە کە ڕەچاوی ئەو ڕێوشوێنەیان نەکردوە.

مێژووی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زانیاری لەسەر کوژراوەکانی خۆپێشاندانەکان و ئێعدامی چالاکانی سیاسیی بەرهەڵستکار، شاردنەوە و گۆڕبزرکردنیان، یان بێڕێزی بە کێل و مەزاریان لە کۆماری ئیسلامیدا بە قەرا هەموو تەمەنی ئەو ڕێژیمەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی بەپێی هەلومەرج پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ تەرمی تێکۆشەرانی سیاسی کە لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆدا کەوتووەتە بەر دەستیان، یان لە زیندانەکاندا ئێعدامیان کردوون گۆڕانکاریی لە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەندێ سیاسەت و ڕەفتاریدا کردوە.

بۆ نموونە لە سەرەتاکانی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا هەرکات تەرمی پێشمەرگەیەک کەوتبایە بەر دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەروەک میراتی ڕێژیمی پاشایەتی بە مەبەستی ترساندنی کۆمەڵگە بە نێوشار و بە بەرچاوی خەڵکدا دەیانگێڕا. بەڵام کاتێک زانییان بەوە خەڵک نەک چاوترسێن نابن، بەڵکوو ناو و یادی شەهیدەکان دەبێتە ڕەمز و هۆکاری پەنگخواردنەوەی پتری ڕق و تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵات، ئیدی ئەمجارە دەستیان بە سەر تەرمەکانیان دادەگرتن و گۆڕبزریان دەکردن.

لە ئاستی ئێرانیشدا ئێستا ئیدی گۆڕستانی خاوەران بووەتە بەڵگەی سامناکترین جینایەتی سەدە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە تەرمی سێ هەتا چوار هەزار زیندانیی سیاسی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تێدا شاردراوەتەوە و ڕێژیم ئامادە نەبووە هیچ زانیارییەک لەسەر ئەو بەندییە سیاسیە ئێعدامکراوانە بە بنەماڵەکانیان بدات. لە حاڵێکدا ئەم بابەتە نەک هەر پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دژی هەموو بەها و بایەخە ئایینی و ئیسلامییەکانیشتە کە ڕێژیم خۆی بە داشداریان دەزانێت؛ ئەوەش لەجێیی خۆی کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هەتا ئێستا ناونیشانی ١٢٠ شوێنیان ئاشکرا کردوە کە چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیم دوای ئێعدامکرانیان لەو شوێنانە بەکۆمەڵ ژێرخاک کراون.

هەر مانگی و نیوێک لەوەپێشیش بوو کە چوار ئەندامی کۆمەڵە لە زیندانی قزلحەساری کەرەج لەدار دران، بەڵام سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکانیان هێشتا تەرمی هیچ کام لەوان ڕادەستی کەسوکاریان نەکراوەتەوە. لە ٤٥ ساڵی ڕابردووشدا کە زیاتر لە ٢٢٠٠ بەندیی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئێعدام کراون، تەرمی هەموو ئەو شەهیدانە دەستیان بەسەردا گیراوە و گۆڕبزر کراون. هەر لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا کە نیزیک بە ٨٠ تێکۆشەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکانیان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون، کەس نازانێ تەرمەکانیان چییان بەسەر هاتوە و ئەگەر ژێرخاکیش کرابن کەس بە شوێنیان نازانێ و بنەماڵەی بەشی زۆر لەو شەهیدانە ئێستاش بەدووی وەرگرتنی زانیاری لە ڕۆڵەی گۆڕبزریانن.

**بێگومان مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم لە گۆڕبزرکردنی پێشمەرگەی شەهید و چالاکانی سیاسی و هەروەها شکاندنی کێل و شێواندنی مەزاری کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی دژبەری ڕێژیم چەند شتە:**

**یەکەم**، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ مێژوو و بەتایبەت مێژووی جینایەت و کارەساتەکانی لە داهاتوودا لەبیر بکرێن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و ئاسەواریان نەمێنێت.

**دووهەم**: ترس لە ئەویدی (دژبەری سیاسی) و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکجارەکیی، بۆوەی مەزاری ئەو کەسانە نەبێتە زیارەتگە و مەکۆی خەباتگێڕی و شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبوارانی ڕێی خەبات و ئازادی.

**سێهەم**: سزادانی نەک کەسەکە، بەڵکوو بنەماڵەی قوربانییەکانیشە، ئەویش لە حاڵێکدا پێدانی زانیاری لەسەر چارەنووسی قوربانیی غەدرلێکراو، و دانەوەی تەرمەکەی مافی بنەڕەتیی بنەماڵە و کەسوکاری ئەو کەسەیە. لێرەدا ڕێژیم بە بەردێک چەند ئامانج دەنگێوێت. بە ئێعدام و کوشتنی دژبەرە سیاسییەکەی هەم ئەو کەسەی بە غەدر و تاوان لەبەین بردوە و لە مەیدانیی خەبات و کۆمەڵگەی سڕیوەتەوە؛ هەمیش هەوڵی داوە کۆمەڵگە و ئەوانیدی بەوە چاوترسێن بکات کە بێتوو بێدەنگ و بێهەڵویست نەبن، هەر ئەمە چارەنووسیانە.

**چوارەم**: کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە گۆڕبزر کردنی چالاکانی سیاسی هاوکات بیری سیاسی و بیرەوەرییەکانی ئەوانیش بۆ هەمیشە لە یادی خەڵکدا بسڕێتەوە.

بۆیە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ ئەو کۆیادە لە یادەوەریی گشتیی کۆمەڵگە بسڕێتەوە و ڕێ لە ژیانەوەی ئایدیا و بیری سیاسیی کوژراو و دژبەرانی گۆڕبزرکراو بگرێت، وەک بڵێی هیچ تاوانێک نەخوڵقاوە و هیچ جینایەتێک ڕووی نەداوە؛ ئەوە ئەرکی بنەماڵەی قوربانییان، کۆمەڵگە و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە نەهێڵن خەونەکانی ڕێژیم وەدی بێن. ئەگەرچی ئەو خەبات و ململانێیە سەخت و دژوار و ناهاوسەنگە، بەڵام بێگومان سەرکەوتن بۆ ئەو کەس و لایەنانەیە پێوشوێنی ماف و دادپەروەری کەوتوون و دەکەون. ئاکامەکانی دادگای مێکونووس، دادگای "ئابان"، بەئاکامگەیشتنی دادگاییکردنی حەمید نووری، دیاریکردنی کۆمیتەی ڕاستیدۆزی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتدانەوەی ئەو کۆمیتەیە لە جینایەت و کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، نموونەیەک لە بەرەوپێشچوونی ئەو هەوڵ و خەباتەن کە دڵخۆشکەرن و نابێ لێی ماندوو ببین.

بەدڵنیاییەوە بەدواداچوونی یاسایی و وەڕیخستنی کەمپینێکی حقووقیی بە کارکردی هەمیشەیی هەم دەتوانێ بەشێک لە خەبات بۆ دادپەروەری بیت و هەم هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێگریکردن لە دووپاتبوونەوەی جینایەت و مرۆڤکوژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە. بۆیە نابێ بهێڵین تاوان و کارەساتەکانی ڕێژیم لەبیر بچنەوە و ئەگەر هەوڵی ڕێژیم بۆ سڕینەوەی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

شوێنەواری جینایەتەکانیەتی، خەباتکارانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤیش لە سەنگەری بەرانبەردا دەبێ لەدژی ئەو بیرچوونەوە و سڕینەوەیە یەکگر و پلانمەند لەو خەباتە بەردەوام بن.

٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حیزب وەک سەنتەر، ستراتژیی حیزب وەک سەنتێز



تاهیر قاسمی

سەردەمی ئێستا، سەردەمی بەئاگاهاتنەوەی هەرچی زیاتری نەتەوە بندەستەکانە. سەردەمی هەوڵدانی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە ژێردەستەکان بۆ سڕینەوەی سێبەری داگیرکاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و بەرابەریی ئەوانیش لەگەڵ گەلانی سەردەست لە ماف و لە بەڕێوەبەریدایە. ئەمە نەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ سەرجەم گەلانی ژێردەستەی دنیا هەر وایە. بەڵام گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە چەند هەنگاو لە دەوروبەری خۆی لەپێشترە. بەجۆرێک کە ئەمڕۆ وەک شێلگیرترین و مافخوازترین نەتەوە، پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی گەلانی سەرانسەری ئێرانە و لە ئاستی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا نەتەوەییترین پاژی کوردستانە. گەلێک کە درێژترین ماوەی خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی پێواوە بەڵام هێشتا پێیان نەگەیشتووە. لێ ئەوە نەک هەنگاوەکانی پێ شل نەکردوە بەڵکو مکوڕتری کردوە. بە جۆرێک کە ئەم گەلە چ بە حەشیمەت و چ بە جوغرافیا هیچکات هیندەی ئەمڕۆ سەبارەت بە مافەکانی خۆی لەسەر خەت نەبووە و نەهاتۆتە سەر شەقام. ئەوەش نیشانەی هەرە ئاشکرای پێگەیشتوویی نەتەوەیی‌یە. نیشانەیەک کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕوونتر خۆی بۆ دۆست و دوژمن دەردەخا. ترۆپکی ئەم پێگەیشتوویی نەتەوەییەش سرووشتییە کە لە خواستی سەربەخۆییخوازیدا خۆی دەنوێنێ. خواستێک کە بێگومان لە دڵی هەر تاکێکی ڕزگاریخوازادایە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەرەگرتـووتر دەبـێ و پتـر کـۆمەڵگە دەتەنێـتەوە. خواسـتێک کە ئەگەرچـی بە ڕواڵەت لەگەڵ دروشـمی سـتراتژیی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش نـالێکە بەڵام ئەو حیزبە چ پـێ بزانـێ و چ پێ نەزانێ، چ پێی خۆش بێ و چ پێی نـاخۆش بێ، دەرەنجامی خەبـاتی نەتەوایەتیی حیزبەکـان و لەوانە زیـاتر لە هەشتا ساڵ خەباتی ئەم حیزبە بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی خۆیەتی.

سرووشتییە حیزبێکی شێلگیر لە مەیـدانی خەبـات و تێکۆشـاندا و لە وەهـا دۆخێکـدا کە حیزبـی دێمـوکرات و گەلـی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی تێـدایە، ئەو بـوار و بەسـتێنەی نییە کە وەک تـاک یـان گـرووپە بچووکەکـان درووشم بەرز بکـاتەوە و پێـداگری لەسـەر خواسـتێک بکـا کە مەیـدانی مـانۆڕ و تێکۆشـانی لـێ بەرتەسـک بکـاتەوە. بەڵام خـۆ ناشـبێ پەرەگرتنـی خواسـتی سـەربەخۆییخوازیی نەتەوەیـی خەڵـکەکەی نەبینـێ یـان لەگەڵ خواسـتە نەتەوەییەکـانی خـۆی بە ناتەبـای بزانـێ و بەرهەڵستیان بێتەوە یان خەڵک ناچار بە ئێرانیبوون بکا. بە ئێرانیکردن یان بە ئێرانیهێشتنەوە لە ڕاستیدا ئەرکی هیچ حیزبێکـی کـوردی یـان کوردسـتانی نییە. ئەوە دەسـەڵاتەکانی ناوەنـد و لایەنە ناوەنـدگەراکانن کە دەبـێ بیـر لە چـارەیەک بکەنەوە و هەوڵ بـدەن دۆخێکـی وەهـا بـۆ نەتەوە مـافخواز و زۆر لێکراوەکـان بخـوڵقێنن کە کوردێکی کوردستانی، بلووچێکی بلووچستانی یان عەرەبێکی ئەهوازیش ئەمڕۆ یان لە دواڕۆژدا بتوانێ خۆی بە بەشێک لە جوغرافیای ئێران بزانێ.

بەرزبـوونەوەی ئاسـتی خواسـتە نەتەوەییەکـان ئەگەر لەلایەک دەرەنجـامی بەردەوامیـی سـتەمی نەتەوایەتـی و داننەنـانی دەسـەڵاتی داگیـرکەر بە مافەکـانی خەڵکـی کوردسـتانە، بەشـێکی زۆری بەرهەمـی خەبـات و تێکۆشـانی نەتەوەیـی حیـزبە نەتەوەییەکان و لەسەرووی هەمووان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زیاتر لە هەشتا ساڵ خەبـات و تێکۆشانی نەتەوەییە. بـۆ حیزبێکـی نەتەوەیـی ئەوە ناتەبـاییە کە ئەوەی دەیـان سـاڵە خـۆی خەبـاتی بـۆ دەکـا، ئێسـتا بە بەربەسـتی بزانـێ، بەرهەڵستی بێـتەوە یـان پێـی وابـێ خەڵـک دەبـێ تەنیـا تـا ئاسـتی ئەوەی ئەو لە بەرنـامەکەی خۆیـدا پەسـندی کـردوە، نەتەوەیی بن و لەوە زیاتر خۆی ببێ بە عامیلی سەرکوتی زیاتری خواستە نەتەوەییەکان. حیـزب بەو سیاسـەتە لە ڕاسـتیدا بەگژ خۆیدا دەچێتەوە کە سرووشتییە زیانی زۆر گەورەی لێ دەکا.

خواستی سـەربەخۆیی نەتەوەیـی یـان نیشـتمانی بـۆ حیزبێکـی نەتەوەیـی لە گـوێن حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران کە بەپێـی خوێنـدنەوەی خـۆی لە بـارودۆخەکە، هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی ئێرانـدا مافەکـانی نەتەوەکەی دابین بکـا، نەک هەر نابێ وەک هەڕەشە چاوی لێ بکا بەڵکوو لە دانیشتن و دانوستانەکانیدا لەگەڵ لایەنە ناوەندگەراکان دەبێ وەک پـاڵپشتێکی زۆر بەهێـز کەلکـی لـێ وەرگـرێ. هەتـا خەڵـک لەسـەر خواسـتە نەتەوەییەکانیـان مکـوڕتر و لێبڕاوانەتـر لە مەیدانـدا بـن،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم حیزبەش وەک هەر حیزبێکی نەتەوەیی، لە گۆڕەپانی خەباتدا دەنگی دلێرترە. لە وەها دۆخێکدا کاتێ داگیرکەر بزانێ کە سیاسەت و بەرنامەی حیزب نەک هۆکاری "تەجزیە تەڵەبی" نییە بەڵکو کەمتر لەوەشە کە نەتەوەکەی دەیهەوێ، سرووشتییە باشتر سەری خۆی دەخوێنێتەوە و چاکتر قازانج و زیانەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ وەها حیزبێکی بەنفووز لێک دەداتەوە.

لەم نێوەدا سرووشتییە کە سەربەخۆییخوازانیش دەرک بە هەلومەرج و توانایی حیزب و ئەو بارودۆخە دەکەن کە حیزبەکان و گەلەکەیان تێیدایە. بۆیەش دەبینین بە سەدان و ڕەنگە هەزاران تاکی کوردستانی و سەربەخۆییخواز ئەندامی حیزبی دێموکراتن لەحاڵێکدا ئەم حیزبە فۆرمۆلی فیدرالیزم بۆ ئێرانی داهاتوو و بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی نەتەوەکەی پێشنیار دەکا. واتە سەربەخۆییخوازانیش ئەو خوێندنەوەیان قەبووڵە کە ئەم حیزبە لە دۆخ و توانایی خۆی و گەلەکەی هەیەتی و بۆیەش تێیدا ماونەتەوە یان تێیدا دەبن بە ئەندام. لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین سەرەڕای هێندە پەرەگرتنی خواستی سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا حیزبێکی سەربەخۆییخواز نەیتوانیوە لەو ئاستەدا سەربەخۆییخوازان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای داکۆکی لە ستراتژی و سیاسەتی پەسندکراوی کۆنگرەکانی خۆی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەک نابێ بە گژ ڕەوتی سەربەخۆییخوازیدا بچێتەوە بەڵکوو دەبێ ئەوە وەک ئەنجامێکی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی ببینێ و لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا پێویستە سەربەخۆییخوازی بە ڕەسمی بناسێ و ڕێزی لێ بگرێ. نەک هەر ڕێزی لێ بگرێ بەڵکو وەک دەرفەت سەیری بکا و بیکا بە پاڵپشتی بەرنامەکانی خۆی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان بەو جۆرەی لە بەرنامەکەیدایە. لە ڕاستیدا حیزب دەبێ خۆی وەک سەنتەرێک بۆ هەموان و بەرنامەی سیاسی و ستراتژیی خۆی وەک سەنتێزێک لەنێوان گەلێکی مافخواز لەلایەک و دەسەڵات و لایەنی ناوەندگەرای ماف پێشێلکەردا ببینێ و مانۆڕی لەسەر بدا.

٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شەهید بە ژیانی نیشتمانێک بونیات دەنێ




**کەریم پەرویزی**

ئەو ڕۆژەی کە لە بێدادگایەکی ڕژیمی ملهوڕی پاشایەتیدا، حوکمی دژە مرۆڤایەتیی ئێعدامیان بەسەر پێشەوای نەمردا سەپاند، پێشەوا گوتی ئێوە قازی موحەمەدێک لەدار دەدەن، بەڵام ئەم کوردستانە پڕ دەبێ لە هەزاران قازی موحەمەد! دوکتور قاسملووی نەمریش بە هاوڕێیانی گوت کە دوای مەرگم لەسەر کێلەکەم بنووسن: کە من مردم کورد نامرێ! دوکتور سەعیدی نەمریش لە ڕێورەسمی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوودا گوتی کە ئێمە بەڵێنمان لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید نوێ دەکەینەوە و لەو ڕێگایەدا یان سەر دەکەوین یان سەردادەنێین!

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی لە لایەن دەسەڵاتی خۆسەپێن و ملهوڕی پاشایەتییەوەیە و لە درێژەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورددا بە هەزاران کەس لەو ڕێبازەدا گیانیان بەختی سەروەری و بەختەوەریی کوردستان و نەتەوەی کورد کردوە و لە پێناوی بونیاتنانی نیشتمانێکی پڕ لە ئاوەدانی و یەکسانی و دادپەروەریدا گەورەترین سەرمایەی ژیانیان پێشکەش کردوەو هەر بۆیە و بۆ ڕێزدانان و یادکردنەوە و بەردەوامیدان بە یاد و ڕێبازی هەموو شەهیدانی کوردستان، ١٠ی خاکەلێوە وەکوو ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسێندراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید بوون لە ڕێبازێکی پڕ لە شانازی و سەروەریدا، لەو هزرە قووڵەوە مانا وەر دەگرێ کە ڕێبەرانی شەهید وانەبێژی بوون. لەو وانە مێژووییەدا کە بە درێژایی تەمەنێک لە خەبات و قوربانیدان و گیانفیدایی لە کوردستاندا وەدی هاتوە و ڕێبەرانی ئەم گەلە باسیان لێ کردوە، شەهید بوون یانێ هەزاران پاتبوونەوەی تاکی خەباتکار، بەو واتایەی کە پێشەوای نەمر دەڵێ، مەرگ و لەسێدارەدان کۆتایی شەهید نیە بەڵکوو سەرتایەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بەهەزاران تاکی دیکە لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵدەگرن و لەڕاستیدا وێنەی خەباتکاری بە هەزاران لێی هەڵدەگیرێتەوەو لە نێو قووڵایی کۆمەڵگادا تۆی خەبات و گیانفیدایی دەچێندرێ و ئەوە بە دوای ئەوە، تێکۆشەری مافویستی دیکە سەر هەڵدەدەنەوە و هەر بۆیە دەڵێ کە بە لەسێدارەدانی قازی موحەمەد، هەزاران قازی موحەمەدی دیکە لەدایک دەبن و ئەمە هەمان وانەیە کە لە قۆناخی دیکەدا دوکتور قاسملووی درێژدەری ڕێبازی پێشەوا دەڵێ کە بە مەرگی من کورد نامرێ! بەو واتایە کە شەهیدبوون مەرگی نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو لەدایکبوونەوەی بەهەزاران پاتەکراوی ئیرادەی خەباتکارییە کە نەتەوەیەک بە زیندوویی ڕادەگرێ و زیندوو بوونی و زیندوو مانەوەو بەردەوامیی خەباتی نەتەوەیەک ئەو وانە گرنگەیە کە خوێنی شەهید دەیبەخشێتەوەو دەیڵێتەوە. هەر بۆیە وانەی تێکۆشان و کاروانی خەبات لە زاری دوکتور سەعیددا درێژەی پێ دەدرێ و دەڵێ کە یان سەر دادەنێین لە پێناوی سەربەرزیدا یان سەردەکەوین لە هەورازی سەرفرازیدا! ئەمە پەیامی گرنگی درێژەدەریی خەبات و لەدایکبوونەوەی ئیرادە و سەلماندنەوەی بوونی نەتەوەیە کە دەڵێ بە شەهیدبوونی ڕۆڵە بژاردە و تەڵچنەکانم، نەک بەچۆکدانایەم بەڵکوو ئیرادەی سەلماندنی بوونم وبونیاتنانی نیشتمانێکی ئاوەدان بۆ ڕۆڵەکانم بە پانتایی جوغرافیای کوردستان و بە قووڵایی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بڵاو دەکەمەوە.

پەیامێک کە لە شەهیدانی کوردستانەوە وەری دەگرین، هەمان وانەی پڕ گەوهەر و هەتاهەتاییە کە ڕێبەری شەهیدمان دەڵێ: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە.

لەمێژە پەیمانمان داوە کە لە شەهیدبوونی شەهیدەکانماندا گریان و شیوەن ناکەین و دەستەوئەژنۆ و بە خەم و پەژارەوە دەستەوەستان دانانیشین. لەهەمانکاتدا درێژەدان بە ڕێبازی شەهدیان تەنیا لە تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە دا قەتیس ناکەینەوە؛ هەرچەند دەستی تاوانباران دەبێ ڕۆژێ کورت بکرێتەوە و تاوانباران لە دادگایەکی دادپەروەردا سزا بدرێن بەڵام بۆ شەهیدەکانمان لەباتی تۆڵە بیر لە درێژەدانی ڕێگایان دەکەینەوە، چوونکە شەهید لە تێکهەڵچوونێکی شەخسیدا ژیانی لێ نەستێندراوە تا بە تۆڵەیەک کۆتایی بە بابەتەکە بێ، بەڵکوو شەهید گیانی لە پێناوی بونیاتنانی نیشتمانێک بۆ یەکسانی و دادپەروەری و ئازادیدا بەخت کردوە و تەنیا بە درێژەدانی ڕێگایان تا وەدیهاتنی ئاواتەکانیان تۆڵەی ڕاستەقینە جێ دەگرێ.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەربۆیە و بەم فەلسەفەی خەباتکاری و درێژەدان بە ڕێگایەیە کە دەبینین، کاروانی خەباتی کوردستان گەیشتوەتە ئەو جێگایەی کە لە شۆڕشی ژینادا نەتەوەیەک بەتێکڕا لەسەر هەستە و بەهەڵوێستە و سەرهەڵدان لە بەرامبەر ستەمکاریدا بۆتە ئەرکی ڕۆژانەی؛ ئەمە پەیامی گرنگی ڕێبەرانی شەهدی کوردستانە کە گەیشتۆتە هەموو کونج و قوژبنێکی نیشتمان و بە سەدان کەس لە شۆڕشی ژینادا گیانیان دەکەنە فیدای گەیشتن بە ئاواتی ئازادی و سەربەستی و دادپەروەری و غەریب نەبوون لەسەر خاکی خۆت!

هەر بۆیەشە کە دەبینین لە درێژەی شۆرشێ ژینادا لە نەورۆزی مەشخەڵانی رزگاریدا، ئەوە باوک و دایک و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن کە داگرسێنەری ئاگری نەورۆز و لە راستیدا هەڵگیرسێنەری مەشخەڵانی رزگاریی دەستی لاوان و ژنان و جوامێرانی وڵاتن و ئاگری کوانووی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان گەشاوە رادەگرن.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا بە رەوتی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان لە کۆمارەوە تاکوو ئێستا پێمان دەڵێتەوە کە گەر گیانبازی و گیانفیدایی رۆڵە بە ئەمەگ و خاوەن هەڵوێستەکانی نیشتمان و پێشەنگیی ڕێبەرانی وریا و گیان لەسەردەستی کوردستان نەبوایە ئەم خەباتە ئەوەندە بەرفراوان نەدەبوو و ئەو دڵنیاییەی لای نەتەوەیەک دروست نەدەکرد کە وەدوای پەیامی گرنگی پاداش بۆ شەهدیان واتە درێژەدانی ڕێگایان بکەون و بۆیە دەبینین کە بەخۆشیەوە ئێستا ئیدی ئەرکی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئاوات و ئارمانەکاندا تەنیا و تەنیا لەسەر شانی ژمارەیەکی تایبەت لە تێکۆشەران نیە و خەباتی کوردستان بۆ بونیاتنانی نیشتمانێک تەژی لە ئاوەدانی و دادپەروەری و ئازادی، بۆتە خەباتێکی جەماوەری بە پانتایی کوردستان.

لە کۆتاییدا و وێرای بەرزراگرتنی یادی هەموو شەهیدانی کوردستان، هەموو ئەوانەی گیانیان لە پێناوی ئازادیدا بەخت کرد، لە شەهیدانی کۆماری کوردستانەوە تاکوو دواهەمین شەهیدان لە رۆژان و مانگەکانی ئەم دواییەدا، وێڕای سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو بنەماڵە سەربەرزەی شەهیدان کە بوونە سەمبۆلی خەبات و گیانفیدایی لە کوردستان، هەروەها بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی کرودستان دووپات دەکەینەوە.

شەهیدبوون لای ئێمە بەپیرۆزکردنی مەرگ نیە، بەڵکوو خۆبەختکردن و گیانفیداییە لە پێناوی تێکۆشانی سەربەرزانەی ئەمرۆ و ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر بۆ نەوەی داهاتوو.

یادی شەهیدان بەرز و کوردستان سەرفراز

٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتیی حیزب: خوێنی بە ناحەق ڕژاوی شەهیدانی شاخ و شەقام دەبێتە هەوێن و مایەی ئازادیی گەل




**(پەیام بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**هاوسەنگەرە خۆڕاگرەکانی شەهیدان!**
**خەڵکی قارەمان و ژنانی بوێر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**پشتیوانانی قایم و بەوەفای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان!**

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەد و یارانی لە لایەن ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی و ڕۆژی یادکردنەوە لە هەزاران شەهیدی ئەو ئاو و خاک و نیشتمانەیە کە لە سەر پاراستنی شوناس و هۆوییەتی نەتەوەکەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامی و کوردنەویستانەوە خوێنیان ڕژایە سەر خاک و شەقامی پیرۆزی کوردستان. هەر بۆیە لەمڕۆژەدا هەم دەبێ لە بەرانبەر ڕوحی نەسرەوتووی گشت شەهیدانی کۆمار و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی شۆرشی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی و بنەماڵەی خۆڕاگر و سەربەرزی ئەو شەهیدانە سەری ڕێز و کڕنۆش دابنوێنین و، هەم دەبێ وێڕای


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەردانکردنی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان، بنەماڵە سەربەرزەکانیان بەسەر کەینەوە و عەهد و پەیمانیان دەگەڵ نوێ بکەینەوە هەتا ئەوکاتەی ئاوات و ئارەزووی وەدینەهاتووی تێکرای شەهیدان و لە سەرووی کاروانی شەهیدانەوە قازی محەممەد و دکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەدی نەهێنین، لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستین. پێیان بڵێین تا ئۆخژن نەخەینە نێو دڵی دایکان و باوکانی جەرگسووتاو و خوشکانی ڕەشپۆش خەبات و بەرخۆدان هەر بەردەوامە. ئەو مەشخەڵەی بە بەهایەکی زۆر، واتە بە خوێنی گشت شەهیدان و بەتایبەت شەهیدانی ڕاپەرینی ژن، ژیان، ئازادی داگیرساوە نەهێڵین بکوژێتەوە و بە گەشاوەیی بیگەیەنینە مەقسەد.

## بنەماڵەی ڕووسووری شەهیدان!

سەرقافلەی کاروانی شەهیدان قازی محەممەدی نەمر لە ماوەی دامەزرانی کۆماردا زۆر دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد دەستەبەر کرد. مخابن تەمەنی کۆمار زۆر کەم بوو و نەکرا کورد لە سێبەری ئەو دەستکەوتانەدا بحەسێتەوە. بەشێک لەو دەستکەوتانە بریتی بوون لە: بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە قوتابخانەکان و لە ئیدارەکانی کوردستاندا، پێکهێنانی سوپای کوردستان، ناردنی خوێندکار بۆ خوێندن بۆ وڵاتانی دی، گرینگیدان بە ژنان و بەشداریدانیان لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گرینگیدان بە چاپەمەنی و ڕادەربرینی ئازاد و ئاوردانەوە لە نووسەران و شاعیران و گەلێک دەسکەوتی دیکە. قازی محەممەد گەلێک نەریت و نۆرمی پڕ بایەخی لە کوردستان کردە باو و لەژێر تیشکی ئەو نۆرمە جوانانەدا، بەرچاوڕوونی دا بە گەلی کورد کە دەبێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و وەک نەتەوە بەختەوەر و سەربەستەکانی جیهان خاوەن زمان و کولتوور و خاوەن سەروەری و کیان و نیشتیمانی خۆی بێ.

بەڵام ڕێژیمە سەرەڕۆکان و نەیارانی نێوخۆیی و دەرەوە چاوی دیتنی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستانیان نەبوو، هەر بۆیە محەممەدڕەزا شا فەرمانی گرتن و ئێعدامی قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا و پاش دادگایییەکی ڕواڵەتی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارەی دان. شا پێیوابوو بە لێدانی سەری ڕێبەرێک، نەتەوەیەک لە ڕیشە وشک دەکات و پرس و مافخوازیی ئەو نەتەوەیە لە کوردستان بنبڕ دەکات. بەڵام نەیزانی نەتەوە نامری و ڕیشەی لەسەر خوێنی شەهیدان دەڕوێتەوە. کورد بەم کارەساتە ناجوانمێرانەیە بە چۆک دانایە و هەمیشە ڕاوەستاو و لەسەر پێ دەمێنێ و ڕێگا و ڕێبازی مەزنپیاوانی وەک قازییەکان و ڕێبەرەکانی دیکەی کورد درێژە دەدا.

**خەڵکی خەباتکار و هەمیشە لە مەیدانی کوردستان!**
**ژنان و لاوانی ژیر و ئازادیخواز!**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە کاتێکدا یادی شەهیدانی سەربەرز و ڕووسووری کوردستان دەکەینەوە کە بێزارییەکی گشتگیری سەرانسەری و نێونەتەوەیی لەدژی ڕێژیمی جینایەتکار و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە و پتر لە هەر کاتێک ئیعتبار و متمانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و لە ئاست نێودەوڵەتیدا کەوتووەتە ژێر پرسیار. پارەکە چەخماخەی هەڵایساندنی ئاگری ڕاپەڕین بە کوشتنی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی بە دەست گەشتی ئیرشاد لە تاران لێی درا و ئاگرەکەی لە کوردستان گەشاوە و پاش چەند ڕۆژ بڵێسەی ئەو ئاگرە سەرانسەری کوردستان و ئێرانی داگرت. نەوەی نوێ بوێرانە و وشیارانە و بە هەست بە بەرپرسایەتیکردنەوە شەقامەکانیان تەنی و قینی پەنگخواردوی ٤٥ ساڵ نەهامەتی و ڕۆژڕەشیان بە ڕێژیم ڕشت و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە ڕادەبەدەر نیگەران و تووشی سەرلێشێواوی کرد. ڕێژیم بە هۆی دەست و پێوەندەکانییەوە هەوسارپچڕاوانە و نامرۆڤانە کەوتنە نێو ئاپۆرای خەڵکی تووڕە و ناڕازی لە دەسەڵات و، بە هەر شێوەیەک کە بۆیان لوا دەستیان نەپاراست و دەستڕێژیان لە ڕیزی یەکگرتووی خەڵک دەکرد و قەڵافەتی ژنان و پیاوانی مافویستیان خستە سەر ئەرز. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە تایبەت گەلی بەلووچ شەهید و برینداری کران و ئەوجار بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە گیانی خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە کوڕان و کیژان دەسبەسەر کران و خرانە زیندان و ژێر سەختترین ئەشکنجە و بەشێکیان ئێعدام کران و بەسی زۆریشیان حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بە سەردا سەپا.

ئێستا کە ساڵ و نیوێک لە ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران تێدەپەڕێ، کۆماری ئیسلامی لەلای بیروڕای نێودەوڵەتی و وڵاتان نەکهەر بێزراوە، بەڵکوو بەردەوام و بەجیدی خراوەرە ژێر قورسترین گەمارۆی ئابووری و سیاسی. ژنان، سیاسەتمەداران، هونەرمەندان، نووسەران و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بە هۆی نەپاراستنی بە گشتی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان و بە تایبەت ئێعدامی زۆر و زەوەندی لاوان، بەدژی کۆماری ئیسلامی دەنگیان بەرز کردوتەوە و ناڕەزایەتی توندیان دەربڕیوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بێگوێدان بەو ئێعترازانە، بەردەوام سەرکوت و ئێعدامی خەڵک درێژە دەدا. ئەو ڕەفتارە دژیمرۆڤانەی ڕێژیم نە تەنیا نەیتوانیوە پاشەکشە بە خەڵک بکەن، بەڵکوو ژنان و لاوانی بوێر و خۆڕاگری کوردستانی سوورتر و یەکگرتووتر کردوە. هەر وەک بۆ پێشوازیکردن و ڕێزگرتن لە چوارشەممەسووری و نەورۆزی پیرۆزی مەشخەڵانی ٢٧٢٤ی کوردی بە جلوبەرگی ئالاووالای کوردی و جامانە و هەوری و هەڵپەڕین و شایکردن شکۆی خەڵکمان لە شەقامی شار و گوندەکانی کوردستاندا دیت کە چۆن دیسان بە شکۆی خۆیان ترسیان خستە دڵی حاکمانی ئێران و سەلماندیان تا سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووی شەهیدانی لە خوێندا شەڵاڵی شەقامەکان، ژن، ژیان، ئازادی و گشت شەهیدانی گەل مەیدان چۆڵ ناکەن و شکۆی شەقام ئاوەدان ڕادەگرن و بەردەوام دەبن تا ڕووخانی یەکجارەکی.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

**خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و ڕاوەستاوی کوردستان!**
**گەلانی یەکگرتوو و ڕاپەریوی ئێران!**

گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران بە ئیرادە و هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ئۆتۆریتە و هەیکەلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە ڕادەی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا تێکشکاندوە و مەشرووعییەتیان هێناوەتە ژێر پرسیار و تا سەر لێواری ڕووخانیان بردوە. گەلانی ئێران بڕیاریان داوە تا خەونە جوانەکانی گشت شەهیدان و شۆڕشی ژینا وەدی نەهێنن لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستن و ڕەوتی خەبات و بەربەرەکانی لە شەقامەکانی کوردستان هەر بەردەوام بێ. بەڵێنی مانەوە و ڕاوەستان بە بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوە و بە گشتی شەهیدانی خەباتی شەقام و گشت زیندانیانی سیاسی دەدەن، پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان دەگەڵ ڕوحی پاکی قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە ئازایانە و جوانمێرانە چوونە بن داری ئێعدام و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و لاوانی نیو سیاچاڵەکان و لاوانی لە خوێندا شەلاڵی شەقامەکان نوێ دەکەینەوە و ڕێگایان درێژە دەدەین.

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سڵاو و حورمەت دەنێرین بۆ ڕەوانی تێکڕای شەهیدانی شاخ و شەقام و لە بەرانبەر ڕوحی پاکی ئەو شۆڕەسوارە لە خوێندا شەلالانە و لە بەرانبەر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان سەری ڕێز و ئێحترام دادەنوێنین و پێیان دەڵێین تا خەونی ڕۆڵەکانیان وەدی نەهێنین ڕاناوەستین؛ وچان نادەین و ڕێگایان درێژە دەدەین هەتا سەرکەوتن.

**سڵاو لە گیانی پاکی سەروەری شەهید قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێیانی!**
**سڵاو لە گشت شەهیدانی خەباتی شاخ و شار!**
**سڵاو لە گەلانی ئازادیخواز و خەڵکی ئازا و بوێری سەر شەقامەکان!**
**سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی

٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مێژووی جەژنی نەورۆز لای نەتەوەی کورد



خەلیل جەنگی

دیاریکردنی دەسپێکی ساڵ یا ساڵنامەکان - ڕۆژژمێرەکان لەنێو نەتەوە و گەل و قەومە کۆنەکانی سەردەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا لەگەڵ کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و بەرهەمەکانیان لە ڕابردوودا بووە، هەروەها درووستبوونی ئایین و مەزهەبەکانیش هەر لە ڕوداوی سروشتیی و بەشێکیش لە ڕووی بۆچوون و خەیالات و ئەفسانەوە سەری هەڵداوە و بەشێکی دانەبڕاون لە داب و نەریت و فەرهەنگی گەلان لە ڕابردوو و ئێستادا. بەو شێوەیە ئەو دەسپێک و سەرەتایە لەنێو گەل و وڵاتان و ئایینەکاندا لە وەرزە جیاوازەکاندا دەستنیشان کراون و مێژوویەکیان لە پشتەوەیە. ئەو کولتور و داب و نەریتەش بەپێی تێپەڕبوونی کات و زەمان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و لەنێو گەلاندا دەستاودەستی پێ کراوە و شتیان لە یەک وەرگرتووە، واتا زمان و کولتوور و داب و نەریت سنووردار نەبووەو لەنێو زۆر گەلدا هاوبەش کراوە. جا ئەو نەتەوانەی کە دێرینن و لە ڕووی دەسەڵات و فەرهەنگەوە خاوەن هەژمون و زاڵ بوونە زیاتر توانیویەتی بەسەر خەڵک و گەلانی تردا زاڵ بێت و لاساییان بکەنەوە. بۆ نموونە جەژنی سەری ساڵی کوردی(چارشەمما سۆر/چوارشەممە سووری و نەورۆز) کە جەژنێکی



Serchawe
https://serchawe.com

تەواو کوردی و ڕەسەن و خاوەن مێژوویەکی دێرینە بەهۆی هەژمۆنی فەرهەنگ و کولتووری کورد بەسەر گەلانی دەوروبەری خۆیدا بڵاو بۆتەوەو یاخود گەلانی تر لاساییان کردۆتەوە، هەر بۆیە ئیمڕۆ دوای هەزاران ساڵ لە تێپەڕبوونی ئەو جەژنە دێرینەو گۆڕانکاری بەسەریدا ئێستاش تەنیا لە نێو گەلی کورددا خاوەن جێگەو پێگەی تایبەتەو کورد جیاوازتر لە گەلانی تر بەرەو پیرییەوە دەچێت و ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵایی کۆمەڵگای کوردی دا داکوتاوەو ئاوێتەی ڕوح و گیان و ئایین و مەزهەبەکەی بووە.

جەژنی نەورۆز جەژنی سەرەتای ساڵی کوردییە، کە لە ڕاستیدا جەژنی زاگموگی سۆمەرییە. سۆمەرییەکان وشەی "Saggiga"یان بۆ ناوی خۆیان بەکارهێناوە کە واتای "سەر ڕەش یا خەڵکی زۆر زان و ژیر" دەدات.بەو ناوچەیەش کە لێی نیشتەجێبوونە وشەی Kengi" کێن جی"یان بەکارهێناوە کە واتای "شوێنی باش، جێ یا خاکی بە پیت یا خاکی پێشکەوتوو" دەبەخشێت. جی بە زاراوەی کورمانجی سەروو واتا جێ بە زاراوەی سۆرانی، واتا شوێنی نیشتەجێ بوون، وار، دەڤەر و هیتد. نێوی سۆمەری لە بنەڕەتدا نێوێکی ئەکەدییە کە بە مانای "وڵاتی پاشا ژیرو پێشکەوتووەکان" دێت. بەڵام وەک باسمان کرد سۆمەرییەکان بە خۆیان وتووە "سەر ڕەش". سۆمەرییەکان بە وڵاتی خۆیان وتووە "وڵاتی سەر ڕەشەکان". لە کتێبی دەوری کۆنی دانیاڵ(عهد عتیق) سۆمەرییەکان بە نێوی "شێنعار کە هەمان شەنبور یا شەنگار یا شەنگاڵ"ـە هاتووە. هەروەها هەر دوو کەسایەتیی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک، دوو کەسایەتیی ئەفسانەیی کوردی دێرینن. کەسایەتیی کاوەی ئاسنگەر لە کەسایەتیی خواوەند (نینورتا- نەمرود)وەرگیراوە کە خواوەندی ئاودێری و کشتوکاڵ بووە، دواتر بووە بە خواوەندێکی بەهێزی شەڕکەر، کە خواوەند نینوورتا شەڕی لەگەڵ خواوەند ئەژدیها/ دێو (ئاساگ - ئاستیاگ - ئازاگ - زوحاک و هیتد...) کردووە کە خوداوەندی کوردانی شاخ واتا گوتییەکان بووە. خواوەند نینوورتا نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی دەشتی کردووە و خواوەند ئاساگ نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی ئاژەڵداری و ئەسپداریی چیای کردووە. نینوورتا خواوەندی جەنگ و کشتوکاڵی کوردی دەشت واتا (سۆمەری) بووە و شەڕی لەگەڵ خواوەند ئاساگ/ ئەژدیهای کوردی چیا واتا کوردانی (گوتی) کردووە، کە شەڕەکە ئەباتەوە و خواوەند ئاساگ سەرئەبڕێت و بناغەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دائەنێت.

ئەفسانەکە بەمشێوەیە: نینورتا بە سۆمەری: D-NIN.URTA، هەروەها بە نین گیرسو ش ناسراوە، بە خەتی مێخی سۆمەری: D-NIN.GIR.SU بە واتای (پەروەردگاری گیرسو یا شاری گیرسویە. خوداوەندێکی کۆنی سۆمەرییە کە پەیوەندی بە کشتوکاڵ و چارەسەرکردن و ڕاوکردن و یاسا و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانەوە هەیە و ڕزگاریان دەکات لە دەسەڵاتی جنۆکە. مەبەست لە جندۆکە لای کوردانی سۆمەری گوتییەکان واتا کوردانی شاخ بووەو لێیان ترساون. نینورتا دواتر بوو بە خوداوەندێکی جەنگاوەر لە هەمان کاتدا زۆرێک لە سیفەتەکانی وەک خودایەکی کشتوکاڵی پاراست.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی سەرەکی پەرستنی ئەو لە سومەر پەرستگای ئیشومشا بوو لە شاری نیپور. لە سەردەمی حوکمڕانی گوتییەکان لە سۆمەر، نینگیرسو لەلایەن شا گۆدیا - گۆتیا فەرمانڕەوای لاگاش (٢١٤٤ - ٢١٢٤ پ،ز) ڕێزی لێگیراوەو شا گۆتیا پەرستگای نینگیرسوی لە شاری لاگاش ئاوەدان کردۆتەوە. دواتر ئاشوورییەکان بەو خوداوەندە کوردییە سەرسام بوونەو وەک خوداوەندی جەنگاوەری بۆخۆیان وەرگرتووە. نینورتا لە ئەفسانەی لوگال - ئێ:()

مانای لوگال-ئێ لە زمانی سۆمەریدا (ئەی پاشا)یە. ئەو دەستەواژەیەیە کە ئەفسانە لەوەوە درووست دەبێت. هەروەها نینورتا لە سۆمەری دا بە سارود - شورسود ژی ناسراوە. ئەو ئەفسانەیە باس لەوە دەکات نینورتا جنۆکە (ئەساگ - ئاساگ - ئاستیاک) خواوەندی کوردانی شاخ(کوردانی گوتی) دەکوژێت، کە نوێنەرایەتی هێزە هەڕەشەئامێزەکانی شاخەکانی دەوروبەری سۆمەر دەکات و لەشکرێکی جنۆکە لە شێوەی بەرد پاڵپشتی دەکرێت. لەو ئەفسانەیەدا مەبەست لە جنۆکە خواوەند (ئەساگ - ئاستیاگە) کە دەبێتە هۆی نەخۆشی و ژەهراوی کردنی ڕووبارەکان. نینورتا بەرەو چیاکانی کوردستان دەڕوات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاساگ کە لەشکرێکی جەنگاوەری بەردین دەپارێزرێت. دواتر نینورتا بە بەکارهێنانی دارە پیرۆزەکەی کە ناوی (شار - ئور) بووە سوپاکانی ئاساگ سەردەبڕێت. پاشان نینورتا جیهان ڕێکدەخات، بە کەڵک وەرگرتن لە بەردی ئەو جەنگاوەرانەی کە شکستی پێهێنان و بۆ سەر لە نوێ دروستکردن و دیزاین کردنەوەی شاخەکان تا هەموو ڕووبار و دەریاچەکان بڕژێنە ناو ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و وایان لێدەکات کە سوودیان هەبێت بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ، بەم شێوەیە دووبارە - ڕێکخستنی سەردەمی کشتوکاڵ دەکات. هەر بەم بۆنەیەوە دایکی نینورتا لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی کوڕەکەی. نینورتا ڕێزی لێدەگرێت و بە تەرخانکردنی شاخی بەرد بۆی ناوی دەگۆڕێت بۆ نین - خۆرساگ واتا (خاتوونی زنجیرە چیاکان). لە کۆتاییدا نینورتا دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە شاری نیپور لە سۆمەر لە وڵاتی سەر ڕەشان و لەوێ وەک پاڵەوانێک ئاهەنگی سەرکەوتنی بۆ دەگێڕدرێت. ئەم ئەفسانەیە ڕۆڵی نینورتا وەک خوداوەندێکی شەڕکەر و وەک خودایەکی کشتوکاڵی نیشان دەدات. جێگای ئاماژەیە کە لە سەردەمی باب و باپیرانی کاسی/کاشی ماندا لە (١٦٠٠ - ١١٥٥ پێش زایین) کۆتر وەک هێمای نینگیرسو بەکار هاتووە بە مانای ئاشتی و ئاوەدانی و پێشکەوتن و کشت و کاڵ. جا ئەم داستانە پڕ مانایە باڵی کێشاوە بەسەر کولتووری مێزوپۆتامیاو زاگرۆس و تورۆس دا. خواوەند ئاساگ لە ئەنجامی جووتبوونی نێوان خواوەند ئان و کی لەدایک بووە، دواتر خواوەند ئاساگ و کور جووت ئەبن بەوەش منداڵەکانی پەیدا ئەبن، کە خۆی لە نەتەوەیی گوتییەکان ئەبینێتەوە، هەروەها گوتییەکان خۆیان بە منداڵی خواوەند ئاساگ زانیوە و لە ڕوانگەی دەقەکانی مێسۆپۆتامیای کوردی دەشت (سۆمەری)، گوتییەکان (کوردی چیا) بە شێوەی جنۆکەو هەژدیهای چیا، یان هەژدیهای کەڵبەداری چیا هاتووە. لە سەردەمی نوێدا، نەتەوەی کوردی ئێستا، کە میراتگری نەتەوە دێرینەکانی سەر خاکی کوردستانە، وەکو: (سۆمەری، لۆلۆیی، گوتی، ئیلامی، کاشیی، هالدی - ئۆرارتو، هۆری -



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

میتانی، سۆبارتو، لۆڤی، هیتی، مانی، میدی، هەزەبانی و هیتد....) ن، هەروەها لە سەردەمی نوێدا کە کورد ئاهەنگی سەری ساڵی کوردی (نەورۆز) جەژن دەگرێت لەڕاستیدا هەمان سەری ساڵی سۆمەرییە، کە بە جەژنی زاگموگ ناسراوە، هەروەها لە ئاهەنگی سەری ساڵی کوردیدا (جەژنی نەورۆز) دوو کەسایەتیی ئەفسایی کاوەی ئاسنگەر و ئاساگ - زوحاک - ئەژدەهاک - ئاستیاگ باڵی بەسەردا کێشاوە، کە لە چیرۆکەکەدا هاتووە، دوای چەوسانەوەیەکی زۆری خەڵکەکە بەهۆی زۆرداری و ستەمکاریی ئەژدەهاکەوە، کاوەی ئاسنگەر ملی هەژدیها دەپەڕێنێت و بەوجۆرە فەرهەنگی کوردی دەشت و کوردی چیا بەزیندوویی مایەوە و لەناو ئەفسانەی کاوە و ئەژدەهاکدا خۆی ئاوێتە کردووە. پێشتر سەرنج درا، کە کۆمەڵگەی کوردی گەشەی سەندووە و لەباری گۆڕانی بەردەوام و هەمیشەییدا بووە، کە ئەنجامەکەی ئەوە بووە گۆڕانکاری لەبارەی ئەفسانەی ڕەچەڵەکی خۆیدا ڕووی داوەو بە شێوەی جۆرا،جۆر باس کراوە کە ڕیشەکەی یەک شتە. بەوجۆرە خواوەند نینورتا گۆڕا بە کاوەی ئاسنگەر لە فەرهەنگی کوردی دەشت (سۆمەری) و خواوەند ئاساگ لە فەرهەنگی کوردی چیا (گوتی) گۆڕاوە بە ئەژدەهاک (زوحاک یا زوخاک)، کە لەلایەن کاوەی ئاسنگەر کە نینوورتای نوێیە دەکوژرێت.

بەوجۆرە لە فەرهەنگی کوردیی نوێدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە فەرهەنگی کوردی دەشت زاڵ بووە بەسەر فەرهەنگی کوردی چیاداو لەگەڵیدا لە کێشە و ململانێدا بووە و سەرکەوتنی نینوورتا - کاوە گوزارش لە سەرکەوتنی فەرهەنگی کوردیی دەشت ئەکات و شکستی ئازاگ (ئاساگ) گوزارش لە شکستی فەرهەنگی کوردیی چیا ئەکات. ئێستاش کەسایەتیی خواوەند نینوورتا و خواوەند ئاساگ بوون بە دوو کەسایەیتیی کاوەی ئەسنگەر و زوخاک. هەروەها لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا کەسایەتییەکی دیکە هەبووە، ئەویش کەسایەتیی میرنەورۆز بووە، کە پادشایەکی ناڕاستی بووە و شای ڕاستی لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتی پێ بەخشیوە، بەڵام هەندێ دەسەڵاتی پێ نەبەخیشوە. هەروەها جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، کە جەژنی سەری ساڵی کوردییە، پەیوەستە بە چەندان ڕووی مێژوویی وەکوو: لەنگەرگرتنی کەشتییەکەی پەیامبەر زیوسوودرا (نوح) لەسەر چیای نیموش- نەسیر (جودی - گوتی) لە باکووری کوردستاندا، کە هاوکات بووە لەگەڵ ڕێکەوتی (٢١ی ئادار / یەکەم ڕۆژی بەهار) و کاتێک کە پەیامبەر برایم لەگەڵ خەڵکی شارەکەی بۆ دەشت و دەر بۆ مەبەستی سەیرانکردن و ئاهەنگ دەرچوون، ئەوە بوو بە تەورێک چووەتە بوتخانەی شار و تەواوی بوتەکانی لەناو بردووە و تەنیا بوتی گەورەی هێشتۆتەوە و دواتر بەو هۆیەوە لەلایەن شا نەمروود خرایە ناو ئاگر، بەڵام لێی ڕزگار بووە. کە بە پێی گێڕانەوەکان لەوێدا کوردێک یارمەتی برایم دەکات و ڕزگاری دەکات. نەمرود لە فەرهەنگی کوردیدا بە کوردومشا-ش هاتووەو خۆیان بە نەوەی ئەو زانیوە، کە گۆیان نمری یا نمرود یا کوردومشا ٦٠٠ساڵ ژیاوەو بەهێزترین پاشا جیهان بووەو ئەو زاراوەو زمانەکانی تری لە زمانی کوردی جیا کردۆتەوە. ئەولیا چەلەبی ئەوەی چوارسەت ساڵ بەر لە ئێستا لە زمانی کوردانی شەنگال باس کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەبارەت بە ئیمپراتۆریای میدیای یەکەم(ماد) کە لە ڕێکەوتی (٢١ی ئاداری ٨٥٣ پ.ز واتا یەک نەورۆز) دا بووەو لەلایەن ئیمپراتۆر کەیقوباد (٨٥٣ - ٧٥٩ پ.ز) یەکەم دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای میدیا دامەزراوە و ساڵنامەی کوردی لە ساڵی (٧٠٠ پ.ز) لە سەردەمی ئەو ئیمپراتۆرییە واتا لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئیمپراتۆر کەیتۆس (دیاکۆ) (٧١٥ - ٦٥٥ پ.ز) سێیەم پاشای ئیمپراتۆری میدیا داهێنراوە کە دەستپێکی ئەو ساڵنامەیە لە ڕێکەوتی (٢١ی ٣ی ٧٠٠ پ.ز) واتا یەکی نەورۆز یا یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوەی بەهار دانراوە، کە بە هەڵە زۆرینەی مێژوونووسان ئەو ساڵەیان بە دامەزراندنی ساڵی ئیمپراتۆریای میدیا (ماد) داناوە، بەڵام لەڕاستیدا وانییەو کارەکانی و چاکسازییەکانی ئیمپراتۆر کەیتۆس (دیاکۆ) (٧١٥ - ٦٥٥ پ.ز) لەو ساڵەدا گەیشتۆتە لوتکە. هەروەها ڕووخانی ئیمپڕاتوری میدیای یەکەم و کز و بچوک بوونەوەی بە پاشایەتی ناوچەیی لە ڕێکەوتی (٢١ی ٣ی ٥٥٠ پ.ز) دا بووە. دوایین پاشای ماد ئەژدەهاک (٥٨٥ - ٥٥٠ پ.ز) بووە کە شەشەم ئیمپڕاتوری ماد بووە، کە لەلایەن هێزەکانی سوپای کوردانی میدیای پەراسو(پارس و ماد) بە سەرکردایەتی سایرۆس یا کۆرش لە ساڵی (٥٥٠ پ.ز) بە خیانەت و هاوکاری هارگۆس/هارپاگ سوپاسالاری ماد کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەژدیهاک دێت و ئیمپڕاتۆری میدیای پەراسوماد(پارس و ماد) دادەمەزرێت. پارسو - پەراسو - پارسوا بە گوفتەی هێرۆدۆت مەبەست و مانای کەنارەکانی ماد یا سواحل ماد دێت. جێگای ئاماژەیە دواتر لە نەوەکانی کوردانی پارس چەندین پاشایەتی درووست بوونە وەکوو ساسانی، شوانکارە، فەزلۆیی، کاکۆیی، زەندی و هیتد....

نەورۆز لە فەرهەنگی کوردی دا ڕەگێکی قوڵ و دێرینی هەیە، بۆ نموونە کۆنترین سەرچاوە ئەبو حەیفەی دینەوەری کرماشانی گەورە زانای کوردستان(٨١٥ - ٨٩٦) کە خاوەنی دەیان کتێبی زانستییە لەبوارەکانی ئەستێرەناسی، ڕووەکناسی، دەواو دەرمان و پزیشکی، مێژووناس، جوگرافیناس،بیرکاری زان و هیتد... لە کتێبی "اخبارالطوال" دا باسی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی و نەورۆز دەکات بە پێی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە. دینەوەری دەڵێت: "یەکەم پاشا لە جیهاندا کە نەورۆزی کرد، جەم کوڕی یۆنجەهان کوڕی ئەرپەشاد کوڕی سام کوڕی نوح بوو. واتا دینەوەری زیاتر لە هەزارو سەت ساڵلەمەوبەر ئاوا باسی باب و باپیرانمان دەکات. ئەو دەڵێ ڕوداوەکە دوای لافاوەکەو لە سەرەتای پاشایەتی دا ڕووی داوە.ئەو چیرۆک و ئەفسانانە وەک خۆی لە تەوڕاتیش دا باس کراوە. دینەوەری زانا سەرەتای شارستانییەت و پەیدا بوونی جەژنی نەرۆز لەیەک گرێ دەدات و بە بۆچوونی دینەوەری یەکەم جەژن ناوەندی کوردستانی گەورەو لەسەرووی موسڵ ڕووی داوە.ئەو هەمووی دەبەستێتەوە بۆ چیرۆک و ئەفسانەیەک کە پێشتر لای سۆمەرییەکان باس کراوە. یەکەم پاشا کە نەورۆزی کردووە یۆنجەهان کوڕی ئەرپەشادە کە ئەرپەشا پاشایەکی ئەفسانەیی مادەکانە.واتا بە گوفتەی ئەولیا چەلەبیش کە زیاتر لە چوارسەت ساڵ لەمەو بەر باسی کوردەکان دەکات کە دەڵێ کوردەکان باوەڕیان وایە سەرتا ژیان و پەیدا بوونی زاراوەو زمانەکان لە کوردستان بوو لە شەنگار لەسەر دەستی پاشای مەزن نەمرود، کوردومشا و هیتد.... کە دینەوەری زیاتر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حەوسەت ساڵ پێش ئەولیا چەلەبی کە باسی نەورۆز دەکات هەمان شت باس دەکات و هەر دەکەوێتەوە ناچەی شەنگال و سەروی موسل. هەروەها ئەحمەدی خانی زانای کورد لە مەم و زیندا بە وردی باسی نەورۆز و خۆشی و شادی ئەو ڕۆژە لە ناو کورد دا دەکات. ئەم جەژنە بە شێوەیەک لە ناو کورد دا ڕەگی داکوتیوە کە هەتاوەکوو نزیکی چوار سەد ساڵ لەمەوبەر شارۆچکەیەک لە شارەزوور ناوی (مێرکاوە) بووە و هەر بە ناوی کاوەی ئاسنگەرەوە ناونراوەو هەروەها ناوی کاوەو ئاستیاگ ئێستاش تەنیا لە نێو کوردان دا زۆر و بەرچاوە بە تایبەت ئاستیاگ تەنیا لە نێو کورد دا بوونی هەیە وەکوو ناوی کوڕانە. هەروەها بەڵگەیەکی کۆنی تر کە سەبارەت بە نەورۆز نووسراوە هی ئەبو ڕیحانی بیروونی‌یە. بیروونی لە کتێبی "آثار الباقیە"دا کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، دەڵێ؛ "دوای ئەوەی جەمشید(جەمشید شای پێشدادی و ئەفسانەیی زاگرۆسێ کوردان بووە) بە سەر ئەهریمەن دا سەرکەوت کە ڕێگای خێر و بەرەکەت و باران و شین بوونەوەی گیای گرتبوو، دیسان باران دایکردەوە، گیا شین بوونەوە، خەڵک گوتیان ڕۆژی نوێ/نو ڕۆژ هاتووە. بۆیەش هەر کەس قاپێک جۆی چاند و خەڵک لە ڕۆژی نەورۆز دا لە حەوت قاپ دا، حەوت جۆرە دانەوێڵەیان چاند و شین کرد. دیارە ئێستاش شینکایی بەشێکە لە سفرەی نەورۆزی کوردانی ڕۆژهەلات و هەروەها ئەو فەرهەنگە چووەتە نێو فارسەکانیش و ناویان ناوە "سفرەی حەوت سین" کە هیچ مانایەکی نییە!. چۆن شین تەنیا لە زمانی کوردی دا مانای سەوز بوون و زیندوو بوونەوە دەدات و شین و شینکایی بە واتای سەوزایی دێت و دەشێت لەگەڵ نوێ بوونەوەو بەهار ڕێک بێت. هەروەها وەک نموونە نەورۆز لە ئەدەبیاتی ژاپۆنییەکاندا بە شێوەی چیرۆکێک بۆ منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی هاتووە، بەناونیشانی "کاوە و حەوت کوڕەکەی" کە بە جەژنێکی پیرۆزی کورد باس کراوە. هەروەها لە نووسینەکانی قەترانی تەورێزی شاعیری وڵاتی ئاتەرپاسیان/ئازەربیجان کە لە سەردەمی حوکمڕانی کوردانی شەدادی و ڕەوادی دا ژیاوەو شاعیری شاهانەی ئەو کوردانە بووە کە هەموو ناوچەکانی ئازەربایجان تا سنووری جۆرجیایان لەبەردەستدا بووە. قەترانی تەورێزی لە وەسفی ابوالحسن عەلی لەشکری (١٠٣٤ - ١٠٤٩م) فەرمانڕەوای بەهێزی شەدادی کە بە هانای وەهسودان شای کوردانی ڕەوادی چووەو دژی یەکەم لەشکرکێشی و چەتەگەری تۆغرۆلی سەلجوقی و ئاغوزەکان شەڕی کردووەو توانیویەتی بە سەختی بیانشکێنێت و پاشەکشەیان پێوە بکات.قەتران لە شێعرەکانی دا تۆغرۆلی سەلجوقی و خێڵە تورکە دڕندەکان سەرکۆنە دەکات و با شان و شەوکەتی پاشا ابوالحسن عەلی لەشکری دا هەڵدەڵێت و بە نەوەی بەرحەقی ساسانییەکان و پێشدادیان و کیانیی و مادەکانی دەشوبهێنێت و بە شایستەترین کەسی دەزانێت لەبۆ حوکمڕانی کوردان.

دیارە شێعرەکانی بە زمانی کوردی ئازەری - ئاتەری - ئاگری کۆن(زمانی پاڵەیی یا گۆرانی) نووسراوە کە زمانی فەرمی ئەوکاتی دەسەڵات و خەڵک لە ناوچەکەدا بووەو ئێستاش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. قەتران لە شێعرەکانی دا بە نەورۆزیش هەڵدەڵێت و وادەردەکەوێت کە ئەو حاکمە کوردانە نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەریش هەر جەژنی نەورۆزیان بەرز


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاگرتووە. بەشێک لە شێعرەکە دادەنێم کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی! بەمشێوەیە:

این زمانه شد که چون خویل ڕا شاهی دهد.
وان ولایت شد که چون طغریل ڕا سلطان کند.
این جهان بوده است دائم ملکت ساسانیان.
باز سالارش خدا بر ملکت ساسان کند.
نیست کس در گوهر ساسانیان چون لشکری.
تا پس آن چون نیاکان شاهی ایران کند.
همچو افریدون بگیرد ملک عالم سر بسر.
وآنگهی تدبیر ملک خیل فرزندان کند.
او به تخت ملک ایران بر نشیند در سطخر.
که بهترین فرزند خود ڕا مهتر اران کند.
خسرو لشکر شکن سالار شاهان بوالحسن.
آنکه کمتر سائلش با معطیان احسان کند.

هەروەها لە شوێنێکی تردا کە پیرۆز بایی جەژنی نەورۆز لە پاشاکانی کوردی شەدادی و ڕەوادی دەکات و هەڵدەداتە شا فەزلۆنی شەدادی و دەڵێت:

(بر تو فرخ باد و میمون، جشن و نوروز و بهار
تا جهانت بنده همچون فرخ و میمون بود)

**تێبینی:**

لە نووسراوەکانی دانیاڵی نەبی دا (عهد عتیق) باسی داریۆس یا داریۆشی مادی کردووە کە کوڕی خەشی شا - خەشایار شا - خارخێس بووەو دانیاڵ دەڵێت ئەو بابلی گرت و تەمەنی ٦٢ ساڵ بووەو حاکمی بۆ هەموو ناوچەکانی میدیای گەورە یا پارسوماد داناوە. کۆرش تەنیا دەستەواژەیەکی مێژوونووسانە بۆ لەیەک جیاکردنەوەی سەرودەمەکان و لەهیچ سەرچاوەیەک نێوی نەهاتووە، تەنیا نازناوە. دانیاڵ باسی داریۆش ماد و عەردەشێر و گۆبریاس یا گۆبارۆی میدی دەکات. هەروەها دانیاڵ کە وەزیری پایەبەرزی ماد بووە دەڵێ داریۆشی مادەکان یەکەم کەس بوو کە قەومی جووی لە کۆیلایەتی ڕزگار کرد و ئەو یەکەم کەس بوو کە پەرەستگاکانی جووی لە ئۆرشەلیم درووست کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سەرچاوە:

مێژووی بزر و نەگێردراوەی کورد - سۆران حەمەڕەش

کورد کێیە؟ - سۆران حەمەڕەش

مەم و زینی ئەحمەدی خانی

آثار الباقیة - ئەبوڕیحان بیرونی

دانیاڵی نەبی سەردەمی کۆن (عهد عتیق(

سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی

ڕیچارد پی ئیشمەن، مێژووی پاشاکانی ماد و پارس و بابل

چیرۆکی کاوەو حەوت کوڕەکەی- نووسەری ژاپۆنی ئێتسوکۆ نۆساکا

قەترانی تەورێزی شاعیری ناوداری کوردی شەدادی ڕەوادی

چەند سەرچاوەی تر کە باسی نەورۆز وەکوو جەژنێکی کوردەوای دەکەن:

فیردەوسی شاعیری تاجیکی هەزار ساڵ لەمەوبەر باسی ئەفسانەی کاوەو زوحاک دەکات.

مەلا عەلیشا مەلا قاسم خارەزمی ناسراو بە عەلائەدین مونەجیم حەوت سەت ساڵ پێش ئێستا لە پەرتوکی "اشجار و اثمار"دا باسی نەورۆز دەکات و مژارێکی لەسەر نووسیوە لەژێر ناوی "احکام نوروزنامه کردی" کە ئاماژە بەوەدەکات نەورۆز کوردییەو لەڕاستدا نەوڕۆژە.

محەممەد کوڕی خاوەندشا میر خاوەند پێش شەشسەت ساڵ لەمەوبەر لە پەرتوکی "روضة الصفا"دا باسی نەورۆز دەکات و بە "عید الکردی" ناوی دەهێنێت.

هەروەها بەر لە سەت ساڵ پێش گەڕیدەو نووسەری فەڕەنسی "تۆمابوا" لە پەرتوکێک دا بە نێوی "ژیانی کوردەواری"دا دەڵێت: کوردەکان جەژنێکیان دەگرت بەنێوی نەورۆز کە لەسەر سەربانی ماڵان و چیاکان ئاگریان هەڵدەکرد بۆ وەبیر هێنانەوەی سەرکەوتنی فەرەیدون بەسەر زوحاک دا.

ابن عبد ڕبە (٨٦٠ - ٩٤٠ ز)، شاعیری خەڵکی کوردۆڤای ئیسپانیا باسی نەورۆز لە ناوچە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسییەکان دا دەکات و دەڵێت لەو ڕۆژەدا دیاری بۆ حاکمان و دەسەڵاتداران دەچوو.

"تۆماس بۆیس" لە ١٩٦٦ی زایینی دا لە پەرتووکی"The kurd"دا دەڵێت: نەورۆز یا نەوڕۆژ ئەو جەژنەی کوردانی ئێزدی ڕێزی تایبەتی لێدەگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له پەرتووكی"شارستانییەت و ئەفسانە له ئێراقی كۆن" دا نووسەر باسی ئەفسانەی كاوەی ئاسنگەر دەكات و بە پاڵەوانی كوردان ناوی دەهێنێت.

له پەرتوكی "ئیمپراتۆری ئاشوور" له نووسینی دان ناردو لاپەڕە ٣٨٣ دا نەورۆز بە سەركەوتنی سوپای ماد بە سەر ئاشوردا گرێ دەدات و بە جەژنێكی كوردی ناوی دەبات.

له پەرتوكی یەسناو یاشت-ی ئایینی زەردەشتی دا دەڵێت ئەوانەی دژی زوحاك شەڕیان كرد كورد بوون. نەورۆز بە ناوی زاگمۆگ ناودەبات. له شوێنێكی تردا دەڵێت نەورۆز هی مۆغەكانە. مۆغ/موغ پیاوانی ئایینی كورد بوونە له ڕابردوودا.

پرۆفیسۆر جێنی ڕۆز له باسی تەلمودی بابلی و ئۆرشەلیمی دا دەڵێت نەورۆز جێژنێكی میدییە.

شانامەی فیردەوسی كە عوسمانییەكان وەریانگێڕاوەتەوە سەر زمانی خۆیان باسی ئەوە دەكات كە فەرەیدون پاشای شەشەمی پاشایەتی پێشدادیان فەرەیدونی كوردە.

ماكۆ ساوێنی مێژوو نووسی كورد دەڵێت: بوەیهییەكان جەژن و بۆنەكانی ساسانییەكانیان بە زیندوویی ڕاگرت كە یەك لەوان جەژنی نەورۆز بووە. ناوبرا پاشایەتی بوەیهی بە كورد دادەنێت.

و هیتد......

له كۆتاییدا بەو شێعرەی مەلای جەباری(١٨٠٦ - ١٨٧٦) كۆتایی بە بابەتەكە دێنم!

درەختەن سەوزەن شنۆی شەتاوەن
نەورۆزەن سۆزەن هەوای پای كاوەن

٨ی خاكەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەوەی پێشەوا کردی



**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین"**

**عومەر باڵەکی**

لەمێژ ساڵە ئەو بەیتە لە شێعری شاعیری نیشتمانپەروەر پیرەمێرد وەبیرمان دێنێتەوە کە نابێ بۆ ئەو کەسانە کە شەهیدی نیشتمان و نەتەوەن بگرین و شیوەن بگێڕین، چونکە ئەوانە لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و پارێزگاری لە نیشتمان گیانیان بەخت کردووە. ئەو نەمرانە کە بە سەخاوەت و نەترسییەوە بەرەو پیری مەرگ چوون، نەک نەمردوون بەڵکوو لە دڵی میللەتێکدا جێی خۆیان کردۆتەوە و بە زیندوویی ماونەوە. هەروەها شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو دەڵێ: "... ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین و لەبەرچاوی بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین و وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین." هەموو مرۆڤێک ئەوە باش دەزانێ کە ژیانی سەربەرزانە تەنیا ئەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نییە کە لەش بە ئاسوودەیی بژی و بە مردنیش پەکی بکەوێ، بەڵکوو ژیانی سەربەرزانە ئەو ژیانەیە کە ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤی تێدا دیار بێ و هەتا ئەو نەخش و ڕۆڵە گەورەتر و هەراوتر بێ ئەو ژیانەش گەورەتر و هەراوتر دەبێ و لە بیر و زەینی کۆمەڵگەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو کەسانەیە کە بە کار و تێکۆشان و بەختکردنی گیانی مانای بە ژیانی نەتەوەیەک بەخشی، واتە دوای شکان و نسکۆیەکی زۆری جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بەڵام بە شێوازێکی دیکە ڕوحی وەبەر جووڵانەوەی کورد نایەوە وخوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ کرد و بە پرۆژەیەکی دیکە کە بتوانی هەست و شعووری نەتەوەیی پەرە پێ بدا و سەرنجی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەو پرۆژە نەتەوەییە کە خۆی لە ئیعلانی کۆماری کوردستاندا دەدیتەوە، رابکێشی و لەو سەردەمدا لە دەوری یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە. ئەو پرۆژەیە بە ڕادەیەک جوان و ڕێکوپێک داڕێژرابوو لەگەڵ ئەوەی مەجالی سەرکەوتن و ئیدامەی حەیاتیان لێ بڕی، بەڵام ڕێباز و ئامانجی ئەو پرۆژەیە کە پێشەوا پەیکەری نەتەوەیەکی پێ نەخشاندبوو، دوای زیاتر لە سێ چارەکە سەدە هەروا بەردەوامە و لە حەرەکەت و جووڵاندایە.

لە ساڵوەگەڕی ئێعدامی پێشەوادا، باسکردن و نووسین لە سەر کار وکردەوەکانی پێشەوا هەرچەند بەکورتیش بێ، هەم ڕێز و وەفایەک بۆ پێشەوا و هەم ناساندنی هەرچی زیاتری پێشەوایە بە نەوەی نوێی کۆمەڵی کوردەواری.

پێشەوا بەو مەیل و ئیرادەیەی بە خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون هەیبووە لە ڕاستیدا توانیویەتی هەر زۆر زوو لە تەمەنی لاوەتیدا جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە. لە هەمان کاتدا پێشەوا کەسێکی نەترس و بوێر بووە و قەت نەچۆتە ژێر باری زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەتی لە ناوچەکە، بۆیە لای دوژمنانیشی ڕێز و قورسایی تایبەت بە خۆی هەبووە.

دێموکراسی و دەستەبەری ماف پایەیەکی سەرەکیی فیکر وکەسایەتیی پێشەوا بوو، و وایکردبوو کە دوور بێ لە دەمارگرژی و شوینیزم و بە واتایەکی دیکە لە گەڵ هەموو تێکۆشانی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بۆ چرکەساتێکیش مرۆڤایەتیی لەبیر نەچۆوە و مرۆڤەکان لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک بوون، لای پێشەوا نرخ و بایەخی ئینسانیی خۆیان هەبووە. پێشەوا بەو باوەڕەی بە دێموکراسی هەیبوو، ئیزنی نەدا کۆماری کوردستان بە لای چینێکی کۆمەڵگەدا لار بێتەوە و ئەوە ببێتە مایەی کێشە و ململانێی نێوخۆیی. بۆیە بەحەق دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نموونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دێموکراسییە لەنێو جەرگەی ناوچەیەکی دواکەوتوو کە گیرۆدەی سیستمە دیکتاتۆر و شوێنیستەکانە. تەناتەت ئەو شێوە لە حکومەتداری کە لەسەر بنەماکانی دێموکراسی دامەزرابوو، کۆماری کوردستانی لە حکومەتی ئازەربایجان جیا دەکردەوە. بە واتایەکی دیکە پێشەوا لە بەکارهێنانی شێوازی دیکتاتۆری بە تەواوی بێزار بوو و ئەوەندەی بۆی کرابا ڕێ و شوێنی دێموکراتیکی لە کاروباری دەوڵەتی و حیزبیدا بەکار دێنا. ئەو لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا لەسەر دێموکراسی دەڵێ: "هەوڵمان داوە دێموکراسی بکەین بە ڕێبازی کارکردنمان و هەڵسوکەوتمان لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە دێموکراسی قودرەت و قووەتی حیزبی دێموکراتە".

پێشەوا هەموو هەوڵی ئەوە بوو میللەتی کورد مافی نەتەوایەتیی خۆی وەدەست بێنێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسی، قوتابخانەی هەبێ، فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆی پەرە پێ بدا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەک لە دنیای ئەوڕۆدا نیشان بدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیستێکی تەنگنەزەر نەبوو، بەڵکوو ئینسانیکی دێموکرات و ئازادە بوو؛ بۆیە پێشەوا لە گەڵ ئەوەدا وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی گەلی کورد دەناسرێ، لای دۆست و دوژمنیش بە کەسێکی باوەڕدار بە دێموکراسی ناو دەبردرێ.

پێشەوا لە ڕووی هەڵسوکەوت و بڕیاری سیاسییەوە تاکڕەو و خۆسەپێن نەبوو، و ئەوەش لە ئیمان بە کۆمەڵانی خەڵک و بە حیزب و ڕێکخراوی حیزبییەوە سەرچاوەی گرتبوو. پێشەوا تەنانەت لە هەلومەرجی ئەو دەمیشدا هیچ کارێکی گرینگی بێ ڕاوتەگبیر نەدەکرد. هەرچەند لە باری تێگەیشتن و وریایی سیاسییەوە پایەی لە هاوکارەکانی یەکجار بەرزتر بوو، بەڵام هەروەک باس کرا بێ ڕاوێژ و ڕا وەرگرتنی هاوکارەکانی دەستی بۆ کارەکان نەدەبرد و هەوڵی دەدا هەر کارێک پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێ، دەنگی هەموو لایەکی لەسەر بێ. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانین ئیشارە بەو وتووێژە بکەین کە ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ پێشەوا پێکی هێناوە و لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "ئەمن بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی".

پێشەوا دەیزانی بۆ سەقامگیری و جێگیرکردنی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بەشداری هەراوی خەڵکی کوردستان هەیە، هەربۆیە بۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی ئیعلان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ماکۆوە بگرە هەتا کرماشان نارد و داوای کرد هەموو شارەکان نوێنەری خۆیان بۆ کردنەوەی ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان بەشدار بکەن. پێشەوا بە بەردەوامی تێدەکۆشا ڕیزەکانی نێوخۆی گەل یەکگرتوو بکا، لەو ڕاستییە مێژووییە باش تێگەیشتبوو کە یەکێک لە هۆ ئەساسییەکانی شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕینەکانی کورد، نەبوونی یەکیەتیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکدەنگیی نێوخۆی ئەو جووڵانەوانە بووە. پێشەوا لەو سەردەمەدا لە نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان و یەکخستنیان لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو لە وتاری ڕۆژی ئیعلانی کۆماردا سەبارەت بەو مەسەلەیە ئاوا باس دەکا: "... ئیختلاف و دووبەرەکیمان نەهێشتووە و ناوی عەشیرە و تەوایف هەرچی ئەسبابی نفاق و پرش وبڵاوییە فڕێ دراوە و هەموو لایەکمان لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشین".

ئینساندۆستی و دێموکراتبوونی پێشەوا لە لێکدانەوەی نەخشی ژنان و لاوان لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. پێشەوا لەو باوەڕەدا بوو کە لەسەدەی بیستەمدا نابێ ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لە هاوبەشی لە کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا بێبەش بکرێن و پێویستە ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە شان بەشانی پیاوان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکاندا بەشدار بن. هەربۆیە لەسەر دەستی پێشەوا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ژنان بوون بە خاوەنی ڕێکخراوی خۆیان و لە هەمانکاتدا شانبەشانی ڕێکخراوی ژنان، لاوانیش ئەو هەل و فورسەتەیان بۆ پێکهات کە ڕێکخراوی خۆیان هەبێ و بەشدار بن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێکهاتنی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی کوردستان و بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە پێشەوا لەو شانازییەدا بەشی ئەساسیی وەبەر دەکەوێ.

کاتێک بەهۆی تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پاشەکشەی سپای سۆڤیەت لە ناوچە و یارمەتی و پشتیوانیکردنی سپای ئێران لە لایەن بریتانیا و ئەمریکاوە هەلومەرجی ناوچەکە بە قازانجی دەسەڵاتدارانی تاران گۆڕا و بە زیانی دوو حکومەتی تازە دامەزراوی ئازەربایجان وکۆماری کوردستان شکایەوە، ئەرتەشی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز گەیشتە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان و بە پێچەوانەی تەورێز، بێ خوێنڕشتن لێی دامەزرا. پێش هاتن و گەیشتنی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد لە لایەن زۆر کەسەوە هەوڵ درابوو کە پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شار بەجێ بهێڵن و خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام نە پێشەوا و نە ڕێبەرانی حیزب ئەو کارەیان نەکرد و لەگەڵ خەڵک مانەوە. مامۆستا هێمنی شاعیر لەو بارەوە دەڵێ پێشەوا لەو هەلومەرجەدا فەرمووی: "... لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێمخۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەنێو ئەواندا بمرم." هەر لەو بارەوە دەتوانین ئیشارە بە بیرەوەریی موتەزا زەربەخت کە ئەفسەرێکی ئێرانی لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە بکەین کە لەکاتی شکانی تەورێزدا ڕوو لە کوردستان دەکا و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و دەفتەری کاری پێشەوا و ئاوا باسی ئەو ساتە وەختە دەکا:" ... قازی محەممەد زۆر لە سەرەخۆ و ئارام و میوانگر بوو و هەتا لە ژیاندا ماوم ئەو ڕستەیەی پێشەوام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەیاد ناچێ کە گوتی لەگەڵ گەلەکەم دەمێنمەوە و تا دەکرێ پێش بە ئاژاوە و خوێنڕشتن دەگرم. با ئەوەی بەسەر خەڵکەکەم دێ بە سەر منیش بێ".

ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی یەکەم جەلەسەی دادگایی کردنی پێشەوا و هاوڕێکانی لە پادگانی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی کەسێکی نیزامی بەناوی سەرهەنگ غولامحوسێن عەزیمی دەستی بەکار کرد. چ ئەو کات و چ ئێستا دۆست و دوژمن دەیزانی ئەو دادگایە هیچ تایبەتمەندیی دادگای تیدا نییە و تەنیا ڕواڵەتێک لە دادگا بوو، بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی بگوترێ کە قازییەکان لە دادگادا مەحکووم بە مەرگ کراون. لەو دادگایەدا ١٢ تۆمەت بەرەوڕووی پێشەوا و چەند تۆمەتێکیش بەرەوڕووی سەدری قازی و سەیفی قازی کرانەوە کە هەموویان بێبنەما و بێنێوەرۆکن. جەلەسەی دووهەمی دادگا ڕواڵەتییەکە لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی دەستی بەکار کردەوە و لە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی واتە دوای سێ ڕۆژ لە جەلەسەی دووهەمی دادگا حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی لە لایەن دوژمنانی بەخوێن تینوو بەڕێوە چوو.

ئەو سەنەد و بەڵگانەی لەبەردەستدان، تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نوسراون، بە ڕوونی ڕاستییەکانمان دێنە بەرچاو کە پێشەوا بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە کە کەوتبوو سەر شانی، ئەوەندەی لە توانای دابوو لە دادگا ڕواڵەتییەکەی نیزامی پاشایەتیدا لە ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان وکاروکردەوەکانی کۆماری کوردستان دیفاعی کرد.

لە دادگادا پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێ بەڵکوو جووڵانەوەی گەلی کورد و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە لەو بەناو دادگایەدا موحاکەمە دەکرێ. پێشەوا گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل وەکار خستبوو، هەموو هێز و توانا و بیروهۆشی خۆی لە پێناو کۆمەڵانی گەلی کورد دانا. پێشەوا لە هەموو کەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووە و میللەتە خۆشەویستەکەی چەند بێ سێحەبە و لە چ هەژاری وچارەڕەشییەکدا دەژین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە پێشەوا دەیزانی مردن و مەرگ چاوەڕوانیەتی، چونکە شارەزای مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو و تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی خەباتی گەلی کورد دەریخستبوو کە دوژمن فێڵباز و زۆردارە و بە خوێنی ڕێبەرانی کورد تینووە؛ کەچی لە یەکەم چرکەی دەسبەسەرکردنی هەتا ژووری دادگا ڕواڵەتە داتاشراوەکەی لە هەموو شوێنێک تەنیا خۆی بە بەرپرسی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەقەڵەم دا. پێشەوا مەبەستی ئەوە بوو هەم بەو سوێندە وەفادار بێ کە ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان لە پێش


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

ئامادەبووان خواردی و هەم بواری تۆمەتباربوون لە سەر هەڤاڵەکانی کەم بکاتەوە. کاتێک دادئەستینی دادگای نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ شاری مەهابادت بەجێ نەهێشت و نەڕۆیشتی،

**پێشەوا لە وەڵامدا دەفەرموێ: "یەکەم لە بەر ئەو سوێند و پەیمانە کە لە نێونەتەوەکەمدا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی پێشی خوێنڕشتن بگرم، ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من دەکوشت".**

پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ ئامانجەکانی کورد گیانی بەخت کرد، لە ماوەی تەمەنی‌دا هەرچی لە دەستی هات و زەمان و مەکان بواری بۆ رەخساندبێ بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەربەستی و بەختەوەری و ئازادی نەتەوەکەی کردی. لەو سەردەمەدا تەنیا لەژێر ڕێبەری و کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار بەو شێوە بەربەرینە بە دیاردە نوێیەکان ئاشنا دەبێ و هەستی نەتەوایەتیی گەشە دەکا وکۆمەڵێک لە ناتەبایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە تەبا دەبن و لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستاندا کۆ دەبنەوە.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەهید كێیە؟



**شەماڵ تەرغیبی**

لەگەڵ ئەوەدا كە كولتووری شەهیدپەروەری و شەهیدبوون هەرگیز ڕێبازی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران نەبووە و پارێزەری لە گیانی ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمان بە ئەركێكی پیرۆز زانراوە، بەڵام وەک ڕێبەری مەزنمان دوكتور قاسملوو دەڵێت: "گەلێک ئازادیی بوێت، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات". گەلی چەوساوە و مافخوراوی كورد، بەدرێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی، لە پێناو بەدیهێنانی ئارمانج و ویستی بەرحەقی، خەباتی كردوە و لە ڕەوتی ئەم خەباتەشدا بە هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەگ و شایستەی خۆی لەدەست داوە؛ ئەوەش نرخی ئەو ژیانە ئازادە و ئەو ڕزگارییەیە كە گەلەكەمان ناچار بووە بیدا.

"مردن بۆ ژیان یان ژیان بۆ مردن"؟ چلۆن ژیان لەو ڕستەیەدا بەرجەستە دەبێتەوە. زۆر ژیان و بە سەلامەت ژیان، ئاواتی هەموو تاكێكە، بەڵام بە چ نرخێک؟ ژینی كۆیلەیی و ژێرچەپۆكەیی و دوورودرێژ لە كوێ و ژینی كورت و ئازادانە و بە سەربەرزی لە كوێ؟ وەک مامۆستا هەژار لە "پیرەهەڵۆ"دا دەڵێت: "مان ئەگەر وابێ چ شیرینە نەمان". هەڵبژاردنی ڕێگای


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مان و نەمان ورەیەکی بەرز و باوەڕێکی قووڵی دەوێ. پشتگوێخستنی دنیاویستی و نەبینینی گیان و گەیشتن بە قۆناغی مانەوەی ڕوحی و هەرمان، بەخشینی گیان لەپێناوی ئارمانج و مەبەستدا، ئەو تایبەتمەندییانەن کە پێگەی شەهید و ناوەرۆکی وشەی شەهید پێناسە دەکەن.

شەهید هەڵگری پەیامی مانەوە و هەرمانە بۆ نەتەوە و خاکەکەی و وانەکانی لەخۆبوردوویی و مرۆڤبوون دەڵێتەوە. شەهیدبوون واتە دەربازبوون لە بازنەی "من" و کەوتنە نێو بازنەیەکی بەرفراوانتر کە "من" بۆ هەمووانە.

وشەی شەهید بۆ ئێمەی کورد وشەیەکی پیرۆز و جێگەی ڕێز و شانازییە، سەربڵندییە، چراوگی ڕێی ڕزگارییە، عەشق و خۆشەویستییە، ورەبەرزی و بەخشینی گیانە لە پێناو بایەخە نەتەوەییەکاندا، لە پێناو خاکدا کە لە کولتووری ئێمە و زۆربەی گەلاندا لەگەڵ وشەی پیرۆزی دایک هاوتەراز کراوە. کەس ئامادە نییە لەپێناو ماڵ و ساماندا گیانی خۆی بەخت بکات بەڵام سامانی نەتەوەیی بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم ئاو و خاکەی کردۆتە گیانفیدای خۆی.

شەهید ئازادانە و ئاگایانە ڕێگەی خۆی بەرەو مەبەستێکی پیرۆز هەڵدەبژێرێت و قارەمانانە بە خوێنی سووری دژی زوڵم و دیکتاتۆری دەوەستێتەوە و ڕێگا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ هەموار دەکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جاری وا هەیە ئەو پرسیارە لە مێشکدا بەرجەستە دەبێتەوە کە شەهید کێیە یان شەهید بە چ واتایەکە؟

وشەی شەهید پێش ڕاگەیاندنی ئیسلام و خۆبەختکردن لەپێناو ئایینیش بۆ کەسانە بەکار هاتووە کە ئامادەبوون لەپێناو ئازادیی گەل و ئاو و خاک و نیشتمانەکەیان گیانی شیرینی خۆیان خۆبەخشانە و دڵخوازانە بەخت بکەن. بە تایبەتی بەو جەنگاوەرانە گوتراوە کە بێباکانە و گیان لەسەردەست ئامادەی گیانفیدایی لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانیان بوون. ئێستا زۆربەی خەڵک پێیان وایە کە ئەم وشەیە بە واتای مردن لە ڕێگەی خودادایە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم وشە بە واتای مردن نییە و مانا سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوون و شایەتبوون.

دیارە ئەرکی ئەم نووسینە باسکردنی مانای وشەی شەهید نییە بەڵکوو لێرەدا دەمانهەوێ بڵێین شەهید مرۆڤێکی واڵا و ئارمانجخوازە کە بەهای بیروبڕوا و ئارمانجەکەی لە سەرووی هەموو بەهاکاندا داناوە. ئاسایش و خزمەت بە مرۆڤەکان لە ئاسایشی خۆی بە گرینگتر دەزانێ. خەمخۆر و پەرۆشی مرۆڤەکانە و بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکان گیان لە سەر دەست و ئامادەی گیانفیداییە. ئەو لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەبێتە هاودەرد، لە شادی مرۆڤەکان شادمان دەبێ و لەگەڵ خەمەکانیاندا


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەم و پەژارە دایدەگریّ. ئەو ئەوەندە هۆگری بیروبڕوا و ئارمانجە پیرۆزەکانیەتی کە قازانجەکانی خۆی لەگەڵ ژیان و سەروەت و سامانی بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی گەل و نیشتمانەکەی بە ئاسانی فیدا دەکات.کەوایە شەهید مرۆڤێکی ڕەها و ئازادیخواز، ناخبین و قارەمانە کە دونیا و هەموو ئەو شتانەی لە دونیادا هەیە بۆ ئەو بایەخێکی نییە و بەئاسانی لێیان دەگوزەریّ و دەگەڕێتەوە بۆ حەقیقەتی مرۆڤایەتی کە خزمەتکردن بە هاوچەشن و مرۆڤدۆستییە.

شەهید نامریّ و شاهیدی هەموو ئەو شتانەیە کە ساڵیانی ساڵ ململانێیان لە سەر کراوە و شایەتە بۆ هەموو ئارمانجخوازی و ئازادیخوازییەکانی مرۆڤەکان بۆ ڕەهابوون لە چنگی زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری، ئەو هەڵقوڵاوی جیهانی نەمانە و لکاوە بە جیهانی هەتاهەتایی هەبوون.

شەهید مرۆڤێکی نموونەیە کە لە هەر زەمەن و لە هەر شوێنێکدا بە ئامادەبوونی خۆی نموونەیەکە بۆ ژیاندۆستی هەموو مرۆڤەکان. شەهید بە شەهیدبوونی خۆی ترس لە مەرگ دەرەوێنێتەوە و کۆمەڵگا زیندوو دەکاتەوە و ناوی خۆی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە باشی و زیندوویی تۆمار دەکات.

لە فەرهەنگی مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا شەهیدبوون ئارمانج نییە و هەروەها مەرگێکیش نییە کە دوژمنان بە سەر مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا دایسەپێنن، بەڵکوو شەهیدبوون مەرگێکی دڵخوازانەیە کە مرۆڤی ئازادیخواز و خەباتکار بە تێگەیشتن و ئاگایی و لۆژیک و شعوور و ڕابوون بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەرزی و گەیشتن بە ژیانێکی مرۆییانە هەڵیدەبژێریّ.

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا بەرز و پیرۆز بێت یادی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد

## بۆ گەل ژیا، بۆ گەل مرد



**سمایل شەرەفی**

قۆنـاغی "ئەزمـوونی ژیـان"ی پێشـەوا قـازی محەممەد تـایبەتە بە سـاڵەکانی نێـوان هەردوو شەڕی جیهـانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) و دووهەم (١٩٤١ - ١٩٤٦)، کە لە ماوەی ئەم نیزیک چارەگە سەدەیەدا جیـا لەوەیکە نیشتمانەکەی (کوردستان) بە سـەر چـوار وڵاتدا دابەش دەبـێ، میللەتەکەشـی (کـورد) بەرەوڕووی کارەسـاتبارترین قۆنـاغی مێژوویـی خـۆی دەبێـتەوە. ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەت – نەتەوەکـانی تـورک و عەرەب و پارسی کە شکستی جـووڵانەوە نەتەوەیی و مافخوازانەکانی کورد و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان و وێرانیی نیشتمانیی لێ کەوتنەوە، بێشک شوێنەواری قـوڵ و کاریگەریان لە سەر بیرکرنەوە و تێفکرینەکـانی پێشـەوا قـازی محەممەد دانـاوە. ئەو کە لە سی سـاڵەی تەمەنـی خۆیدا شاهیدی جووڵانەوەی سمایل ئـاغای سمکۆ و کوژرانی ئەم ڕێبەرە بە فەرمانی ڕەزاخـانی دامەزرێـنەری دەوڵەتـی ئێرانـی بـووە، بە تەواوەتی هەست بە مەزلومیەتی نەتەوەکەی و زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی خۆسەپێن دەکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قـازی محەممەد کە هاوکـات لە گەڵ بینینـی بـارودۆخی میللەتەکەی لە تەمەنـی لاوەتـیدا سـەرقاڵی خـۆ پەروەردەکـردن و قووڵبوونەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکان لە هەمووی گرینگتر وردبـوونەوە لە دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی بـووە، خزمەت بە گەل دەکـاتە ئامانجی ژیـانی خۆی. قـازی محەممەد کە دوای فەوتـی قـازی عەلیـی بـاوکی دەبێـتە قـازیی شـاری مهاباد و هاوکات لە بواری فەرهەنگییشدا چالاکیی دەبێ، وەک کەسێکی متمانەپێکراو لە لایەن خەڵکی شـار و نـاوچەکەوە، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکدا ڕۆڵی کاریگەری گێراوە و لەم دەرفەتەی بۆ ناسینی کۆمەڵگەکەی، ئەزمـوونێکی باشی پاشەکەوت کـردوە. هەروەهـا وەک کەسێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو و پێشکەوتنخواز و خـاوەن ڕا، لە لایەن خەڵـک و بە تایبەت تێکۆشەرانی سیاسیی شاری مەهابادەوە کە دواتـر زۆربەیـان لە دامەزرانـی کۆمەڵەی ژیـانەوەی کورد(ژێکـاف) ڕۆڵیـان گێرا و تیایدا ئەندام بوون، پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا.

پێشـەوا قـازی محەممەد بە پشتبەسـتن بەم پاشـخانە دەوڵەمەنـدە لە ئەزمـوونی ژیـان و لێهـاتوویی خـۆی، بەتـایبەت لە قۆناغێکدا کە بانگهێشتی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ، وەک کاراکتێرێکی شوێندانەری سیاسی بیـر لە نەخشەڕێگایەکی دروست، گونجـاو و مومکین دەکـاتەوە. قـازی محەممەد لەسەر ئەساسـی تێگەیشـتن لە دنیـای سیاست لە هەموو ئاستەکانی نێونەتەوەیی، نـاوچەیی، دەوڵەتی و نێوخۆیی، زۆر زوو دەکەوێتە بیـری تەتەڵەکردنـی هەلومەرجێک کە پێـی وابـوو دەکرێ بکرێتە دەرفەتێک بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی.

هەلومەرجی لێکەوتەی شەڕی جیهـانیی دووهەم ئەو دەرفەتە بـوو کە پێشەوا قـازی محەممەد تیایـدا بیـری لە جـۆری کەڵـک لێوەرگرتن بە قازانجی میللەتەکەی دەکردەوە. ڕەزاخان خـۆی لە ئاڵمـانی نازیسم نزیک کردبـۆوە و ئێران بـوو بە مەیـدانی هاتوچۆ و نفووزی سیخوڕ و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلێری. سێ وڵاتی سۆڤییەت، بریتانیـا و ئەمریکـا وەک وڵاتـانی سـەرەکیی بەرەیەکی شەڕ، بە دوو مەبەستی کەمکردنەوەی نفوزی ئاڵمـان و گەیانـدنی چەک و تەقەمەنـی بە سۆڤییەت بڕیـاری چوونە نێو خاکی ئێرانیـان دا. بـۆیە بریتانیـا و ئەمریکا لە جنووب و ئەرتەشی سوور لە شـومالەوە ئەم وڵاتەیـان داگیـر کـرد. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ڕەزاخان نەیتوانی چووکەترین بەربەرەکانی بکا و تێک ڕووخـا... بەم هۆیەوە بەشی بـاشووری کوردسـتانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئینگلستانەوە داگیر کرا و و بەشی باکوور تـا شاری ورمێ لەشکری سووری سۆڤییەت تێیـدا جێگیـر بوو. لەم نێودا ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مەهاباد بۆشایی دەسەڵاتی تێکەوت. ئەمە ئەو دەرفەتە بوو کە بـۆ کـورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵکەوتبوو کە بتوانێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێران و بە گشتی چوونە پێشێ


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جووڵانەوە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی وڵاتدا لە پەرەئەستاندندا بوو. هەروەها هاوپەیمانان بە سەر ئاڵمانی هیتلەریدا سەرکەوتبوون و خەبـاتی گەلان دژ بە فاشیزمی هیـتلەر و موسـولینی و هیروهیتـو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربڵاوتـر دەبـوو. بـۆیە زەمینە بۆ ئەوە ئامادە بوو کە حیزب یان ڕێکخراوێکی پێشەنگ و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ لە کوردستانیش دامەزرێ. لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی چالاک بەڵام نهێنی بـوو، بەڵام ژێکـاف لە لایەک بە هـۆی "ناسیونالیست"بـوون و داخراوبوونی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، وەڵامدەری وەزعی تـازەی کوردستان نەبوو. بۆیە لێردا بەشی زۆری ئەم ئەرکە مێـژووییە کەوتە سەر شانی پێشەوا قازی محەممەد کە چۆن بتوانێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ.

لەم پێنـاوەدا قـازی محەممـەد لە دوای کۆمەڵێـک هەوڵـی دیپلۆماتیـک و دانوسـتان لەگەڵ سـۆڤییەت، ئێـران و ڕێکخـراوە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی لە کـۆمەڵەی ژێکـاف، لە ٢٥ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٢٤ (١٦ی ئـوتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان کە قـازی محەممەد دامەزرێـنەر و پێشـەوای بـوو، نـوختە گۆڕانێک بـوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مودێرن دا. هەر وەک لە یەکەم بەیاننـامە و بەرنـامەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتاندا دیـارە، ئەم حیـزبە بەگرینگیـدان بە "مـان و مەوجودییەت"ی گەلی کورد کە بریتییە لە خاک، خەڵک، کەرامەتی ئینسانی کـورد، زمـان، فەرهەنگ، لە سـەرەتادا ئامـانج لە دامەزرانی خۆی بۆ "پێشگیری لە فەوتـانی نەتەوەیـی" پێناسە دەکـات. فەوتـانێک کە دەوڵەت نەتەوەکـانی دژ بە کـورد، بەتـایبەت دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی هەر لە سەرەتای هـاتنە سەر کـاری ڕەزاخـانەوە، بە شێوەی سیستماتیک هەوڵیـان بـۆ داوە. بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر پرسێکی گەورەی مێژوویـی - نەتەوەیـی دێنێتە ئـاراوە، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبنەوە.

دوای ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، ڕێبەرانـی حیـزب، بەتـایبەت و لە سـەرووی هەمـووانەوە پێشـەوا قازی محەممەد، بە سەرنجدان بە لەباربوونی هەلومەرجی سیاسی، بۆ جارێکی دیکە کەڵـک لەو دەرفەتە وەردەگرن و لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە چوارچرای مهاباد، کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕادەگەیەندرێ و پێشەوا نازناوی سەرۆک کۆماری کوردستانی پێ دەبەخشرێ.

کۆماری کوردستان دەسەڵاتە ١١ مانگەکەی و ئەو خزمەتانەی بە کورد و کوردستانی کردن، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت،


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بوونەتە بەشێکی هەرە ئەساسی و دانەبڕاوی شەخسییەتی نەتەوەیی هەموو ئینسانێکی کورد. هیچ تاکێکی کورد ناتوانێ کوردبوونی خۆی بەبێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر دروستبوونی خۆی وەک ئینسانێکی کورد، لە دنیای ئەمڕۆدا پێناسە بکات. بە واتایەکی دیکە بۆ یەکەمجار ئینسانی کورد لە کۆماری کوردستان و لەژێر کارتێکەریی دەسکەوتەکانی ئەم کۆمارەدایە کە شەخسییەتی نەتەوەیی بە مانا مودێرنەکەی پەیدا دەکا و هەست بە "بوون"ی خۆی دەکا.

تەواوی ئەو سیمبول و شاخس و هێما و پێناسانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکە، خۆی پێیانەوە دەناسێنێ و کردوونی بە مایە و مانای وجوودیی خۆی وەک نەتەوەی کورد، هەرهەموویان دەسکەوت و ئافراوی ئەو ١١ مانگەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستانن.

خودی دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سپای میللی (هێزی پێشمەرگە)، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی، سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی ئیدارەی کۆماری کوردستان و... هەر هەموویان ئەو هێما و سیمبولانەن کە ئەمڕۆ و دوای زیاتر لە ٧٥ ساڵ، بوونەتە پێناسە بۆ خۆدەرخستنی نەتەوەییمان.

هیچ گومانی تێدا نییە و بەڵگە زۆرن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە کە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەمی کۆمار لە ئافراندن و دامەزراندنی هەموو ئەمانەدا، ڕۆڵ و قسەی یەکلاکەرەوەی هەبووە. بۆیە دەتوانین بە تەواوی ئیدیعا بکەین و بیسەلمێنین کە پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی، کەسایەتییەکی پڕنرخی نەتەوەیی بە ئینسانی کورد بەخشی کە دەکرێ لە باسی ڕەوتی نەتەوەسازیدا زۆرترین قسەی لەسەر بکرێ.

بەسەرهاتی پیشەوا قازی محەممەد لە چۆنیەتیی بەرەو پیلی مەرگەوە چوون و دادگاییکردن و لەسێدارەدانی وانەیەکە لێوانلێو لە دەروەستبوون، وەفاداری، گەلدۆستی، ئازایەتی و نەمری.

لەم پێوەندییەدا کەم کەس دەتوانێ وەک شەهید دوکتور قاسملووی جێگرەوەی باس لەم بەسەرهاتە بکا: "پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی مەرگ چاوەڕوانیەتی... ڕاستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانیە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێک کە ئەو زۆر باش دەیزانێ کە چەندە فێڵباز و دڕندەیە. بەڵام قازی محەممەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی خۆی نەکرد،


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو ئەو مەسئولییەتە گەورەیەی کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو، پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا. ئەو کە هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانیدا نەدی، نەیدەویست خوێنی خەڵکی بێدیفاعی میللەتەکەی بە دەستی لەشکری داگیرکەر بڕژێ. ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی محەممەد هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە پێش هەمووان بە نرخی گیانی خۆی تەواو بوو. ئەو دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو چارەنووسە کرد و ئاکامەکەشی لێ ڕوون بوو. ئینساندۆستیی پێشەوا هێندە زۆر بوو کە دەیەویست بکوژرێ، شەهید بێ تا زۆر کەسی دیکە زیندوو بمێنن".

پێشەوا قازی محەممەد لە ڕەوتی بەناو دادگاییکردنیشیدا، ئەوەی بۆ ساتێکیش لێی غافڵ نەبوو، میللەتەکەی بوو. "ئەو زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەممەد نییە کە دادگایی دەکرێ، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دەزانێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەڵکەتوو بەرانبەر بە جەلادە خوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد".

پێشەوا قازی محەممەد کە لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانی کردنیدا زۆری هەوڵ لەگەڵ درا کە حاشا لە کردەوەکانی خۆی بکا و خۆی بێبەری لە هەموو ئەوانەی کردوونی نیشان بدا و پەشیمانی دەرببڕێ، بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای نیزامی و کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بە چۆکدا هێنا و ناچاری کردن کە بەرانبەر بە گەورەیی و ئازایەتیی ئەو سەردانوێنن. پێشەوا بە سوێند و پەیمانی بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەی وەفادار مایەوە و لە پێناو ژیانی گەلەکەیدا شەهید بوو.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قووڵایی ستراتیژیی ئێران گەیشتنە بە چەکی ناوکی



**شۆڕش شاباز**

پرسی ناوکیی ئێران سەرکاکڵی تەواوی بێنەوبەردەی دیپلۆماسییەکان بەردەامەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشدایە. پرسی ناوکی و گەیشتن بە چەکی ناوکی لە ئێراندا وەک پرسێکی ئاڵۆز و هاوکاتیش زۆر لە بابەت و کێشەکانی دیکەی نەک هەر بەرەو پەراوێز بردووە، بەڵکوو وەک دیاردەیەکی ناپیرۆز پێشی لە هەر چەشنە گۆڕانکاری لە نێوخۆی وڵاتیشدا گرتوە.

ئەو کێشەی ناوکییە کە بەتەواوی ئەتمەسفۆری پەیوەندیی دیپلۆماتیکەکان و تەنانەت وتوێژەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکانی لەگەڵ ئێراندا لەخۆی گرتوە، سەرنجیکی لە ڕادەبەدەری لەسەر ئەو بابەتەیە کە مەترسیی دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی کەم بکاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ڕۆژاوا تاکوو ئێستە پێچەوانە دەبینرێت!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەیشتنی ئێران بە تەکنۆلۆژیی هاژەکە دوورهاوێژەکان و هاژەکی هاپیرسۆنیک کە خۆیان لەبەر چاوی ڕادار بزر دەکەن، ئیدی گۆمانی تێدا نامینی کە بەرنامەی ناوکیی ئێران ئاشتیخوازانە نییە و ئامانجی دیکەی لە پشتەوەیە.

نەرمونیانیی سەیروسەمەرەی لەژێر ناوی دیپلۆماسی و وتوووێژ پرسی ناوکیی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە. ئەو چەشنە دیپلۆماسییە کە لەلایەن شورای بڕیاردەرانی ئاژانسی ئەتومی کە شێوەکەی زۆر هێمنانە و تاقەتپڕوکین بوو، بووە بە هۆکاری هاتنی دیاریی ڤیزەونی بەناو گەمارۆ بۆ خەڵکەکە. ئەو دیارییە ناپیرۆزە کە ناوی گەمارۆی ئابوورییە کاریگەریی ڕاستەخۆی هەیە لەسەر تاقەتی کڕین و دابینکردنی شتومەکی خەڵک و ئاستی گرانی لە سەرانسەری ئێرانی بەبێ کۆنترۆڵکردن لەگەڵ خۆی هیناوە.

گەمارۆی ئابووری کە بە ناوی گۆشارخستنەسەر دەسەڵاتی ئێران چەندین ساڵە بەکار هێنراوە، نەک تەنیا کاریگەریی ئەوتۆی نەبووە لەسەر پڕۆژە سەربازییەکانی دەسەڵات، بەڵکوو ئاستی چالاکییەکانی حکوومەت لە دەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی گرووپە میلیشیاکانی خۆی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زێدەتر کردوە.

بە چاوپێداخشاندنێکی زۆر سەرەتایی، بێچارەیی و بەرەنگاری و ناتەباوونی دەوڵەتە ئورووپاییەکان سەبارەت بە بەرنامە ناوکیی ئێران بە زەقی دیارە دەکەوێت. ئەو بابەتە بەرەنگارییەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسی وزەی بەرهەمهاتوو لە پەترۆڵ کە پێداویستیی سەرەکیی وڵاتانی ڕۆژاوا و بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایە. زۆرتر لە چوار دەیە بە هۆکاری سیستەمی باج لەو وڵاتانە و ترس لە گرانبوونی وزە لەو وڵاتەیلە، پەیوەندیی ڕاستەخۆی هەیە بەو دەستبەدەستکردنەی کە تووشیان بووە.

ڕکوودی ئابووری لە وڵاتانی زلهێز بەردەوام بووە بە هۆکاری قەیران. بۆ ئەوە پێشی ئەو قەیرانە توندانەی ئابووری بگرن، دوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەمیان هەڵگیرساند، بەڵام ئێستە بە هۆکاری پێشکەوتنی چەکە کۆمەڵکوژەکان و نەبوونی تاقەتی گۆی زەوی، بابەتی دیکەیە کە لەبەر چاویان بێت تا پێش لەوە بگرن شەڕی جیهانی سێیەم ڕوو بدات. ئەمەش بەو واتەیە نییە کە شەڕ نایەتە ئاراوە. شەڕە ناوچەییەکانی وەک شەڕی عێراق و ئەفغانیستان تا دەگاتە شەڕی ئۆکراین، نموونەیەکی شەڕی نەرمە کە قازانجێکە بۆ نەگەیشتن بە شەڕی گەورەتر کە ئەنجامەکەی دابینکردنی بەرژەوەندیی کورتمەودایە بۆ ئەو وڵاتانەی دەستیان ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ لەنێو ئەو شەڕانەدا هەیە. جۆری قازانجوەرگرتن لەو شەڕە ناوچەییانە گرێ دراوە بە ئاستی هێزی ئابووری زلهێزەکان بەتایبەتی ئەمریکا.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هەوراز و نشێوی ئەو شەڕانەدا، جیا لەوەی چەکە پێشکەوتووەکانی خۆیان تاقی دەکەنەوە، جۆری دیکە پێشاندانی هێز و سەردەستی و بەهێزتربوونی خۆیانە سەبارەت بە زلهێزەکانی دیکە، ئەمەش بەتەواوی دیارە.

لە بارودۆخی وەهای ململانێی زلهێزەکان لەگەڵ یەکتریدا بۆشایی دێتە ئاراوە. هەروەها کە بیرکردنەوەی دەسەڵات سیستەمی وەهای هەیە کە بۆشاییی قەبووڵ ناکات، ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی ململانێی زلهێزکان دێتە ئاراوە، دەبێت پڕ بکرێتەوە. جا ئەو بۆشاییەی کە هاتووە ئاراوە ئێستە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە هێژمۆنیی ئایینی پڕ دەکرێتەوە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە سیستەمی زلهێزکان بەردەوام لەسەر ڕێژیمی زۆر و توانا و هەبوونی چەکی پێشکەتوو خۆی دەنوێنی. ئەو شێوە مکانیزەبوونی ئیدارەی زلهێزەکان بەتاڵە لە دوکتۆرینی فەلسەفی - سیاسی و تەنانەت والایە لە ستراتیژی! چونکە نیازیان وایە کە هەر کردوەی دەیکەن، بەتەواوەتی قازانجویستە و ئەوەی دیانەوێ، دەستکەوتێکی مادییشە کە تەنیا بۆ خۆیانە. خاڵی بزر و ونی زلهێزەکان لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەردەوام بەدوای ئەوەدان کە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەواوی دۆستەکانی نایەکسانیان لەو ناوچەیە تێدان وەکوو بەکرێگیراو یان ژێردەست، نە هاوپەیمانی ستراتیژیک مامەڵە دەکەن.

ڕۆڵی پێکهاتەیەکی تێکەڵ بە جەوهەری ڕۆحی لە وەها پارادایمدا نەتەنیا لێڵە، بەڵکوو بەتاڵە لە هەبوونی پشتیوانی و ڕابردوویکی هاوبەش. لە بەرانبەری هەڵەیەکی وەها ستراتیژی بە زەقی دیارە دژکردوەی دێتە ئاراوە. ئەو دژکردەوەیشە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بە نەیارزانین زلهێزەکان بەدوای خۆیدا دەینێت.

پێناسەی ئایدئۆلۆژی کە دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە لە شەڕی ئایینەوە بگرە تا دەگاتە بیری چەپڕەوی کە تەواوی مەنهەجی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی سەرتر لە خۆیانە، هەروەها ماوە و دەمینێتەوە و پیۆیستی بەوە هەیە کە دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی دیسان سەر هەڵ بدات. جا ئەوەی ئەو جۆرە پێکدادانە دێنێتە کایەوە، شێوەی هەڵسوکەوتی زلهێزەکانە. ئەگەر شێوەی هەڵسوکەوتی زلهێز دەرزی کوڕ لەو ناوچەیە کە لەنێودایە یان داگیری کردووە بێنیتە دی، دیارە جۆری دژکردنەوەکان توندتر یان ڕادیکاڵتر دەبن.

لە وەها بارودۆخێکدا کە زلهێزەکانی ناوچەیی ئاستیان ناگاتە زلهێزکانی نێونەتەوەیی، ئامرازی ئەوتۆیان هەیە بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دژکردەوەیەک بگاتە ئەوەی ڕووبەڕووبونەوەی دژواریان هەبێت کە دەتوانن وەک دەرزی بیکوتن لەو گرووپانە. پێناسەی کورت کە لەوانە کراوە، دژکردوەی ڕەفتاری سیاسییش لەگەڵ خۆی دێنی. بەستێنی ئامادەکراو لە بنەڕەتەکانی ئایینی هەتا ئەوەی ناوی شوڤینیستی ڕادیکاڵە کە لە ناخ و بنە بیری حاکمانی ناوچەییە کە خۆیان پێشان بدەن، پێناسەی بنەڕەتیی ئەوە بەدواچوون بەدوای پرسی، دەبێت کە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەوەی دانەمێنن لێی، پێویستی بە ئاراج هەیە. ئەو ئاراجە بۆ تێکدانی باڵانسی هێز لە دنیادا و خۆنیشاندان لە دنیای ئمڕۆییدا، شتی جیا لەوە نییە کە دەستڕاگەیشتن بێت بە چەکی ناوکی!

ویلایەتی فەقی لە ئێران و باڵە جێبەجێکارانی یان هەر ئەو سەردارانەی سپای پاسداران کێشەیان لەگەڵ ئەو سیستەمە جیهانییە (نظم جهانی) هەیە کە ئیمڕۆ هەیە و دیانەوێ ئالتەرناتیڤی بن. بەسەدان جار هەڵۆیستی بەرپرسان ئەو ڕێژیمە هەر لە ڕێبەر تا دەگاتە بەرپرسە سەربازییەکانی و تەنانەت وتووێژی دەوڵەتییەکانیان لە پلەی هەرچەشنە حوکم یان تەنانەت یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێشەلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە نەک تەنیا دانیان پێ نەداوە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بە هەڵەیان زانیوە، زەق و دیارە.

هەڵسوکەوتی خاوەنی حەقبوونی ئەو سیستەمە لە قەبووڵنەکردن و پلەی ئەو شەرمەزاری و سزا نێودەوڵەتییانە، خۆی پێناسەیەکە لەو شێوە تێڕوانینەی کە ئەو ڕێژیمە هەیەتی، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە و ڕوونە، ئەوەیە کە نەسلماندنەوەی حکوومەتە، تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگەی ژێردەستی وێران کردووە و لێی داوە. لە لایەکی تریشەوە خوازیاری ئەوەی کە هەر چەشنە چەکی کۆمەڵکوژی لە نیوان ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هەبێت چەند قات گەشی کردوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەم تیۆری و هەم پارادایمی تایبەت بە خۆی هەیە و بە جۆری لە جۆرەکان وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەتە. لە وەها هەلومەرجێکدا پێکدانانی تیۆری تێکەڵاوکراو بە ئایین ئەوەش بە پارادایمیکی سیاسی چەپ (ئەوەش دروستکراوی تایبەتی بە ڕێبەرانی دەسەڵاتداری ئێرانی) لە بەرانبەری سیستەمی هەنووکەی دنیایی دیتە ئاراوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە هەر چەشنە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگە پێویستیەتی، خۆی بێبەری کردووە. بەو واتەیە کە بنەڕەتی دەسەڵاتداری هەر دەوڵەتی بەسەر کۆمەڵگەدا کە دەبێت ئاسایشی لە هەر بواردا دابین بکات، ئەو دەسەڵاتەی ئێستە هەر لەبیری کردووە کە هیچ بە پێچەوانەوە کردەوەی هەیە و کۆمەڵگەی ژێری دەسلاتی لەگەڵ هەزارن کێشەی گرانی و نەبوونی و پرسی ئابووری ڕووبەڕوو کردووە. ئەو دەسەڵاتە هەڵگری شوە و تێڕوانینی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتەواوی سەربازییە. ئەوەش بۆ ئەوەی بگاتە ئەو چوارچێوەی ئایدئۆلۆژیای کە هەیەتی. پرسی ناوکیی ئێران کە لە سەردەمی حەمە ڕەزاشا دەستی پێ کراوە و دوای ئەوەی کە ماوەی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاوە و دژایەتی دەکرد، بەڵام دوای چەند ساڵی بەوە گەیشت کە ئەو پرۆژەیە دیسان بەردەوامی پێ بدات کە ئێران دەستی بە تەکنۆلۆژیی ناوکی بگات، بەردەوامی پێ دا. ئەوەش دەگرێتەوە بەو تێبینیانە کە دوای سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ڕووی دا و ئەو دۆڕان و خەفەتانەی کە لە سەردەمی ئەو شەڕە دەسەڵاتی ئێران تووشی بوو.

دوای شەڕی ئێران و عێراق لە جیاتیی ئەوە ئاسەواری شەڕ نەهێڵن و ئەو وێرانییانەی شەڕە چاک بکەنەوە، بوودجەی سەربازی ئێران هەر لە هەڵکێشان و زۆربوون بووە و هەیە. لە بواری سەربازی تەنانەت وزەی ناوکی - کە کۆماری ئیسلامی ئاشتیخوازانە ناوی دەبات - پێ ناوە نێو باسێکی هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا.

لە بواری سەربازیدا بۆ گەیشتن بە هاژەکە دوورهاوێژەکانی لە بەرنامەی خۆیدا دانا. ئێستاش دەرنجامی هەبوونی ئەو هاژەکانە لە ناوچەکە بە زەقی دیارە.

لە بواری گەیشتن بە وزەی ناوکییش تا ئەو جێگا ڕۆشتووە کە کارناسەکان دەڵێن ئاستی پیتاندینی ئۆرانیوم بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکی تەواوە. خامنەیی وەک ڕێبەری ئێران لەگەڵ سەردارەکانی سپای پاسداران هەڵگری ڕێو شوێنی بیرکردنەوەکی تۆڵەسەندنەوەیەکی پڕلە کین و بوغزاویی تایبەت بە خۆیانن.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەی کە لە بیری و هزریاندا هەیە، زۆر جار تەقیە دەکەن و دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی درۆگوتن بە سوودوەرگرتن لە ئایین! بۆ ئەوەی بە شێوەی نهێنی چەکی ناوکی بەدەست بێنن، بەردەوام چەند حەدیس یان ڕەوایەتی ئایینی دەڵێن کە ئەوەش بۆ ئەوەیە شەقامی گیشتی پێ فریو بدەن. بەڵام بە تێپەڕینی کات ئەو کڵاوە شەرعی درۆکانییە کە بۆ کردەوەی خۆیان دووریوە، ئیتر کۆن دەبێت و کاریگەری نامینێت. دنیای ئەمڕۆژی دەبێت بگاتە ئەو حاڵەتە کە دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر مەترسیدارترە لە کیم جۆنگ ئۆن، ڕێبەری کۆریای باکوور!

ئەگەر هێشتا کات مابێت و مافیای چەکە کۆمەڵکوژەکان یارمەتی ئێرانیان نەدابێت بیگەنن بە چەکی ناوکی، دەبا ڕای گیشتی هاوڕابوونی بۆ نەگەیشتنی دەسەڵاتدارانی ئێستەی ئێران بە چەکی ناوکی پێک بێنن. هەروەها کە هاژەکە بالیستکەکانی ئێران بووە بە گرفتێکی گەورە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی گرووپی هەفت، ئێرانیان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

وریاکردەوە کە نابێت لە شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین هاژەکی بالستیک بدات بە ڕووسیە، ئەو کاتە کە بگەن بەو ئاکامەی کە چەکی ناوکی لە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانە، دی بەربەستی لەبەر دەستیان نییە کە بتوانن بە گەمارۆدان یان وریاکردنەوە مەترسی بۆمبی ناوکی ئەوەش لە ژێردەستانی کەسانی ئایدئۆلۆژی کەم بکاتەوە.

**١٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جیاوازیی نەورۆزی مەشخەڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئاسۆ پیرانشاری

نەورۆز دەستپێک و  هێمای بووژانەوەی سروشت و گۆڕانکاریی لەسەر گۆی زەوییە و دەبێتە هۆی توانەوەی بەفر و بەستەڵەک و ژیانەوە سروشت، ئەم تایبەتمەندییە بەتەنیا هی جوگرافی و سروشتی کوردستان نییە و لە بەشێکی وڵاتانی ناوچەکەش بەتایبەت ئەو بەشانەی کوێستانین ئەو مانایە زیاتر خۆی دەردەخات.

بەڵام ئەوەی گرینگە و ساڵی نوێ و نەورۆزی کوردستان دەگەڵ باقی جوگرافیاکانی دیکەی جیهان، جیاواز دەکا و هەڵداوێرێ، جۆری پێشوازی و بۆنەکان و نەریتی جێژنی نەورۆز لە کوردستانە کە بە هێما و کەلتووری جیاوازەوە پەیامی ئاشتی و ئازادی و شادی بڵاو دەکاتەوە.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەموو ساڵێک لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان ڕێوڕەسمی ساڵی نوێی و نەورۆز بەتین و گوڕ بەڕێوە دەچێت بەڵام ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵەکانی پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەمساڵ خەڵکی کورد لەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشەی نیشتمان بە شێوەیەکی تایبەت و بە پەیامی جۆراوجۆری سیاسی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە قالبی خەباتی مەدەنی و شایی و هەڵپەرکێ ئەوەیان سەلماند کە، شۆرش و بەربەرەکانی تەنیا بە چەک لە گەڵ دوژمنی غەدار نییە بەڵکوو خۆشی دەربڕینی خەڵک بە شوناس و هێماکانییەوە بۆخۆی جۆرێک بەرخودان و ڕابوونە.

ئەوەی ئەمساڵ لە شاروئاواییەکانی کوردستان دیتمان دەستەوەستانی ڕژێمی ئاخوندی ئێران بوو کە نەیتوانی دژ بە ئەم حەشیمەتە ملیونییە خۆی ڕابگرێت، خەڵکی کوردستان بە جامانە و جلی خاکی و هەوری و شەدە وەک هێما و نیشانەی پێشمەرگە سەلماندی کە ڕێگای ئەوان درێژە پێدەدات و سەربەخۆیی و سەربەستی دەوێت.

هەروەها خەڵکی ڕۆژهەڵات سەلماندی کە چۆن لە شۆڕشی ژینادا ئاخێزگە و چەغماغەی ڕاپەڕین بوو، لەساڵی نوێش بۆ دژ بە کۆماری ئیسلامی لە جاران ئامادەتر و خۆڕاگرترە و درێژەی ژن ژیان ئازادییە. ئەگەرچی شۆڕشی ژینا هەتا ئێستا بە ئامانجی کۆتایی خۆی نەگەیشتووە بەڵام بە کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران و دنیای دەرەوەی ئەوەی پەیامەی چرپاند کە ئەم ڕێژیمە هیچ چەشنە شەرعیەتێکی لای خەڵکەکەی خۆی نەماوە، خەڵکیش تا کۆتایی ڕێگا و لە ناوچوونی ئەو دەسەڵاتە ناوەستن.

**بابەتی سەرەکی ئەم دێڕانە نەورۆزی مەشخەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ئەوەی دیتمان لە ساڵی نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین پەیام بوون کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:**

- **تەبایی نەتەوەیی گەلی کورد**
- **زیندوو کردنەوەی شووناسی نەتەوەیی گەلی کورد لە گشت شار و گوندەکان**
- **یەکگرتوویی خەڵکی شۆرشگێڕی کوردستان**
- **هاودەنگ بوون و هاوتەریب بوونی گشت تاکێک بە ژن و پیاوەوە**
- **پاراستنی ژینگەی جوانی کوردستان لە بۆنەی سەری ساڵی نوێ**
- **پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ شەهیدانی کوردستان و درێژەدانی ڕێگایان**
- **جامانە و جلی خاکی نیشانەی پاراستنی کلتووری کوردەواریی و هاوڕەنگ بوون لەگەل پێشمەرگەی کوردستانە**

هەموو ئەو چالاکی و هێمایانە بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری ئێران دەرخەری ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی ویست و داخوازییەکانیان چەندە یەکگرتوون و پاڵپشتی یەکترن. بەتایبەت لە ناوچەکانی هەستیاریی ئیلام و کرماشان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شـکۆی کـوردەواریی لە دەنگـی داوە و ڕژێـم کە بە هەمـوو پیلانێـک دژی کلتـوور و شوناسـی کـورد چـالاکی دەکـرد، پیلانەکەی پووچەڵ بووە و گوتاری ناسیونالیستی و نەتەوەیی و شوناسخوازی بەسەر کۆنەپەرستیدا سەرکەوت.

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات پەیامی شۆڕشی ژینای بە شێوەیەکی مەدنیـانە پێشکەش کرد، ئەو پەیـامەی کە ژن ژیـان ئـازادی دونیـا تەنی و دەنگی کپ کراوی خەڵکی ئێران و کوردستانی بە دنیا گەیاند.

جارێکی تر حەماسە و بەرخـۆدانی خەڵکی خۆشەویستی ڕژهەڵاتـی کوردسـتان لە بۆنەکـانی نەورۆز دا بیسـترا و سەلماندیان هەتا سەربەخۆیی و ئازادی هەدا نادەن.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەورۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاتی شۆڕشی ژینا



**نەهیە خۆشکەلام**

**«...لێم مەدە، کە بۆچی گۆرانی دەڵێم، من کوردم، باوانی من ئەویندارییان، دەردەکانیان، خەبات و بوونیان لە گۆرانی و سروودەکاندا بۆ من بە یادگار بەجێ هێشتووە. دەزانم کە ئازارت دەدات، بەڵام من دەبێت بێژم و تۆ دەبێ ببیستی و گوێ لە گۆرانییەکەم بگری. من مەدە بەر لێدان و ئەشکەنجەم مەدە! لە بەر ئەوەی کە لەکاتی ڕێ ڕۆیشتندا دەنگی پێیەکانم دێت، ئاخر دایکم فێری کردووم بە هەنگاوەکانم لەتەک زەویدا قسە بکەم. لە نێوان من و خاکدا پێوەندییەک هەیە و پەیمانێک کە زەوی پڕ لە جوانی و پڕ لە خەندە بکەم...»**

زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کورتە فیلمانەی کە لە نەورۆزی ڕۆژهەڵات گیراون، من چەندین جار دوبارە و دوبارە لێم داوەتەوە و هەموو جارێک بە دیتنی ئەو فیلمانە کەوتومەتە یادی فەرزادی کەمانگەر و نامەکانی. بە دڵنیایی دیتنی نەورۆزی ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵات زۆرینەمانی پەلکێشی وڵاتی ئەوین و خۆر کردەوە و جارێکیتر پرسی خاک و نیشتمانی سەرلەنوێ کردەوە بە ڕۆژەڤ و ئەسپاردییە دەست نەسیمی دەم ئەتڵەسی دەمەوبەهاران تا ڕۆح بە بەر وشەکاندا بکات، تا بە زایەڵەی سەمفونیایەکی ئەرخەوانی بە باڵای چیاکانی ئەم دەڤەرەدا هەڵبگەڕێت و ماچ لە گۆنای ئەستێرە بدات بۆ دوبارە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاكەلێوەی: ٢٧٢٤

دایكبوون و نۆتەی هەرمان بۆ میللەتێک بچڕێتەوە كە قورسایی مێژوویەک خەبات لەپێناو مان و نەمانی لە پەراوێزی جیهاندا لە سەر شانە. بەرخۆدانێک كە گشت جارێک ڕێک لەو كاتانە كە هەمووان پێیانوایە ئیتر ئەمە كۆتاییە، دوبارە قەقنەس ئاسا سەرلەنوێ لە خۆڵەمێشی خۆێدا لە دایک دەبێت و سەرهەڵدەداتەوە.

دیمەنەكانی نەورۆزی ئەمساڵ و وانەكانی بە وێناگەلێكی جیاوازتر لە جاران بۆمان دێنە پەیڤین و نیگاری تابلۆیەكی نوێی بێوێنەمان بۆ دەنەخشێنن، سنووری مەڵبەندێكی تازەمان بۆ دیاری دەكات كە ئاوسی لە دایكبوونی مانیفستێكی نوێیە و وەلامێكی نوێی بۆ ئاڵۆزییەكانی پرسی كوردستانی پێیە، دەڤەرێک كە بۆتە سەنتەر و بەرەو ئەوە دەچێ تا گۆڕانكاری لەو وێژمان و نۆرمی سیاسی/ كۆمەلایەتی و نەتەوایەتییەدا دروست بكات كە تا ئێستا باو بووە و ماڵباتی كوردی ئەو سیاسەتەی بەڕێوە بردوە. پارادایمێكی تازە كە خەریكە دەخوڵقێت و دەچێت تا لە بنەڕەتەوە زۆر شت هەڵتەكێنێت!

بۆ دوبارە نووسینەوەی ڕۆژهەلاتی كوردستان با سەرێک لە ڕووبەری پانتای بەرفراوانی نەورۆزێ ئەمساڵ بدەین، نەورۆزێک كە گەلێک جیاوازترە. نەورۆزێک كە جوغرافیای ڕۆژهەلاتی كوردستانی سەرلەنوێ داڕشتەوە و بە كولتووری سیاسی تایبەت بە خۆی خەریكە تا باكوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژهەلاتی كوردستان پێكەوە ببەستێتەوە و هێور هێور خەریكە ناوچە دابڕێنراوەكان دەگەڕێنێتەوە تا قەڵەمڕەوی كوردستانی بەرفراوانتر بكات. نەورۆزێک كە داوێنی زنجیرە چیاكانی زاگرۆسی پڕاوپڕ لە شەكانەوەی هەوری و گوڵەونی و گوڵی سوور و جامانەی ئاڵا و والا كرد. نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزێكە لە جنسی داربەڕووەكانی نیشتمان كە ڕەگ و تان و پۆیی بە ناخی ئەو عەرزەدا چۆتە خوار و پڕ لە جوانی و لێوانڕێژە لە هێماكان و نمایشتی ڕەسەنایەتی دەكات!

نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەلات نەورۆزێک بوو كە لە نەوعی خۆێدا نەک لە ولاتی ئێران بەڵكوو لە گشت ئەو ناوچەدا بێوێنە بوو. پاش ئەو قوربانی و سەركوتە بەردەوامەی كە ڕۆژهەلاتی كوردستان بە دوای شۆڕشی ژینا بە خۆیەوە بینی زۆربەمان پێمان وابوو كە لەوانەیە مەودایەک بخایەنێ تا ڕۆژهەلات دوبارە هەڵبستێتەوە، بەلام خەڵكی ڕۆژهەلات لە مەودای ئەم دووساڵەدا واتە لەدەسپێكی شۆڕشی ژیناوە تا ئێستا بۆ كات و ساتێكیش نەوەستاون و زیندووتر لەهەمیشە بە كەڵک وەرگرتن لە مۆدێرنترین ئامرازەكانی دنیای سەردەم و بە دیموكراتترین شێوازكان پێشەنگایەتی خەباتێكی فرەڕەهەندی بەرفراوان دەكەن كە بۆتە پارادایمێک و بنەڕەتی و بەكاوەخۆ خەریكە تا گشت ڕووداو و بۆنەكان بكوردێنێت و خوێنێكی تازەی خستۆتە دەماری خەباتی نەتەوەیی میللەتی كورد و جار لە گەڵ جار بە ئاكتەكانیان ڕامان دەچڵەكێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر لە شۆڕشی ژیناوە بیگرە تا ئەم نەورۆزە کە ژن تیایدا بۆتە ناوەند و بزوێنەری سەرەکیی ئەو خەباتە و هەروەها پرسی ژن تیایدا بەتەوەر کراوە. هەر خودی بەتەوەربوونی پرسی ژن گۆڕانکاری بنەڕەتی دروست کردوە و بۆتە هەناوی وێژمانێکی نوێ کە تەنانەت ڕۆحی کردەوە بە بەر دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی» و ئەو دروشمەی کرد بە هەژموونی کە نەک بە تەنها وڵاتی ئێرانی داگیر کرد، بەڵکوو پریشکی هاویشت و سنووری تێپەڕاند و گشت جیهانی هێنایە جۆڵە و تەنانەت ڕوخسارێکی نوێی مافخوازانەی بە ڕەوایی پرسی کوردستان بەخشی و تێڕوانینێکی مەعریفی نوێی سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد خوڵقاند، گەلێک کە سەرەڕای ئەوەی بێوچان بە درێژایی مێژوو مەجبوور کراوە چەکدار بێت، چیتر لە دەلاقەی لولەی تفەنگەوە نادوێت تا وەڵامی ئەو شەڕە داپڵۆسینەرە داسەپاوە وێرانگەرە چەکدارییە بداتەوە کە داگیرکەر پێمان دەفرۆشێت، بەڵکو تەواوی ئەو کەرەسە و پاشخانە مەعریفی و کولتووری و فەرهەنگی و هونەری و تەنانەت نەریتیەکانیش لە پێناو باسکردن و هەروەها مسۆگەر کردنی باس و خواستی خۆی دەکوردێنێ و دەیکات بە ئەکت تا خەباتی پێ بکات. میللەتێک کە هێدی هێدی دەڕوا تا باس و خواستی سەروەریی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە کولتوور بکات و گشت بۆنەکان دەقۆزێتەوە تا بیکات بە دەرفەت بۆ دەربڕین و پێشاندانی شوناسخوازی سیاسی/ کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کورد. جا ئەگەر وێژمانی شەقامی کوردی، گوتار و پەیامی خەڵکانێک کە لەنێو چەقی ڕووداوەکان و لە ژێر دەستی دەسەڵاتیکی داگیرکەری تا سەر ئێسقان توندوتیژ ناوی «ڕیئاڵپۆلتیک» نەبێت، نازانم چیتر هەیە کە بتواندرێ ئەو ناوەی لە سەر بنرێت؟

لە گشت ئەو بۆنانەی کە نەورۆزی ئەمساڵ کران گەر دایک یان باوک یان کەسوکاری شەهید و گیانبەختکردوویەکی لێ بووبا، ئەوان هەوەڵین کەسەکان بوو کە دەبوونە پێشەنگ و مەشخەڵیان پێدەدرا هەتا ئاگری نەورۆز دابگیرسێنن. ئەوان بوون کە بە دەم ئەسرین و گریانەوە چۆپییان دەکێشا و جاریکتر پەیمانیان لە گەڵ زێد و خاک نوێ دەکردەوە. کاتێکیش کە دەهاتنە گۆ هیوا و بڕواکانیان کە تەژییە لە ناسۆری برینیکی سارێژ نەکراو ئاوێتەی زەردەخەندەیەکی ئەفسوناوی دەکرد و دڵیان دەکردنە لانکە و زەریائاسا جەستەی زامداری ئەو خاکەیان دەلاواند و بە مزگێنی هەڵاتنی خۆر دەستیان بە سەر ئاسۆ دوورەدەستەکاندا دەگرت و بە باڵای ڕۆژدا هەڵدەچوون تا لەنێو مێرگی شینی ئاسمانی کوردستان سەمفۆنیایی تافگەیەک لە ئامانجە مرۆییەکان بچڕنەوە، تا پەل بهاوێژنە نێو دوورترین خانەکانی ڕۆح و پەرجوو دەخوڵقێنن و شادەماری خەباتێکی فرەڕەهەندی کوردستانی دەبوژێننەوە. بەڵێ، ئێرە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە کاتی شۆڕشی ژینا.

ڕیچارت هاس لە کتێبی "سیاسەتی دەرەوە لە ماڵەوە یان لە ناوەوە دەست پێ دەکات"دا، باس لەوە دەکات کە مامەڵەی ناوەوەیە لە درێژخایەندا سیاسەت و ڕوانگەی دەرەوە دادەڕێژێت. بۆ نموونە باس لە وڵاتی ئامریکا دەکات و ئەوە کە وڵاتی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئامریکا پێش ئەوەی لە دەرەوە هێز بێت، لە نێوەوە بوو بە هێز و کرا بە ئایدیا و پراکتیزەی ئەو ئایدیایە لە نێوەوە دەست پێ دەکات. ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەرێت برووسکەی جێگیربوونی ئەو ئایدیایە کە خەریکە مومارسەی پێ دەکرێت و بە کاوەخۆ دەچێ تا دەست بە سەر هەموو جومگەکانی ژیانی ئاسایی - ئابووری و کۆمەڵایەتی - سیاسی و ژینگەیی ڕۆژهەڵاتدا بگریت و ئاویتە لە گەڵ بەستێنی گشت بۆنەکان دەبێت و پەلدەهاوێژێتە ناو کەلەپوور و هونەر و شێعر و ئاواز و تەواوی وزە و هێزی وەگەڕ دەخات بۆ خزمەتی پراکتیزە کردنی ئایدیای کوردستانی بوون.


بەهار هەر دێت
پێش بەم بەهارە ناگیرێت
ئەگەر باخچەش بکەچڵێنن
ئەگەر هەموو دارستانیش بسووتێنن
بەهار هەر دێت
پێش بەم بەهارە ناگیریت*!
شێعرێک لە نووسینی ک.د.ئازاد *

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانیدا



ئاشق ئیسماعیلی

بەرەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەوکاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەرەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقولاغ"ی لە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی، داری بێدادییان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی، سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی، وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی، نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەوکاتی ئێرانیان لە سێدارە دا.

پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵ و منداڵی هاونیشتمانانی بکاتە قوربانی، لەژێر داری ئێعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیاندا حەشار دابوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگە ئەوكات و لەو هەلومەرجە دژوار و سامناكەدا كە كۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی كورد كارەساتێكی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتكەی سەركەوتندا دەدی، مانا و نێوەرۆكی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو نەبوون. بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەكانی قۆناخەكانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی كورد لە هەموو پارچەكانی كوردستان، نێوەرۆكی ئەو وتانەی پێشەوا قازی‌یان باشتر ڕوون كردەوە و دەركەوت كە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی كوردستان، لەو كاتەدا كە دێوەزمەی مەرگی لە بەرانبەر خۆیدا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە، دروشمدان نەبووە و پێشبینییەكی كردووە، كە دواتر بەتەواوی ڕاستبوونی دەركەوتوە.

**پێشەوا فەرمووی:**

**"ئێوە بە لە سێدارەدانی من هەر قازی محەممەدێک دەكوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نییە كە هەر تاكێكی نەتەوەی كورد قازی محەممەدێكە و ڕێگای ئەو خەباتە درێژە دەدات"**

لە ڕاستیشدا هەر وا بوو. ئەمڕۆ، زیاتر لە حەوت دەیە دوای شەهیدبوونی پێشەوا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی قازی، لە مێشک، هەڵسوكەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی كورددا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش كە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵكرا، لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی كورددا دەشەكێتەوە.

**پاشان كاتێک ویستیان چاوی ببەستن و قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:**

**"ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانمدا شەرمەندە نیم كە چاوم ببەستن، بەڵكوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دوایین ساتەكانی ژیانمدا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن دڕ بە تاریكی دەدا. بژی نەتەوەی كورد، بژی ڕزگاریی كوردستان"!**

ئەو وتەبەرزە پڕهەست و بوێرانەیە ئەوەندە بەهێز بوو، كە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕوحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێكەڵ بوو. هەر لەو كاتەدا شنەیەكی نەرمی بەهاری لە "كلكەی خەزایی" و "مەحموودكان"ەوە هەڵیكردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەكانی دەم جۆگەكانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش كرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەرورووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و كوردستاندا بڵاو بۆوە و، خۆی بە هەموو ماڵە كوردێكدا كرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی كوردستانی لە دڵی كوڕان و كچانی كورددا چاند.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی تازیەدار دەکا و شەبەقی زێڕینی خۆی بە سەر "چوارچرا"، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆماردا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە ڕووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کڕنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبواری ڕێگای دەبا و پاشان نێوەرۆکی پەیامەکەی پێشەوا لە توێی تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:

**"تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"**

**یان:**

**"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە"!**

ئێستا، وەک ئاماژەمان پێ کرد، دوای تێپەڕینی ٧٨ ساڵ بەسەر جوانەمەرگبوونی کۆمار و شەهیدکرانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانیدا، بەڕوونی دەرکەوتوە کە سەرەڕای ئەوپەڕی زەبروزەنگی دوژمنان، بیری ڕزگاریی کورد و کوردستان نەک هەر لەکەمیی نەداوە و هەروا زیندووە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەکردنی زیاتردایە و تێکۆشەرانی کورد لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بە دەرسوەرگرتن لە مێژوو و بەکەڵکوەرگرتن لە زۆر شێوەی نوێ، تێدەکۆشن و ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەیان بەرز ڕاگرتوە.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا و لە ساڵوەگەڕی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازیدا، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماکۆوە تا ئیلام، میلیۆنان مەشخەڵی ئاگرین کە بەڕوونی ڕەنگدانەوەی ویست و ئامانجی ڕزگارین، لە دەستی نەوەی نوێی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێنەوە و میلیۆنان ڕێبواری ڕێگای پێشەوای نەمر،

**لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە و یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە مەزنە دا، دەڵێن:**

**"بەڵێ، تۆ شەهید بووی، کورد ما**
**تێکۆشان و دەســـــــتوبرد ما**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

کوورەی خەبـــات نەکوژایەوە
ڕابوون هەرگیز نــــەبڕایەوە

ئەو دەرســەی بە کوردت داوە
لەبیر ڕۆڵەکانـــــــــت ماوە

بۆتە خوێـــــنی نێو دەماریان
بۆتە دروشم و هــــــاواریان

هێز دەبەخشێ بە هەنگاویان
ڕوونـــاکی دەدا بە چاویان

فێریــان دەکا ڕێ ون نەکەن
متمانە بە دوژمــــن نەکەن

ئێستا لە هەموو کوردستان
مەڵبەندی خەبات و هەستان

ئاڵات جەنابی ســـەرکۆمار
هەڵدەدرێ لە دێهات و شار


بە دەست ئاشـقانی ڕێتەوە
هەر بەرزە و دەشـەکێتەوە"

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ١٢ی خاکەلێوە، دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە نەهامەتییەکان



**شەماڵ تەرغیبی**

١٢ی خاکەلێوە لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژێکە کە وەبیرهێنەرەوەی ساتەوەختێکی تاڵە بۆ گەلانی ستەملێکراوی ئێران و ڕۆژی سەرکەوتنی پیلانێکە کە تێیدا سپای جەهل سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند.

١٢ی خاکەلێوە کە وەک بانگەشەی بۆ دەکەن ڕۆژی کۆماری ئیسلامییە، هاوکاتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی خولێکی نوێ لە ستەم و هەڵاواردن و چەوسانەوە. لەم ڕۆژەدا و پاش فرتوفێڵی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووانی ڕێژیمی میراتگری پاشایەتی و لە ڕێفراندۆمێکی ساختە کە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوە بەڕێوە چوو، کۆماری ئیسلامی پایەکانی دەسەڵاتە نارەواکەی لە ئێراندا چەقاند و خۆی بەسەر دانیشتووانی ئەو جوغرافیایەی بە ئێران دەناسرێ فەرز کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی شانازییەکی کەموێنەیە بۆ گەلی کورد بە گشتی و بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی. لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨دا و لە کاتێکدا هێشتا تەپوتۆز و کەفوکوڵی شۆڕشی بەتاڵانبراوی گەلانی ئێران نەنیشتبوویەوە و هێشتا خەڵک بەرچاوڕوونییان نەبوو لەهەمبەر داهاتووی وڵات، سەرانی کۆماری ئیسلامی بە خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن و وەڕێخستنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێفراندۆمێکی نمایشی و ساختە و خستنەڕووی دوو بژاردەی کۆماری ئیسلامی ئەرێ یان نا؟ خەڵکیان لە پەلەپرووزەیەک هاویشت کە ناچار بن لە تاوی ئاگر پاڵ وە ئاوەوە بدەن!

ڕێفراندۆم بەڕێوە چوو و ئەگەرچی هەندێ لایەنی سیاسیی دەروەست و لە سەرووی هەمووانەوە حیزبی دێموکرات بە گومانەوە لە شێوازی بەڕێوەچوون و هەروەها لە نێوەرۆکە نادیار و شاراوەکەیان دەڕوانی و ڕایانگەیاند کە ئەم بەناو هەڵبژاردنە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیکی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵام دیتمان کە خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری ئێران، جیا لە کوردستان، فریوی دروشمە زریقەوبریقەدارەکانی خومەینی و دارودەستەکەیان خوارد و دەنگیان بە سیستمێک دا کە تا ئەودەم لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا تاقی نەکرابۆوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا ئێمە یادی ئەو ڕۆژە نگریسە دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە نێو چەندین قەیرانی گەورە و لە ئەنجامی ئیدارەکردنی ناسەردەمیانە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاریشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرەوڕوو بۆتەوە کە تەنانەت بینەقاقای خۆیشی گرتووە. ئەگەر تا دوێنێ ئاستی ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە هەندێ هەرێمدا یان تەنیا لە چەند سووچێکی ئەو جوغرافیایەدا دەبینرا کە بە ئێران دەناسرێ، ئەوا ئەمڕۆ ئاست و ڕووبەری ناڕەزایەتییەکان ئەوەندە تەشەنەیان سەندوە کە تەنانەت لە ئاستی هەرەبەرزی دەسەڵاتیشدا دەنگی ناڕازی دەبیسترێ؛ هەڵبەت جیاوازی ئەم دوو جۆرە ناڕەزایەتییانە لەوەدایە کە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە چوارچێوەی ئەو مافە بنەڕەتییانەدایە کە لێیان زەوت کراوە بەڵام ناڕەزایەتییەکانی دەسەڵاتبەدەستان لەو بازنەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ کە چاونەزێرانی حکومەتی بۆ چرینی تیکەیەکی زیاتر لە خاکی ئەم وڵاتە دەکەونە شەڕ لەگەڵ یەکتر و بەسەروگوێلاکی یەکتردا دەدەن.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە پێمانبوون بەو ڕاستی و کەتوارەیە کە دەسکەوتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران و لە سەرووی هەمووانیشدا گەلی کورد پاش زیاتر لە ٤٤ ساڵ دەسەڵاتداری تەنیا و تەنیا چەوسانەوە، ستەم، هەڵاواردن و هەوڵدان بۆ پاکتاو و لەنێوبردن بووە نەک زیاتر. ئەمەش بەو هۆکارەی کە لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە نەهاتە سەر کار تاکوو خزمەتی خەڵکانی خێرنەدیتووی ئێران بکات بەڵکوو ئامانجی سەرەکییان گیرکردنی کەڵپەی ناحەزیان لە گیان و ژیانی خەڵکانی ئەم جوغرافیا بوو کە وەک دەبینین بەو ئامانجەش گەیشتن و لەسەر بنەمای ژیانی ئەم خەڵکانە خۆیان و کوڕ و کچەکانیان گەیاندە باڵاترین پێگەکانی دەسەڵات کە دەستیان بە هەموو سەرووەت و سامانەکانی وڵات ڕادەگا و لە بەرامبەریشدا وەک باس کرا خەڵک لە مافە ئەساسیی و سرووشتییەکانی خۆیان لەوانەش خۆشبژێوی و ئازادی و مافی ژیانی سەردەمیانە بێبەری کران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

ئەم دۆخە وەک لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی ژینا دیتمان گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و بەرهەڵستبوونەوە و دژکردەوەی توندی خەڵکانی ئێران بە پێشەنگایەتی گەلی کوردی لێ کەوتەوە؛ ئەمڕۆ چیدیکە گەلانی ستەملێکراوی ئێران وەک ساڵی ٥٨ و ٥٩ ناچنە ژێر باری کەشی داتاشراو و درۆیین و داسەپاوی پاش ١٢ی خاکەلێوە و داوای هەموو ئەو مافانە دەکەن کە بە ناوی ئایین و بە بەرگی یاساوە لێیان زەوت کراوە؛ مافی ئازادی، مافی ژیان، مافی یەکسانی، مافی دیاریکردنی چارەنووس.

بە دیوێکی تریدا ئەوان بەو ئاکامە عەقڵانی و مەعریفییە گەیشتوون کە تەنیا ڕێگای دەربازبوون لە چەرمەسەرییە نەهادینە و بە سیستماتیککراوەکان لە ئێران نەهێشتن و لەنێوبردنی دەسەڵاتێکە کە بە کۆماری ئیسلامی دەناسرێ و ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی وەک ڕۆژی ناسینی خۆی دیاری کردوە؛ ئەمەش کاتێک دەکری کە ئێمە وەک ئەرکی سەر شانمان لەم ڕۆژەدا کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرەی کە هەیە بناسین و بە خەڵکی دیکەشی بناسێنین نەک ئەو جۆرەی کە خۆی هەوڵ دەدا بیناسێنێت؛ کۆماری ئیسلامییەکی لێوانلێو لە درۆ، فریوکاری، تاوان و تاڵان.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئاسوودە بنوو حەزرەتی پێشەوا!




**ڕەزا دانشجوو**

## گێڕانەوەی یەکەم

پێشەوا لە نامەحکەمەی پەهلەویدا خەریکی شیکردنەوەی ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانی کۆمارە. پێشەوا ئاگادار لە ئاکامی مەحکەمە گاڵتەجاڕییەکەی پەهلەوی بۆ مێژوو قسە دەکات نەک بۆ ڕزگاربوونی خۆی! بۆ کەسێک کە بە چاوێکی کراوەوە چووبێتە پێشوازی مردن، هەوڵدان بۆ مانەوە بێمانایە. پێشەوا ئاگادار لە بارودۆخی نەگونجاوی ئێران و دەسەڵاتی گەندەڵی پەهلەوی باشتر لە هەر کەسێکیتر دەیزانی کە هەمان ڕۆژ کە کۆماری کوردستانی لە چوارچرا ڕاگەیاند حوکمی لەسێدارەدانی خۆی واژۆ کردوە. مانەوە و تەسلیمبوونی پێشەوا هەوڵێک نەبوو بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی، بەڵکوو تێکۆشانێک بوو بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی گەلەکەی و پاراستنی نەمامی تازەچێندراوی ناسیۆنالیزمی کوردی. نەمامێک کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو و هێرشی با و باران دەیتوانی بە مانای لەنێوچوونی بێت.

دەڵێن هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی هێشتا دەروازەکانی تارانیان بۆ سەرکوتکردنی کۆماری ئازەربایجان بەجێنەهێشتبوو،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"جەعفەر پیشەوەری" پەنای بو یەکیەتیی سۆڤیەت برد و لەوێ نیشتەجێ بوو! پێچەوانە کاتێک تاقمێک لە کەسانی نزیک لە پێشەوا داوایان لێ کرد کە ئەویش زێد و نیشتیمانی خۆی بەجێ بهێڵێت و پەنا بۆ باقرۆف ببات، پێشەوا زۆر بە توورەییەوە وەڵامی دایەوە: "هەرکەس دەترسێ و نایهەوێت بمێنێتەوە خۆی ڕزگار کات و بڕوات، بەڵام ئەمن هەرگیز خەڵک و نیشتمانم بەتەنیا جێ ناهێڵێم". هەڵبژاردەی پێشەوا مانەوە بوو. ئەمە ڕێبازی بوو، خەونەکانی پێشەوا بۆ کوردستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان تازە دەستی پێ کردبوو، ئامانجی پێشەوا زۆر گەورەتر لەوە بوو، ئەو هەر لە دەسپێکی ڕاگەیاندنی کۆماردا دەیزانی ڕەنگە ڕووبەڕووی چ چارەنووسێک بێتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی پێشەوا چیایی بوون.

کچی پێشەوا دەگێڕێتەوە: "هەندێکجار دایکم نیگەران لە داهاتووی خۆی و منداڵەکان نارەزایی بەرانبەر بە باوکم دەربڕی و دەیگووت: دەزانی دوای تۆ چی بەسەر ئەم منداڵە بێتاوانانەدا دێت؟" پێشەوا لە وەڵامدا دەیگووت: چاوەڕێی ئەوە مەکە لە پێناو منداڵەکانم پشت لە گەلەکەم بکەم!" باخەوانێکی لەسەرەخۆ و ساحێب سەبر کە باوەڕ و ئیمانی بە کارەکەی هەیە و بەبێ ترس لە ئافات و سەرما و بەستەڵەک چاوەڕێی گەورەبوونی ئەو نەمامەیە کە خۆی چاندوویەتی. نهێنیی مانەوەی پێشەوا لە دڵی خەڵکەکەی و نیشتیمانی، باوەڕ بە خۆبوون و ڕێگا و ڕێبازی هەڵبژێردراوی و سووربوون لەسەر بیروباوەڕەکانی بوو. بێگومان ئەگەر پێشەوا لە کوردستان نەمابایەوە و پەنای بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت بردبا، نە ناوێک لە پێشەوا لەنێو کورددا و نە هیچ شتێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەماوە. پێشەوا و کۆماری کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ڕێبازی ناسیۆنالیزم کوردییە. دامەزراندنی حیزب و تێپەڕاندنی تاقمێک ئاستەنگ و بیروباوەڕی نادروست وەک عەشیرەگەرایی دامەزراندنی ڕۆژنامە و یەکیەتیی ژنان هەنگاوگەلێکی گەورە بوون لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی بیری هاوبەش لە کوردستاندا.

خاڵێکی گرنگی تر لە سەردەمی پێشەوادا ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی خەڵک هاوکات لەگەڵ باوەڕ بە جودایی ئایین لە سیاسەت بوو، ئەمەش وای کرد پێچەوانەی بانگەشەی درۆ و پڕۆپاگەندەی فاشیزمی فارسی هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەبێت. ئەو ڕۆژەی پێشەوا لە چوارچرا لەم شوێنەی کە ماوەیەک لەوەی پێش کۆماری ڕاگەیاند لەسێدارە درا، تەنیا شتێک کە بیری لێ نەدەکردەوە خۆی بوو! پێشەوا بە دڵێکی ئارامەوە ماڵئاوایی لە کوردستان کرد، چونکە دەیزانی بە مردنی خەڵکەکەی لە کۆمەڵکوژیی داگیرکەر پارێزراو دەبێت. پێشەوا دڵنیا بوو هیچ شتێک ناگەڕێتەوە پێش سەردەمی کۆمار و ئەم ڕێگا ڕزگارکەرەی کە ئەو دەستی پێ کردوە و ڕچەی شکاندوە، ڕۆژێک دەگاتە شوێنی مەبەست.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## گێڕانەوەی دووەم

باوکی شەهید کۆمار دەرئوفتادە یەکێک لە شەهیدانی شۆڕشی ژینا، لە کاتێکدا شەهیدبوونی کورە تازەلاوەکەی دڵی هەرکەسێکی خاوەن شەرەفی ئازار دەدات، بە سەبرتر لە جاران، بە ئیرادەیەکی پتەو، دەڵێت: ناوی کورەکەی کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، لە دایک بووە بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە مێژووییە ناو ناوە "کۆمار" و، ئێستاش شانازی دەکات کورەکەی هەر لەم ڕێبازەدا شەهید بووە. سەرسوڕهێنەرە! دوای نزیکەی هەشتا ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا، ئێستا باوکێک کورە ڕەشیدەکەی و گەورەترین سەرمایەی ژیانی پێشکەشی ڕێبازی پێشەوا و ئازادی کوردستان دەکات.

باوکی شەهید فەریدون ئەحمەدی لە سەقز بەبێ ئەوەی گلەیی لە کەس بکات خەریکی هەڵقەندنی گۆڕی کورە خۆشەویستەکەیەتی. لەجیاتی گریان و ماتەمین باس لە پێویستی یەکگرتن و درێژەدان بە خەبات دەکات، داوای یەکگرتوویی لە خەڵک دەکات بۆ ئەوەی ئەم ناعەداڵەتی و کۆنەپەرستییە نەمێنێت و کۆتایی پێ بێت.

شەهید شەهریار محەممەدی لە تەنیشت جەستەی بێگیانی شەهید محەممەد حەسەنزادە دانیشتووە، بۆ هاوسەنگەرە شەهیدەکەی نائارامە، شەهریار تاکەڕێگا و بژاردەی مومکین درێژەدان بە خەبات و بەرخۆدان دەزانێت. شەهریار هەرگیز هاوڕێکەی بە تەنیا جێ نەهێشتوە و هەرگیز بە تەنیا جێی ناهێڵێت. ئەو دڵنیایە مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئازادی، دەبێت باجەکەی بدات، و بەبێ بەرخۆدان و شەهیدبوون ناتوانرێت ئازادی بەدەست بهێنرێت.

## گێڕانەوەی سێیەم

نەورۆز و کوردستان دوو هاوڕێی لەمێژینەن. نەورۆز ئەم وڵاتەی زۆر خۆش دەوێت، کەس وەک کورد ڕێزی لێ ناگرێت، کەس وەک کورد چاوەڕوانی هاتنی ناکات. کورد ساڵانێکە چاوەڕێی ڕووداوێکی گرنگە لە نەورۆز. ساڵانێکی زۆرە کورد خەون بە نەورۆزێکەوە ئەبینێت، نەورۆزی ڕزگاری و نەورۆزی بێ داگیرکەر. کوردستان پڕە لە گۆرانی و داهێنان، گەنجانی کورد دەست لە نێو دەستی یەکتر کاتی نەورۆز بە پانتایی جوغرافیای کوردستان گۆرانی ڕزگاری دەڵێنەوە. بۆ کورد هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک چیرۆکێکی جیاوازە و دەکرێ کتێبێکی چەند سەد لاپەڕەیی لەسەر هەڵپەڕکێ بنووسرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەورۆز و هەڵپەڕکێ ناسنامەی کورد و کوردستانن. لە هەر شوێنێک نەورۆز و هەڵپەڕکێ هەبێت، بێگومان کورد لەوێیە یان سەردەمێک لەوێ بووە. بەڵام نەورۆزی ئەمساڵ زۆر جیاوازە و خوێنێکی تازە ڕژاوەتە نێو دەمارەکانی جەستەی ماندووی نەورۆزەوە. هەموو شتێک بۆنی تازەیی لێ دێت. ئەمجارە دەسماڵی چۆپی لە دەست بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە، پێویستە هەموو لەگەڵ سەرچۆپی هەماهەنگ بن. ئێستا مەشخەڵ لە دەستی ئەو کەسانەدایە کە زیاتر لە هەموو کەس ئاگاداری چونیەتیی ڕێگاکەن و هەڵدێرەکان باش دەناسن. دەزانن بۆ لەنێوبردنی تاریکی و گەیشتن بە ڕووناکی دەبێت چی بکرێت. پڕن لە ئیرادە و کۆڵنەدان! داخ لە دڵ، بەڵام پڕ لە سەبر و خۆڕاگر بۆ گەیشتن بە لوتکە و ئامانجی کوتایی.

## لە بەهار هەتا بەهار

ئەو نەمامەی کە پێشەوای نەمر نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر بە باوەڕ و ئیمان بە ئامانجەکانی و داهاتوو و ڕزگاریی گەلی کورد ناشتبووی، ئێستا بووە بە درەختێکی بەهێز. درەختێک کە ڕەگ و ڕیشەی بە پانتایی جوغرافیای بەندکراوی کوردستان لە ئاگرییەوە تا دالاهۆ بڵاو بووەتەوە. نەمامێک کە بە خوێنی پاکی هەزاران شەهیدی کوردستان پاراو کراوە. ئەوانەی خەونی بڕینی ئەم دارە دەبینی، ئێستا زیاتر لە جاران بۆیان دەرکەوتوە کە بڕینی ئەم پیرەدارە کاری وان نییە. لە سێبەری ئەو بزووتنەوە مەزنەی کە پێشەوا بەردی بناغەی دانا، ئێستا نەک هەر نەمامەکە بوتە دارێکی زەبەلاح، بەڵکوو لە سایەی فێرکارییەکانی جەنابی سەرکردە، کوردستان پڕ بووە لە باخەوانی باوەڕمەند و لەسەرخۆ کە بۆ پەسەندکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵات ئامادەی هەموو جۆرە گیانفیداییین بیر و هزری پێشەوا لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر بڵاوبووەتەوە، ئێستا باوکان و دایکانی کوردستان، قوتابیانی بەئەمەگی قوتابخانەی پێشەوا، شانۆگەر و سەرکردەی مەیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتن.

لە ساڵیادی هەڵفڕینی باڵندە ئێسکسووکەی ئاسمانی کوردستان، خەڵک دەستە دەستە سەردانی. گڵکۆی شەهیدانی ڕێبازی ڕزگاری دەکەن دەکەن و بە پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ پەیمان نوێ دەکەنەوە کە تا هەمیشە درێژەدەری ڕێگایان بن.

پەرۆش مەبە, جەنابی پێشەوا! دوای ڕۆیشتنت خەڵکی وڵاتەکەت بۆ ساتێکیش گومانیان لە ڕاستی و دروستیی ڕێبازەکەت نەکرد، کوردستانیان تا هەمیشە درێژەدەری ڕێگای بەڕێزتانن. پەرۆش کوردستان مەبە جەنابی پێشەوا! کۆماری کوردستان هەر زیندووە، زیندووتر لە هەموو کاتێک لە دڵی میلیۆنان کورد لە سەرانسەری ئەم جوغرافیای بەندکراوە، لە هەمیشە پڕ شکۆتر و پڕ بایەختر .



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

جەنابی پێشەوا! ئێستا ژنانی کوردستان بوونەتە مەشخەڵ هەڵگری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵات، خەونەکانتان خەریکن دێنە دی، ئێستا ژنانی کورد ئیلهامبەخشن و بەڵێنی ئازادی دەدەن.

ئاسودە بنوو جەنابی پێشەوا! کوردستان لە ڕێڕەوی ڕاسپاردەکانی بەرێزتان خەریکی گەیشتن بە ڕزگارییە. ئاسودە بنوو گەورەم کە کوردستان لەسەر هەست و بەخەبەرە.


**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەنگاوەکانی بەرەو لووتکە




عەلی بداغی

ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی سەرەڕای سەرکوتی بزووتنەوە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ئێران -بەتایبەت لە کوردستان بەهۆی خەباتی شوناسخوازیی کوردەوە- بەڵام بزووتنەوەی ناڕەزایی دژبە کۆماری ئیسلامی ساڵی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون بوو.

ساڵێ کە ڕابرد بۆ خەڵکی ئێران لە ڕووی گوزەران و بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەوە سەخت و دژوار بوو. لەو ساڵەدا لەسایەی قەیرانی ئابووری و گرانییەوە سفرەی خەڵک ئەوەندەی دیکە گچەتر و توانای کڕینیان هێندی‌تر کەمتر و، لەسۆنگەی دارمانی زیاتری بایەخی تمەنەوە ئاوسانی ئابووری هەوسارپچڕاوتر تەنگی بە ژیانی خەڵک هەڵچنی. ناسەقامگیریی ئابووری لە تەنیشت گەندەڵیی سیستماتیکی حکوومەتی بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازیی ئەوەندەی دیکەش پەک خست، کورتیهێنانی بودجەی ساڵ گەیشتە ٤٠٠ هەزار میلیارد تمەن و دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی دەستی لە گەرووی خەڵک نا و ناچار بە قەرزکردن لە بانکی ناوەندی و بردنەسەرێی نەختینەیی وڵات بوو. بەڵام هەوسارپچڕاوتر لە ئاوسان و هەژاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەندەڵییەکانی کاربەدستانی ڕێژیم بوو کە هەر سێ دەزگای مەجلیس، دەوڵەت و داد و هەروەها بنیات و ڕێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ماڵباتی خامنەیی دەگرتەوە کە بەشێک لەوان لەهەڵا دراون، وەک گەندەڵیی "چایی دێبش" کە بە هاریکاریی ڕاستەوخۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و بانکی ناوەندی کرا و بڕی سێ میلیارد و ٣٧٠ میلیۆن دۆلار ڕاگەیەندرا، یان گەندەڵی و بەرتیلخۆرییەکانی کوڕانی محەممەد موسەدیق کەهنەمووییی جێگری یەکەمی سەرۆکی دەزگای داد، تاڵانوبڕۆی کوڕەکەی قالیباف، سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامیی ڕێژیم و هەڵاتنی بۆ کانادا، گەندەڵیی ١٠٠٠ میلیارد تمەنیی ئاخوند محەممەدکازم سدیقی، پێشنوێژی هەینیی تاران و نوێنەری تایبەتیی خامنەیی، و گەندەڵی لە قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپا کە لەلایەن گرووپی هاکێریی "عەداڵەتی عەلی"یەوە لەقاو دران.

لەو بارودۆخە سەخت و دژوارە ئابوورییەدا مانگرتن و کۆبوونەوەی نارەزایەتیی سینفی لە شکڵی جۆراوجۆردا درێژەیان هەبوو. نارەزایەتیی کرێکاران بە دەرکردنیان لە کار یان کەمی و پێنەدانی مووچەکانیان، مانگرتنی ڕۆژانە و بەردەوامی خانەنشینکراوان هەرجارە لە شوێنێکی وڵات، نارەزایەتیی پزیشک و پەرەستارەکان و کەمئەندامان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لەگۆڕێدا بوو. بەڵام لوتکەی نارەزایەتییەکان و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەدا دەرکەوت، هەڵبژاردنێک بە بەشدارییی کەمتر لە سەتا ٢٠ی خەڵک کە بە هەموو فێڵ و تەڵەکە و ئامارسازییەکی حکوومەتی سەتا ٤١ ڕاگەیەندرا و لەلایەن خامنەییەوە بە "جیهاد" ناو برا. ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمە جێی شک و گومانی بۆ کەس نەهێشتەوە کە ئیدی نە خەڵک هیچ متمانەیەکی بە حکوومەت هەیە و نە حکوومەتیش ئامادەیە کەمترین دەسەڵات بداتە نیزیکترین کەسانی ڕەخنەگری خۆی.

ساڵی ١٤٠٢ لەکاتێکدا بە قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیییەکان و ناکارامەیی حکوومەت لە هەموو ئەو بوارانەدا تەواو بوو، کە بۆ ڕێژیم پرسی سەرەکی نەک بەخۆداهاتنەوە و وەڵامدانەوەی ویست و داخوازییەکانی خەڵک. بەڵکوو لە دەرەوەی هەڵایساندنی شەڕی نیابەتی بۆ تێپەڕاندنی قەیران و لە نێوخۆی وڵاتیش پێداگری هەر لەسەر بابەتە ئایدۆلۆژییەکانی وەک حیجاب بوو! دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر خامنەیی لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا چوار جار داوای لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی کرد وەکوو ئێران بچنە شەڕی دژی ئیسرائیلەوە، بەڵام کاتێک بێوەڵام مایەوە ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی میلیشیاکانی لە یەمەن، عێراق، سووریە و لوبنان. لە تەنیشت ناسەقامگیرکردنی ناوچە، پرسی ناوکی و ئەوە کە ئێران لە ئێستادا ئۆرانیۆمی پێویست بۆ دروستکردنی چەند بۆمبی ئەتومیی هەیە، کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەورووی زۆر ئەگەر و مەترسی کردووەتەوە کە قورسایی و تێچووەکەی لەسەر خەڵکە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

ساڵی ١٤٠٢ بۆ خەڵکی کوردستان بە پاشخانی پێشەنگایەتیی شۆڕشی ژینا جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە دەسپێکی ساڵەوە بە پێداگری لەسەر ستراتیژیی نەگۆڕی ئەمنییەتیکردنی پتری کوردستان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد شمشێری لە ڕوو بەست. ئێعدامی سەدان بەندیی کورد کە بەشێکیان زیندانیی سیاسی بوون، تێرۆری چالاکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەسبەسەرکردنی نیزیک بە هەزار کەس لە چالاکانی سیاسی، مەدەنی و ژینگەپارێز -کە بەشێکی بەرچاویان مامۆستایانی ئایینی بوون- کوشتنی دەیان زیندانی لەژێر ئەشکەنجەدا، کۆڵبەرکوژی بە شێوەی بەربڵاو و سەپاندنی سزای قورس و درێژخایەنی زیندان بۆ سەدان چالاکی سیاسی و مەدەنی بەتایبەت ژنان تەنیا بەشێک لە سیاسەتی تۆڵەئەستێنیی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە خەڵکی کوردستان سەبارەت بە ڕاپەڕینی ژینا بوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان لە ساڵی ١٤٠٢٢دا هەر وەک چۆن لە کۆبوونەوەی پارلمانی ئورووپادا ناوی ژینا و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کاتی پێدانی خەڵاتی ساخارۆڤدا دەنگی دایەوە، نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستاندا دژی بە هەموو سیاسەتەکانی ڕێژیم دا. بەڕێوەچوونی بەشکۆی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان بە لە خۆگرتنی تایبەتمەندییەکانی خەباتی شار و شاخ، لە دەرکەوتنی یەکیەتی و یەکگریی خەڵک بە پێشەنگایەتیی بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەت شەهیدانی شۆڕشی ژینا پێشانی دایەوە کۆمەڵگەی کوردستان نەک چۆکی دانەداوە، بەڵکوو قەڵەمبازێک بەرەوپێش چووە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پتر لە جاران بەرەو هەڵدێر بردوە.

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گوتاری نەتەوەیی ئێمە و ئالنگارییەکانی بەردەمی



(وتوویژ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، مافناس و مامۆستای زانکۆ)

دیمانە: عەلی لەیلاخ

"کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ باس لەسەر پرسێکی هەستیار وتووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، تێکۆشەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ پێک هێنا. تەوەری ئەم باسە گرینگە گوتاری نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوورەدیمەن و بۆشاییەکانی نێو ئەو گوتارە سیاسییە و دۆخی خەباتی کورد لە ئێران بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەم دیمانەیەی پیادە کردوە و پاش ئێدیتکرانی لەلایەن د. ئاسۆوە، بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.

**عەلی لەیلاخ**: د. ئاسۆ پێناسەکانی گوتاری نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی چین؟ گوتاری نەتەوەیی بە دیاریکراوی لەنێو حیزبی دێموکراتدا چۆن شکڵی گرتووە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەو بابەتە بابەتێکی پێکهاتەیی و بنەڕەتیی خەباتی ئێمەیە. ڕاستە خەبات لە مەیداندا دەچێتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێش و مەیدانداریی پێویستە، كەرەستەی ململانێی سیاسیی بە هەموو شێوەكانی بەتایبەتی بە شێوەی ماددی وعەینی پێویستە، كەرەستەی مرۆیی پێویستە، بەڵام پێش ئەوە ڕوانگەیەک دەبێ هەبێ بۆ خەبات كە ئەم ڕوانگەیە گوتارێک بەرهەم دێنێ. جا هەتا گوتارەكە ڕوونتر و قایمتر گەڵاڵە بكرێ، ئاراستەكردن و تەرجوومەكردنیشی لە مەیدانی كردەوەدا باشتر وەدی دێ. لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییە كە لەنێوان خەباتی كورد لە پارچە جۆراوجۆرەكانی كوردستاندا هەیە، دەتوانین بڵێین وێكچوونێكی زۆریش لەباری بنەماكان، تەزادە دەروونییەكان و پارامێترە دائیمی و بگۆڕەكانی پرسی كورد لەگەڵ پارچەكانی دیكەی كوردستان هەیە. ئەگەر بە شێوەیەكی مێژوویی چاوی لێ بكەین، لەگەڵ ئەوە كە ئێمە پێش سەردەمی مۆدێرنیش یانی پێش ئێرانی ئەمڕۆ خەباتێكی چەند سەت ساڵەمان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەكانی خۆمان هەیە و لە سەردەمی تازەشدا بەتایبەتی لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی كۆماری كوردستان و ئەوە كە حیزبی دێموكراتی كوردستان لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا دایڕشتوە و دواتریش لەگەڵ حیزبەكانی دیكە بردوویەتە پێش؛ ئەگەرچی لە فۆرموولە كردنی ستراتژیدا جیاوازی هەبووە و بەتایبەتی ئەمڕۆ فرەچەشنییەكی زیاتر لە پانۆڕامای سیاسیی خەباتی ئێمەدا هەیە، بەڵام لە كاكڵدا لە ڕۆژی ئەوەڵەوە هەتا ئێستا گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە -بەدەر لەوە كە چ فۆرموولێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی یا پرسی كورد لە ئێران پێشنیار كراوە- لەسەریەک گوتارەكە گوتارێكی سەروەریخوازانە بووە. دیارە سەروەریخوازی مەرج نییە هەر بە مانای سەربەخۆییخوازی بێ. سەروەریخوازی ئەوەیە كە لەسەر بنەمای خاک و ناسنامەی نەتەوەیی داوای گەڕانەوەی حاكمییەتی نەتەوەیی بۆ گەلەكەی خۆت بكەی، ئەمەش لە ڕێگای هێماسازی و نیهادەكانی بەڕێوەبردنی خۆت و خۆناساندن و خۆدەرخستنت بەڕووی ئەوانی دیكەدا لەسەر بنەمای ئەو خاک و ناسنامەیە. هەرلەوكاتەدا ئەو گوتارە گوتارێكی دەمارگرژ نەبووە و زەرفییەتی سیاسیی زۆر تێدا بووە. هەر ئەو زەرفییەتەشە كە وای كردووە كۆمەڵێک كەلێن و كولێن و كەموكوڕی و نالێكی دەروونیی لێ بكەوێتەوە.

**عەلی لەیلاخ: تا چ ڕادەیەک ئەم گوتاری نەتەوەییە بۆ نموونە لە خەباتی بەردرێژی بەتایبەتی حیزبی دێموكراتدا شۆڕ بووتەوە نێو كۆمەڵگە یان لەلایەن كۆمەڵگەوە پێشوازیی لێ كراوە؟**

**د. ناسۆ حەسەنزادە**: كاتێک وتاری نەتەوایەتی یا هەر ستراتژییەكی سیاسی دیاری دەكرێ لە هیچ شوێنێكی دنیا حیزبێک ناچێ ڕێفراندۆم بكا لە سەر ئەوە كە چ وتارێكی نەتەوایەتی یا چ دروشمێكی ستراتێژی هەڵبژێرێ. حیزبێكی بەرپرسیار و هەڵقوڵاو لە كۆمەڵگەی خۆی بەپێی زەروورەتەكانی سەردەمی خۆی و بەپێی نیاز و چاوەڕوانییەكانی ئەو جۆغرافیایەی تێیدا دەژی، هی سەرزەمینەكەی خۆی و بە تایبەتی ئەوە كە خەون و مەرام و ئارەزووی خەڵكی خۆیەتی بیر دەكاتەوە كە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێ چ بۆشایەک پڕ بکاتەوە و بۆچی دروست دەبێ؟ حیزبی دێموکراتیش هەر وای کردوە. ئەگەرچی شەرعییەتی دیاریکردنی دروشمی ستراتژی لە پێشدا زۆرتر شەرعییەتێکی ڕێکخراوەییە (چونکە کە تۆ ستراتیژییەکەت گەڵاڵە کرد لە مەوعیدێکی تەشکیلاتیی وەک کۆنگرەدا پەسندی دەکەی)، بەڵام دواتر بە پێی خەڵکیبوون و جەماوەرییبوونی حیزبەکە و خەباتەکەی و بە پێی پشتیوانیی خەڵک و بە پیلەوەهاتنی خەڵک بۆ بانگەواز و بەرنامەکانی لەبواری دابینکردنی کەرەستەکانی خەباتدا دەبینی خەڵکەکەت لەگەڵە یا لەگەڵ نییە و ئەمە لە درێژەمەودادا شەرعیەتی جەماوەریش بە گوتار و دروشمی حیزبەکە دەبەخشێ. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و حیزبە بەڕابردووەکانی دیکەشدا دەبینین کە پشتیوانیی خەڵک وای کردووە کە دروشم و داواکارییەکانیان هەم هەڵقولاوی خەڵک بن هەم دووبارە شۆڕ ببنەوە نێو کۆمەڵگا. بەڵام لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی سیاسی و وشیاری نەتەوایەتیی خۆماندا، بە پێی بەردەوامبوونی سەرکوت و زەبروزەنگ یان تەنانەت بە پێی ئەوە کە نەسلەکان نوێ دەبنەوە و نەوەی نوێ ڕەنگە بیەوێ بە خەون و ڕوانگەی نوێوە بێتە مەیدان، جاری وایە بۆشایی تازە دروست دەبێ. لێرەدایە کە حیزبەکان دەبێ گوێیان لە دەنگە نوێیەکانی نێو کۆمەڵگا بێ و جیا لە ڕوانگەی خۆی، پێ بە پێ لەگەڵ کۆمەڵگەش پێویستیی بەڕۆژکردنەوەی خۆی و بەرنامە سیاسییەکەی هەست پێ بکا چونکە پێوەندی نێوان حیزبەکان و کۆمەڵگە دەبێ پێوەندییەکی دوو لایەنە بێ.

**عەلی لەیلاخ**: دوکتور هەر کاتێک لە ئێستای ئێراندا ڕووداوێک ڕوو دەدا بەتایبەت لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە دیاریکراوی پاش شۆڕشی ژینا کە پرسی کورد زیاتر ورووژایەوە، نەک هەر دەسەڵات بەڵکوو بەشیکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنیش یەکسەر باس لە تەجزیەتەڵەبی دەکا. لەلایەکی دیکەوە باس لە پێویستیی نەمانی دیواری ئێتنیکی دەکرێ. لە بنەڕەت ڕا تەجزییەتەڵەبی چیە و چ تاوانێکە کە دەدرێتە پاڵ کورد و چ جیاوازییەکی لەگەڵ سەربەخۆییخوازیدا هەیە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: زۆر بەجێ ئاماژەت بە شۆڕشی ژینا کرد. لە شۆڕشی ژینادا بە تایبەتی لە سەرەتاکاندا هاوپێوەندییەکی هەرگیز نەدیتراو لەنێوان کۆمەڵگای سیاسیی ئێران لە ناوخۆ و لە دەرەوە لەگەڵ کوردستان بە خەڵک و بە حیزبەکانیەوە دروست بوو. بەڵام تەنیا دوای چەند مانگ دەرکەوت کە ئەم شۆڕشە دەرفەتێکیش بوو بۆ بەرجەستەتر بوونەوەی جیاوازی و مەودای نێوان ئەو دووانە و دەرکەوت کە ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران لانیکەم لەو بەشەدا کە تەعبیر لە مەزنیخوازیی ناسیۆنالیزمی فارس دەکا زۆر لەوە کە ئێمە ئارەزووی دەکەین دوورە. سەبارەت بە تۆمەتی "تەجزیەتەڵەبی" دەبێ بڵێم ئەوە ئیستلاحێکە لەلایەن شۆڤێنیستەکانی ئێرانەوە داتاشراوە و هەربۆخۆی تەعبیر لە مەزنیخوازی لە چوارچێوەی قەوارەیەکی گەورەدا دەکا. هەر چەمکێک، هەر دەستەواژەیەک کە لە زمانە موعتەبەر و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کارپێکراوەکانی دنیا لە بواری زانستی سیاسیدا هاوواتای نەبوو بزانە شتێکی دروستکراو و بێمانایە. هەڵبەت لەو زمانانەدا شتێکمان بە ناوی جوداییخوازی هەیە، بەڵام هیچ بەرامبەرێکمان بۆ تەجزیەتەڵەبی نیە. لە قانوونی نێودەوڵەتیشدا تەنیا وەختێک وشەی -تەجزیەDissolution بە کار هات کە یەکیەتیی سۆڤیەت و یووگۆسلاڤی لەبەریەک هەڵوەشان. ئێمە وەکوو کورد لەگەڵ ئەوە کە پێمان خۆشە گەل و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەش لە ئێران بە مافە نەتەوایەوتییەکانی خۆیان بگەن، بەڵام خۆ ئێمە بە وەکیلایەتیی ئەوان داوا ناکەین ئەوان سەربەخۆ بن هەتا بڵێن تەجزیەتەڵەبین (چونکە تەجزیەتەڵەبی یانی لایەنگری لە لەبەریەکهەڵوەشان). کەوابوو تەجزیەتەڵەبی هەر لە بنەڕەت ڕا قسەیەکی بێجێیە. دەمێنێتەوە جوداییخوازی یا سەربەخۆییخوازی کە ئەوە چەمکێکە، مافێکە هەیە و هیچ گوناحیش نیە. ئێستا ئەگەر جەنابت لە من بپرسی ئەتۆ لایەنگری ئەوەی ستراتیژیی سیاسیی ئێستامان بۆ سەربەخۆیی بگۆڕدرێ؟ بە هۆکارگەلێک کە ئێستا جێگای نییە لە وڵامدا دەڵێم نەخێر، ستراتیژییەکەی ئێستامان وەک ئەسڵ هیچ عەیبی نیە، بەڵام لە فۆرموولەکردن، کارپێکردن و خوردکردنەوەیدا کۆمەڵێک کەلێن و کولێن و کەموکوڕی هەیە کە دەبێ ئەوانە چاک بکەین. بەهەرحاڵ جوداییخوازی هیچ تاوان نیە. تەنانەت ئەمن پێم وایە ئەگەر دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا هەبێ، دەبێ ئەو دەنگە بەهێز بکەین. ئێمە دەتوانین لە چوارچێوەی سەنتێزێکی نەتەوایەتیدا، فیدراڵیخوازی و سەربەخۆییخوازی و تەنانەت ئەوانە کە داوای کەمتر لە فیدراڵیش دەکەن لەژێر ناوی ئەوەدا کە ئەمن ناوم نا سەروەریخوازی بە جۆرێک کۆ بکەینەوە کە هەموویان ببنە تەواوکەری یەکتری.

**عەلی لەیلاخ:** چەندە ڕەفتاری ئەوانی دی و لایەنی بەرانبەر کاریگەریی لەسەر ئەو گوتارەی تۆ وەکوو کورد هەیە، بە جوداییخوازیشەوە؟

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** پێش هەموو شتێک ئەمن لەو باوەڕەدام کە واقیعی سیاسی هەرچی بێ، بۆ نموونە لەبواری مەیدانییشدا پاشەکشەت پێ بکەن، ئەتۆ نابێ لە جەوهەری گوتاری خۆت پاشگەز ببیەوە. ئەتۆ دەکرێ تووشی حاڵەتێک بی کە کەسێکی دی بێتە سەر ماڵەکەت یا لە ماڵی خۆت دەرت بکا، بەڵام کە لە ماڵەکەت دەری کردی نابێ بڵێی وایە، ئێرە ماڵی هەردووکمانە، وەرە با پێکەوە تێیدا بژین. نەخێر ئێرە ماڵی منە و ئەتۆ هاتوویە سەرم یا دەرت کردووم. ئەتۆ نابێ قەبووڵی بکەی کە کەسێکی دیکە داوات لێ بکا حاشا لە خۆت و ناو و ناسنامە و مافی بنەڕەتیی خۆت بکەی. تۆ کە گوتت ئەمن نەتەوەی کوردم، باسی جیاوازیی نەتەوایەتیت کردوە. جیاوازیی نەتەوایەتییش لەبواری حقووقیدا ڕیزێک ئاکام و دەرەنجامی هەیە. کەوابوو واقیعی سیاسی هەرچی بوو، ئێمە هەر دەبێ لە کۆمەڵێک بابەتی بنەڕەتیی پێوەندیدار بە گوتار و ناسنامە و هێماکاندا، لە جۆری قسەکردن و بەکاربردنی چەمکەکانی پێوەندیدار بە ناسیۆنالیزم و نەتەوەبوون یا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەبارەت بە ڕێگاچارەی پرسی نەتەوایەتی، دەبێ بە شێوەی نەگۆڕ و قائیم بە زات قسە بکەین و داکۆکی لە جەهانبینی و مۆدێلی خۆمان بکەین. ئەوی دی هەرچی بڵێ، ئێمە نابێ ببین بە بڵێندگۆی ئەووەی ئەو دەیڵێ کە لەڕاستیدا شتێک نیە جگە لە حاشاکردن لە بوونی ئێمە. ئەگەر دۆخی خەباتی ئێمە بەجۆرێکە کە خوازراو نیە ئەوە خەتای ئەو شتە نیە کە داوای دەکەین و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گوتارەوە نیە، بەڵکوو پێوەندیی بە کۆمەڵێک فاکتەری دیکەوە هەیە کە فاکتەری سیاسی و مەیدانیین. ئەتۆ داوای هەرچیەک بکەی، داوای هەرە کەمەکەش بکەی، مادام دەڵێی کوردم و جیاوازم و وەک کورد ئازادییم دەوێ، ئەو هەر ئەوەت لەگەڵ دەکا کە لەگەڵی کردووی. ئێمە نابێ بۆخۆمان بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەین وەک ئەوەی تابوو بێ، چونکە ئەگەر لە بە تابووکردنی سەربەخۆییخوازیدا یارمەتیت بەوان کرد، ئەودەم هەموو ئەو فۆرموولانەی دیکەش کە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی پێشنیاری دەکەی، مادام لەگەڵ ناوەندگەرایی و مەزنیخوازییەکەی ئەوان ناگونجێ، هەر تابوو دەبن. سەرنج بدەن ئەوانەی بەناوی تەجزیەتەڵەبی تەکفیری کورد دەکەن، تەنانەت دژایەتی لەگەڵ سادەترین مافی کوردیش کە خوێندن بە زمانی دایکە دەکەن.

**عەلی لەیلاخ:** مەبەستت ئەوەیە کورد نابێ بترسێ و ئەگەر فشاریشیان بۆ هێنا نابێ تەجزیەتەڵەبی بە تاوان بزانێ؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** هەروەک گوتم تەجزیەتەڵەبی هیچ مانای نیە. کورد ئەگەر تەنانەت بیهەوێ لە ئێرانیش جودا بێتەوە، هێشتا تەجزیەتەڵەب نیە، بەڵکوو جوداییخوازە. ئەوەش نە تاوانە و نە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. ئەمن دەتوانم زۆر نموونەت لە وڵاتانی دێموکراتیک بۆ بێنمەوە (بۆ نموونە کانادا، پۆرتووغال، ئیتالیا، بێلژیک، دانمارک،... هتد) کە پارتە سیاسییەکانی سەر بە گەلێک لەوێ جوداییخوازیشن، کەچی لە پارلمان نوێنەریان هەیە و تەنانەت جاری وایە دەچنە نێو کابینەی دەوڵەتیشەوە.. لە ئیسپانیا پاش ریفراندۆمی سەربەخۆیی کاتالۆن سەرکردەکەیان تەنانەت حوکمی جەلبی بۆ دەرچوو، کەچی یەک دوو ساڵ دواتر کاندید بوو بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی ئورووپا و هەڵیش بژێردرا. حاشای لێ ناکرێ مامەڵەی حکومەتی ئیسپانیا لەگەڵ کاتالۆن زۆر خراپ بوو و وەک ئەو مامەڵەیە نەبوو کە ئینگلستان لە بابەتی سەربەخۆییخوازیدا لەگەڵ سکاتلەند یان کانادا لەگەڵ کێبێکی کردووە و ئەوە نیشانی دەدا هەر وڵاتێک بەستێنی خۆی هەیە و دێموکراسی بە تەنیا پرسی نەتەوایەتی چارەسەر ناکا. دەمەوێ بڵێم ئەوە کە ئێرانییەکان دەڵێن مەرجمان بۆ دانیشتن لەگەڵتان ئەوەیە کە کەس بەلای پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا نەچێ، قسەیەکی زۆر غەیرە دێموکراتیکە.

**عەلی لەیلاخ:** ئەی سەبارەت بە دیواری ئێتنیکی بۆچوونتان چیە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەوەش کە دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ هەر چاوەڕوانییەکی ناواقیعی و بێجێیە. ئێستا هێندێک ڕووناکبیری کوردیش لەژێر ناوی فەزیلەتی ئاکادیمییەوە فێر بوون دەڵێن دیواری ئێتنیکی خراپە. لە دنیادا هەموو نەتەوەکان، هەموو دەوڵەتەکان تەعەلوقیان بە ناسنامەیەکی ئێتنیکی و نەتەوایەتییەوە هەیە، جا ئەو ناسنامەیە دەکرێ فرەچەشن بێ و ڕەنگدانەوەی فرەنەتەوایەتی بێ کە ئەوە شتێکی باشە و ئێمەش بۆ ئێرانی داهاتوو هەر ئەوەمان دەوێ. بەڵام هەموو دەوڵەتێک و هەموو قەوارەیەک زمانی هەیە، ناسنامەی هەیە، سروودی هەیە. دەی باشە ئەو کەرەستانەی خۆدەرخستن و خۆنیشاندانی سیاسی و ئەو ئامرازە گشتییانەی بەسیاسی کردن کەرەستە و ئامرازی هەڵقوڵاو لە کولتور و فەرهەنگی گەلانن. خۆ ئینسانەکان ڕۆبۆت نین، بە زمانی ئێسپێرانتۆ قسە ناکەن یان لە ئەستێرەی مەریخ ڕا ئەو شتانە ناهێنن. ئەوانەی بە کورد دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ، بۆخۆیان لەڕێگای باڵادەستیی سیاسی و فەرهەنگیی فارس یا فارسگەراییەوە حەسارێکی ئێتنیکییان بەدەوری هەموو ئێتنیکەکانی نێو ئەو جوغرافیا و قەوارەیەدا کێشاوە. لە باشترین حاڵەتدا کاتێک دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ، مەبەستیان ئەوەیە دەبێ لەنێو شتێکی وەهمی بەناوی مافی هاووڵاتیبووندا خۆت بتوێنیەوە. مافی هاووڵاتیبوون ئەگەر بەڕاستی هەبێ، شتێکی زۆر باشە. بەڵام پرسیارێک هەیە کە مافی هاووڵاتیبوون بەتەنیا ناتوانێ وڵامی بداتەوە، ئەویش پرسی نەتەوەییە. کەوابوو حاشاکردن یان هەوڵی لادانی سنوورە ئێتنیکەکان نەک ناڕەوا، بەڵکوو ناواقعبینانەشە. بەڵام کە ئەوەمان گوت ئەمە بەو مانایە نیە کە گوتار و شوناسی ئێتنیکی زەرفییەتی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکەی تێدا نەبێ. ماڵەکە هەر ماڵی ئێتنیکەکانە، بەڵام دەکرێ دیوارەکانی ئەو ماڵانە پەنجەرەیان بەسەر ماڵەکانی دیکەشدا هەبێ. واتە دەکرێ پێکهاتەکان و ڕێکخراوەکانیان خۆیان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی پێناسە بکەن و خواستی نەتەوایەتییان هەبێ، بەڵام هەم لە دەڤەری خۆیان دەمارگرژانە نەجوڵێنەوە و هەم لە پرۆسە سیاسییە گەورەکانیشدا، واتە لە بازنەی گشتیی وڵاتدا بەشدار بن، ئەودەمیش هەر لەسەر بنەمای ناسنامەی تایبەت بە خۆیان.

**عەلی لەیلاخ**: باسی ئەوەت کرد کە گوتاری نەتەوەیی ئێمەش بێ کەموکوڕی نییە. بەرچاوترینی ئەو کەموکوڕییانە چین کە پێت وایە زیانی پێ گەیاندووین؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: دیارە بابەتەکە زۆر بڵاوە و ئەمن لێرە تەنیا ئیشارە بە هێندێک لەوانە دەکەم دیسان دەڵێم ئەو خەونە کە لە زەینی مرۆڤی کورددا هەمیشە هەبووە و هەیە بە بڕاردە سیاسییەکانیشیەوە شتێکی مونسەجیمە. ئەو میللەتە ئازادیی دەوێ، ئازادیی خۆی دەوێ. میللەت نیە لە دنیادا ئیمکانی هەبێ کە بە ئازادی بژی و ڕەتی بکاتەوە. میللەت نیە لە دنیادا کە ئەگەر چەند هەزار کەسیش بێ پێی بڵێن دەوڵەتێکت بۆ دروست دەکرێ تایبەت بە خۆت، بە زمان و هێما



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ومونەلەفەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆتەوە، دەتوانی بۆخۆت بە ئازادی تێیدا بژی، خۆت بەڕێوە ببەی، چارەنووسی خۆت بەدەستەوە بگری، دژمنکاریشت ناکرێ و لە جامی جیهانیشدا تیمی فووتبالّی خۆت دەبێ؛ چ میللەتێک شتی وا ڕەت دەکاتەوە؟ سەبارەت بە کوردیش، جیا لە شۆڕشەکانی کورد لە سەدەکانی پێشوودا کە مۆرکێکی ڕوونی سەروەریخوازانەیان پێوە بووە، تەنانەت لە دروستبوون و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیشەوە هەتا ئێستا سەرەڕای جیاوازیی دروشمی ستراتژیک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە چ لەسەر بنەمای زاتی، چ لەسەر بنەمای هەلومەرج (چونکە هەردووکی ئەوانە شوێندانەرن لە دیاریکردنی دروشمی ستراتیژیکدا)، لەسەریەک ئامانج هەر ئەو سەروەریخوازییە بووە کە عەرزم کردی. کورد لە ناخی خۆیدا هەمیشە دوورەدیمەنێکی ڕوونی هەبووە و دژمنان و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنە بەناو دێموکراتەکەی ئەو وڵاتانە و دنیاش دەزانێ کە کورد چی دەوێ. یەکەمین کەموکوڕییش هەر ئەوەیە، واتە کورد پێویست ناکا لەوەدا ئێمە تەعاروف بکا. کورد ئەگەر بۆی هەڵ بکەوێ نەک پێی خۆشە حەقی خۆشیەتی سەربەخۆ بێت. بەڵام هێزی بەرپرسیار و متمانەپێکراو لەلایەن کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بە واقعبینییەوە هەموو پارامێترەکان هەڵدەسەنگێنێ و پلاتفۆرمی خۆی دەداتە دەرێ کە ئامادەیە لەگەڵ لایەنی دیکەی غەیری خۆی ڕێک بکەوێ یا نا.

کەموکوڕیی دیکە ئەوەیە کە وەک پێشتر باسم کرد ئەگەر ئێمە لە باری مەیدانیشەوە وەزعمان باش نەبوو، ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە یەکسەر لە گوتاری خۆماندا نەوەسان و ڕاڕایی دروست بکەین. سووڕەتی مەسەلەکەمان و جەوهەری پرسەکەمان دابەزێنین، دایبشکێنین، یان بە جۆرێک باس لە بوونمان یان لە بەرپرسایەتیی رابردوو و ئێستامان بکەین کە هاودژی لەگەڵ خۆمان و لاوازی لە بەرامبەر ئەوی دیکەدا نیشان بدا. چونکە ئەوی دیکە بەتایبەتی دەسەڵاتی حاکم بەو شتانە باوەڕ ناکا و بەو قسانە نایەتە سەر ئەوەی لەگەڵت بسازێ. لە عەوەزدا زیان لە هێزو هیوا و متمانەی گەلەکەت دەدەی. کەوابوو گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە دەبێ باوەڕبەخۆتر و قایم بەزاتتر بێ، و بە هیچ جۆر تووشی پاشکۆیەتی نەبێ. مەسەلەی دیکە ئەوەیە کە ئەمن پێم وایە بۆ ئەوەی شتێک جێ بکەوێ پێویستە دووبارەی بکەیەوە. بۆ نموونە جەنابت و من ئەگەر ئێمە سەر بە یەک نەتەوە و لە یەک بنەماڵەی سیاسیداین، پێویستە لە قسەکردندا تەواو هەماهەنگ بین. هەردووکمان وەک یەک و پاشان هەم بە کوردی و هەم بە فارسی بە یەک جۆر قسە بکەین. هێندێک چەمک و کلیل وشە هەن زۆر گرینگن و بژاردە سیاسییەکانی سەر بە گەلی حاکم لێیان شارەزان، پێویستە بە دیقەتەوە بەکاریان بێنین. یان هێندێک کەلێن و کولێنی سیاسی، مێژوویی و حقوقی لە گوتاری ئێمەدا هەیە کە جاری وایە باش وڵامیان نادەینەوە یان بیرمان لی نەکردۆتەوە کە چۆن وڵامی بدەینەوە. بۆ هەموویشی وڵام هەیە، بەڵام نەهاتووین پێکەوە دانیشین کە ئەو وڵامانە پوختەتر، زانستیتر و حقووقیتر دابڕێژین. لە هەمووشی گرینگتر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و هەلومەرجەکە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچی بوو پێویستە هەمووومان هەموو کات بەبێ گرێ و گۆڵ بەرە و یەک دوورەدیمەن بڕوانین. ئەگەر ئێمە وەکوو بژاردەی سیاسی و کۆمەڵگەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەنگ و یەکگرتوو و یەکدەست بین، هەرچی بڵێین ئەوە دەیباتەوە، جا کەم بێ، یا زۆر بێ، چونکە پرش و بڵاوی ئالێکی زەرەری زۆرمان لێ دەدا.

**عەلی لەیلاخ:** حیزبێکی بەرپرسیار وەک دەڵێن بە پێی ڕیئاڵ پۆلێتیک واتە واقعبینانە سیاسەت دەکا. لە تەنیشتی ئەوە دەنگی ئێلیت و بژاردە و ئاکادێمیسیەن هەیە کە باس لە سەربەخۆییخوازی دەکەن. حیزبێکی بەرپرسیار چۆن دەتوانێ هەم واقعبینانە سیاسەت بکا هەم ئەو دەنگانە پشتگوێ نەخا؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەمن دیسان دەیڵێمەوە گوتاری نەتەوایەتیی حیزبی دێموکرات یا ئەو وتارەی لە ڕۆژهەڵات و لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا زاڵە لە ئاکامگیریی کۆتاییدا دڵخوازە و هەڵە نییە. یانی ئەوە کە ئێستا ناڵێین دەمانهەوێ لە مەدار بچینە دەر، ئەوە دروستە و هۆکاری خۆی لە پشتە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بۆشاییەک ئێستا خەریکە لەنێوان ئێمە و کۆمەڵگادا دروست دەبێ و ئێمە دەبێ بۆخۆمان ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە. ئەگەر چاو لێ بکەی، کۆمەڵگەی ئێمە لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەوە کە بەتایبەتی ئێستا زۆر لەژێر تەوژمی زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێژیمدایە، بەڵام لە هەڵسوکەوت و خۆدەرخستنیدا، لە وەختی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕێژیم، لەکاتی ناشتنی شەهیدەکانیدا، بە تایبەتی لە پەراوێزی شۆڕشی ژینادا زۆر سەروەریخوازنەتر، زۆر باوەڕبەخۆتر، زۆر شۆڕشگێڕانەتر لە جاران خۆی دەردەبڕێ و خۆی دەخاتە ڕوو. ئەوە هەر شتێکی ئیحساسی نیە و مانای سیاسیشی هەیە و لێرەدایە کە مەترسی ئەوە هەیە کە ئێمە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەجێ بمێنین. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە ئەتۆ دروشمی خۆت بگۆڕی بۆ سەربەخۆیی. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو سەروەرخوازییەدا کە باسم کرد بە فەلسەفەیەکی دیکەی گوتاری، بە کۆمەڵێک چەمک و بنەما و هێماسازی، دەبێ هەوڵ بدەین دەنگی نێوخۆی کۆمەڵگای خۆمان و ئەو بژاردە و لایەنانەش کە باست کردن ببیستین. ئەو دەنگانە نەک خراپ نین بەڵکوو دەبێ یارمەتی بکەین بەهێز بکرێن. بە مەرجێک بزانین کە بەستێنێکی هاوبەش لەنێوان هەموو ئەو هێزانەدا دروست بکەین کە داوای ئازادیی کورد لە ئێراندا دەکەن، ئەوەش لە چوارچێوەی سەنێتزێکی سیاسی — نەتەوەییدا کە دەرفەتی ئەوە بدا کە هەموو بتوانن پێکەوە کار بکەن. ئەمن ئەو دەنگی سەربەخۆیخوازییە بە هیچ جۆر بە هەڕەشە بۆسەر جێگە و پێگەی بۆ نموونە حیزبی دێموکرات نازانم، چونکە ئەوەڵەن حیزبی دێموکرات حیزبی دێموکراتە، پاشانیش زۆر نادێموکراتیک دەبێ ئەگەر ئێمە دەنگەکانی دیکە نەبیستین. بە پێچەوانەوە بیستن و ڕەنگدانەوەی ئەو دەنگدانە لە گوتارمان لەڕووی سیاسیەوە تەنانەت ڕوو بە ئێرانییەکانیش بەرهەمدارتر دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

**عەلی لەیلاخ:** دوکتور با بگەڕێینەوە سەرەتاکانی شۆڕشی ژینا کە لەوکاتەدا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن لەنێوان ئەحزاب و بژاردەکانی کورد و فارسدا هەبوو. ڕاستە دەنگی سەربەخۆییخوازی کە جەنابت باست کرد مەشرووعیەتی هەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە تۆ دەتهەوێ هەنگاو بە هەنگاو بچیتە پێش. ئایا ئەمە بەربەست ساز ناکا واتە ئایا دەکرێ هەم باس لە سەربەخۆیی بکەی و هەم بچیە نێو گەمەی سیاسی لە ئاستی ئێرانیدا. ئایا ئەمە هاودژی دروست ناکا؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** قسەی من ئەوە نیە کە دروشمی ئێستامان بۆ سەربەخۆییخوازی بگۆڕین. قسەی من ئەوەیە کە دەبێ گوتاری نەتەوایەتیمان باوەڕبەخۆتر و سەروەریخوازانە بێ. بۆ ئەوەش نابێ بابەتی سەربەخۆییخوازی وەک تابوویەک چاو لێ بکەین. وەک عەرزم کردی لە دنیای دێموکراتیکدا نموونەمان زۆرە کە حیزبێک جوداییخوازیشە و لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا ئەندامیشی لە پەرلەمان هەیە و جاری وایە تەنانەت وەزیریشی هەیە. دێموکراسی ئەگەرچی مۆدێلی جیاوازی هەیە و سیستمی جۆراوجۆری سیاسیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە نێوەڕۆکدا جەوهەرێکی هاوبەشی هەیە. دیارە ئەمن لەگەڵ ئەوەش نیم کە بڵێین وەڵڵا ناو و شکڵی نیزامەکە هیچ گرینگ نیە. ڕاستە بە قەولی دوکتور قاسملوو ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە نێوەرۆکە و نابێ فریوی ناو و شکڵ بخۆین. بەڵام ناو و شکڵی نیزام بێ دەرەنجامیش نین. بۆ نموونە ئەگەر سیستمێک ناوی سیستمی کۆماری بوو ڕەنگە کۆماری نەبێ، بەڵام ئەگەر ناوی کۆماری نەبوو، بەدڵنیاییەوە کۆماری نییە. دەبێ بزانین هەموو چەمکەکان و هەموو فۆرموولە سیاسییەکان ئاکام و دەرەنجامی خۆیان هەیە، واتە ئەگەر بەو ڕێگایەدا بڕۆی دەگەیتە ئەو نوختەیە، ئەگەر بەوی دیکەدا بڕۆی دەگەیتە نوختەیەکی دیکە. بۆیە لە بناغەوە ئەتۆ دەبێ بزانی داوای چی دەکەی و لایەنگری لە چ سیستمێکی سیاسی دەکەی. ڕاستە لە سیاسەتدا هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنی کۆتایی و دەنگی خەڵک بەڵام وەک خۆت هەتا ئاخری و دواتریش هەر دەبێ دیفاع لە مۆدیلەکەی خۆت بکەی، جا ئەوە لە بابەتی سێکۆلاریسمدا بێ، لە بابەتی چارەسەری پرسی نەتەوایەتیدا بێ، یان لە بابەتی مەسەلەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بنەما و کۆڵەکەکانی دێموکراسی. ئێستا هیچ نەبووە، ئەتۆ نابێ واز لە هەموو شتێکی خۆت بێنی. بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینادا کە لەلای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هێندێک جەمسەر و سێلێبێرتی لەپڕ بەرجەستە بوونەوە و هێندێک کەس پێیان وابوو دەبێ ئێمەش دەمودەست وەدوایان بکەوین، ئەوە شتێکی خراپە. سەبارەت بە پرسیارەکەشت، نەخێر هیچ هاودژی نیە، چونکە ئەوە زۆر نادێموکراتیکە کە لایەنی ئێرانی بە ئێمە بڵێ بە مەرجێک لەگەڵتان دادەنیشم کە ئەو دەنگانە کپ بکرێن کە داوای دەرچوون لە مەدار دەکەن! گرینگ ڕێککەوتنە لەسەر پلاتفۆرمێکی کۆتایی. لە یاریی سیاسیدا بە سوێند و نییەت هیچ ناکرێ، بەڵکوو بە گەرەنتی دەکرێ و بەرهەمی سازانەکە دەبێ گەرەنتیی بۆ دابنرێ. دەنا چ گەرەنتییەک هەیە کە مەسەلەن لایەنی بەرانبەریش بە قەولی فارس لە ژێری نادا. مادام وایە بۆ دەبێ ئێستا هیچ نەبووە ئەمن بڵێم باشە ئەو دەنگانەی داوای زیاتر لەوە دەکەن کە ئێمە نوێنەرایەتیی دەکەین، دەبێ کپ بکرێن. ئێمە لە ئێستادا هیچ ئامرازێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەندازە گرتنی دەنگی سەربەخۆیی خوازی و دەنگی خۆشمانمان نییە، چونکە لەمێژە حیزبەکانمان ڕاستەوخۆ لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەشدار نەبوون هەتا بزانین خەڵک بەڕاستی لەگەڵ چیە. ئەمن پێم وایە هەم دەنگی سەربەخۆییخوازی کە دیارە دەنگێکی ڕێکخراو نییە و هەم وتاری سیاسیی ئێستامان ئەوەندە زەرفییەت و ئیمتیاعیان تێدا هەیە کە سەنتێزێکیان لێ دروست بکەین و بە کۆی ئەو دەنگانە ماڵێکی تازە و سازوکارێکی تازەی گوتاری بنیات بنێین کە بۆ نموونە بتوانێ ببێتە جێگرەوەی ناوەندیی هاوکاری.

**عەلی لەیلاخ**: نوێنەرانی بیری ناسیۆنالیستیی ئێرانی کە لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی فارسە زۆر جار ناوی دوکتور قاسملوو دێنن کە کاتی خۆی گوتوویەتی کەس بە قەت ئێمە ئێرانی نییە. دەمهەوێ بپرسم غایەتی ئەندێشەی ڕێبەرێکی وەکوو دوکتور قاسملوو کە بەرپرسیارانە ڕێبەریی کردوە و جەنابیشت زۆر شارەزای ئەندێشەکانی ئەویت، چیە لەو بابەتە؟ ئەو ئێرانی بوونە لە ڕوانگەی ئەوەوە چۆن پێناسە دەکرێ، ئێران وەک جۆگرافیایەکی سیاسی یان وەک ناسنامەیەکی گشتییە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: دوکتور قاسملوو کاریگەریی سەردەمی خۆی بەسەرەوە بووە و کەسێک نەبووە لە دەرەوەی کۆمەڵگە و سەردەمی خۆی هاتبێ. کەسێکی پراگماتیستیش بووە و یەکجار زۆر خەمی ئەوەی بووە ئەو تەزادە زاتییانەی مەسەلەی کورد پێیانەوە گرفتارە ئاشت بکاتەوە یان ئەو پارامێترە بێ ڕۆحمانەی واقعی سیاسی کە پرسی کوردیان دەور داوە، بیانگۆڕێ. بەڵام بۆ هەموو کەس ڕوونە کە خەسڵەتی نەتەوایەتی یەکجار لە بیر و کرداری سیاسیی دوکتور قاسملوودا بەرجەستە بووە، چ بە هۆی ئەو پاشخانەوە کە هەیبووە وهەر لە گەنجییەوە دەبینین کە چ ئاکامگیرییەکی بۆ تێزی دوکتۆراکەی کردووە و چ دواتر کە ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەی کردووە. جەوهەری باوەڕی دوکتور قاسملوو باوەڕێکی تۆخی نەتەوایەتییە کە بە زانستی خۆی تیۆریزەی کردوە و بە پرەنسیپی نوێی دیموکراتیک و ئینسانییش دەوڵەمەندی کردوە. ئەو هەم لە وتاریدا هەم لە هەڵسووکەوتی دا تەعبیری لە باوەڕبەخۆبوونێکی قووڵی کوردی کردوە. ئەوەش کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بۆ یارمەتی دان بە دروستبوونی بەستێنێکی گونجاوی سیاسی قسەیەکی کردوە، هیچ دژایەتیی لەگەڵ ئەو باوەڕە بەهێزە نەتەوایەتییە نییە. تازە هیچکام لە دەربڕینەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو دوورە دیمەنە متمانەبەخۆیە کوردییەی دژایەتیی نەبووە و باس و بابەتی ئێرانی بوونیش ڕاست بەو جۆرە بووە کە باست کرد، واتە ئێرانی بوون ئەو ئێرانی بوونە نییە کە دەسەڵاتی حاکم یا شۆڤێنیستی فارس مەبەستیەتی، بەڵکوو ئەوە کە ئێمە لە جوغرافیایەک و لە قەوارەیەکی گشتیدا دەژین ئێمە کە ناوی ئێرانە. ئەو بابەتە بۆیە گرینگە کە ئێستا هێندێک لە ڕووناکبیرانیش دەرگیری ئەو باسە بوون کە ئایا کوردستان کۆلۆنییە یا نا. ئەگەر لەڕووی قانوونی نێونەتەوەییەوە بۆ بابەتەکە بچین، دەزانین کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە یاسای نێونەتەوەییدا بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیەندراوە. بەڵام وەختی خۆی شتێک هەبوو بە ناوی تێستی 'ئاوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سوێر' دەیانگوت ئەو مافە تەنیا ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لەنێوان وان و دەسەڵاتی حاکم بەسەریاندا ئاوی سوێر واتە ئۆقیانووسەکان هەن، واتە دەسەڵاتێک چووە داگیری کردوون. دواتر ئەوە قبووڵ کرا کە ئەو گەلانەش کە حکوومەتێکی نادێموکراتیک و سەرکوتکەر حاکمییەتیان بەسەردا دەکا و ئاپارتایدی ئێتنیکییان بەسەر بەڕێوە دەبا، ئەوانەش مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. تەنانەت دادگای لاهە ڕایگەیاند کە یاسای نێونەتەوەیی جیابوونەوەی گەلێک قەدەغە ناکا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو پێوەر و پێناسە حقووقییە سەرەتاییە کۆلۆنی یان خاکێک نیە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئیستعمارییەوە داگیر کرابێ، بەڵام لەڕووی گوتارییەوە دەتوانین هەم پشت بەو گەشەسەندنانەی یاسای نێونەتەوەیی ببەستین هەم بەتایبەتی بڵێین کە کوردستان مامەڵەی کۆلۆنیالیستیی لەگەڵ کراوە و سیاسەتی داگیرکارانەی لەسەر بەڕێوە دەچێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە مشت و مڕ لەگەڵ فارسەکان و باقی ئێرانییەکاندا هێندێک چەمک و بنەما بەکار بەرین کە ئەو دووره دیمەنە ڕزگاریخوازانەیەی باسم کرد بپارێزێ.

**عەلی لەیلاخ**: ناوەندێکی وەکوو ناوەندی هاوکاری بە چ شێوەیەک دەتوانێ کۆمەڵێک خاڵی جەوهەریی نەگۆڕ کە وڵامدەری چاوەڕوانیی خەڵکی خۆی بێ پەسەند بکات بۆ ئەوە کە کورد بەو خاڵانەوە بچێتە سەر میزی وتوویژ؟ چونکە ئێستا خەڵکێکی زۆر هەیە نارازین و دەڵێن ئێمە لەڕادەبەدەر نەرمی دەنوێنین، بۆ نموونە ناوێرین لە میدیایەکی فارسیدا بڵێین مافی خۆمانە ئەگەر جیاش ببینەوە یان ناوێرین بڵێین کوردستانمان هەیە ناوچەی کوردنشینمان نییە. بە ڕای جەنابت ناوەندێکی وا چۆناوچۆن دەتوانێ ئەو بابەتە چارەسەر بکا؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: هەر ئەو نموونانەی هێناتنەوە بە باشترین شێوە مەبەستەکەی من دەگەیەنێ. مەسەلە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ چ فەرهەنگێکی سیاسیی دیکە لە فەزای گشتیی کۆمەڵگەی ئێراندا زاڵ بکەین. بە دڵنیاییەوە ئێرانییەکان ئەوەمان بۆ دروست ناکەن. ئەو بەستێنە ئەتۆ دەبێ دروستی بکەی چونکە ئەتۆ غەدرت لێ کراوە، ئەتۆ ڕۆئیایەکی دیکەت هەیە و لایەنگری مۆدێلێکی دیکەی. ئەوەش ئالیەتی خۆی پێویستە. ئەگەر جەنابت هەتا ئێوارێ قسەی چاک بکەی و بەو جۆرە تەعبیر لە خواستی نەتەوایەتیی کورد بکەی کە شایانیەتی، مادام ئەمن لەگەڵت هەماهەنگ نەبم بە هیچ کوێ ناگەین، چونکە با لەباری گوتاری و ڕەفتارییەوە کاریگەرییەکی ڕێژەییشت لەسەرم هەبێ، لە کۆتاییدا ئەگەر بە ئەندازەی حیزبی دێموکڕاتیش گەورە بی، هێشتا هەر دەرسەدێکی سنووورداری یارییەکەت لەدەست دایە. بۆیە هەر مەجبوورین زەرفێکی نیهادی دروست بکەینەوە جا چ لەسەر بنەمای ئەزموونی ناوەندی هاوکاری چ لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا کە لە بەستێنی سیاسی و لە بوارە ستراتژیییەکانی هەرمان و ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوانگە و ڕێکاری هاوبەش بداتە دەست. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین شتێک دروست بکەینەوە کە وەک ناوەندیی هاوکاریی بەسەر نەیە، پێویستە خۆمان زیاتر بە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیاریکردن و بەهێزکردنی بنەماکانیەوە ماندوو بکەین، واتە کۆمەڵێک پرەنسیپی بنەڕەتی کە زۆر شت دەگرێتەوە. نزیکترین و زەروورترین شت کە هەمیشە بۆ کورد سەرچاوەی دەردێکی گەورە بووە و لاوازی کردووە، موناسباتی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردە. بۆ ئەوەش کە ئەو موناسباتە بە شێوەیەکی پایەدار چاکتر بکرێ، هیچ مەرج نیە لەسەر ستراتیژی نەتەوەیی ڕێک بکەوین. کەرامەتی مرۆڤی کورد و خوێنی شەهیدەکان و زەروورەتی میللەتێکی هەڕەشەلەسەر وا دەکا کە بە تەعەهودەوە لەسەر ئەوانە ساغ بینەوە. پاشان دێینە سەر بابەتە سەختترەکان کە چیمان دەوێت؟ بە چ کەرەستەیەک کار دەکەین؟ قۆناغبەندییەکانمان چین؟ ئەگەر خۆمانی پێوە ماندوو بکەین، ئەگەر خودکەفا نەبین و کەڵک لە توانای بژاردەکانمان وەربگرین (بە تایبەتی ئەوانەی وا لە مێژووی میللەتی خۆیان نامۆ نین و دەیناسن، لە ڕەگی ئیرادەی میللەتی خۆیان نادەن و ناڵێن خەتای ئێمە بوو کە کەوتینە کێوان!)، ئەگەر حیزبەکان (بەدەر لەوە کە جێگە و پێگەی هەر حیزبێک چیە) بە تەوازوعی سیاسیی تەواوەوە پێکەوە دانیشن و گوێ لە بژاردەی ناوخۆش ڕابگرن چونکە ئەوە ئەو شتەیە کە کۆمەڵگا لە ئێمەی دەوێ، ئەودەم ئەمن پێم وایە ئەو زەرفییەت و توانایەمان هەیە کە ئالیەتێکی ئاوا کە هەموو ئەو وڵامانەمان بۆ دابین بکا دروست بکەین. بەڵام دیسان دەڵێم خۆ پێوە ماندووکردنی دەوێ. ئەگەر بمانەوێ بە دوو کاتژمێر و لە یەک لاپەڕەدا بیبرێنینەوە، هیچی لێ دروست نابێ.

**عەلی لەیلاخ:** بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە هێڵی سوور هەبێ یا نا. وابزانم یەکەم پەسەنکراوی ناوەندیی هاوکاری حەرامکردنی شەڕی براکوژی بوو کە شتێکی زۆر باشە. بەڵام بە گشتی هێندێک کەس دەپرسن ئێمە بۆ هێڵی سوورمان نییە؟ ئەدی بۆ فارس هەیەتی، بۆ نەتەوەکانی دیکە هەیانە؟ ئایا پێویست ناکا کوردیش بۆ چەند شتێک هێڵی سووری هەبێ، لەسەر بابەتی چارەنووسساز، نەک بە مەعنای دۆگم بوون؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** بەڵێ، هەبوونی هێڵی سوور بە هیچ جۆر بە مانای دۆگماتیست بوون نییە. مرۆڤێک دەکرێ هێڵی سووری نەبێ هەتا میللەتیک نەیبێ؟! بێگومان دەبێ هێڵی سوورمان هەبێ. وشەی حەرامکردنت بەکار برد. ڕەنگە بۆ ئێمە ئەمە لەڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە بارێکی مەزهەبیی تێدا بێ. بەڵام لە قانوونی ئەساسیی فەڕانسەش دا کۆمەڵێک شت حەرام کراون. ئەوە ئەو شتانەن کە بۆ وان هێڵی سوورن. ئەگەر لە وڵاتانی دێموکڕاتیکدا هێڵی سوور هەبێ، بێگومان گەلێکی کە هەڕەشەی ژێنۆسایدی لەسەرە و بژاردەکانی ئەو گەلەش دەبێ هێڵی سووریان هەبێ. بەڵام کێشەکە دیسان لەو خۆپێوەماندووکردنەدایە کە باسم کرد. واتە نەهاتووین بیر بکەینەوە و ڕێک بکەوین کە چ شتێک هێڵی سوورە، چ لە بواری چەمک و هێما و گوتاری ستراتژیکدا و چ لە بواری تاکتیک و مانۆڕی سیاسیدا. گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە دەبێ پتەو و باوەڕبەخۆ و دووربووان بێ، لە هەمان کاتدا گوتارێک بێ کە زەرفیەتی هەبێ و بتوانی لەسەر عەرزی واقیع کاری پێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکەی. جا ڕێک لێرەدایە واتە لە بابەتی زەرفیەتی گوتاریدا کە هێندێک جار لەو شتانە کە دەبوو هێڵی سوور بن تێدەپەڕین، ئەوەش تەنیا بە گفتگۆ و کارلەسەرکردن چارەسەر دەبێ.

**عەلی لەیلاخ**: وەک دوا پرسیار ئایا گوتاری نەتەوەیی کورد چ لە ئێستادا و چ ئەوەی وا لە داهاتوودا دەبێ کاری بۆ بکرێ، گوتارێکی هێژێمۆنیخوازە؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەو گوتارە هەڕەشەیە لەسەر گەلانی دیکە یان بەپێچەوانەوە دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوانیش کە هاوکات کە خاوەنی ڕەنگ و دەنگی خۆیانن بتوانن پێکەوە بژین؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەمن پێم وایە کە هەموو ئەو خەباتە کە کورد کردوویەتی بە شێوەی قایم بە زات هەقی خۆیەتی چونکە میللەتێکی جیاوازە، واتە ئەگەر کورد دەوروبەرەکەشی ئاوا لەگەڵێ بێڕۆحم نەبایە، هەر هەقی خۆی بوو بڵێ مادام نەتەوەیەکی جیاوازم و خاوەن ئیرادەی خۆمم، قەوارەی خۆمم دەوێ، جا ئەو قەوارەیە لە هەر شکلێکی سیاسی و حقووقیدا بێ. کە چاو لە مێژووی سێ سەت ساڵی ڕابردووی کورد دەکەی، هەرچی ئەو گەلە کردوویەتی خەبات بووە نەک بۆ سەپاندنی هێژێمۆنیی خۆی بەڵکوو بەدژی هێژێمۆنی و مەزنیخوازیی ئەوانی دیکە بەسەریدا. کورد بەدوای هێژێمۆنی بەسەر کەسدا نیە، بەدوای ئەوەیە کە لە ماڵی خۆی حاکمی خۆی بێ. ئەوەش هێژێمۆنیخوازی نیە، هەقخوازییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شتە کە ئەمن ناوی دەنێم باری سروشتیی شتەکان. کورد بە تەبیعەتی خۆی، هەموو دنیاش شایەتیی بۆ دەدا، میللەتێکی دەمارگیر و دەمارگرژ نییە نە لە بواری مەزهەبی نە لە بواری ئێتنیکی چ ئەگەر ڕۆژێک بەشێکی یا هەمووی بەسەریەکەوە سەربەخۆ بێ، چ ئەگەر بە ڕێگای دیکەدا مافە نەتەوایەتییەکانی بەدی بێنێ. ئەو خیسلەتەی کورد لە ڕابردوودا سەلمێندراوە و لە ئێرانیش لەدوای شۆڕشی ژیناوە فارسەکان بۆخۆیان دانیان پێداناوە کە گەلێکە کە خۆی و بژاردەکانی بیرکراوەن و بنیاتگەرا نین. (دیارە دەبێ وریای هێنێدێک لەو ستایشانەی ئەوان لە کورد بین و نابێ فریوی هەموو قسەیەک بخۆین چونکە زۆر جار لە پشتیەوە مەزنیخوازی خۆی حەشارداوە و زۆرتر بۆ دەست بادانی ئێمەیە!). بەهەرحاڵ کورد نایهەوێ لە هەقی کەس بخوا بەڵام وێڕای ئەوەش نابێ لەوە کە هەقی بێئەملاوئەولای خۆیەتی وەک نەتەوەیەک، پاشگەز بێتەوە.

**عەلی لەیلاخ**: سپاس دوکتور بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەت دا.

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەورۆز و گۆڕانێک لە میحوەرییەتی خەبات



پژمان شەریعەتی

بەڕێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵ هەم کوردستانی تووشی شۆک کرد و هەم ئێرانی بەتەواوی بە چالش کێشا. وەکوو هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان بەرەو پێشوازی و بەڕێوەبردنی نەرۆز دەچوون و ئامادەکارییان دەکرد هەتا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز کە ڕیشەی هزاران ساڵەی لە مێژووی کورددا هەیە، ئەکتێکی سیاسی پێشان بدەن و ئیرادەی نیشتمانیی خۆیان بنوێنن.

چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد هەوڵیان ئەمە بوو کە نەورۆزی ئەمساڵ یەکگرتوو و هەڵگری پەیامی ئیرادەی کوردستانی بێت، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان، ڕێکخراو و تاکەکانیش لە بەرێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵدا هەموو قوورساییەکی خۆیان خستە سەر، بەتایبەت ئەو دەرکەوتن و هێزنواندنە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان، ئیلام، لورستان و ...) هەڵگری خوێندنەوەی جۆراوجۆرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بزووتنەوەی کوردی و لە فۆرمەکانی مەدەنی، مێژوویی، فەرهەنگی و بەتایبەتی سیاسی و حیزبیدا بە بەردەوامی باس لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و کاریگەریی زۆریان لەسەر سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد خراوەتە بەر باس و سەرنج. ئەم گرنگییە لەلایەن هێزی داگیرکەریشەوە پشتگوێ نەخراوە و ئەوانیش بە ستراتژییەکی تایبەتەوە جووڵاونەتەوە کە ستراتیژیی دەسبەسەرداگرتنی شادەمارە.

لەو کاتەوە کە مرۆڤی ئاوەزمەند پێی ناوەتە سەر زەوی و لە چوارچێوەی بنەماڵە و ئێڵ و عەشیرە و نیشتماندا خۆی ڕێکخستوە و خاوەنداریەتیی ئەشکەوتی هەتا وڵات بڕیوە و سەرهەڵدانی ئیمپرایورییەکانی بەدوودا هاتوە و دەسەڵاتەکانی دیکە هاتوون و جێیان گرتوونەوە؛ بە بەردەوامی هەوڵ دراوە دەستڕاگەیشتن و دەستبەسەرداگرتنی هەموو پێویستییەکانی ژیان بە تایبەتی لە بواری سروشتیدا بکەوێتە ژێر هەژمونی و ڕکێفی دەستەبەندییەکانی مرۆڤ. لەم ڕەوتەدا لە شەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەتا ئەمڕۆ، ستراتیژییەک تایبەت هەبووە بۆ داگیرکاری، ئەویش دەستبەسەرداگرتنی شادەمارە. بۆ نموونە لە سەردەمی ئیمپراتورییەکان بۆ ئەوەی لایەنێک بتوانێت بەسەر ئیمپراتوریەکی دیکەدا زاڵ بێت و داگیری بکات، تێچووی زۆری دەبوو بێتوو شار بە شار و ناوچە بە ناوچە هەوڵی گرتنی ئەو دەسەڵاتەی دابا. بۆیە ئیمپراتوور وسەردارەکانی شەڕ بڕیاریان دەدا پێتەخت و ئەو شارانەی کە شوێنی ڕسق و کەرەستەکانی شەڕ و سەرچاوەی دابینکردنی خۆراکی ئەو دەسەڵاتەن بخرێتە ژێر هێرش و دەستیان بەسەردا بگیردرێت یان لەنێو ببرێن و لە ئاکامدا بە ڕووخانی قەڵا یان پێتەختی دەسەڵات، ئەو ئیمپراتورییە یان حوکمڕانییە تەسلیم دەبوو. لە شەڕەکانی دنیای سەردەمیشدا هەر ئەو ستراتیژییە بەردەوامە و یەکەم شوێنەکان پێتەخت، بنکە سەربازییەکان و سەرچاوەکانی بژیو دەکرێنە ئامانج.

باسکردن لەو ستراتیژییە بۆ ئەوە بوو بڵێین داگیرکەرانی کوردستان بۆچی ئەوەندە کرماشانیان بۆ گرنگە و بەتەواوی هێز و توانایانەوە هەوڵ دەدەن لە هەموو بوارێکەوە دەست بەسەر ئەو ناوچەیە دابگرن؟ بێگومان لە ئێستادا باس لە پرسی دیاریکردنی پێتەخت بۆ کوردستان نییە، بەڵام هەموو ئێلێمانەکانی پێتەختبوون لە شاری کرماشاندا بەدی دەکرێت و داگیرکەر بە باشی هەستی کردوە کە ئەگەر دەست بەسەر ئەو شادەمارەدا بگرێت، کوردستان لە تەواوەتیی خۆیدا لاواز دەبێت. بۆ ئەو لاوازکردنەش داگیرکەر وێڕای سیاسەتەکانی ژێنۆسایدی فەرهەنگی، دروستکردنی قەیرانی شوناس، کۆچاندن، ئاسمیلاسیون و پەرەپێدان بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان سەدان پیلانی دیکەی جێبەجێ کردوە بۆوەی ئەو شادەمارە هەڵبڕێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕەوت و لایەنە سیاسییە سەرانسەرییەکانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بوون لە ڕاکێشانی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لایەنگر و ئەندامگیرییان لەو ناوچانە کردوە و بەردەوام هەوڵیان داوە لە ڕاستای زێهنییەتێکی فاشیستی و ناوەندگەرادا لەو شادەمارەی کورد بدەن و بە بڕیووەرگرتن لەو کانگایە پرسی نەتەوەیی کوردی پێ لاواز بکەن. هەروەها لەنێو لایەنە کوردییەکانیش بە تایبەت لە چوارچێوەی حیزبەکاندا سەرەرای ئەوەی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات هەمیشە گرینگ بووە و هەوڵیان بۆ دراوە، بەڵام نەتواندراوە ئەم بایەخانە لە ئاستی چاوەڕوانکراودا بێت و بزووتنەوەیەکی گشتگیری کوردستانی لە لوڕستان ڕا هەیا تا ماکۆ لە واتا گشتییەکەیدا پێک بێت. دیارە ئەمە بەو واتایە نییە بزوتنەوەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نییە، بەڵکوو مەبەست لە گشتگیربوون ئەوەیە بتواندرێت ئەکتێکی سیاسی لە شاری ماکۆ هاوکات لە شاری کویەشتیشدا بە یەکسان ببیندرێت.

نووسەری ئەم دێڕانە پێشتر لە بابەتێکدا - کرماشان از ایران رانده و در کردستان مانده- باسم لەو هەوڵانە کردوە بۆ ئەوەی ئەوەی کرماشان لە ناوەند مافەکانی خۆی وەربگرێت. بۆ نموونە کرماشان وەکوو کەڵانشارێک بتوانێت وەکوو تەورێز و هاوتا وەکوو ناسیۆنالیزمی تورک و ئازەری، بە شوناسی خۆی لە بواری ئابووری و سیاسیدا لە ناوەند جێگای خۆی بکاتەوە، بەردەوام دەستی ڕەد بە سینگیەوە نراوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە کوردستان سەرەڕای پیلانی داگیرکەر، ئەو ناوچانە لە خەباتی کوردستانی و بە تایبەتی حیزبی نەیانتوانیوە ڕەنگدانەوەی بوونی خۆیان بارتەقای قورسایی هاوکێشەکانی ئەو ناوچانە ببینن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەبری ئەوەی حیزب بچێتە نێو خەڵک و بەرنامە و پلانی خۆی پێشکەش بکات و لاینگر و ئەندام بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و جەریانسازی بکات، زیاتر چاوەڕوان بووە خەڵکەکە ڕووی تێبکەن.

لە مێژووی خەباتگێڕیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چەند خاڵێکی جێی شانازیی وەک میرات بۆمان ماوەتەوە. وەک ئەوەی سەرەتا لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کۆماری کوردستان و بەهۆی بیرمەندی و ژیریی سیاسی و نەتەوەیی بەڕێزیانەوە ئیبراهیمخان نادری لە کرماشانەوە وەکوو جێگری وەزیری پەروەردە دیاری دەکرێ و لە سەرخستنی پلان و بەرنامەکانی کۆماردا ڕۆڵی زۆر سەرەکی و دیاریکەر دەبینێت.

پاش ڕووخانی کۆمار و لە قۆناغی دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی، دوکتور قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکرات بڕیار دەدات بۆ پێکهێنانی کومیتەی زاگروس و دامەزرانی هێزی شاهۆ و بیستوون، کە تایبەتن بە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات. لە هزر و بیر و باوەڕی دوکتور قاسملوو، وتار و نووسین و کردەوە و دژکردەوە سیاسییەکانی و بە گشتی هەموو چەشنە چالاکییەک کە بوویەتی، بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو کەسایەتییە چ داهاتوویەکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنا کردوە و چەندە پرسی ستراتیژیکی باشووری ڕۆژهەڵاتی بۆی گرینگ بووە. بەڵام بە داخەوە ئەو هەوڵانە سەرەڕای بایەخمەندییان بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون کە هۆکارەکان زۆرن، هەم لە ڕووی نێوخۆیی هەم دەرەکی.

بۆ نموونە شاری کرماشان مێژووی بوون بە شاری بۆ هەزاران ساڵ پێش دەگەڕێتەوە. ئەو شارە لە چەند بڕگەی مێژوویيدا لەنێو چووە و دیسانەوە بنیات نراوەتەوە و ناوەندی چەندین دەسەڵات بووە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا وەکوو شارێکی گرینگ لە ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێراندا دەوری گێڕاوە، لە ململانێ لەگەڵ قاجارەکان هەتا بزووتنەوەی مەشرووتە و شۆڕشی گەلانی ئێران. بە واتایەکی دی کرماشان کۆنترین شاری کوردستانە لە ڕووی سیاستکردن، هەرچەند ئێمەی کورد نەمانتوانیوە وەکوو عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کە دوو دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستان بوون و ئیستانبول و ئیسفەهانیان کردە ناوەندێکی دەسەڵات چ لە ڕووی ئیداری و چ لە بواری ئیدئۆلۆژیی ئایینی و سیاسی؛ کرماشان بکەینە بنکەی سەرەکیمان. ئەگەرچی لە کرماشان مێژووی سەرهەڵدانی حیزب و چالاکیی حیزبی کۆنترە لە شارەکانی دیکە و تەنانەت حزبی "خومەان "مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە کۆمەڵەی ژێکاف و چەندین حیزب و ڕێکخراوی ئێرانییش لەوێ سەرهەڵدەدەن یان بەشێکی زۆری سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە خەڵکی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بوون.

لە یەک سەدەی ڕابردووشدا دوو دەسەڵاتی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییش بە توندترین و دڕندانەترین شێواز هێرشیان کردووەتە سەر ئەندیشەی کوردستانیبوونی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و هەوڵیان داوە ئەو کەلێنە بچووکە بکەنە جیاوازییەکی گەورە و لە خیاڵی خۆیاندا دابڕانێک دروست بکەن. بەڵام نەورۆزی ٢٧٢٤ ئەو بیرکردنەوە چەوتەی بەتەواوەتی لەگۆڕ نا.

ئەو حماسەیەی کە لە کرماشان هەتا کۆتاییەکانی زاگرۆس، لە دیزفول هەتا ئەسەدئاوا لە هەمەدان خوڵقا و، بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز و جێژن و هەڵپەڕکێ کوردی هاوکات لەگەڵ سەراسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو، بەباشی دەری خست کە ئەو ناوچانە لەسەر ماف و خواستە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی خۆیان سوورن و بەدەر لە زۆر بابەتی نێوخۆیی پرسی سەرەکی بۆ ئەوان هەر کوردستانیبوونە. تەنانەت لە ڕەنگبەندی و بەکارهێنانی هێما نەتەوەیی و تەنانەت هێما حیزبییەکان، بەڕوونی دیار بوو کە لەوی هیچ لایەنێک بیبەش نییە و پلۆرالیزمێکی تایبەت ڕەنگی دابۆوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە نەورۆزی ٢٧٢٤ هەمووانی شۆک کرد و دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی لە تەواوەتیی خۆیدا بە چالش کێشا. لە لایەکی دیکەشەوە ورەیەکی تایبەتیی بەخشی بە هەموو نیشتمانپەروەران لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و زەبرێکی قورسی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

**لە پێکهاتەی فاشیستی ڕێژیم و عەقلییەتی ناوەندگەرا و تەنانەت ئیدئۆلۆژیی مەزهەبی زاڵکراو بەسەریاندا.**

**نەورۆزی ٢٧٢٤ هەروەها وەکوو پەیامێکی ڕوونی بە ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان دا کە ئاوڕێکی جدی بدەنە باشووری ڕۆژهەڵات و سەڵماندیان هەر لایەنێک بتوانێت لەوێ قووڵایی ستراتیژیکی هەبێت، سەرکەوتوو دەبێت و بە گشتی کوردستانمان بە ئامانج نزیکتر دەبێت.**

**لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین باشووری ڕۆژهەڵات پێشانگەیەتیی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و خەباتگێڕییە دەکەن و دەبێ بکرێنە میحوەرییەتی سەرەکیی خەبات و ئەو پوتانسیلە بکرێتە پراکتیس.**

**١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان



تاهیر قاسمی

لەگوێن چەند ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵیش نەورۆز لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گڕ و تین بەڕێوە چوو. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا جامانەکان کەوتنەوە سەما و مەشخەڵەکان هەڵکرانەوە و کوڕان و کچان بە دەوری ئاگری نەورۆزدا هەڵپەڕین؛ بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی، نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جیاواز و تایبەت کرد. لەوانە بەشداریی هەرچی زیاتری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، گوڕ و تینی زیاتر لە ساڵانی پێشوو، تەنینەوەی بە زۆربەی گوند و شار و ناوچەکانی کوردستاندا و بەرینتر بوونەوەی هەرچی زیاتری بە پانتایی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت سەرانسەری ئێراندا. ئەم نەورۆزە بە تایبەت لەچاو ساڵی ڕابردوو کە بە سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشی ژینا و تا ڕادەیەک دامرکانەوەی ئەو شۆڕشە، نەورۆزێکی خەماوی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات، هەستانەوەیەکی بەهێز بوو. هەستانەوەیەک کە پێشتر بە کۆبوونەوە و ڕێپێوانی دەیان هەزار کەسی لە سەقز بۆ ناشتنی تەرمی وەرزشوانێک و لە نەغەدە بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی سێ کەژەوانی ئەو شارە خۆی دەرخستبوو.

نەورۆزی ٢٧٢٤ ئەگەرچی دوای زیاتر لە یەکساڵ بەسەر کۆتایی خۆپێشاندانەکانی بزووتنەوەی ژینادا هات بەڵام لە چەند



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووەوە دەتوانین وک درێژەی ئەم شۆڕشە ببینین. بزووتنەوەیەک کە لە کوردستانەوە بە هەستێکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە دەستی پێ کرد بەڵام لە ئاستی ئێراندا بە درووشمە سەرەکیییەکەی واتە ژن، ژیان، ئازادی ناسرا و پتر دژ بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان وەستایەوە. بەو ڕوانینە لە بزووتنەوەکە، سەرەڕای ئەوە کە دانی ئەو دروشمە و بە گشتی دروشمدان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا کەم و دەگمەن بوو، ژنان بەدوور لە حیجابی زۆرەملێ، بەهەراوی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو بۆنانەدا بەشدار بوون و خواست و ئیرادەی نەتەوەیی و مرۆیی و یەکسانیخوازانەی خۆیانیان تێیاندا نیشان دایەوە. بەشداری لە هەڵگرتنی مەشخەڵ و کردنەوەی ئاگری نەورۆز، هەڵپەڕینیان شانبەشانی پیاوان و کێشانی گەری ڕەشبەڵەک، هەڵگرتنی جامانە و پۆشینی جلوبەرگی خاکی و پێشمەرگانە هێما بوون بۆ ئەوەی ژنان هێز و وره و خواستی یەکسانیخوازانەی خۆیان بەکردەوە نیشانی دەسەڵات و کۆمەڵگە بدەن. نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری لەڕاستیدا بوارێک بوو بۆ بەکردەوە نیشاندانی ژن لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا و بە کردەیی کردنی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کورد لە شار و گوندەکانی سەراسەری کوردستان.

بابەتێکی دیکە کە لە بەڕێوەبردنی بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بەرچاوە، هاوکاری و هاودڵیی هەرچی زیاتری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە. لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەڵک بە ڕێزەوە لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان لەگەڵ یەک هاوفکری دەکەن و بەرنامە دادەڕێژن. لەکاتی بەڕێوەبردنی بەرنامەکاندا بە داب و دەستوور دەجووڵێنەوە و شانۆ و نمایشێکی بەکۆمەڵ و هاوئاهەنگ پێشان دەدەن و پێشکەش دەکەن. ئەوەی لەم نێوەدا سەرنجڕاکێشە یەکتر قەبووڵ کردن لەوپەڕی خۆیدایە و هەموان بەچاوی ڕێز سەیری یەکتر دەکەن. دیاردەیەکی ناشیرین کە لە بۆنە و زەماوەندە ئاساییەکاندا زۆر جار خۆی نیشان دەدا، هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوەیە بەڵام لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمانەدا لە هیچ شوێنێکی کوردستانەوە هەواڵی بچووکترین کێشە و شەڕ لەئارادا نییە. خاتوونێک گێڕایەوە کە پیاوەکان ئەوەندە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ژنان دەکەن کە هەمووانت لێ دەبێ بە برا و خۆت بە خوشکی گشتیان دەزانی. یەکدڵی و یەکگرتوویی نەتەوەیی نەک هەر لە چوارچێوەی شار و گوندەکاندا بەڵکو لە ئاستی سەراسەری کوردستانیشدا بەرچاوە. زۆربەی ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانە تایبەتمەندیی وەک یەکیان هەیە و ئیلهام لە یەکتر وەردەگرن. هەڵچنینی وەک یەکی چیلەی ئاگر، داب و دەستووری وەک یەک بۆ داگیرساندنی ئاگرەکە و تەنانەت پۆشینی جلی هاوشێوە حیکایەتی هاودڵی و هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی قووڵ لە سەرانسەری کوردستاندا دەگێڕێتەوە.

لەباری جوغرافیاییەوە کورد لە ئێراندا ڕەنگە هیچکات ئاوا یەکتریان نەخوێندبێتەوە و بۆ یەکتر نەهاتبنە سەر خەت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بـاری ئوسـتانییەوە نیشـانیان دا کە جوغرافیـای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە سـنووری چـوار پارێزگـای ورمـێ و سـنە و کرماشان و ئیلامدا قەتیس نییە. کوردەکـان لە خوزستان و هەمەدان و زۆر شوێنی دیکەی دەرەوەی ئەو چوار پارێزگـایە بە ئـاگری نەورۆز جێـژنە پیرۆزەیـان نووسی و چوارچێوە جوغرافیـاییە ڕاستەقینەکەیان بە ئـاگری نەورۆز دەرەوشـاندەوە. نەک هەر لەو چوارچێـوە جوغرافیـاییەدا بەڵکـو کوردەکـان لە خۆراسـان، لە شـیراز، لە تـاران و زۆر شـوێنی دیـکەش بۆنەی هاوشێوەیان وەڕێخست، گەڕی داوەتیان لێ گرت و کوردایەتیی خۆیان نیشان دا. بۆ یەکەم جار لە لوڕستانەوە تـا ماکۆ و لە ئەسەدابادەوە هەتـا پـاوە، کـورد خاوەنـایەتیی خـۆی بەسەر نەورۆز و بەسەر ئەم جوغرافیـایەدا سەلماندەوە. ئـاگر، هەڵپەڕکێ، جامـانە و جلی خـاکی هێمـا و سـەمبولی هـاوبەش بـوون بـۆ پێناسـەی نەورۆزی ئەمسـاڵی کـوردان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و سەرانسـەری ئێرانـدا. ئەوان بەو هێمایـانە لە ڕاسـتیدا جوغرافیـای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیان سەرلەنوێ کێشـایەوە و پانتـایی سنوورەکانی کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگـاریی کوردستانیان بـۆ هەمـووان دەستنیشـان کرد.

بابەتێکی دیکەی نەورۆزی ئەمساڵ ڕاوەستانی کوردان لەبەرامبەر زێدەخوازیی شۆڤێنیزمی پـانتورکیزم بـوو. لەم چەنـد دەیەی دواییـدا پـانتورکیزم بە پشـتیوانیی دەسـەڵاتی مەزهەبیـی تـاران لە هەمـوو لایەکەوە هـوروژمی هێنـاوە و لە زۆر شـوێنی کوردستاندا هەڕەشە لە بوون و مانی کورد دەکا. نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگـاریی کوردسـتان ئەو دەرفەتەی بە کـورد دایەوە کە بەربەسـتێک بـۆ ئەو زێـدەخوازییە دابنـێ و بە هەمـوو دنیـا ڕابگەیەنـێ کە بێـدەنگیی کـورد لە زۆر شوێنی پارێزگـای ورمـێ و هەمەدان و شـوێنەکانی دیکەش نەک بە واتـای نەبـوون یـان بەجێهێشـتنی زێـدی هەزاران سـاڵەی خـۆی بەڵکـوو دەرەنجـامی سـەرکوتی سیسـتماتیکی ئەم نەتەوەیە لەلایەن دەسـەڵاتی ناوەنـد و دانـی ئـامرازەکـانی سـەرکوت بەو ڕەوتە شـۆڤێنی و چاوبرسییەیە. سیاسـەتێک کە بە داخەوە گەلێـک سـاڵە دژی کـورد پێـڕەو دەکرێ. لەم نەورۆزەدا کـوردان لە ورمـێ و مـاکۆ و میانـدواو و زۆر شـوێنی دیـکە بە هەڵکردنـی ئـاگر و بە سـەمای جامـانە و بە گەڕی ڕەشـبەڵەک کوردسـتانی بـوونی زێـد و نیشتمانی خۆیان نەخشاندەوە.

سێکۆلاریزم دیـاردەیەکی دیکەی ئەم جێـژن و بـۆنە نەورۆزییەکـانی کوردسـتانە. لەکاتێکدا بە هـاتنی مـانگی ڕەمەزان ڕێـژیم هەموو سـاڵێ هەوڵ دەدا هێژەمۆنی و دەسەڵاتی مەزهەبیی خۆی زیـاتر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ، خەڵکی کوردستان بە شیعە و سوننی و یارسانەوە پێمل بەو ئایین و دین سەپاندنە نەبوون و جێـژن و شـایی و هەڵپەڕینـی خۆیـان بە دوور لە بێڕێـزی بە هیچ ئایین و ئایینزایەک بەڕێوە برد.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

ناسێنەی هەرە بەرچاوی بۆنەکانی نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان بەستنی جامانە و پۆشینی جلوبەرگی خاکی وەک هێمای پێشمەرگانە و سەمبولی بەرخۆدانە کە ئەمساڵ بە چڕی خۆی نواند. بە جۆرێک کە بینەر بە دیتنیان زۆر جار خۆی لەنێو گەڕی شایی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگەدا هەست پێ دەکرد. بەوەش خەڵکی کوردستان هەوڵیان دا خۆیان وەک بەشێک لە خەباتی کۆڵنەدەرانەی کوردستان نیشان بدەن و ڕێز لە خەباتی شاخ و لە تێکۆشانی پێشمەرگانە بگرن. وێڕای ڕێز لە خەباتی پێشمەرگە هەوڵیان دا نەورۆز و بۆنەکانی نەورۆز بکەن بە مەرهەمێک بۆ سارێژکردنەوەی برینی ئەو بنەماڵانەی ئازیزێکیان لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا لەدەست داوە. لە بۆنەکاندا ئەرکی پێشەنگایەتی بۆ داگیرساندنی ئاگری نەورۆز بە بنەماڵەی شەهید سپێردرا. بەم جۆرە ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان گرت، ڕێبازەکەیان بەرز نرخاندن و خۆیان بە بەشێک لەو ڕێبازە نیشان دا. ترۆپکی ئەم ڕێزگرتنەش لە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی خاکەلێوەدا هاتە ئاراوە دوای ئەوەی چالاکانی سیاسیی کورد داوایان کرد بۆ مەحکوومکردنەوەی ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان نێودێر کراوە، بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ڕابگرن. خەڵک بە بە دەم بانگەوازەکەوە هات و ڕێوڕەسمەکان بۆ دوای ئەو دوو ڕۆژە ڕاگیران. وەستانی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە تایبەت لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا هیندەی سەمای جامانە و پۆشینی جلی خاکی و هەڵکردنی مەشخەڵانی نەورۆز واتادار و هەڵقوڵاوی ئەوپەڕی تێگەیشتوویی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەم دوو ڕۆژەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە دۆست و دوژمنی سەلماند کە بۆنەکانی نەورۆز بۆ ئەوان کردەوەیەکی نەریتی، لاسایی یان تەنیا بۆ خۆشی و هەڵپەڕین نین بەڵکو ئەوە هەستانەوەی سەرلەنوێی بزووتنەوەیەکی سەرکوتکراوە و و برگەیەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی نەتەوەیەکی زۆرلێکراوە کە ساڵ لە دوای ساڵ پتر باڵا دەکا و کورد زیاتر لەسەر دابینبوونی مافەکانی پێداگرتر دەبێ.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سروودێک لە چاوی ئاوردا (شەهید ئەنوەر ئیبراهیمی)




**برایم چووکەڵی**

هەرچی دەست بۆ پینووس دەبەم و ئاوڕ لە ژیانی ئەو قارەمانانە دەدەمەوە کە لە سەردەمێکدا بە گیان و بەدڵ، بە بیروباوەڕ، بە ماڵوگیان، بە خوێن و تەنانەت بە دانانی گەورەترین سەرمایەی ژیانیان فەرماندەیی ئەو شەرە حەماسەیانەیان دەکرد، دڵ و دەروونم ئاگر دەگرێ. ئەوانە هەر ئەو کەسانە بوون کە شەورۆژیان نەدەناسی و هێزە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکرات لە سەرتاسەری کوردستانیان فەرماندەیی دەکرد و وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاویان بەسەر ئاو و خاکی نیشتمانەکەیانەوە بوو و وەک گلێنەی چاو دەیان پاراست، کوا لە قامووسی وشە دەتوانێ بۆ ئەو فەرماندە بوێرانە پەسنێک شک دەبەی بارتەقای فیداکاریی، لێهاتوویی و خۆنەویستیی ئەوان بێت.

ناوچەی ژاوەرۆی سنە یەکێک لە سەنگەرە گرینگەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. خەڵکی خەباتگێڕ و دێموکرات پەروەری ئەو ناوچەیە هەمیشە بە دڵەوە لایەنگری حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆیان، ڕەوانەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە. لە مێژووی دەیان ساڵەی خەبات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەربەرەکانی گەلی کورد لەپێناوی ئازادی و دێموکراسیدا، کەم گوند و ئاوایی ئەو ناوچەیە دەبینرێ کە ڕۆڵەیەک یا چەند قارەمانی پێشکەش بە نیشتمان نەکردبێ تەنانەت کەم بنەماڵەی کوردستانی خۆشەویست و خۆڕاگر دەبینرێ کە جگەرگۆشەیەک، یا خۆشەویستێکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەکردبێ.

ئاوایی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، یەکێک لەو گوندانەیە خەڵکەکەی زیاتر لە٢٠ خەباتکار و ڕۆڵەی شۆڕشگێر و قارەمانی خۆیان کە بە ڕەنج و ئارەقەی نێوچاوانیان گەورە کردبوو، لەپێناو بەختەوەریی نەتەوەکەیاندا فیدا کردوە. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا و لە نێو باخچەی شەهیدانی سەربەرزی گوندە قارەمانەکەی تەنگیسەردا یادی هەڵۆیەکی سەربەرز دەکەینەوە، فەرماندەیەکی بەوەج کە هەموو ژیانی لە پێناو ڕزگاری نیشتمانەکەی دانا، ئەویش کەسێک نییە جگە لە شەهید ئەنوەر ئیبراهیمی لە هێزی زاگرۆس.

ئەنوەر ئیبراهیمی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەرۆ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بەدنیای ڕوون هەڵێنا. لە هەرەتی لاوەتیدا لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریی کرد و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ ئەنوەر ڕەخساند کە بەکردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوە و بەئاشکرا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە خۆشی دەویستن خەبات بکا. ئەنوەر دوای ئەوەی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لە بەر کرد و چەکی شەرەف و دیفاع لە کەرامەتی گەلەکەی دەستدایە، لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی "شەهید شەریفزادە"دا سازمان درا. ئەو زۆر زوو توانی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچە و هاوسەنگەرانی. چونکی لە هەموو وجوودیدا ئیمان و بیروباوەڕی پتەوی بە خەباتی نەتەوەکەی و، لە ئاکار و کردەوەیدا شۆڕشگێربوون، دڵسۆزی، لێبراوی و شێلگیربوون لەسەر درێژەپێدانی ئامانج و ڕێبازەکەیدا شەپۆلیان دەدا. ئەو تایبەتمەندییانە لە مەیدانی شەڕ لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا جۆرێکی دیکە خۆی دەنواند، کاتێک لە دوژمن سەنگەری دەگرت و کاتێک هێرشی بۆ سەر دوژمنانی کورد و کوردستان دەبرد هیچ هێزێکی دوژمن توانای خۆڕاگری لە ئاست نەعرەتەی شێرانەی و هەڵمەت و پەلاماری شۆڕشگێرانەیدا نەبوو.

تایبەتمەندی دیکەی ئەنوەر ئەوە بوو هەر بەو ئەندازەیەی نەتەوەکەی خۆش دەویست بەو ڕادەیەش هاوسەنگەرانی خۆش دەویست. شەهید ئەنوەر لە بەرپرسایەتیی فەرماندەیی پێشمەرگەدا نیشانی دا فەرماندەرێکی بەوەجە و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا ماندوویەتی ناناسێ. چالاکانە مەئمووریيەتی حیزبی بەڕێوە دەبرد و بە لێوەشاوەیی ڕێنوێنی و فەرماندەریی پێشمەرگەکانی دەکرد. ئەنوەر لە ناوچەکانی مەریوان، سنە و کامیاران بە باشی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ڕادەپەڕاند.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئـەنوەر بـە هـۆی لێهـاتوویی بەرپرسـایەتی جۆراوجـۆری هـەبوو جێگـری پـەل، سـەرپەل جێگـری لـک و سـەرئەنجام وەک فەرمانـدەری لـک كـاری پـێ ئەسـپێردرا. ئەو لەو پـلە و بەرپرسایەتیانەشـدا سـەلماندی كە فەرمانـدەرێكی بەوەجە و لە جێبەجێكردنــی ئەركەكانیــدا مانــدوویەتی نەدەناســی. دوای ئەوەش كە وەک فەرمانــدەری لــک دیــاری كــرا، لــەو بەرپرسایەتییەشدا چالاكانە مەئمووریيەتی حیزبی بەڕێوە دەبرد و بە لێوەشاوەیی ڕێنـوێنی و فەرمانـدەریی پیشمەرگەكانی دەكـرد و لە ناوچەكـانی مەریـوان، سـنە، كامیـاران و... زۆر حەماسـەی لەبیرنەكـراوی هێـزی پێشـمەرگەی بە فەرمانـدەریی ئەنوەر خوڵقان.

هێزە دڵڕەشەكانی كۆمـاری ئیسلامیی ئێران كە هیچ كـات لە بەرەنگـاری و ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ ئـەنوەردا نەیـانتوانی بە ئامانج بگەن، لە پیلانێكی دژی مرۆڤانەدا زەفەریان پێ هێنا. ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٢ لە كاتێكدا ئەنوەر لەگەڵ چەند هاوڕێی دیكەی لە شاری دەربەنـدیخانەوە بەرەو بنكەكانیـان بـۆ ناوتـاق دەگەڕانەوە، بە ماشێنەوە كەوتـنە سەر مینە چێنــدراوەكانی سـپای پاســداران. لەو كەمــین و ڕووداوەدا بەداخەوە ئــەنوەر ئیبراهیمــی لەگەڵ ٤ هاوســەنگەری دیــكەی بەناوەكـانی شاڕوخ مـرادی - فەرمانـدەری هێـز -، سـەلاح مرادیـان، ڕەشید ڕۆسـتەمی و تـاهیر مەنـووچێهری شەهید بـوون. بەمجۆرە ئەنوەر ئیبراهیمی ڕەشەبای مەرگ ئەمامی تەمەنی بەلادا خست و گوڵی هیوا و ئاواتەكانی پەرپەڕ بوو.

١٧ی خاكەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سێزدەبەدەر و درۆکردن دە دڵی خۆماندا



**دارسمە**

جاری وا هەڵدەکەوێت دوو شت تێک دەبەزن و بە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێکی دەرەکی و ژوورەکی و هیچ چەشنە گەلەکۆمەکیەک لە یەکتر ناکرێنەوە. لێکنەکرانەوە بەو مانایە نا بڵێین ناکرێت جیاوازییەکانیان ببینین، بەڵکوو بەم مانایەیە لە بەریەک هەڵناوەشێنەوە یان لە یەکتری دوور ناخرێنەوە.

بۆ ئەمساڵیش واتە ساڵی ٢٧٢٤ی کوردی لە ١٣ی خاکەلێوەدا دەگەڵ ٢١ی ڕەمەزانی ١٤٤٥ کۆچی مانگی کەوتنە بەریەک و بە چەشنێکی زۆر سەیر دەبەریەک بەزین. ئەوانەی شەڕەکەڵی کۆنیان دیتووە جوانتر دەتوانن ئەم تێکبەزین یان دەبەریەکبەزینە ببینن و هەستی پێ بکەن. لە سەردەمی ڕۆژهەڤبوونی شەڕەکەڵدا خاون کەڵ دوو کەڵیان بۆ شەڕەکەڵ بەخێو دەکرد و لە مەیدانێکی گەورەدا بە شەڕیان دەدان.

ئەو دوو کەڵەی بە شەڕ دەدران، تەوێڵیان دەخستە بەرانبەری یەکتر و شاخیان دەبەریەک دەبەزاندن و ئەگەر هەردوویان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تین و توانایان وەک یەک بووایە، ئەوە چوار شاخیان بە چەشنیک دەبەریەک دەبەزین ئەگەر لە پشتەوەڕا دووکەڵیشیان لێ هەستابایە نەدەکشانەوە و ئەوکات کۆمەڵی هاندەرانیان دەکەوتنە ڕا و تەکبیر و سەری دوو گوریسی درێژیان دەکردە ئاڵقە و لە پشتەوەڕا بە جیا دەیانهاویشتە شاخی کەڵەکان و بە چل پەنجا کەس گوریسەکانیان بۆ دوولای دژ بەیەک ڕادەیکێشا و شاخی دەبەریەکبەزیوی کەڵەکانیان لەبەر یەک دەترازاند. دوای ئەوە دیار دەبوو کامە کەڵ ترسنۆکترە و کەڵی ترسنۆک دوای ڕەهابوونی شاخی لە شاخی کەڵەکەی دیکە، پشتی دەدا و دەستی بە هەڵاتن دەکرد و کەڵی دووهەمیش ئەگەر نەگیرابایە، وەک لایەنی سەرکەوتوو تەقڵەکوت دەکەوتە سەری.

ڕۆژانی سێزدەبەدەر و ٢١ی ڕەمەزانی ئەمساڵیش بە حوکمی چۆنیەتیی سووڕانی گۆی زەوی لە بۆشاییدا، وەک شاخی دوو کەڵی دەخاوگیراو واتە بە شێوەی تایبەت بەخێوکراو دەبەر یەکتر گیراون واتە تێکبەزیون.

ئاخوندانی چازان و لێزانی دۆخەکە لەبەر ئەوەی ژیانیان لە خۆهەڵواسین بە دین و خوڵقاندنی درۆی شاخدار هەوڵی خۆیان چڕ کردەوە و ئەوپەڕی توانایان بۆ لەبەریەکترازان خستە گەڕ.

دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بەشی زۆریان بڕوایان بە ئیسلام و سێزدەبەدەر هەیە و ئەم دوو بۆنەیەش لەم چەند ساڵەی دواییدا هەتا ئەمساڵ بەمجۆرە دەبەریەک نەبەزیون.

هەرچەندە دوو بۆنەی دەبەریەکبەزیوی سێزدەبەدەر و ٢١ی ڕەمەزان هەردووکیان لای دانیشتووانی ئێران خاوەنی جۆرێک لە تایبەتبوون و پیرۆزبوونن، بەڵام لەبەر ئەوەی سێزدەبەدەرەکە لە ٢١ەکە کۆنترە و لە دەستپێکردنی ژماردنیش ژمارەی ١٣ پێش ٢١ دێت، چاوەڕوان دەکرا چارەسەری ئەم دەبەریەکبەزینە هەر ١٣بەدەر خۆی بێت.

لەم بگرەوبەردەیەدا بەڕێز"لوتفوڵلا دژکام" نوێنەری ویلایەتی فەقیهـ لە پارێزگای فارس و ئیمامی هەینیی شاری شیراز گەڕایەوە سەر چارەسەری پشتبەستوو بە سێزدەبەدەر و پەنای بردە بەر درۆی ١٣ بەدەر یان درۆی یەکی نیسان. ئاغای دژکام لە کاتێکدا بەدرێژایی تەمەنی دەگەڵ هاوبیرانی خەریکی درۆکردنە، ئەمجارە ڕیکاری درۆکردنی پێشانی هاونێشتمانیان دا و شێوازی درۆی گەوڕی و لە درۆکردنی نێو جڤاکدا چەقی پێنەبست و کردییە درۆی دەروونی. کاکە لوتفوڵلا لەم نێوەدا فەرمووی لەبەر ئەوەی ٢١ی ڕەمەزانی ئەمساڵ دەگەڵ ڕۆژی سروشت و ١٣ بەدەر دەکەونە بەر یەک و ناموسوڵمانانیش ڕێز لە ئیمامی عەلی دەگرن وا باشە لە هیچ شوێنێک بێڕێزی بە ٢١ی ڕەمەزان نەکرێت و خەڵک بۆ


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێوڕەسمی ١٣ بەدەر نەڕۆنە دەرەوە و لە ماڵەوە بمێننەوە.

نوێنەری ویلایەتی فەقیهـ لە پارێزگای فارس، بە فارسییەکی ڕەوان و بێگرێ و گۆڵ گوتی: بۆ ئەوەی خەڵک دڵیان بۆ چوونە دەرەوە و بیر لە سێزدە بەدەر نەکورکێنێت، وا باشە هەموو کەس وا بە خۆیان بسەلمێنن لەم ڕۆژەدا باوکیان مردوە و شاییکردنی ڕۆژی ١٣بەدەریان لە بیر بچێتەوە.

گرینگایەتیی ئەم فەرمایشەی ئیمام جومعەی شیراز لەمە دایە، ئەگەر هەموو کەس هەرچەند بە درۆش بێت وا بزانن باوکیان مردوە، هەرکەس لەماڵی خۆی چاوەڕوان دەبێت خەڵک بۆ سەرساخی بێنە ماڵی و هیچکەس بۆ هاودەردی دەربڕین دە گەل کەسی دیکە لە ماڵ دەرناکەوێت و لەبەر ئەوەی بابی هەموو لە یەک ڕۆژدا مردوە، هاتووچۆ کردن بۆ سەرەخۆشیش پەکی دەکەوێت.

لەم بیرۆکەی ماموستا دژکامدا درۆی سێزدەبەدەریش لە دۆخی درۆی ئاسایی دەردەچێت و دەبێت بە درۆی دەروونی و هەرکەس لە باڵ خۆیدا بە درۆ دەڵێت بابم مردوە. دیارە ئەوانی زووتر باوکیان کۆچیی دواییان کردەوە، بەم مەرجەی جارێکی دیکە باوکیان زیندوو بکەنەوە دەتوانن بیانمرێنن و ئەمەش دەبێتە دوو درۆی دەروونی.

ئەم جۆرە درۆکردنە کێشەیەکی دیکەشی هەیە و ئەوکەسانەی خاوەنی منداڵ و نەوە و نەتیجەن، ئەوانی بە تەمەنن، هاوکات کوڕ و نەوەیان بە یەکەوە دەمرن و لە بچووکەکەشەوە یانی لە لای نەتیجەوە باوک و باپیرە و باپیرەگەورە لە ئان و ساتێکی سیزدەبەدەردا سەر دەنێنەوە.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## د. هۆشمەند عەلی: شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبوونەتە وانەی مێژوو بۆ نەوەی ئێستامان



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

مێژووی کورد پڕە لە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر کە ئاوێنەی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانی میللەتێکی بندەست، و زوڵملێکراوە کە سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی لە بەربەرەکانێ و ململانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا چۆکی نەداوە و بەردەوامتر و شێلگیرانەتر و قایم بەزاتتر هەنگاوەکانی بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر پتەوتر کردوە. لە ئاوڕدانەوە بەم مێژووە پڕ بەرەوڕووی دەیان پرسیاری جۆراوجۆر دەبین. وەکوو : ئێمەی کورد ئێستا لەکوێیی مێژووی کۆن و نوێدا وەستاوین؟ ئایا دۆخی ئێستای کوردی پێوەندیی بەوەوە هەیە مێژووی خۆی ناناسێ؟ دەسەڵاتەکانی عەرەب و فارس و تورک بە چ مێتۆدێک لەهەمبەر مێژووی کورد جووڵاونەتەوە؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دی. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە دیمانەیەکمان لەگەڵ د. هۆشمەند عەلی، پسپۆڕی مێژوو و مامۆستای زانکۆ پێک هێناوە.

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا. بەم پرسیارە وتوێژەکەمان دەست پێ دەکەین کە ئێمەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کورد لە ئێستادا لەکوێی مێژووی کۆن و نوێ وەستاوین؟ لەوەدا کە هەموو بەڵگە مێژووییەکان دەڵێن کورد لە هیچ شوێنێکی دیکەوە نەهاتووە و لە ڕەسەنترین نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایەیە، بەڵام بۆچی لەو دۆخەدایە؟**

**د. هۆشمەند عەلی:** نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوە ڕەسەن و دێرینەکانی ئەم ناوچەیەیە. مێژووی کۆن و شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە لە بەرەبەیانی مێژوودا ژیان لە کوردستانی کۆندا هەبووە. گەلانی کۆنی کوردستان وەک: گۆتی، لۆلۆیی، خوری، کاشیەکان، میتانی، ماد و... هتد، لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی کوردستانن و نەتەوەی کوردیش لە پاشماوەی سەرجەمی ئەو گەلە کۆنانەی کوردستانی کۆن پێکهاتووە. مەبەستمە بڵێم کورد خاوەنی ڕابردووە لەنێو مێژوودا، بەڵام وەک نەتەوە خراوەتە دەرەوەی مێژوو، بەو مانایەی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، ئەوانەی لەسەر خاکی کوردستانی دێرین دەوڵەتیان بۆخۆیان بنیات ناوە وەک بێگانە و میوان سەیری کورد دەکەن و بەدرێژایی دەسەڵاتی سیاسییان هەر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کورد کراوە. نەتەوەی کورد بۆخۆیشی ئەوەندەی لەسەر میراتی ئەو شانازییە مێژووییەی ڕابردوو ژیاوە و دەژی، نەیتوانیوە خۆی لە ئێستای مێژوودا ببینێت، بەجۆرێک کە بێت و ئالنگاریی بەپێی واقیع و سەردەم بکات و ئەوەندە بە ڕابردووە نەنازێ و پتر بیر لە ئێستا و داهاتووی بکاتەوە، ئەم دۆخەش وایکردوە بگات بەدۆخێک کە دوای بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێکیش دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە خاڵی سفر.

**شەهرام سوبحانی: لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی شکست و سەرکەوتنەکانی هەر نەتەوەیەکدا قسەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ هەر میللەتێک مێژووی خۆی نەزانێ مەحکوومە بە دووبارە کردنەوەی ڕووداوەکان. ئایا دۆخی ئێستای کوردی پێوەندیی بەوەوە هەیە مێژووی خۆی ناناسێ؟ ناسینی مێژوو لەکوێ و چۆن و بە چ جۆرێک ئەو هێزەت دەداتێ دۆخەکان لە بەرژەوەندیی خۆتدا بگۆڕی؟**

**د. هۆشمەند عەلی:** وەک گوتم کورد خاوەن مێژوویەکی دێرینە، خۆشمان دەزانین کە ئەو مێژووەمان هەیە، بەڵام دەرس و پەندمان لە ڕابردوومان وەرنەگرتوە. بۆیە کێشەی نەناسینی مێژوومان ئەوەیە کە زوو شکست و سەرکەوتنەکان لەبیر دەکەین، زوو دۆست و دوژمن تێکەڵ دەکەین و سادەین لە دووڕێیانی سیاسەتدا، ئەوەیە وای کردووە کە پێت وابێت مێژوومان نەناسیوە، چونکە هەڵە و کەمایەسییەکانی ڕابردوومان لە یاد کردوە و نەبووە بە دەرس و پەند، بەو مانایەی شکست و هەڵەکانی ڕابردوومان نەبووە بە وانەی مێژوو بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان. بۆیە گەر ڕابردوو بەتەواوی لەبەر بکەین ڕەش و سپی بەتەواوی بە مانا سیاسییەکەی لێک جودا بکەینەوە، ئەو هێزەت پێ دەدات کە لەسەر بنەمای مێژوویی سیاسەتی ئەوڕۆ و سبەی دابڕێژیی و دۆست و دوژمن بەئاسانی بناسی، نەک بەسۆز و عاتیفە سیاسەت بکەی وەک زۆرێک لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسییەکانی کورد کردوویانە.

**شەهرام سوبحانی:** مێژووی کورد لە ئێستادا لە ڕەهەندی خاک و جوغرافیاوە ئاوێتەی داگیرکاریی چەند نەتەوەیەکی دراوسێیە کە لەڕووی حوکمڕانی و دەسەڵاتی سیاسییەوە سەردەستن. داگیرکاریی ئەو نەتەوانە لەڕووی مێژووسازیی، شێواندن و چەواشەکاری مێژوییەوە چۆن و بە چ مەبەستێک بووە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** شێواندنی مێژووی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە بە مەبەست و ئامانجی گەورەی سیاسیی بووە، لەلایەک کاریان لەسەر تێکدانی دەروونی تاکی کورد کردوە و لەلایەکی تریشەوە هەستی بڕوا بەخۆنەبوونیان لەناخی تاکی کورددا دروست کردوە، ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی وشیاری نەتەوایەتی کوردی لاواز بکات و بیخاتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتی لەلای بەشێک لە لاوان و جەوانانی کورد پتر ئەو هەست بە کەمیکردنە دروست کراوە. بەگشتی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان تاکی کوردی لە ڕووی ژێئۆسیاسییەوە شێواندوە، بەو مانایەی تاکی کورد لەسەر هەر بەشێک لەو بەشانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە دابەش بووە، هەستە سیاسیی و ژێئۆسیاسییەکەشی دابەش بووە، واتە کوردی باشوور لە ئێستادا ئەوەندەی وەلای زۆرینەی بۆ حکوومەتی عێراقی هەیە ئەوەندەی بۆ حکوومەتی هەرێم نییە! وەک چۆن لە ڕابردوودا و نەسڵی پێشوو ئەوەندەی عەرەبی زانین و بە عەرەبی قسەکردن جێی شانازیی و خۆپیاهەڵدانی بوو، ئەوەندە پێداگر نەبووە لەسەر سەپاندنی زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی و دانپێدانراوی دەستووری عێراقی! هۆکارەکەشی ڕوون و ئاشکرایە کە کاریگەریی دەروونی و سیاسیی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر خۆبەکەمزانین و خۆ بەبچووک سەیرکردن لە ناخی بەشێکی کورددا ڕوواوە و ئەوەش لەڕووی ژێئۆسیاسییەوە ناخێک و هەستێکی تەواو شێواوی پێداوە، کە هەموو ئەمانەش مەبەستی سەرەکیی و ئامانجی گەورەی داگیرکەرانی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی:** ئەم داگیرکاریی مێژووییە، یان بە واتایەکی دەستبردن بۆ مێژوویی کورد لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی ئێستا لە چوارپارچەی کوردستان ئایا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتری هەیە؟ مەبەست ئەوەیە دەسەڵاتەکانی عەرەب و فارس و تورک هەر بە یەک مێتۆد لەهەمبەر مێژووی کورد جووڵاونەتەوە؟

**د. هۆشمەند عەلی:** داگیرکەرانی کوردستان لە ڕواڵەت و پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزییاندا جیاوازن، بەڵام لە نێوەڕۆک و مەبەست و ئامانجیاندا هەر هەموو یەکن، چونکە بەدرێژایی ڕابردوو کۆک و هاوڕابوونە لەسەر تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. وەک چۆن لە ڕواڵەتدا جیاوازن، لە میتۆدی کارکردن و دژایەتیکردن بۆ شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد کەمتر جیاوازن، چونکە هەر یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان کاری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر شێواندنی مێژووی کورد کردوە بەهەر جۆرێک لەو جۆرانەی کە بۆی گونجاوە و بۆی ڕەخساوە، گەر لە عێراق هەندێک مافی فەرهەنگی و ئیداری دراوە لە ڕابردوودا، بەلام لەگەڵیشیدا بە ئاگر و تۆپباران و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێونەتەوەیی بەکارهێناوە بۆ سڕینەوە و ئیبادەکردنی نەتەوەی کورد لەسەر خاک و نیشتیمانەکەی، لە ئێران جگە لەوەی مافی فەرهەنگی و نەتەوەیی نەدراوە بەڵکوو ڕۆژانە ئیعدامی لاوان و کوڕان و کچانی کورد دەبینین بە تاوانی کورد بوون، لە تورکیەش هەروا و سووریەش لە ڕابردووە و لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی بەعسی سووریەدا مافی کورد هەر نەک بوونی نەبووە، بەڵکوو نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە لە سووریە خاوەنی ڕەگەزنامەی دەوڵەتیش نەبووە. ئەوە جگە لەوەی هەر یەک لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە ڕێی پەروەردە و پرۆگرامی خوێندن و سیاسەتی فەرهەنگیی و کولتووری نەتەوەیی خۆیان لە عەرەب، تورک و فارسدا وەک نەتەوەی سەردەست و بالا مێژووییان بۆخۆیان تۆمار کردوە و تا بۆشیان کرابێت و بشکرێت مێژووی کورد نەک هەر دەشێوێنن، بەڵکوو لە ئەزەڵەوە بە نەبووی دادەنێن. بۆیە بەگشتی میتۆدی داگیرکەرانی کوردستان لە شێواندنی مێژووی کورد زۆر لێک نزیکە و ئەوەی کە جیای دەکاتەوە هەلومەرج و زەمینەی جێبەجێکردنیەتی.

**شەهرام سوبحانی**: دەڵێن مێژوو چرای ڕۆشنکەرەوەی داهاتوویە. مێژووی کورد و بەسەرهاتە مێژوویییەکانی ئەو نەتەوەیە چ لە ڕابردووی کۆن و چ لە سەردەمی دوای دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەکانی سەدەی بیستەمدا چەندە لە بەرنامە و ئەجێندای حیزبە سیاسییەکانی کورددا شوێن و جێگای هەیە؟

**د. هۆشمەند عەلی**: یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئالنگاریی ئەو دۆخە مەترسیدارە بووە کە ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا کراوەتەوە، بەو واتایەی کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەڵقولاوی نێو مێژووی نەتەوەن، هەر چەندە بەشێک لەو حیزبە سیاسییانە هەڵومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ئەجێندای دەرەکی لەپشتە، بەلام بەگشتی ئەوانەی هەڵقولاوی ئەو بەرەنگارییە نەتەوەییەن بەرامبەر بەداگیرکەرانی کوردستان زۆرتر بایەخیان بە مێژوو و زمان و کولتووری کوردی داوە، بۆ نموونە: جوانترین ماوەی حوکمڕانیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباده بۆ گرنگیدان بە خوێندنی کوردیی و مێژووی کورد و .... هتد، کە کۆماریش بەرهەمی حیزبی سیاسییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەروەها لە عێراقیش لە هەڵومەرجی قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولدا و بە تایبەتی لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری١٩٧٠ بەشی هەرە زۆری دەستکەوتەکان فەرهەنگی و مێژوویی بوون کە ئەویش بەرهەمی ئەوکاتی پارتی دێموکراتی کوردستانە. تەنانەت لە بەشی ڕۆژاوای کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لە سەروبەندی پێش و دوای سالانی جەنگی دووهەمی جیهانی، بەرنامەی سیاسی و حیزبی سیاسی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردی تەنها لە چوارچێوەی بزاڤی فەرهەنگی و کولتووری و مێژووییدا خولاوەتەوە. بۆیە بەگشتی لە بەرنامەی حیزبە سیاسییە تەواو کوردستانییەکاندا مێژووی کورد وجودی هەیە، بەڵام لە زۆرینەی ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکانی نەتەوەیماندا دەرس و پەندیان وەر نەگرتووە و زۆر جار و بەردەوام هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە و سەد بارە دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی:** ئێمەی نەتەوەی کورد هەم فرە زاراوە و هەم فرە ئایینین و تەنانەت لە ڕووی نووسینیشەوە بە دوو ڕێنووس دەنووسین. لە مێژووی نەتەوەکاندا جۆراوجۆری و فرەییەکان بە ئیمتیاز و دەوڵەمەندی دادەنرێن، یان بە هۆکاری لاوازی؟

**د. هۆشمەند عەلی:** ئەو جیاوازیی و فرەییانە لە مێژووی نەتەوەکاندا بە ئیمتیاز و دەوڵەمەندی دادەنرێت، بەڵام بیرمان نەچێت مەبەستمان لەو نەتەوانەیە کە خاوەن دەوڵەتن و قۆناغی دەوڵەت نەتەوەیان تێپەڕاندوە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە نەتەوەیەکی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن کەسی بێدەوڵەتین و هێشتا قۆناغی دەوڵەت نەتەوەمان نەبینیوە (ئەوە لە کاتێکدا نەتەوەکانی تر تێشیان پەڕاندوە و لە ئێستادا مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە هەر نەماوە!) ئەو فرەیی و جیاوازییە زۆرانەی زاراوە و شێوازی نووسین و فرە ئایین و.... هتد، بۆتە هۆی پتری پەرتەوازەیی و لاوازیی نەتەوەی بۆ کورد و هاوشانی هەڵکەوتەی خراپی جوغرافیای سیاسیمان، ئەو جیاوازییانەش ڕۆڵی نەرێنی و سلبیان هەبووە و هەیە لە لاوازی نەتەوەییمان، چونکە وشیاری نەتەوەیی و هەستی هاوبەش و ئازاری هاوبەش کاڵ بووتەوە، بۆ نموونە: ئەو ژێنۆسایدەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات لە شەنگال دوای هێرشی تێرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ کەمتر بووە هۆی کۆدەنگیی نەتەوەیی لەسەر ئەو تاوانە گەورەیەی داعش؛ ئەمەش بەهۆی جیایی ئایینییەوەیە لەگەڵ زۆرینەی کوردی موسڵمان!

**شەهرام سوبحانی:** هەر لەژێر تیشکی پرسیارەکەی پێشوومدا، ئێمە لە ئاستی کوردستاندا پارچەگەرایی و، لە ئاستی پارچەکانیشدا دەبینین کە دیاردەکانی ناوچەگەرایی و زاراوە گەرایی هەیە. ئایا ئەوانە هۆکار و لەمپەر بوون لە بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورددا؟

**د. هۆشمەند عەلی:** بەگشتی بەڵێ لەمپەر بوونە لە بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورد، هاوشانی کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی زاتی و خودی نەتەوەییمان، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت گەر تا ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) کورد خۆی فاکتەری سەرەکی بووبێت لە بەدەوڵەتنەبوون وەک عاملی نێوخۆیی نەتەوەییمان، ئەوا گومانی تێدا نییە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت فاکتەری سەرەکی زلهێزەکان و گەورە دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی دونیان لە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەم بەدەوڵەتبوونی کورددا وەک عاملی خاریجی.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بیری هۆزەکی، زێدپەرستی، زاراوەویستی و هەموو دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی هۆکاری جیایی و دابڕانە نەتەوەییەکانن، ئەدی چارە چییە؟ چۆن دەتوانین بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ ببین و دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟

**د. هۆشمەند عەلی**: تەبایی و یەکیەتیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی پێویستە بخرێتە پێش هەموو شتێکی ترەوە، ئەوەش بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی سەرتاسەری یەکگرتوویی کوردستانی لەسەر جەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێک بێت لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، ئەوەش بە لە خۆبوردوویی حیزبەکان و بە هاوبەشی و هاوپەیوەندی لۆبی کوردی لە ئورووپا و ڕۆژاوا دێتە دی، هەر چەندە لەو بارەوە کار و هەوڵی زۆر دراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە بەگشتی لەسەر ئاستی ناوچەیی و حیزبی و کەسیدا پتر پێویستە یەک ئەنجومەنی سەرتاسەری نەتەوەییش کوردستانی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و نەخشە ڕێگای داهاتووی نەتەوەی دابمەزرێت، کە ئەوەش زۆر قورسە چونکە بەربەستی سەرەکی حیزبە سیاسییەکان و سیاسەتی هەرێمییە.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا لە دەرەوەی ئەو بابەتانەی باسمان کرد هۆکاری دیکەش هەیە بۆ بەدەوڵەتنەبوونی کورد؟ یان مێژووی نەتەوەی هاوشێوەی کورد لە جیهاندا هەیە؟

**د. هۆشمەند عەلی**: بەڵێ بێگومان، وەک: سیاسەتی نێودەوڵەتی و پرسی کورد لەسەدەی بیستەمدا (سێڤەر و لۆزان، حکوومەتی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان بە نموونە)، جۆغرافیا (ژێئۆپۆلتیک)ی کوردستان، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی کوردی، بزووتنەوە کوردییەکان و ڕۆڵی سەرکردە، هۆکاری هەرێمی (عوسمانی و سەفەوییەکان لە ڕابردوودا و تورکیە و ئێران لە ئێستادا بە نموونە)، ناکۆکیی نێوخۆی و دووبەرەکایەتی لەنێو کورددا (خیانەت، شەڕی کورد کوژی، ململانێی ناوخۆی)، لاوازی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی (کولتوور، زمان) و لاوازی وشیاریی نەتەوایەتیی کوردی، ئەمانە هەمووی هۆکارن لە بەدەوڵەت نەبوونی کورد. بێگومان مێژووی نەتەوەی هاوشێوەی کورد لە جیهاندا هەیە، وەک: تبتیەکان لە ئاسیا، کابیل (ئەمازیغ) لە ئەفریقیا، فەڵەستینییەکان. هەر یەک لەو گەل و نەتەوانە بەپێی هەلومەرج و قۆناغی جیاوازی مێژووییان وەک نەتەوەی کورد لە دەرەوەی دەوڵەت دان، ئەوە جگە لەوەی کە بەسەر هات و ڕووداوی تراژێدی سامناکی هاوبەشیشیان لە مێژووییاندا هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شەهرام سوبحانی:** ئێمە ئێستا لە دوو بەشی کوردستاندا جۆرێک لە سەرەوەریی سیاسیمان هەیە و لە دوو بەشەکەی دیکەشدا خەبات و تێکۆشانی سیاسی بەردەوامە. وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی مێژوودا پێت وایە حیزبە سیاسییە خەباتکارەکان و ئەو لایەنانەی لە حکوومەتی ناوچەی کوردیدا هەن دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژووی کورد بکەن؟ چ شتێک دەبێ بکرێ و چ شتێک دەبێ نەکرێت؟

**د. هۆشمەند عەلی:** حیزبە سیاسییەکان و ئەو لایەنانەی لە حکوومەتی ناوچەی کوردیدا هەن دەبێ دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد بپارێزن، تەبایی و یەکیەتیی نەتەوەیی بهێننە دی کە نییە، پێویستە ستراتیژی نەتەوەیی هاوبەش دابڕێژرێت کە ئەستەمە لە ئێستا بیکەن، هەر چەندە ئەوە زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، چونکە بەکردەوە لە ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەر کاتێک یەکگرتوو و تەبابووبن دەسکەوت و ئامانجی گەورە بەدەست هاتووە هاوشانی هەلومەرجی نێونەتەوەیی، وەک چۆن پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دوای کیمیاباران و ئەنفالەکان بەرەی کوردستانیان دامەزراند و دەستکەوتی گەورەشی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و پاشان دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەوەشی کە نابێت بکرێت پشتنەبەستن بە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، ڕق و قینە وەلابنێن و بەرژەوەندی حیزبی و کەسی وەلابندرێ و بیر لە چارەنووسی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و ماندوو لە مێژوودا بکرێتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** زۆر سپاس دوکتور بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**د. هۆشمەند عەلی:** سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی: کۆچی دوایی کاک هاشم کەریمی




کاک هاشم کەریمی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیانیی ڕۆژی هەینی، ۱۷ی خاکەلێوەی ۱٤۰۳ی هەتاوی (٥ی ئاوریلی ۲۰۲٤) لە تەمەنی ۸٦ ساڵیدا لە شاری لەندەن پێتەختی بریتانیا ماڵاوایی لە ژیان کرد. بە مەرگی کاک هاشم کەریمی حیزبی دێموکرات و خەباتی میللی - دێموکراتیکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان تێکۆشەرێکی زۆر بەووەج و دڵسۆزی خۆیان لەدەست دا.

کاک هاشم کەریمی ساڵی ۱۳۱۷ی هەتاوی لە شاری بانە لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری بانە تەواوکرد و ساڵی ۱۳۳٥ بۆ دیتنی دەورەی پێگەیاندنی مامۆستا چووە شاری سنە و پاش تەواوکردنی ئەو دەورەیە لە ناوچەی بانە وەک مامۆستای قوتابخانە دامەزرا. ئەو کە لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕدا گەورە ببوو لە هەرەتی لاوەتیدا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دەستی بە کاروچالاکیی سیاسی کرد. زوڵم و ستەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چەوسانەوەی نەتەوەیی، بیری شۆڕشگێڕی و خەبات دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەویی لە کاک هاشم کەریمیدا بەهێزتر


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کرد و چالاکانە قۆڵی لە ڕوونکردنەوەی سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیم بۆ خەڵک هەڵماڵی. هەر لەسۆنگەی چالاکییەکانیەوە، ناوەندی ئەمنییەتیی ساواک سەرەتا بەرەو گوندی چەمپاراو لە بانە و دواتریش بۆ شاری نەهاوەند دووری خستەوە.

کاک هاشم کەریمی لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا بۆ درێژەدانی خوێندن چووە تاران و ساڵی ١٣٥٠ لە زانستگەی تاران لیسانسی زانستە سیاسییەکانی وەرگرت و لەو ماوەیەدا بە ناسیاوییەکی زیاتر لە سەر کۆمەڵگە و گرفتەکانی وەک چەپێکی نەتەوەیی کە لەگەڵ بیرکردنەوە لە ڕزگاریی نەتەوەیی بیر لە ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی چینایەتییش دەکاتەوە، درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی دا. کاک هاشم کە بەرپرسی کومیتەی خوێندکارانی حیزبی دێموکرات لە تاران بوو، نەورۆزی ١٣٥٢ بە دەداوکەوتنی تیمی تەشکیلاتیی حیزب و شەهیدبوونی نەمر قادری ویردی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەدیل¬گیرانی هاوڕێ محەممەد سدیق کە ئەڵقەی پەیوەندیی کاک هاشم لەگەڵ ڕێبەریی حیزب بوون کەوتە بەر مەترسیی گیران و ناچار بوو پەنا بۆ باشووری کوردستان بەرێ و بۆ ماوەی ٥ ساڵ لەو بەشەی کوردستان مایەوە و لەوێوە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دژی ڕێژیمی پاشایەتی درێژە پێ دا. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هاوڕێ محەممەد سدیقیش پاش چەند مانگ ئازار و جەزرەبە لە زیندانی سنە لەگەڵ تێکۆشەر عەزیز مستەفازادە هەر لەو شارە ئیعدام کران.

کاک هاشم ساڵی ١٣٥٢لە کونگرەی سێهەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و چەند مانگ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧ی هەتاویدا بەنهێنی گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و لە شاری سنە نیشتەجێ بوو. بەڕێزیان لە قۆناغی نوێی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا لە کۆنگرەکانی چوار، پێنج، شەش و حەوتی حیزبی دێموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەکانی شەش و حەوتدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ی حیزبی دێموکرات - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا و درێژەی بە ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆی دا.

کاک هاشم کەریمی دوای کۆنگرەی ١١ی حیزب چووە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوو، بەڵام هەتا دواساتەکانی ژیان و تەمەنی کۆڵی لە تێکۆشانی سیاسی بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستی نەدا و هەموو بیر و توانای بۆ پێشخستنی خەباتی نەتەوەکەی دانابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر هاشم کەریمی سەرەخۆشی لە هاوسەر و کچ و کوڕەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

و تێکڕای ئەندامانی بنەماڵەی خۆشناو و خەباتکاری کەریمی‌یەکان لە بانە و هەموو هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکرات و لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. ڕووحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕڕێبوار بێ.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ساڵی پێشمەرگە، نەورۆزانەی کوردستان



**شاروخ حەسەنزادە**

جیا لە نیشتمان، زمان و جوغرافیا کۆڵەکەیەکی دیکەی نیشتماندۆستی، گەلدۆستی یان ناسیۆنالیزم؛ فەرهەنگ و کولتوورە کە بریتییە لە کۆمەڵێک دابونەریت، باوەڕ و ڕوانینی جۆربەجۆر لەنێو کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵگەیەکدا وەک چۆنیەتیی جلوبەرگ، خواردن، خواردنەوە، باوەڕەکان، ئاکار و ڕەوشت، هونەر و... . بۆ وێنە نەریت و بۆنەکانی جێژنی نەورۆز یان هێمای وەک ئاگر و هەڵپەڕین هەر لە کۆنەوە لەنێو نەتەوەی کورد هەبوون. ڕەخنەگری ئاڵمانی "هێردێر" پێی وایە مرۆڤی (کۆن) بە هێماوە ژیاوە، یانی نەک بە شێوازێکی خەیاڵی و وێژەیی بەڵکوو وەک ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. بە ڕوانینێکی دیکە هێماکان بەشێک لە کولتووری خەڵکی کۆن بووە کە پاراستوویانە و ڕێزیان لێ گرتوە، وەک بەیت و حەیران کە سینگ بە سینگ هاتوە و هەتا ئێستا وەک بەشێک لە مێژووی ئەدەبیاتی زارەکی بۆمان بە میرات ماوەتەوە و ئەو نەریت و هێمایانە ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی خۆیا دەکەن.

هەم لە بواری مێژوویی و هەم جوغرافیای سرووشتییەوە نیشتمانی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکی هەستیاری دیرۆکی -



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جوغرافی كە بە لانكەی ژیار و شارستانییەت پێناسە كراوە. لەم بەشەدا قسە زۆر گوتراوە و باس كراوە، مەبەستی من لێرەدا بەڕێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵە كە جیاوازتر، گشتگیرتر و جوانتر لە هەموو ساڵێک لەلایەن خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە بەڕێوە چوون كە دەكرێ بە سێ ئاماژە باسی خاڵی جێی سەرنج و شیاو لە ڕێوڕەسمەكاندا بكرێ كە بە شێوازی هێمایی چالاک دەكران.

**یەكەم خاڵ**، جلوبەرگی خاكیی ژنان، كچان و پیاوان و كوڕان یەک لەو دیاردە ئاوارتانە بوو. لە ماكۆوە هەتا ئیلام بە گشتی، جۆرێک جلوبەرگی تایبەت دەبیندرا كە بریتی بوو كە كەواوپانتۆڵی خاكی، ئاغابانوو-جامانە-شەدە-هەوری(لە زۆر شوێن دۆلاغ-پوزەوانە، فانووسقە، سەرشان، پێلاوی ڕەزم، پشتوێنی كوێستانوخاڵخاڵ!). ئەگە سەرنج بدەین ئەو جۆرە جلوبەرگە تایبەت بە پێشمەرگەیە، بەتایبەت كچ و كوڕە پێشمەرگەكانی حیزبی دێمۆكرات ئێستاش بەو شێوازە كاروچالاكی دەكەن.

**دووهەم خاڵ**، كە ئەویش هەر وەک هێما ڕۆنرابوو، كردنەوەی ئاگر لەلایەن بنەماڵەی شەهیدانەوە بوو، چ شەهیدانی بزووتنەوەی سیاسیی كوردستان چ شەهیدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان ئازادی. ئەو دایک و باوكانە، یان ئەو خوشک و برایانەی شەهیدان زۆر ئازایانە و بوێرانە بە هەستكردن بە بەرپرسیارەتیی مێژوویی بەبێ دوودڵی مەشخەڵی ئاگری نەورۆزیان هەڵدەكرد و گریان لە دوژمن بەردەدا! دەسماڵی سوور و سپی و كەسكی سەرچۆپییان بە سەری بەرزەوە ڕادەوەشاند و سێ پێیان بە سەر سەری ئالای ڕەش دادەدا!

**سێهەم خاڵیی**، هێمایی لەو نەورۆزەدا ئەوە بوو: دوای ئەوەیكە خەڵكی كوردستان زیاتر لە سێ حەوتوو بوو بە شێوەی جۆراوجۆر و لە زۆربەی شار و ئاواییەكانی كوردستان ڕێوەڕەسمی نەورۆزیان بە شایی و هەڵپەڕین و بەوپەڕی شكۆوە بەڕێوە دەبرد، بۆ ڕێزگرتن لە ساڵرۆژی شەهیدانی كوردستان (١٠ی خاكەلێوە) و یەكەم سەرۆککۆماری كوردستان پێشەوا قازی محەممەد -كە لەسەر ماف و شەرافەتی نەتەوەیی خەڵكەكەی لەسێدارە درا بەڵام گەلی خۆی بەتەنیا جێ نەهێشت- سەرجەم بۆنە و ڕێوڕەسمەكانیان ڕاگرت و بڕیاریان دا بەبێ شینگێڕان بچنە سەرگڵكۆی شەهیدان و بە سەردانیكردنی بنەماڵەكانیان ڕێز و وەفا و ئەمەگناسیی خۆیان پێشكەش بكەن. كردەیەكی نەتەوەیی و جێی پەسنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان كە شایی و جێژن و نەورۆز و بەها نیشتمانییەكانی پێكەوە گرێ دایەوە. ڕێكخستنی خەڵک ئەوەندە تۆكمە و بێقسوور بوو، كێچی دەكەوڵی ڕێژیم خستبوو، و بۆ ڕێگری و دەرپەڕچدانەوە زۆری هەوڵ دا، بەڵام لەبەرانبەر بڕیاری قورس و قایمی نەتەوەیی خەڵک هیچی بۆ نەكرا و سەری وەبەرد كەوت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات نیشانی هەموو ئێران و جیهانی دا وێنەیەک لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کوردستان بە جلوبەرگی پێشمەرگە، بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی و ڕێز گرتن لە بایەخە نیشتمانییەکان بوو. واتە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ خەڵکی کورد وەک پێشمەرگەی کوردستان دەست لەنێو دەست بەرەو پیری ساڵی نوێ چوون. هەموو ئەو هێما و ئێلێمانانە دەرخەری ئەوەن کە کورد لە کوردستانی ژێردەستی ئێران جیا لەوەیکە پەیامی خۆی بەڕوونی داوە، بەڵکوو ئەمجارە بە جلوبەرگی ڕەزم و بە پێشەنگیی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانەوە هاتووەتە مەیدان و بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و تێرۆر و موشەکباران و گرتن و ئەشکەنجە جێژنی نەورۆزی کردە گۆڕەپانێک بۆ بەرزکردنەوەی داخوازییەکان و پشتگیریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

گرنگی بە جلوبەرگ دەبێ وەک شێوازێک لە تێگەیشتن و تێفکرین لێک بدەینەوە، چونکە وێڕای هەموو ڕێسامەندییەکی ئاوەزی و زەینی، ژیانی دەروونیی ئێمە لە زۆر ڕەهەندەوە داپۆشراوە. ناکرێت شێوازی جلوبەرگی ئێمە پێوەندی بە ویست و داخوازییەکانمانەوە نەبێ، هەمان ئەو ویست و خواستانەی ئێمە بەدوایدا دەچین و تەنانەت ئامادەین لە پێناویدا باجی قورس بدەین. لیباسی ئێمە شێوەی بیرکردنەوە و نهێنییەکانیی دەرونمانن، سەنگەرێکە کە لە پشتی ئەو بەرگەدا خۆمان دەرخستوە، شێوەی جلوبەرگ هاوکارمانە کە خۆمان وەک ئەوەی دەمانهەوێ دەربخەین یان وەک ئەوەی خۆشمان دەوێ بنوێنین. وێناکردنی ئەو جلوبەرگە لە قەڵافەتی کچان و کوڕاندا جگە لە مرۆڤێک کە دەیان ساڵە لەپێناو مافی نەتەوایەتیدا خەبات و تێکۆشان دەکا و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لەسەرە هیچی دیکە نییە. واتە فەلسەفەکەی ڕوونە، بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکرات لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی کولتووری، نەتەوەیی، شوناسخوازی، نیشتماپەروەری و مافویستی هاتووتە دی و کۆمەڵگەیەکی ئامادە کە نەک هەر گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی بە هێمای پێشمەرگەوە وەرگرتوە، بەڵکوو ئێستا خۆی لەنێو بازنەی گوتارەکەدایە و خەت دیاری دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە سەرجەم پلان و پیلانی پڕتێچووی یەک سەدەی ڕابردووی حکوومەتەکانی پەهلەوی و ئیسلامی بۆ سڕینەوەی هەوێتی و بەلاڕێدابردنی پرسی نەتەوایەتی کە لە چوارچێوەی دەزگای بەربڵاوی پەروەردە و ڕاهێنان، زانکۆ، کۆمەڵگا، ئابووری، دەنگ و ڕەنگ، کۆڕ و کۆبوونەوە و هەزاران کتێب و ... چالاکی نواندوە، کردە بڵقی سەر ئاو و نەزۆکی هێشتنەوە. هاوتەریببوون دەگەڵ ئەو ڕێبازە هزرییە کە بەرهەمی تێکۆشانی پێشمەرگانەی حیزبێکی نیشتمانی، دەرووەست و خەڵکییە، بە خاڵی جەوهەریی پێوەندیی نێوان خەڵک و پیشمەرگە دادەنرێ و پشتبەستن بە هێزی هەراوی خەڵکی خۆمان دواڕۆژێکی گەش بەرهەم دەهێنێت.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پاڵپشتی سەنگەر



ئاسۆ مینبەری

**له ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوەی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا تێپەڕی.**

له ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوە، كە بە ناوی شەهیدانی كوردستان ناودێر كراوە، خەڵكی كوردستانەوە وەكوو ڕۆژێكی سەمبولیک سەیریان كردووە و ئەو ڕۆژە بووەتە دەرفەتێک بۆ نوێكردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدان و ڕێگا و ڕێبازەكەیان.

دیارە هەر بۆنەیەک له كوردستاندا پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام جار وایە هەندێ ڕووداو دەبنە هۆكار تاكوو ئەو بۆنانە كە ساڵانە لای خەڵک بایەخ پەیدا دەكەن، گرینگتر و جیاوازتر له ڕابردوو یادیان بكرێتەوە، بەو مانایە كە ڕووداوەكانی كۆمەڵگە دەتوانن كاریگەرییان لەسەر بۆنەكان هەبێت و وا بكەن كە ئەم بۆنانە جیاوازتر له ڕابردوو بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو کاتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا شۆڕشی ژینا دەستی پێ کرد و ئاراستەی ڕووداوەکان وای کرد ڕێژیم لە ڕووخان نزیک بێتەوە، کۆمەڵێک بۆنە لە کوردستاندا ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتیتر و جیاوازتر لە ڕابردوویان لەخۆ گرت. بۆ نموونە لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، کە خەڵک پێشمەرگانە هاتنە مەیدان و لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوەستان، ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان زۆر جیاوازتر لە ساڵانی پێشووتر یادی کرایەوە، چونکە ئاراستەی ڕووداوەکان وایان کردبوو خەڵکی کوردستان پێشمەرگەئاسا لە مەیداندا بن و بەکردەوە پێشمەرگەی شار بن و هەوڵ بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان بدەن. کەوابوو لەم پێناوەشدا شەهیدبوونیان وەک ڕووداوێکی پڕبایەخ چاوی لێ کرا و لەنێو ئاپۆرای خەڵکی کوردستاندا و بە حەماسەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران؛ حەماسەتێک کە دواتر لە کردەوە و هەڵسوکەوتی سیاسیی بنەماڵەکانیشیاندا درێژەی پێ درا.

هەر لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا بوو کە هەموو بۆنە تایبەتەکان لە کوردستان، لە چییەتیی خۆیاندا گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەخۆوە بینی و بوون بە دەرفەت، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لەو بۆنانەدا بڕژێنە سەر شەقام و دژ بە ستەمکاری بوەستنەوە کە لەم چوارچێوەیەدا، ژنان ڕۆڵی تایبەتیان هەبوو.

لە درێژەی شۆڕشی ژینادا ژنان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە ئەستۆ بوو و توانییان بە کردەوە و پێشمەرئاسا لە مەیداندا بن. ئەوەی کە لە ماوەی شۆڕشی ژینادا ژنان کردیان بە دەگمەن لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا دەبینرێت، ژنان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دژ بەم سیستمە ڕاوەستان و هاوشان لەگەڵ باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دژایەتیی ئەم ڕێژیمەیان کرد، کەوابوو ئەوەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرا، هەر ئەوە بوو کە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان.

ژنان یەکێک لەو توێژانە بوون کە لە درێژەی ئەم سەرهەڵدانەدا، توانییان ڕەنگ و بۆنی بۆنە تایبەتەکان بگۆڕن و ئاراستەی ڕووداوەکان بە قازانجی بزووتنەوەکە ببەنە پێشەوە.

دایکی شەهیدان، خوشکی شەهیدان، هاوسەر و کچی شەهیدان بە بەرزڕاگرتنی یادی ئازیزەکانیان لە ڕۆژی لەدایکبوونیان، یان لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونیاندا، حەماسەی نوێیان خولقاند و بە جۆرێکی تر توانییان ڕۆڵی سەرەکی لە درێژەدان بە شۆڕشەکەدا بگێڕن، لە ڕاستیدا مەرگی ئازیزەکانیشیان نەیتوانی ئەوان لە پیشەنگایەتی ڕاوەستێنێ. بەڵام ئەوەی کە گرینگە و ویستی ئەم وتارەیە، ڕۆڵگێرانی ژنان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدایە!


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

له ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، جیا لەوەی کە هەموو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕاگیران، نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانی هەڵدایەوە.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە دڵ بریندار بوون و زامداربوونی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بکات، بەڵام بێگومان خۆڕاگری و پێداگرییان لەسەر ئەو ڕێبازەی کە ئازیزەکانیان لەپێناویدا گیانیان لەدەست داوە، بۆ ئەوان جێگای ڕێزە، هە ئەو ڕێزگرتنە لە باوەڕی ئازیزەکانیانە کە وای کرد ئەوان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان، هەموو گوشارەکان و هەموو سەختییەکان، بە چوونە سەر مەزاری شەهیدەکانیان و بە ئیرادە و خۆڕاگرانە، لەم بۆنەیەدا، حەماسەیەکی نوێ بخوڵقێنن.

ژنانی کوردستان لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، پاڵپشت و ورەی پشت سەنگەری خەبات بوون، بەڵام دۆخی کۆمەڵگە لە شۆڕشی ژینادا وای کرد کە ژنان ئەمجارە لە بەرەی پێشەوەی سەنگەردا جێ بگرن و بوێرانە دژ بە ڕێژیم ڕاوەستن.

چوونەسەر مەزاری شەهیدان، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا بوو و ڕێژیمی لە ڕووخان نزیک کردبووەوە، تەنیا کردەوەیەکی ئاسایی بۆ یادکردنەوەی شەهیدان نییە. لە ڕاستیدا ئەمە لە جۆری خۆیدا شۆڕشێکی نوێیە. پاش شۆڕشی ژینا ڕێژیم سەر مەزاری شەهیدەکانی بە کامێرای چاوەدێری خستە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە تاکوو بە خەیاڵی خۆی خەڵک چاوترسێن بکات، بەڵام بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەتیش ژنان بە ڕچەشکێنی توانییان ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک بشۆنەوە و بوێرانە لەسەر مەزاری ئازیزەکانیان، لە ١٠ی خاکەلێوەدا یادیان بەرز ڕابگرن و پێیان بڵێن ڕێگاتان هەتا گەیشتن بە سەربەستی درێژەی هەیە.

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان ئامادەیە



ئەلبورز ڕوویین‌تەن

تابلۆی نوێبوونەوەی ساڵی نوێ لە کوردستان و لەنێو کورداندا تەنیا بووژانەوەی سروشت و شادیی هاتنی مژدەی بەهاری سروشت نەبوو، بەڵکوو نواندنی بەرخودانێک بوو، کە هاواری ئازادیخوازی، بەردەوامیی ژن، ژیان، ئازادی بە هێمای جامانە و هەوریی خاکی‌پۆشانی لە خۆیدا بەرجەستە کردبوو.

ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوو لە کوردستان دیترا حەماسەیەک بوو کە لە ئەفسانە دەچوو، و جارێکی دیکە سەلماندی ئازایەتی و ئازادیخوازیی کوردان ئەفسانە نییە، بەڵکو تایبەتمەندیی گەلی کورد و شێوەی بیرکردنەوەی و فەلسەفەی ژیانیەتی، و بەردەوام لەسەر بەرد و تەختی نیشتمان وەک تابلۆی بەرخودان دەینەخشێنێ.

تابلۆی بەرخودانی ئەو گەلە گەلێک تایبەتمەندی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، بەڵام ئەگەر دیارترین ئەو تایبەتمەندییە نیشان بدەین دەتوانین ئاماژە بە یەکگرتوویی و هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی نەورۆزدا بکەین، بە جورێک لە خوارووی باشوری


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵات بگرە تا دەگاتە باکوری ڕۆژهەڵات یەکڕەنگ و یەکدەنگ بەڕێوە چوو، و ئەوەش سەلماندی کە ڕۆژهەڵات هەموو سنوورێکی لە نێوخۆیدا لە پێناو یەکگرتووی زیادتر سڕیوەتەوە و سەرتاسەری کوردستان یەکپارچە یەک هاوارە، ئەویش هاواری ئازادی.

ئەو یەکپارچەییە تەنیا لە کوردستان نا بەڵکوو لە هەر شوێنێک کوردی لێ بێ خۆی نواند و نیشانی دا کوردانی تاران یا خوراسان، باشوور یا دیاسپۆرا بە گشتی ئیلهام لە ڕۆژهەڵات وەردەگرێ و بە ڕەنگ و دەنگی ڕۆژهەڵات هاوکات و هاوشێوە دەردەکەوێ و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئیتر یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کورد ئەگەر لە کوردستان هەڵقوڵاوە بەڵام لە هزری هەر کوردێک لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێ چەسپاوە، ئەوەش بەڵگەیە کە بەو پێکەوە بوونەوە هێزمان زیادتر و زیادتر دەبێ.

گرینگترین تایبەتمەندی تابلۆی بەرخودان واتە نەورۆزی کوردان لە ڕۆژهەڵات بەشداری و پەیامی پڕ واتای بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە نەورۆز و لە دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان بوو کە ببووە قەڵای باوەڕ و ئیرادە و قەڵغانی بەرخودانێک کە پەیامی بەردەوامی شۆڕشی پێ بوو هەتا هاوار بکات کە بەرخودان ناوەستێ، ڕێبازی شەهیدان بەردەامە، تا ئامانجی شەهید بەدی نەیێ کورد و کوردستان لە خەبات ناوەستێ.

ئەو بەرخودانەی بنەماڵەی شەهیدان لە ژێر حوکمی قاتڵان و تیرورستان مومکین نییە ئەگەر ئیرادەیەکی وا بەهێزی ئەو بنەماڵانە نەبێت، هەر ئەو ئیرادەیەشە کە لە ١٠ی خاکەلێوە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە پەیامی پێشەوای نەمر کە خۆی کردە گیانفیدای خاک و نەتەوەکەی ئیتر ئەمڕۆ بوە بە کولتوور و بەشێک لە ژیان و بەرخودانی گەلی کورد.

تابلۆی بەرخودانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵات پەیامی شکستی ڕێژیمی ڕاگەیاند، چونکە نیشانی دا خاوەن دەسەڵاتی تاران خۆی بە سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت مووشەک بەهێز دەبینی، بەڵام ناتوانێ پێشی بە بەڕێوەچوونی بە شکۆی تابلۆی نەورۆزی بەرخودان بگرێ، ئەوەش بەڵگەیە کە ڕێژیم شکستی خواردوە و هەر ئەو شکستانەشە شکستی کۆتایی ئەو بەدوا دێنێ.

تابلۆی بەرخودانی نەورۆز ئەو ڕاستییەشی سەلماند کە هێرشە هەموو جورە بۆ سەر تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی حیزبی پێشەوای نەمر، حیزبی دێموکرات، لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ و هەموو


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

کوردستان بێ وەڵام نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوانە هێزی گەلن و گەل خاوەندارییان دەکات و گەلیش دەبێتە قەڵغانی هێرشەکانی ڕێژیم و لە کۆتاییشدا سەری ڕم دەبن بۆ نەهێشتنی تەختی زۆرداری.

ئەو تابلۆیە پڕ لە واتایەی بەرخودانی نەورۆز بۆ خۆمان و شۆڕش بۆ ئازادیخوازانیش پەیامێکی زۆر بەهێزی پێ بوو، کە دەیگووت کوردستان ئامادەیە و لە هەمیشە بەهیواتر بۆ سەرکەوتن، ئەو پەیامە زۆر سەنتێزی بۆ خەبات و تێکۆشان تێدایە، کە دەتوانێ چوارچێوەی سەرکەوتنی  شۆڕشێک دیار بکات، کە دیکتاتوری  بە هەموو ڕەنگ و شێوە لە هەر شوێنێک بێ ئەگەر بەدژی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان بێ ئەوا لە ڕیشە دەردێنێ. ئەوە پەیامی هاوارێک بوو لە شاخەکان، بەگەرمی و ڕوونی مەشخەڵی ئاگری نەورۆز و گوتی کوردستان ئامادەیە.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هێلانەی هەڵۆ ئی هەڵۆیە!



**زانیار حوسێنی**

ڕەنگە ئاسمانییەکان بە هەمان پێکهاتەی زەمینی لە دڵی دەشت و بناری زاگرۆسدا، هەموو زیندەوەران دێننە سەما؛ وەک ئەوە وایە بوون هەناسەی کردۆتە نێو شمشاڵی ڕاستی و ژیانێک هەنگاو دەنێتە سەر شانۆ. ئەو ڕاستییەی کە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر لەبیرکرابوو، لە سایەی بوونی شەیتانی زەمان و ڕووناکیی ئاگری ڕاستەقینەدا، گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەری بەکۆمەڵی نەتەوەی ئاشتی و خۆشەویستی و جوانی. دەنگی گۆرانیی سروشت، سروشتی پڕ لە بوێریی خاک و ژن و پیاوی تینووی ئازادی، بە دەستخستنە نێو دەستی یەکتر و هەڵپەڕکێ بە دەوری تینی ڕووناکیی گۆی زەویدا، چیرۆکەکانی بەرخۆدان لە بەر دەخوێننەوە و کۆی پێشهاتەکان بە نیشانەیەکی باش دەبینن. وەک ئەوە وایە خۆر هاتبێت بۆ تەماشاکردن و چارەنووسی چاوەکان، چاوەڕوانی شەڕی چاکەکاران بێت و چاوەکان ئەوەندە بە تامەزرۆییەوە سەیری مەشخەڵی گەشاوەی دەستی گەنجان بکەن، وەک ئەوەی مێژوو چاوەڕێی وەها دەرفەتێک بووە بۆ هێنانە بەرباسی ڕەمزی نەمری و مانەوەی ئەم میللەتە. کاتژمێرەکان لە وێستگەی جوگرافیای کوردستان تامەزرۆی وەستانن، دارە وشکەکان بەئاواتن لە ڕۆحی سروشتدا بسووتێن و دونیاش بەو شکۆمەندییە سەرسام بووە. شۆڕشی بەهار لەدوای شۆڕشی جیهانی ژینادا، داستانێکی نوێی خوڵقاند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و سەرلەنوێ دونیای ناچارکرد بە ڕنۆش بردن؛ لە کوێی ئەم عەرزە شکۆمەندی و گەورەیی وا دروست دەبێت جگە لە کوردستان!

دەنگی خۆشی هاتنی سەری ساڵی کوردی بۆ هەموو شوێنێکی کوردستان، لەنێوان ڕەنگە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی جلی کوردی و هەڵپەڕکێی نەتەوەیی، ڕۆح و دەروونی هەموو چاودێرێک دڵخۆش و سەرسام دەکات. ڕەنگی جوان و گرانبەها و هەڵپەڕکێی سیحراوی و مۆسیقای دڵڕفێنی گۆرانیبێژانی ژیان، لە ناخی مێژووی شکۆمەندی ئەو مرۆڤانە و خاکەکەیدا جێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە، وەک ئەوەی هەموو خەونە دەستنەکەوتووەکانی نووسەرانی بەناوبانگ لەم خاکەدا کاڵ ببنەوە و لە بەرامبەر چوارچێوەی ڕەنگاوڕەنگەکانی نەورۆز کڕنۆش دەبەن.

لە کوێ دەتوانرێ سەری ساڵی کوردستان بدۆزیەوە و کام وشە دەتوانێ وەسفی وەها شکۆمەندییەک بکات؟ بەڵێ ئەگەر لە منداڵی زاگرۆس بپرسن جیاوازی نێوان ئێوە و ئەوانی تر چییە، یەکسەر وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: لە خۆشویستنی ژیاندا!

لەمێژ ساڵە کە دوژمنانی ئازادی، بەختەوەری و ژیان بەم ڕەمزە ئاشکرایەی کوردستانیان زانیوە و هەرچی لە توانایاندایە بەکاریان هێناوە بۆ دزینی ئەو شکۆمەندییە. وەهمێکی درۆیینە کە خۆشویستنی ژیان نادزرێت! کێ دەتوانێت ڕۆحی ڕاستەقینەی ژیان لەم کەسانە وەربگرێت و زیندانیان بکات؟ کام لە ئەفسانەکانیان توانایی خۆڕاگری هەیە لە بەرانبەر کانییە جوانەکانی بناری زاگرۆس؟

ئەوانە نان لە خوێنی منداڵەکانماندا دەگێرن و ڕۆژوویان دەشکێنن؛ تەسبێح بە دەستن، ڕیش دەهێڵنەوە و چەفییە دەخەنە ملیان و بە ناوی مەرگەوە دێنە شەڕی ژیان. کراوات دەبەستن و سمێڵیان دەتاشێنن و بە ناوی کەرکەسەوە (هێمای نەتەوەیی و بەختەوەرییان) دێنە شەڕی هەڵۆ (هێمای نەتەوەیی و خۆڕاگریی کوردستان) بەڵام نازانن هێلانەی هەڵۆ هی هەڵۆیە و ئی هەڵۆ دەمێنێتەوە! ئەوان هەر لە زەمانی زووە بە هەر ناو و ڕەنگ و باوەڕێکی جیاواز و بیری دووپاتکراوەی شەیتانییەوە لە هەوڵی دزەکردن بۆ ناو ئێمە دان. ئەوەی بێزاریان دەکات، ژیان و دڵی وەک خۆی ماوە و دەست لێ نەدراومانە، و ئەوەی ئەوان لێی بێهیوا بوون و لە بەرامبەریدا لاوازن، ئیرادەی پۆڵایینمانە. بەڵێ لەکوردستان بەمشێوەیە؛ مرۆڤەکانی ژیانیان لە مردن و بوونیان لە هیچبوون و ڕەنگەکانی سروشتیان لە مەندیلە ڕەشەکان پێ باشترە!

خودای ئەوان خودای مردن و ئازارە و خودای ئێمەش، خودای ئاشتی و ئارامییە؛ کێیە کە جیاوازی وا زەق و بەرچاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەبینێت؟ ئەوان سالآنێكی زۆرە بەدوای داگیركردنی ئارامی و ئاشتیدان بەڵام نازانن كە ئەو دووانەیە داگیر ناكرێن. سەرەتا پێیان وابوو شارستانیەت و كولتوورەكەمان ڕەگ و ڕیشەی لە خاكدا هەیە؛ خاكیان داگیر كرد. پاشان پێشبینیان كرد كە دیموكراسی و زیندوویی ئێمە جێگەی لە ئاوەكەمان دایە؛ دەستیان بەسەر كانیاوەكاندا داگرت. چاوی ئیرەییان لەسەر خۆڕاگری و بوێری ئێمە بوو؛ شاخەكانیان دەسبەسەر كرد. بینییان و بینییان و بینییان كە ئێمە هێشتا هەمووی ئەو شتانەمان هەیە كە ئەوان بە خەیاڵی خۆیان داگیریان كردوە و ئەوان هێشتا هیچی ئەو شتانەیان نییە كە پێیانوابوو دەستیان بەسەردا گرتوە؛ مەرجی مانەوەی ئەو سەرچاوانە، بوون و هاتن بۆ عەرزی ئەو نیشتمانە نییە بەڵكوو تاكە مەرج خۆشویستنی ڕاستەقینەیانە!

وەها كەڕ و كوێرن و تاریكی لەناو ڕۆحیان هێلانەی كردوە كە ناتوانن لە ڕۆحی ڕاستی تێبگەن؛ چیای بەهێز، كانیاوی سەربەست و خاكی باوباپیران ناتوانرێ داگیربكرێن و دەستیان بەسەردا بگیردرێن، تەنانەت ئەگەر هێزیشیان پێ بشكێت. ئەوان چ فێڵ و ساختەیەک بۆ ئەوان ماوەتەوە كە بەكاری بهێنن بۆ ئەوەی ئێمە بكێشنە ناو جیهانی نەزانی و ڕەشایی خۆیانەوە؟ كتێبیان سووتاند، كولتووریان ڕووخاند، مێژوویان شێواند و لە جیهانی ساختەی میوان كرد، گەنجانیان كوشت و چ تاوانێک ماوە كە لە بەرامبەر ئەم خاک و میللەتە ئەنجامیان نەدابێ بەڵام ئێمە هێشتا بە پێوەین و هەر وەک خۆمانین! لە سایەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا و هەوڵی شێرەژن و پیاوە ئازاكانی ئەم وڵاتە، لە هیچ كەسێک شاراوە نییە كە كەمتر لە دوو ساڵ بەسەر جینایەتەكان و سەركوت و كوشتنی بەكۆمەڵ و سیستماتیكی گەلی كورد لە كوردستان تێدەپەڕێت، و كاریگەری تاوانەكانی داگیركەران هێشتا لە هەموو گۆشەیەكی ئەو نیشتمانەدا لەبەرچاوانە و بۆ هەمووان ڕوون و دیارە. هێشتاش گەنجەكانمان دەڕفێنن و ئەشكەنجەیان دەدەن و دەیانكوژن؛ ترس، تۆقان، مەرگ و سێبەری تاریكی لە هەموو شوێنێكی ئەم خاكەدا بڵاو دەكەنەوە و پێیان وایە كوردستانیش هەر وەک سوریا و لوبنان و یەمەن و عێراقە. تەنها هاتنی فێستیڤاڵی بەرخۆدانی نەورۆز و دەستپێكردنی جەژنی سەری ساڵی كوردی بەس بوو بۆ ئەوەی میللەتی كورد كە كۆی ڕەمز و نیشانەكانی مانەوەی، پێشانی داگیركەران بدات!

لە نەورۆزی نەتەوەیی ژینادا ئاگری سەری ساڵی نوێی كوردەواری، كانیاو و شاخ و دەشتە جوانەكانی ڕووناک كردەوە و بەڵێنی ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكانی دا بە بیروڕای گشتی؛ ئەمجارەیان ڕووناكایی ڕاستییەكان نەک هەر لە كوردستان، بەڵكوو لە پێتەختی تاریكی ناحەزپەرستانیش، بانگهێشتی هەموو لایەكی كرد بۆ ئەوەی لە دەوری ڕووناكایی ئاگری پۆڵایینی ئیرادەدا كۆ ببنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

پاییزی دوو ساڵ لەمەوبەری ئێمەیان بە خوێن شۆردەوە و ئێمەش لەگەڵ زیندووبوونەوەی سروشت و هاتنی وەرزی ژیان، مژدەی ڕزگاری و ئازادیمان گەیاندە گوێی جیهان؛ بەڕاستی لە کوردستان کام چەک توانایی کۆت و بەندکردنی هەبووە کە لە ئێستادا جەلادە مەندیل ڕەشەکان بەو هیوایەن؟ ئەوان بە بیناکردنی هێلانە گنخاوەکانی بیرکردنەوەیان لە بەرزایی چیاکانی ئەم خاک و وڵاتە، یان بە دروستکردنی بەنداوی خیانەت و ڕێگریکردن لە سەربەستیی کانیاوەکان، لە ژێر وەهمی کوردستانیبوون و دەستبەسەرداگرتنی مێژوو و کولتووری ئێمەدا بوون. ئەوان نەیاندەزانی کە ڕۆحی خۆشەویستی و ڕووناکایی ڕاستییەکان دەستی بەسەردا ناگیرێت. نەیاندەزانی چیاکان بەرپەرچیان دەدەنەوە و کانیاوەکان بەنداوەکان دەشکێنن و گۆرانی ئازادی لە گوێی ژیاندا بۆ هەتا هەتایە دەژەنرێت.

ئەوان نەزانن و هەرگیز نازانن ئەگەر بۆ ئەوان ژینا، تەنیا ناوی کچە کوردەکەی سەقز بێت، بۆ ئێمە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا ڕەمزی مانەوەیە؛ ئەوان هەرگیز تێناگەن لەوەی کە دونیای ژن، ژیان، ئازادیی ئێمە چەندە جیاواز و دوورە لە دونیای دەستکرد و ساختەی زەن، زێندیگی، ئازادیی ئەوان!

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

# کردەی بەکۆمەڵ



شەهێن زادئەحمەد

لە ڕۆژەڤی سیاسیی ئێستای کوردی ڕۆژهەڵاتدا خەباتی چەند ڕەهەندی بەدژی داگیرکەرانی نیشتمان بووە بە کولتووری خەباتگێڕی، ئەم ڕەوتە لە بەردەوامیی خۆیدا پێویستە هێز و لایەنە سیاسی و غەیرە سیاسییەکان و ڕێکخراوە کولتووری، وەرزشی، خوێندکاری و تەنانەت بیزنسمەنەکان لە نێوخۆی وڵات و دیاسپۆڕا بەرەو بیرکردنەوە لە لابیگەری هان بدات.

لە کەس شاراوە نییە کە لابیگەری بۆ ئێمەی کورد بە مانای هێزێکی کاریگەرە بۆ ناساندن و چەسپاندنی ویستێکی بەحەق و ڕەوا کە لە ئارادایە و حاشای لێدەکرێت. ئەم ویستە لە دوو حاڵەتی سەرەکیدا مانا دەبەخشێ و ماتریالی واقعی خۆی دەردەخا و هەولی ناساندن و هەروەها هەوڵی بە قەناعەت گەیاندن دەدات.

یەکەم ڕەهەند دەتوانێت ڕوو بە یاسای سیستمی دەوڵەتێک بێت کە بەهەموو شێوە هەوڵ دەدا گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە بۆ چەسپاندنی ویستی پرسێک، ئەگەر ئەو ویستە ڕاستەوخۆ نەتوانێ سیستمی داخراوی ناوەندەکان بە قەناعەت بگەینێت، لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حاڵەتی دووهەم ناڕاستەوخۆ دەتوانێت بە ڕەهەندەکانی جۆراوجۆر، ویست و ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەربڵاوتر پراکتیزە بکات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو؛ بۆ نموونە ماف و ویستی کورد. هەروەک ئاشکرایە کورد سەرەڕای هەموو هەوڵێک و قوربانیدانێک چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا لەپێناو مافەکانی، بەڵام نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەری خاک و نیشتمانەکەی بەهۆی پاوانخوازی و بیری فاشیزمی نەیویستووە دان بەوە دابنێت کە کورد نەتەوەیە و مافی دیاریکردنی چارەنووس و حوکمکردن لەسەر خاک و وڵاتی خۆی هەیە. کە وایە پێویستە ناڕاستەوخۆ لە بەستێنەکانی تر و لە بازنەی فراوانتر لە دەرەوەی وڵات لە دیاسپۆرا هەوڵی جیدی بدات بۆ ناساندن و بەرجەستەنواندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی. دیارە لە ڕابردوودا تێکۆشەرانی کورد لە فۆرم و نۆرمی جیاواز لە قۆناغ و بارودۆخەکاندا، پرسی نەتەوەییان لە دیاسپۆرادا وەگەڕ خستووە و کاریان بۆ کردوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا کورد پێویستی بە لۆبیگەرییەکی بەهێز هەیە لە گشت زەمینە و ڕەهەندەکاندا کە بتوانێت ئەو پەیوەندییانە بەهێزتر بکات و پتەوبوون و بەهێزبوونەکەش لە یەکڕیزی و گوتاری هاوبەش مانا پەیدا دەکات.

لە کۆمەڵناسیدا باسێکی گرینگ هەیە بە ناوی "کردەی بەکۆمەڵ (Collective Action" و کۆمەڵێک تیۆری لەم پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاراوە. لەم تیۆرییانەدا هەندێک ئیندێکس (پێوەر) وەک هاندەر، پاڵنەر و بنەما بۆ پێکهاتنی کردەی بەکۆمەڵ باس کراوە کە یەکێک لەوان شوناسە. ئەم تیورییە باس لەوە دەکات کە شوناسی هاوبەش و دەرک و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە شوناس دەبێتە پاڵنەر بۆ کردەی بەکۆمەڵ و پێویستە ئەم شوناسە بەکۆمەڵە لە کورددا بەهێزتر بکرێت، چونکی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا کردەی بەکۆمەڵ بە قازانج یا لەپێناو چارەنووسی هاوبەشدا نابیندرێ. شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندیوچۆنیی کاردانەوەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکرێ نموونەیەک بن بۆ ئەوەی بڵێین لەو پێوەندییەدا لە ئاست هزری نەتەوەیی، لێکۆڵینەوەی مەعریفەتی، پلاندانان، بەمێدیاییکردن و هاوکاریی بەکۆمەڵ ڕەخنەمان لەسەرە. یان بە ڕوویەکی دیکەدا ئەگەرچی شوناسخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا بەهێزترە، بەڵام لە ئاستی کوردستانی گەورەدا هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناغی وێژمان و شوناسی هاوبەش.

لەسەر ئەو ئەساسەش کورد بەتایبەت لە تاراوگە و لە دیسکۆرسی دیاسپۆرادا پێویستە زۆر هەماهەنگتر لە پێشوو لە گشت بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی و کولتووری، و هەروەها لە سیاسەت و دیپلۆماسی و لە هەمووی ئەم بەستینانەدا ژیرانەتر بە لەبەرچاوگرتنی کەرەسەکانی زانستی، تکنۆلۆژی و مێدیایی پێوەندییەکانی پەرە پێ بدات. چالاکی لە بواری کولتووریدا یەک لەو میکانیزمانەیە کە دەتوانێت لە لۆبیگەریدا ڕۆڵی باشی هەبێت و مودیرییەتی ئەم بەشە دەکرێ لەلایەن دامەزراوەکانی وەک ڕەوەندی کوردی، فیدراسیۆنەکانی کوردی، ئەنجومەنە ئەدەبی و هونەرییەکان، ڕێکخراوەکانی لاوان و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنان له دیاسپۆڕا وەک پردی پێوەندی نێوماڵی کورد و کۆمەڵگەی دەرەوە بکرێت. له تەنیشت کار و پێوەندیی سیاسیی حیزبه سیاسییەکاندا ئەم ڕێکخراوانه و نوخبه سیاسییەکانی کورد له دەرەوەی حیزبەکانیش له مەدارێکی بێلایەنی چالاکیی کولتووری و دیپلۆماسیدا دەتوانن بەنۆرەی خۆیان نوێنەرایەتیی ئەو شوناسخوازی و کاری بەکۆمەڵه بکەن. کارەساتەکانی وەک ژێنۆسایدی کورد، بۆمبارانی شیمیایی، ئەنفال، پرسی پەنابەری، خەبات و مافخوازیی کورد له بەشه جۆراوجۆرەکانی کوردستان، جێگرتنی کورد له بەرەی دژی تێرۆریزم وەک ئەوەی له دژی داعش و له ڕووداوەکانی وەک شەنگال و کۆبانی بیندران و تیشکخستنه سەر کولتووری ئاشتی و تۆلێرانس و بایەخەکانی شۆڕشی ژینا و له درێژەی ئەدا حەماسه نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەڵات هەموویان دەتوانن دەستمایەی ئەو خەبات و کاری بەکۆمەڵ بۆ پێوەندی و دیپلۆماسی و کارکردی دیاسپۆرا بن.

گرینگ ئەوەیه ئەم پرۆسەیه کاتیک دێته دی له هەموو ڕەهەندەکان و بەستێنەکان و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان پێکەوە یەکدەنگ و یەکگر کاری لابیگەری به گوتاری هاوبەش بۆ وەدیهاتنی ویست و داخوازی نەتەوایەتیمان بکەین. ئەوەش ئەرکێکی قورسی نیشتمانی دەخاته سەر شانی هەموومان که به دەربازبوون له بەرژەوەندییه تەسکه حیزبی و ڕێکخراوەییەکان ڕێگا بۆ دەستەبەری بەرژەوندییه گشتییەکان خۆش بکەین.

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

# کوردستان لە قاپی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا



سمایل شەرەفی

## کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، کە تیایدا دین پێگەی ڕاستەقینەی خۆی (کەسیی) وەرگرتووە

٤٥ ساڵە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیدیۆلۆژیی دینیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی جۆراوجۆر کار لەسەر توانەوەی لە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییدا دەکرێت. جۆراوجۆرییە ڕازاوە کولتوورییەکانی کوردستان کراوەتە ئامانجی بیری ڕەشترین دەسەڵاتەکانی سەردەم و بە سیاسەتی "دوژمنکارانە"ی سیاسی و کولتووری کار لەسەر بەئیدئۆلۆژیککردنی هەموو ڕەفتار و کولتوورێکی کراوە.

کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای باوەرمەندبوونی بە ئایین و خواناسی، بەرانبەر بە هەر هەوڵ و تێفکرینێکی ڕێژیمی مەزهەبی و هەر جۆرە بیرۆکەیەکی "تەکفیری" و توندڕەوانەی مەزهەبی، بەرگری لە ئەخلاق، دابونەریت، ڕەسەنایەتی و کولتوورە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی کردوە و سێکۆلار خۆی دەرخستوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕێوڕەسمە نەورزییەکانی ئەمساڵدا کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، خەڵک بەپێچەوانەی ئیدیعای هێندێک لە ئاخوندەکانی ناشارەزا لە ڕەسالەتی دین و شەریعەت کە بە ڕەفتار و گوفتاری درۆزنانەیان گەورەترین خیانەتیان بە دین و خواناسی کردوە، بە تێگەیشتینی دروست لە هیچ جۆرە ناتەباییەک لە نێوان "ئەمری دین" و بۆنەی نەورۆز، بە شکۆوە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە سەری ساڵی تازەیان بەڕێوە برد. ئەم ڕەفتارەی خەڵک نیشانی دا کە کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، دین و باوەڕمەندبوون بە ئایینە ئاسمانییەکان وەک ئەمرێکی شەخسی سەیر دەکات و بە پێچەوانەی سیاسەت و تێفکرینی ڕێژیم و ڕەوتە سەلەفی و تەکفیرییەکان، خۆی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی داسەپاودا پێناسە ناکات.

## کۆمەڵگەیەکی زیندوو، کە سیاسەتی سەرکوت و گۆشەگیریی دڕ دراوە

ئەگەر تەنیا ئاماژە بە سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا بکەین و باسی ئەو هەمووە کوشت و کوشتار و تیرۆر و سەرکوت و غەدر و خیانەتانە نەکەین کە ئەم ڕێژیمە بەسەر خەڵکی کوردستانی هێناوە، پڕ دیارە کە لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا چ سەرکوت و کوشتار و پێشێلکارییەک لە کوردستان کراوە. بە سەدان کەس شەهید و بە هەزاران بریندار کران، هەزاران کەس دەستبەسەر و ڕاپێچی بەندیخانەکان دران، هێرشی مووشەکی کرایە سەر حیزبە سیاسییەکان و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ڕێژیم هەموو هەوڵ و توانای خۆی خستووەتە گەڕ کە بە خەیاڵی خۆی کوردستان کپ و کۆنترۆڵ بکات. بەڵام خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بە شێوەی جەماوەری، مانادار و پڕواتادا سەلماندیان کە ئەم کۆمەڵگەیە کە نزیک بە پێنج دەیەیە بەربەرەکانیی ئەم ڕێژیمە دەکات، لە مێژە دڕی بە سەرکوت و گۆشەگیری داوە. کوردستان سەلماندی کە زیندوو و لەسەرپێیە و ئەوە سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسینی دەسەڵاتە کە شکستی هێناوە.

## کۆمەڵگەیەکی ژیاندۆست، کە ملی نەداوەتە بێهیوایی و ماتەمگێڕی

ساڵێک پێش ئێستا و لە فەزای بزووتنەوەی ژینا و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمدا ڕۆژ نەبوو لە شەقامەکانی کوردستان تەرمی چەند شەهیدێکی ئەم بزووتنەوە بە سەر شانی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە بە خاکی پیرۆزی نیشمان نەسپێردرێ. کوردستانی ڕاپەڕیو تەژی لە خەبات و خەڵتانی خوێن بوو. یەکساڵ دوای ئەو فەزا ماتەمبارە، خەڵک لەسەر ئەساسی فەلسەفەی "خەبات لەپێناو ژیان و مانەوەدا"، گۆڕەپانی شار و ئاواییەکانی کوردستانیان کردە شوێنی شایی و گۆڤەندگێڕان.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەپێچەوانەی ئیدیعای کاربەدەستانی ڕێژیم کە پێیان وابوو بە کوشتنی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە، تووشی ماتەم و بێهیوایی دەکات، خەڵکی بە شێوەی گشتی و جەماوەری دەستلەنێودەستی یەکتر بە دەوری ئاگری دوژمنتۆقێنی نەورۆزدا هەڵپەڕین و گۆرانییان گوت.

هەر لەم پێوەندییەدا بەشداریی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕێوڕەسمەکانی نەرۆزدا بەشێک لە جوانییەکانی ئەم تابلۆیە بوو. خەڵک بەگەرمی پێشوازییان لێ کردن و وێڕای داگیرساندنی ئاورەکانی نەورۆز بە دەستی ئەوان، دەسرۆکەی سەرچۆپییان دانە دەست و کردیانن بە ڕابەر و پێشەنگی ئەم خۆنواندنە گشتی و جەماوەرییانە.

## کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی یەکانگیر، کە خۆڕێکخستنی جەماوەری تیایدا بە دامەزراوەیی کراوە

لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردستان نیشانی داوە کە بە چوونە نێو قۆناغی ڕەفتاری گشتی و جەماوەری، بەتەواوەتی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکانگیرە. ئەم یەکگرتووییە کە دەرئەنجامی وشیاریی بەرزی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی شعوری نەتەوەییە، بە هەموو ڕەفتارەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دیارە و ڕاشکاوانە خۆی دەنوێنێ. کاریگەریی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت سەرهەڵدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و متمانەی خەڵک بە چالاکانی مەدەنی و شوێنەواری کاری ڕێکخراوەیی و تیمیی دامەزراوە مەدەنییەکان لەسەر زەینی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دەروەستبوونیان بەرانبەر بە گەل و نیشتمان، جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵوێستی گشتیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا درووست کردوە. ئەم زەینییەتە گشتی و جەماوەرییە کە ئەمری خاوەنداریێتی لە ناخ و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا چێ کردوە، لە ئاستی گشتیدا بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەریی بنیاد ناوە. بزووتنەوەیەک کە بۆ جووڵاندنی کۆمەڵگە ڕۆڵی دینامۆ دەگێڕێ، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و خاوەن هەڵوێستی گشتیی ساز کردوە.

ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ١٠ - ١٥ ساڵی ڕابردوو نموونە و نیشانەیەک لە خۆڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانن کە ساڵ بە ساڵ بەرینتر دەبنەوە و پەیام و مانای تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم ڕێوڕەسمانە کە ئێستا بوونەتە بەشێک لە بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان، دەیسەلمێنن کە کوردستان هەم لە رووی زەینییەوە و هەم بە کردار و هەڵوێست، ڕێکخراو و یەکانگیرە.

## کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز، کە ژنان تیایدا لە ڕیزی پێشەوەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژن لە کۆمەڵگەی کورستاندا لە چاو نەتەوەکانی دەوروبەری پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیتری هەبووە. ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە سەرەتاکەی بۆ کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە، دیار و بەرچاو بووە. بزووتنەوەی ژینا و بەرزکردنەوەی درووشمی ژن، ژیان، ئازادییش کە هەڵقوڵاوی شەقامەکانی کوردستانن، ڕۆڵ و پێگەی ژنی بردووەتە ئاستێکی دیکە، ئاستێک لە پێشانگایەتی و نیشانەیەک لە مودێڕنبوونی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی کوردستان.

لە شۆڕشی ژینادا کچان لە قوتابخانە و زانکۆکان و لە سەر شەقامەکانی کوردستان، ڕۆڵێکی مێژوویيان تۆمار کرد کە جێی سەرنج و شانازی پێوەکردنە. لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیشدا کچان و ژنانی کوردستان هەم لە ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکاندا بەشدارن و هەم لە بەرزکردنەوەی هێما و پەیامەکانی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا ڕۆڵگێڕن.

## کۆمەڵگەیەکی شوناسخواز، کە سەرکەوتووانە بەگژ سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی دوژمندا چۆتەوە

لە کەس شاراوە نییە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستان چەندین ساڵە ئەو مودێل و چوارچێوە سونەتییەی خۆیان دەرباز کردوە و پێگەیەکی تایبەت و ماناداریان لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا وەرگرتوە. شێوازی ڕێوڕەسمەکان کە چوارچێوەیەکی گشتی و جەماوەریی بەخۆوە گرتوە، ماهییەتی ئەم ڕێوڕەسمانە لە چوارچێوەی ڕەفتاری گشتیی خەڵکدا بەرهەڵستکاری و خەباتکارانەیە. جۆرێکە لە خەباتی جەماوەری کە خەڵکی کوردستان ماهییەتێکی شوناسخوازانەی پێ بەخشییوە. ئەم ڕێوڕەسمانە بوونەتە دەرفەتێکی گشتی کە خەڵک هاوکات لەگەڵ شایی و خۆشیدەربڕین، تیایدا ڕەفتاری شوناسخوازانە لە خۆ نیشان دەدات.

کاتێک کە دەسەڵات و ڕێژیمی دژیگەلی ئیزنی دەرخستنی هیچ جۆرە شوناسێکی کوردی بە خەڵکی کوردستان لە مەجاڵ و ڕێگای فەرمی و یاساییەوە نادات، خەڵکی کوردستان ئەم ڕێوڕەسمانەیان کردووەتە بەستێنێن بۆ خۆنواندنی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی. هاوکات هەر لەم ڕێگایەوە دەیهەوێ بە دەسەڵات بڵێ کە ئەگەر تۆ مافی ئەوەم لێ زەوت دەکەی کە خۆم بم و داکۆکی لە خۆم بکەم و تەنانەت هەوڵی سڕینەوەی شوناسی من دەدەی، من بە گژتدا دەچمەوە و لەم ڕێوڕەسمانەدا کار لەسەر دەرخستنی شوناس و "بوون"ی جیاوازی خۆم دەکەم.

## کۆمەڵگەیەکی دێموکرات، کە بوونی خۆی لەسەر حاشاکردن لەسەر ئەوانیتر بنیات نەنانەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاكەلێوەی: ٢٧٢٤

لە هەموو ڕێوڕەسمەكانی نەرۆز و بە گشتی تەواوی ئەو ڕەفتارە گشتییانەی كە كوردستان لە خۆی نیشان دەدات، حیساب لە سەر دەسمایەكانی خۆیە دەكات. بە واتایەكی ڕوونتر خەباتی خەڵكی كوردستان بە هەموو شێواز و ڕەهەندەكانیەوە، لە سەر ئەساسی گەڕان بەدوای ئەو ماف و ئازادییانەیە كە لێی زەوت كراوە و هی خۆیەتی و بۆ دەستەبەركردنی ئەم داخوازییانە تەماحی لەسەر هیچ گەل و كۆمەڵگەیەكی دیكە نییە. خەڵكی كوردستان لە مێژە بڕیاری داوە لە

٢٠ی خاكەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەمای سنوور



## دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی

دەڵێن کاتێک سێڵاو هەڵدەستێت چۆم سنووری خۆی دیاری دەکات و ئەو کەسانەی کەوشەنیان پەڕاندوە و زیادەڕەوییان کردوە و هاتوونەتە نێو خاکەکەیەوە ڕادەماڵێت و تێکەڵی قوڕ و لیتەیان دەکات. لەو ڕۆژانەشدا لە بەرەبەری نەورۆزی ٢٧٢٤ کوردیدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستیدایە کارێکی گرینگ و نەتەوەیی و ئەو پێناسەی بە سەدان ساڵ دوژمنەکانی بە زۆری چەک و قەڵەم و دەهۆ لێیان ئەستاندبۆوە وەرگرتەوە.

نەورۆزی ئەم ساڵ بووە نەورۆزی جامانەبەدەستان و خاکیپۆشان. جامانە بووە هێمای ئاڵای نەتەوەیی و جلوبەرگی خاکییش وەک ڕەمزی خەبات و تێکۆشان لەبەر کرا. ئەم شایی و هەڵپەڕکێیە بەشێوەیەک پەرەی سەند کەم دەڤەر لە کوردستان لێی بێنەسیب بوو. دەبێ بەبێ ترس بڵێین: ئەو سێڵاوە نەتەوەییەی ئەم ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستا بە هەڵپەڕکێی خاکیپۆشان و سەمای جامانە لە نەورۆزی ٢٧٢٤ دا سنووری کوردستانی و کوردبوونی بۆ هەموو لایەک دیاری کرد. لە چکۆلەترین شاری کوردستانەوە هەتا کوێرەدێیەکانی ئەم نیشتمانە کچ و کوڕ و ژن و پیاو دەستیان لە دەستی یەکتری گرێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دا و شانیان لەیەک توند کرد و پێیان بە خاکدا کوتا و بە دوژمنانی کوردیان کۆت: ئەمە خاکی باوباپیرانی ئێمەیە و بەئاسانی بۆتان قووت ناچێت.

دیتنی کچ و کوڕی شارەکانی ئاودانان و ئەسەدئاوا لە گەڕی ڕەشبەڵەکی نەورۆزیدا بە جامانە و جلوبەرگی خاکییەوە وەک دواشارەکانی کوردنشین ئەو مزگێنییە خۆشەمان پێ دەدات کە کورد هەر زیندووە و هەتا هەتایە نانەوێ ئاڵاکەمان. هەر لەوکاتەشدا بە دوژمنانی نەتەوەی کورد دەڵێ: ئێمە بێجگە لەوەی ئامادەین سەروماڵمان لە پێناو مانەوە و نەفەوتانی زمان و خاک و ئاوماندا پێشکەش بکەین، بە شایی و گۆرانی و پێ بە زەوی کوتاندا و پۆشینی بەرگی خاکی و سەمای جامانەوە ڕیسەکەتان لێ دەکەینەوە بە خوری و پەیامی مانەوەی خۆمان بە هەموولایەک ڕادەگەیەنین.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەم هەڵپەڕکێ و شادییەی لەم نەورۆزدا کردیان، جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی جیاواز لە ساڵی ٢٧٢٣ هاتنەوە مەیدان و دەنگی خۆیان بۆ ئازادی و یەکسانی هەڵبڕییەوە. ئەو کوڕ و کچانەی لە شۆڕشی ژینادا شەقامەکانیان لە داگیرکەران کردبووە دۆزەخ، لەم نەورۆزەدا بە بیرێکی ڕوون و چاوێکی کراوەترەوە هاتنەوە مەیدان و تەنگیان بە داگیرکەران هەڵچنییەوە. ئەگەر ئەوان لە شۆڕشی ژینادا کەسانێکی کەمئەزموون و نوێکار بوون، لەم جووڵانەوەدا ببوونە کوڕ و کچگەلێکی خۆناس و مافناس و دەیانزانی بۆ دێنە ڕیزی هەڵپەڕکێ و بۆ پێ بە زەویدا دەکوتن و لەبەرچی بە دەوری ئاگردا دەسووڕێنەوە و سەما بە جامانەکانیان دەکەن.

تێکەڵ بوونی هەزاران کچ و کوڕو پیاو و ژن لە گۆڕەپانێکی زۆرجار بەرتەسکدا خاڵی بەهێز و جێی سەرنجی ئەم کەرنەواڵی نەورۆزییە بوو. لێککەوتنی ئەو هەموو پیاو ژن و کچ و کوڕە و لێنەکەوتنەوە ناخۆشی و هەڵا ئەوە دەگەیەنێت کە ویستە گەورەکە، واتە ویستی نەتەوەیی و نیشتمانییەکە بە سەر هەموو ویستە دەروونییەکانی دیکەیاندا زاڵ بووە و کارێکی کردوە بێجگە لە خۆشەویستیی نیشتمان کەس بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە و هەستی هاوڕێیی و هاوبیری بە سەر هەموو هەستە دەروونییەکانی دیکەدا زاڵ بێت. لەو گۆڕەپانە بەرتەسک و کەمەدا خەڵکەکە دەبوونە بنەماڵەیەک و ئەوەندە بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکدا دەدوان و دەجووڵانەوە کەس هەستی بەغەوارەیی نەدەکرد. دەستەکان زۆر دۆستانە لێکتر گرێ دەدران و شانەکان زۆر هاوبیرانە لێک توند دەکران و پێیەکان بوێرانە و مافخوازانە و زانایانە بە زەویدا دەکوتران. ئاوری نەورۆز دەبووە بووکی هەموو زەمانێک و هەزاران کەس بە جامانە و بەرگی خاکییەوە لێی دەهاڵان و سەما و هەڵپەڕکێیان بۆ دەکرد. ئەوان بەو سەماکردنەیان پەیمانی برایی و خوشکایەتیان دەنووسییەوە و سروودی یەک دەنگی نەتەوەییان دەچڕی. گوڵی سوور - بەپێچەوانەی هەندێک بیرتەسک و بەرژەوەندیخواز - نەک هێمای ڕوانگەیەکی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فەرامۆشکراو، بەڵکوو هێمای شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد بوو. ئەوان بە بەدەستەوەگرتنی ئەو گوڵە سوورانە لەگەڵ شەهیدان و بنەماڵەکانیان پەیمانی یەکگرییان نوێ دەکردەوە و پێیان دەگوتن: ڕێبازەکەتان کوێر ناکەینەوە و هەتا سەر هەر درێژەدەری ڕێگاتانین.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لەو کەرناواڵەدا یادکردنەوەی شەهیدان بوو. ئەگەر بەوردی گوێ بدرێتە ئەو گۆرانییانەی لەو شاییانەدا گوتراون گوێمان لە نێوی سەدان شەهیدی ڕێی ڕزگاریی نیشتمان دەبێت، کە لەلایەن ئەو لاوانەی چەند دەیە دوای شەهیدبوونیان لە دایک بوون شاباشیان بۆ دەکرا و یادیان بەرز ڕادەگیرا. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئاگری کوورەی خەبات بێ دەستەچیلە نییە و ئێستاش زۆرن ئەو کچ و کوڕانەی گیانلەسەردەستان ئامادەی خەباتن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان.

کردنەوەی ئاوری نەورۆز بە دەستی بنەماڵەی شەهیدان یەکێکە لە خاڵە جوان و دڵخۆشکەرەکانی ئەو کەرنەواڵی نەورۆزییە. ئەویش لەلایەن بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی لە ڕێبازی گەل و بە بیری نەتەوەییەوە شەهید بوون، نەک لەڕێی بیری کرچ و کاڵ و لاڕێییدا. خەڵک زۆر بوێرانە لە دەوریان دەهاڵان و بە چەپڵە و گوتنەوەی سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی» یان گۆرانی «جەژنە‌جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە» دەبوونە کوڕ و برا و باب و خوشکی شەهیدەکەیان و ڕێزیان لێدەگرتن. لەوەش گرینگتر هاتنی کەسوکاری ئەو شەهیدانەیە بۆ نێو ئەو کۆڕە نەورۆزانە. ئەوان سەرەڕای ئەو زەبروزەنگەی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەسەریانە بوێرانە هاتنە کۆڕەکان و بەشدارییان لە ڕێوڕەسمەکاندا کرد و ڕێبازی کەسە شەهیدەکانیان زیندوو ڕاگرت.

یەکێک لە گرینگترین پەیامەکانی ئەم نەورۆزە بۆ ئەو کەسانە بوو کە نایانهەوێ گوێ لە دەنگی مافخوازی گەلی کورد ڕابگرن. دوژمنانی گەلی کورد دەبێ باش تێگەیشتبێتن کە کورد لەسەر داوا ڕەواکەی سوورە و لە کوشتن و پەت و سێدارە ناپرینگێتەوە. پەیامێکی دیکەشیان بۆ ئەو کەسانە بو کە ئێستاش هەر نایانهەوێت ڕاستییەکان بزانن و خۆ لە ڕاستە ڕێگاکە هەتلە دەکەن. ئەوانیش دەبێ باش بزانن ڕوو لە ڕووگەی گەل کردن باشترین ڕێگایە و باشتر وایە چیدیکە ئاو نەکەنە ئاشی دوژمنی قەستەسەری نەتەوەکەیان و تێکەڵ بە بیروباوەڕی گەلەکەیان ببنەوە. ئەگەر هەندێک کەسیش شۆڕشی ژینایان دەکردە کاڵای ئێرانچێتی و بە دوژمنانی قەستەسەری کوردیان دەفرۆشت و دەیانەویست بەو شێوەیە خۆیان و بیروباوەڕە مردووەکەیانی پێ زیندوو کەنەوە، ئەوە ئەم ڕاپەڕینی هەڵپەرکێیە پێی سەلماندن کارەکەیان چەندە چەوت و لاڕێیانە بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە دڵنیاییەوە دیتنی کچ و کوڕی شارەکانی دزێی مەرگەوڕ، گیەلان، ئاودانان، ئەسەدئاوا، کارزان و ... بە جلووبەرگی خاکی و جامانە و گۆرانی و سروودی کوردییەوە پەیامهێنەری یەکگرتنی ورمێ و ئیلام و کرماشان و سنەیە و لێرەدایە دەردەکەوێت پەیامی شۆڕشی ژینا لەگەڵ بەشەکانی دیکە جیاوازی زۆرە. ئەگەر لەوێ جلووبەرگی ئێرانچێتی بەبەردا دەکرا و هەندێک سەرلێشێواویش کیسەیان بۆ هەڵدەدووری و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پشتیان بۆ لە ویستی گەلەکەیاندەکرد. ئەوە لێرە هاواری نەتەوایەتی بووە و ئەو کوڕ و کچانە بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەیان چوونەتە سەر شەقامەکان و تەنگیان بە داگیرکەران و خۆفرۆشان هەڵچنیوە و هەر لەو ڕێبازەشدا گیانی پڕبایەخی خۆیان بۆ کردۆتە قوربانی. دیتنی باب و دایک و خوشک و برا و کچ و کوڕی ئەو شەهیدانە لە گەڕی دیلانی نەورۆزدا جێی سەرنج و یەکگرتنی گەل و گەرموگوڕی و بەردەوامی خەبات و نەسرەوتن مسۆگەر دەکات.

ڕێوڕەسمەکانی ئەم نەورۆزە بەردیان خستە ماڵی دوو توێژ و سەریانی لە بەرد دا. یەکەمیان فاشیستانی دژە کورد. ئەوانە چاویان بەهیچ یەکگرتن و یەک دەنگییەکی کورد هەڵنایەت و بەردەوام ئارەزووی لە نێوچوون و توانەوەی کوردیان لە دڵەڕەشەکانیاندا پەروەدە دەکەن. دووهەمیشیان ئیسلامیستە توندڕەوە جیهادییەکان. ئەوانیش کە وەک فاشیستە نژادپەرەستەکان چاویان بە شادی و خۆشی و زانایی و تێگەیشتوویی خەڵک هەڵنایەت، ئەو شادی و خۆشییە بەدژی ڕەوتەکەی خۆیان دەزانن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن بەری پێ بگرن و نەهێڵن پەرە بستێنێت و بەردەوام بێت. بەڵام ئەو شادی و یەکبوونە پێی سەلماندن کە ئەوان ناتوانن ببنە لەمپەری پێشکەوتنی ئەو گەلە و لە کۆتاییدا ئەوەی سەردەکەوێت گەلی ڕووناکبیر و مافخوازی کوردە و ئەوەی دەم لەپووشیش دەمێنێتەوە ئەوان و بیرە چەوت و فاشیستانە و دوواکەتووانەکەی ئەوانە. با ئەوانە باش تێ بگەن، زستان دەڕوات و ڕووڕەشی بۆ ڕەژی دەمێنێتە. دیارە دەبێ سپاسی ئەو مامۆستا ئایینییە نیشتمانپەروەرانەش بکرێت، کە بە هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییە جوانەکانیان، برەویان بە ڕێوڕەسمە جوانەکان و نەتەوەییەکانی نەورۆز بەخشی و بەو هەڵوێستە بەجێیەیان، گڕی ئەو ئاگرە پیرۆزە نەتەوەییەیان جوانتر و ڕەنگینتر کرد.

ئەم شایی و زەماوەندە بێجگە لەو ڕێوڕەسمەی لە تاران بەڕێوە چوو لە سنووری کوردستان نەترازا، ئەویش دەکرێت وەک یەکێک لەو ڕێوڕەسمانەی کوردانی تاراوگە لە یەکێک لە وڵاتانی دەرەوەی بەڕێوەیان برد سەیری بکرێت. هەر بۆیە دەکرێ بە پانەوە بڵێن: شایی نەورۆزی ئەم ساڵ شایی و سەمای دیاریکردنی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لە کۆتاییشدا دەبێ ئەوە بکوترێت کە لەدوای ئەو هەموو بەزم و ڕەزم و پێ لە زەوی کوتان و سەماکردن بە جامانە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

سروود کوتن، بۆ ئەوەی پەیامی ڕاستەقینەی خۆیان بەگوێی دۆست و دوژمنانیان بگەیەنن، لە ڕۆژی دەی خاکەلێوەدا بێ ئەوەی شین بگێڕان یان ماتەمینی بکەن، دەستیان لە هەڵپەڕکێ هەڵگرت. ئەوان بەوکارەین پەیمانیان لەگەڵ پێشەواکەیان نوێ کردەوە و یەک دەنگ پێیان گوت: ئێستاش دوای نزیکەی هەشت دەیە لە تێپەڕبوونی شەهید بوونت هەر ڕێبواری ڕێگا پیرۆزەکەتین و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکەت لە هیچ هەوڵێک درێخی ناکەین و بەسەر هەموو لەمپەرێکدا باز دەدەین و هەتا وزە و خوێنمان لە لەشدا مابێت، کۆڵنادەین و ناکشێینەوە و ناکشێینەوە.


٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو:

## سەرکەوتنی هەرەگەورەی ئێمە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتە




(بەشێک لە وتاری د. قاسملوو لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاویدا)

وەختێک لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا پێشەوا قازی و هاوڕێیـانی لە سێدارە دران، پەیامێک، مەشخەڵێک لەوان بەجێ مـا. لە هەمـوو شـتێک گرینگتـر ئەوە بـوو کە ئەو مەشـخەڵە قەت نەکـوژێتەوە، لە هەمـوو شـتێک گرینتـر ئەوە بـوو کە ئەو پەیامە بە نەسڵەکانی داهاتوو بگا. ئەگەر بڵێین حیزبی ئێمە، حیزبی سێ نەسڵی، سێ پشـتی کۆمەڵی کـوردەوارییە. نەسڵی یەکەم حیزبەکەی دامەزراندوە و پەیامەکەی نـاردوە مەشخەڵەکەی هەتـا ئەوەنـدە پێـی کـراوە نەیهێشـتوە بکووژێتەوە. کـاری نەسڵی دووهەم زۆر بەزەحمەتتـر بـووە، لە سـاڵی ١٣٢٦وە هەتـا سـاڵی ١٣٥٧ نـزیکەی ٣٢ سـاڵ کە فاسـلەیەک لە بەینـی پەیامی پێشەوا قازی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێکهاتبوو، پێویست بوو لەو فاسلەیەدا کە سـەدان لە ئەنـدامانی حیزبەکەمان لە زینداندا بوون، دەیان ئێعدام کران و زۆریان دەربەدەر بوون؛ پێویست بوو لەو فاسلەیەدا ئەو مەشخەڵە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕابگیرێ، نەكووژێتەوە و تەحویلی نەسڵی جەوانتر بدرێتەوە.

ئەمن پێم وایە گەورەترین شانازی ئی ئەو كەسانەیە كە وەختی خۆی لە سەر سێدارەی پێشەوا قازییەوە مەشخەڵەكەیان وەرگرت و گەیاندوویانەتە ئەو ڕۆژەی كە ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و مەشخەڵەكەیان داوەتە دەستی نەسڵی جەوان كە تازە پێم وانییە هیچ هێزێك بتوانێ لە دەستی دەرهێنێ، ئەوە گەورەترین شانازی ئەو نەسڵەیە و حەقی هەیە لە تاریخی حیزبی دێموكراتی كوردستاندا، لە مێژووی میللەتەكەماندا شانازیی پێ بكات.

لە خەباتی دوور و درێژ بۆ ئازادیی گەلان موهیم نییە كەسێك، تەنانەت نەسڵێك لەو خەباتەدا حەتمەن سەركەوێ. زۆر میللەت هەیە بە دەیان نەسڵ خەباتی كردوە هەتا ئازادی دەست كەوتوە، لەبەر ئەوە موهیم ئەوە نییە كە ئەو نەسڵە كە مەشخەڵەكەی وەرگرت و تەحویلی نەسڵی جەوانی دا لەو خەباتەدا سەركەوێ. مۆهیم ئەوەیە كە مەشخەڵەكە دراوەتە دەستی نەسڵێكی دیكە كە بێگومان ئەو مەشخەڵە هەتا سەركەوتنی گەلەكەمان هەتا وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلی كورد هەر ناكووژێتەوە. بەڵام هەروەك گوتم لە ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوە، وەختێك پێشەوا وەك سیمبولی كۆماری كوردستان چووە سەر سێدارە پەیامێكیشی بەجێهێشت، ئەو پەیامە چییە؟

ئەو پەیامە ئەوەیە كە ئەوانەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن، تەنانەت ئەگەر دەیان جار مردنیشیان لە پێش بێت هەتا سەركەوتن دەست لە خەبات هەڵناگرن. پێشەوا بۆ خۆی بۆ ئەمە نموونە بوو. ئەو پەیامە ئەوەیە كە هەموو هەوڵ و تێكۆشانی ئێمە بۆ بەختیاری و سەربەرزی و خۆشیی گەلەكەمانە. تا ئەوكاتە حیزبەكەمان لەنێو گەلی كورددا نفووزی هەیە، تا ئەووەختە كە گەلی كورد پشتیوانیەتی حیزبی دێموكرات هەر دەمێنێتەوە و حەتمەن سەردەكەوێ. ئەو پەیامە ئەوەیە كە لە ڕێگای ئازادیدا میللەتێكی زیندوو دەبێ فیداكاری بكا. ئێمە زۆر لە باشترین و فیداكارترین ئەندامانی حیزب و تەنانەت ئەفرادی غیرە حیزبیمان لەو ڕێگایەدا قوربانی كردوە و شەهید بوون. كاروانی شەهیدانی كوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ درێژتر دەبێ. بەڵام میللەتێك بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە، میللەتێك بیهەوێ نیشان بدا كە سەربەخۆیە و لەنێو میللەتانی زیندوودا جێگای هەیە دەبێ نرخی ئازادیی خۆی بدا، ئازادییش لە تاریخدا نیشان دراوە كە نرخی گرانە و بێ نرخیش وەرناگیرێت.

هەروەها ئەو پەیامە ئەوەیە كە ئێمە بۆ ئازادی و دێموكراسی تێدەكۆشین و كەسێك ناتوانێ بۆ ئازادی لە دواڕۆژدا تێ بكۆشێ و ئێستا خۆی ئیحترام و ڕێز بۆ دێموكراسی دانەنێت. ئەو كەسەی كە بەڕاستی دێموكراتە و بە قووڵی دێموكراسیی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤


خۆش دەویٚ، دەبێ هەر لە ئێستاوە چ لەنێو حیزبەکەماندا و چ لە دەرەوەی حیزبەکەماندا بۆ بیرو باوەڕی جیاوازی خەڵکی دیکە ئیحترام دابنێ. دێموکرات ئەو کەسە نییە کە ئیحترام تەنیا بۆ بیروباوەڕی ئەو کەسانە دابنێ کە لایەنگری دێموکراتن. هەتا ئەوکاتە یەکێک دەستی بۆ چەک نەبردوە دژی ئێمە، ئێمە تەحەمولی بیرو باوەڕەکەی دەکەین و ئەوە یەکێک لەو پەیامانەیە کە پێشەوای مەزن بۆی بەجێ هێشتووین کە دەبێ دێموکرات بین و تا سەریش دێموکرات بین. ئەوە پەیامی ٢ی ڕێبەندانە. ڕەنگە لە ژیانی یەک نەفەردا ٤١ ساڵ زۆر بێت، بەڵام لە ژیانی میللەتێکدا لە مێژوودا ٤١ ساڵ کەمە ماوەیەکی زۆر نییە. ئێمە لەو ٤١ ساڵەدا زۆر سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، بەڵام سەرکەوتنی هەرە گەورەی ئێمە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و دێموکرات و ئینسانی وەک حیزبی دێموکراتە کە پێی وایە لە دواڕۆژدا هیچ دوژمنێک تازە پێی ناوەستێ.

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بڕیاری مێژوویی




**شەماڵ تەرغیبی**

٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، مەئموورەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و همایون ئەردەڵان کادری دێرین و نووری دێهکوردی، دۆستی حیزبیان، لە ڕێستورانی میکۆنووس لە بێرلینی ئاڵمان تێرۆر کرد. ئەم تێرۆرە ڕێکخراوە، لەلایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زۆرکردنی ترس و تۆقاندن لە کوردستان، بەرەبەست خستنە ڕێی چالاکییە سیاسییەکان و پێشگرتن لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام درا. بڕیاری جێبەجێ کردنی عەمەلیاتی میکۆنووس لە لایەن کومیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی درا کە لەو سەردەمەدا، عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، بەرپرسایەتی ئەم کومیتەی لە ئەستۆ بوو و سەرۆک کۆماری ئەوکات ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، وەزیری ئیتلاعات، عەلی فەلاحیان و وەزیری کاروباری دەرەوە، عەلی ئەکبەر ولایەتی لە ئەندامەکانی ئەم کومیتەیە بوون. کومیتەی کاروباری تایبەت، فەلاحیانی کردبووە بەرپرسی چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی عەمەلیاتەکە. بە بوونی شایەت و دەسبەسەرکردنی چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتە لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمان و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

موحاکمە و سزادانی بەرپرسانی، لە بەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرپرسانی سەرەکی ئەم تێرۆرە سیاسییە تاکوو ئێستا دادگایی نەکراون.

تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی درێژەی تێرۆرە بەرنامەرێژیکراو و ئامانجدارە سیاسییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بوو. کۆماری ئیسلامی بۆ ناکاریگەرکردنی دژبەرانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەستی داوەتە و دەیداتە هەموو جۆرە کردەوەیەکی نامرۆیی و نایاسایی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا. یەکێک لەم کردەوانە، تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵات بوو کە لە ڕەوتی ئەم کردەوەدا دوو کەس لە هەڵکەوتووترین ڕێبەرانی کوردی ئێران هاوڕێ لەگەڵ دەیان کەسایەتی هەڵکەوتووی سیاسی دیکە بوونە قوربانی.

خومەینی هەر لە سەرەتای شۆڕش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دوژمنی خۆی دانا و بە ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد بە فەرمی ڕێبەرانی حیزبی کردە ئامانج. لە بەر ئەوەیکە لە ڕوانگەی ئەووە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بەربەستێکی گەورە بوو بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجە دژە مرۆییەکانی. دوکتور قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزب بە سیاسەت و لێزانی دووربینانەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا و هەروەها لێزانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پێگەیەکی شیاوی هەبوو کە بۆ خومەینی، کاربەدەستانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ئەو قەبووڵ نەدەکرا.

دوکتور قاسملوو بە سیاسەتە ژیرانەکان و نیازی ئاشتیخوازانەی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کێشایە سەر مێزی وتووێژ. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان بە مافی نەتەوەکان، کەمایەتییە ئایینیەکان بێجگە لە نەتەوەی حاکم و ئایینی شیعە نەبوو، ئەم دەرفەتەیان بە هێند وەرگرت و بە تێرۆرکردنی، ئەم سیاسەتڤانە هەڵکەوتوو و پەیامهێنەری ئاشتی و پێکەوەبوونەیان شەهید کرد.

کۆماری ئیسلامی بەڵام بە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەتەنیا نەیتوانی پێش لە خەباتی مافویستانە و ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بگرێ بەڵکوو ئەمجارەیان بە شێلگیری و فیداکاری زیاتر ڕێبوارانی ئازادی و هاوسەنگەرانی قاسملووی شەهید بەرەوڕوو بوویەوە. دوابەدوای ئەم کردەوە تێرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکرات توانی بە ڕێبەری دوکتور سادق شەرەفکەندی، خەباتێک کە قاسملووی شەهید بەدەستیەوە گرتبوو، بە باوەڕێکی پولایین و هەنگاوی قایم بەرەو پێش بەرێ. پڕکردنەوەی بۆشایی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە لایەن دوکتور


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەرەفکەندی هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە مەبەستی سڕینەوەی دژبەران و بەتایبەت حیزبی ئێمە کە ڕۆڵی بنەڕەتی بۆ ئۆپۆزیسیۆن هەبوو، بێ ئاکام هێشتەوە. ڕێبەرانی شەهیدی ئێمە لە سیاسەتی وتوویژ و چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی پرسی کوردستان بەرگرییان دەکرد و لە هەوڵدا بوون تاکوو شێوازێک بێجگە لە توندوتیژی بکەنە بنەمای بنەڕەتی سیاسەتی حیزب. کۆماری ئیسلامی کە لە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد و هەروەها یەکگرتووی و یەکگرتنی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سێبەری هەوڵ و ڕۆڵی بنەڕەتیی دوکتور شەرەفکەندی لەو سەردەمەدا ترسیان لێ نیشتبوو، دیسانەوە بە دووپاتکردنەوەی سەرلەنوێ سیاسەتی جنایەتکارانی خۆیان و جارێکی دیکە ڕوویانکردە تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری حیزبی ئێمە.

بەڵگەکانی تێرۆری میکۆنووس وەها ڕوون بوون کە شوێنێکی بۆ گۆمان نەهێشتەوە. دادگای میکۆنووس یەکێک لە گرینگترین و درێژترین ماوەی دادگایی لە مێژووی ئاڵمان بوو. گوشارەکان و ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن ئێران و تەنانەت هێندێکجار کارشکێنی دەوڵەتی ئاڵمان لەبەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئێران بۆ سەر دادستان و قازییەکانی پەروەندەکە، نەبووە هۆی بەرەوپێش نەچوونی و بڕیاری بێ وێنەی دادگا، سیستم قەزایی و لێزانی قازییەکان بۆ ڕوونبوونەوەی پەروەرندەکە، زۆربەک لە هاوکێشە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد. بە ڕوونبوونەوەی بڕیاری دادگا و مەحکوومکردنی کردەوەکانی "کومیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی" کە تا ئەوکات ئەرکی سڕینەوەی فیزیکی دژبەرانی ڕێژیمی لە دەرەوەی وڵات لە ئەستۆ بوو، بۆ ماوەیەک پێوەندی ئێران لەگەڵ ئاڵمان و تەنانەت یەکیەتی ئورووپا ڕووی لە ساردی کرد. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە حکوومەتی نارەوای خۆی، هەموو بەها ئەخلاقی، مرۆیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژێر پێ ناوە و کەڵکی وەرگرتووە لە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندووتیژی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە نامرۆییەکانی. بۆیە ڕسوایی خۆیان و تەریک کەوتنەوە، زیانە ئابوورییە پشتشکێنەکان بۆ سەر ئێرانییەکانی گۆڕیوەتەوە بە لەنێوبردنی دژبەرانی کە خوازیاری مافی بەرابەر و دێموکراسی بوون.

ئەگەرچی ٢٧ ساڵ لەمەوپێش و لە ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرا بەڵام وەک دواتریش دیتمان ئەم بڕیارە نەیتوانی بەتەواوەتی دەستی ڕێژیمی تاران لە ڕەشەکوژی و تێرۆر بقرتێنی و دەیان چالاکی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات بە دەستی ڕەشی سپای پاسداران تێرۆر و شەهید کران؛ هەر ئەم باسەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە کە تەنیا ڕێگا بۆ نەمانی ڕەشەکوژییەکانی ڕێژیمی تاوان لەڕاستیدا نەمان و سەرەونخوون بوونی ئەو ڕێژیمەیە کە بە تێرۆر و ڕەشەکوژی فرچکی گرتووە.

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی لاوانی کورد




**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان!**

٢٢ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٨١ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی لاوانی کورددا تێپەڕ دەبێت. ئەو سەردەم پۆلێک لە لاوانی کورد بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و لەژێر سێبەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بڕیاریان دا لە پێناو ڕێکخستن و پەروەردەی نەتەوەیی لاوان، خەباتی خۆیان لەژێر ناوی "سازمانی جەوانانی کورد" دەست پێ بکەن و نەریتی کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی بەهێز بکەن. هەر لەو سۆنگەیەوە پیرۆزبایی دامەزرانی ئەم ڕۆژە مێژووییە بە هەموو لاوانی کورد دەڵێین و هیواداریین یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێلگیرتر لە جاران بۆ خزمەت بە لاوانی کورد تێ بکۆشێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لاوانی شۆڕشگێڕی کورد!

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێ - کاف و هەروەها دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەلێکی باش بوو بۆ تێکەڵبوونی لاوان بە کاری سیاسی و نەتەوەیی کە بتوانن زیاتر لە خزمەت ئامانجە نەتەوەییەکانی کورددا بن.

بنیاتنانەوە ڕێکخراوی لاوان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لەژێر ناوی "یەکیەتیی لاوان" (ئیتحادیەی جەوانان) و فراوانکردنی بازنەی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەیە لە بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها متمانەکردن بە توێژی لاو لە بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکرات و دامەزراوەکانی کۆماری کوردستاندا، لەلایەک دەرفەتێکی نوێی کاری ڕێکخراوەیی و هەستی بەرپرسیاریەتیی لەناو توێژی لاواندا پێک هێنا و، لەلایەکیش سەلمێنەری دووربینیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و شەخسی پێشەوا قازی بوو بۆ پەروەردەکردنی لاوان و نەوەی نوێ بە مەبەستی بەڕێوەبەردنی وڵات.

حاشاهەڵنەگرە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لەو سەردەمەوە تا ئێستا سەرچاوەیەکی گرینگ بووە بۆ دابینکردنی هێزی مرۆیی و کادری سیاسی و شۆڕشگێڕ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکرات. شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە، خەباتی خۆیان لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوانەوە دەست پێ کردوە و هەر لەوێوە پێگەیشتوون، هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە گرنگییەوە دەڕواننە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی ئەو ڕێکخراوەیە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی لاوانی کوردستان.

## لاوانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بەشداریی دیار و بەرفراوانی ئێوە لە بزووتنەوەی ژن - ژیان - ئازادی و هەڵمەتی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکان و هەروەها گڕو تینتان لە بزووتنەوەی نەورۆزی ئەمساڵ، گەلێک دەسکەوتی نوێی خستە سەر خەرمانی تێکۆشانی لاوانی کورد کە سەرەڕای هەموو گووشارە ئەمنیەتییەکان هەر لە تێرۆر و کوشتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام لەلایەن سپا و ئیتلاعاتەوە، ئازایانە شەقامی شارەکانتان بە پێشەنگایەتیی کچان و ژنانی خەباتکار کردە مەیدانی مافویستی نەتەوەیی و هەروەها، لە ڕەوتی هەڵمەتی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بە بەشداری‌نەکردنتان "نا"تان بە ڕێژیمی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی گوتەوە. تێکۆشانی ئێوەی لاوان بە پشتیوانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بەرێوەبردنی ڕێورەسمەكانی نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری و بەرزكردنەوەی هێما و سیمبوولە نەتەوەییەكان، جارێكی دیكە لە شار و گوندەكانی كوردستانەوە پەیامی هوشیاری نەتەوەیی و شوناسخوازی ی ئێوەی گەیاند. هوشیاری بەرزی نەتەوەیی ئێوە لە دەی خاكەلێوەدا گەیشتە لووتكە و سەلماندتان كە خەبات و قوربانیدانی پێشەوا قازی و لاوانی كورد بەفیڕۆ نەچووە و ڕاگرتنی ڕێورەسمەكانی نەورۆز لە ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوەدا، ڕەنگدانەوەی ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژوویی و خەباتی شوناسخوازانەیە كە ٨١ ساڵ لەمەوبەر لاوانی كورد چەخماخەكەیان لێدا و ئێستا ئێوە بە گڕ و تینەوە درێژەی دەدەن.

ئاشكرایە كە سیاسەتی سەركوت و زەبر و زەنگی كۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەچۆكداهێنان و بێهیواكردن لە ڕێگای جێخستنی دیاردە كۆمەڵایەتییە زیانبارەكان و ڕەشبگیری و ئێعدامی بەكۆمەڵ و كوشتاری بەكۆمەڵ لەسەر شەقامەكان، هەر لە سەرەتای هاتنە سەركاری ئەم ڕێژیمەوە تا ئێستا سیاسەتێكی نەگۆڕ بووە لەهەمبەر ئێوەی لاوان. بەخۆشیەوە دەبینین كە كۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتەیدا نەكهەر سەركەوتوو نەبووە و ئامانجی خۆی نەپێكاوە، بەڵكوو خەبات و تێكۆشانی ئێوەی لاوان بەوپەڕی هوشیاری سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد چڕتر بۆتەوە و، بە تێكۆشانی هەمەلایەنە و شوناسخوازانەی خۆتان بەرەنگاری هەرچەشنە پاوانخوازی و خۆسەپێنییەك بوونەتەوە كە دەیانهەوێ مان و مەوجودییەتی نەتەوەكەمان بخەنە مەترسییەوە.

**لاوانی كوردستان!**

**ئەندامانی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان!**

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی تێكۆشانی توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵات و خەبات و تێكۆشانی یەكیەتیی لاوانی دێموكرات، پشتیوانی خۆی لە یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان وەك یەكەم ڕێكخراوی لاوانی كورد دووپات دەكاتەوە و پیرۆزبایی ٢٢ی خاكەلێوە لەسەرجەم بەرێوەبەریی و ئەندامانی ئەو ڕێكخراوەیە دەكات كە لە قۆناغە سەختەكانی خەباتدا پشتیوان و هاوكاری حیزبی دێموكرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد بوون و لە قۆناغی جۆراوجۆردا دەنگی لاوانی كورد بوون لە كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێكخراوە جیهانییەكان. حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دڵنیا دەكاتەوە كە خەبات و تێكۆ شانیان بە فیڕۆ ناچێت و ئاواتی لەمێژینەی لاوانی كورد كە ئازادی و سەربەستیی كوردستانە وەدی دێت.

**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

## ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی

٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

# بەرژەوەندیی خەڵک لەکوێی هاوکێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دایە؟



**سمایل شەرەفی**

لە دوای هێرشی حەماس بۆسەر هاووڵاتیانی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی و کوشتنی سەدان کەس لە خەڵکی مەدەنی و ئەتککردن و بێڕێزی بە دەیان کەسی دیکە، قسەوباس لەسەر ئەگەری دەستتێدابوونی -ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی- کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرشەدا کرا کە دەستبەجێ خامنەیی وێڕای پێداهەڵگوتن بە حەماس و شان و پیل ماچکردنیان بۆ ئەم کردەوەیە، بەڵام بێبەریبوونی ڕێژیمەکەی لەم ڕووداوە ڕاگەیاند. هەر لەو کاتەوە دیار بوو کۆماری ئیسلامی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل دەپارێزێ و ئەگەریش دژکردەوەیەکی بەرانبەر هەر هەڕەشە و جووڵەیەکی ئیسرائیل هەبێ، لە ڕێگای تاقم و گرووپە نیابەتییەکانییەوە دەیانکات.

دوای هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس لە غەززە کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و بە دەیان هەزار کوژراو و بریندار و وێرانیی ئەم ناوچەیە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی لێ کەوتۆتەوە، هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەکەدا ڕیزە هێرشێکی مووشەکییان بۆسەر شوێن و بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئامریکا لە ناوچەکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەست پێکرد. وەجووڵەکەوتنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران لە یەمەن، سووریە و عێراق و هێرشیان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئامریکا، ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی بەم ئالۆزییانە بەخشی و کۆمەڵگەی جیهانی بە شێوازی جۆراوجۆر کەوتە هەڵوێست نواندن. هەرچی وڵاتانی عەرەبی بوون، بە میوانداریکردن لە وڵاتانی شوێندانەری جیهانی لە هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە و گەڕان بەدوای چارەسەردا بوون کە لە کۆتاییدا دوای چەند کۆبوونەوە لە وڵاتانی تەقەر، میسر و عەرەبستان و هەروەها کووبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گۆڕینەوەی پەیامی ژێربەژێری نێوان ئەمریکا و ئێران -دوای چەند جار دەست لێکوەشاندن لە عێراق و سووریە و ئاوەکانی لێواری یەمەن- تا ڕادەیەک دۆخەکە ئارام بوویەوە. بەتایبەت دوای گۆڕینەوەی بەشێک لە دیلەکانی حەماس و ئیسرائیل و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە شەڕلێدراوانی غەززە و لە پێشوازی مانگی ڕەمەزاندا شەڕ و ئالۆزییەکان ڕاوەستان. ئەوەی لەم نێوەدا ڕۆڵی ئاژاوەنانەوە و ئالۆزترکردنی دۆخەکەی هەر لە سەرەتای ئەم شەڕەوە گێڕا و بۆ ساتێکیش لە پێناو ڕاگرتنی ئالۆزییەکان و بۆ ئاشتەوایی هەنگاوی نەنا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی لەسەر هەوڵدانی بۆ پێشگیری لە گەورەبوونەوەی کێشەکان، هەمیشە هەوڵی پیلانگێڕی، بەئەمنیەتیکردنی دۆخەکە و لەباربردنی ئارامی و سەقامگیری داوە.

ئێستا دوای هێرشی هەوایی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر بەناو کۆنسولخانەی ڕێژیم لە سووریە کە ئەوەی تیایدا کوژراوە هەر هەموو کەسانی سەربازیی سەر بە سپای قودسی ڕێژیم لە سووریە بوون و هیچیان کاردار و دیپلۆماتی سیاسی نەبوون، ئالۆزییەکان بەربڵاو و قووڵتر بوونەتەوە.

کاربەدەستانی ئیسرائیلی ئیدیعا دەکەن؛ ئەوانەی لەم هێرشەدا کوژراون جیا لەوەیکە گومانی دەستتێدابوون لە هێرشەکەی ی٧ ئۆکتۆبریان لەسەرە، خەریکی پلانی دیکەی خراپکارانە دژ بە ئیسرائیل بوون. لە بەرانبەردا کاربەدەستانی ڕێژیم وەک هەمیشە هەڕەشە و گورەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل دەکەن. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا زیاتر باسی لێوە دەکرێت، قسەکردن لەسەر "ئەگەری دەسپێکی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل" و "هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر باڵوێزخانەی ڕێژیم لە سورییە"یە.

شارەزایانی سیاسی و سەربازی لەم پێوەندییەدا ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە؛ بەڵام زۆربەی چاودێرانی بوارەکە لەو باوەڕەدان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەستکردن بە پلانی ئیسرائیل بۆ پەلکێشکردنی بۆ مەیدانی شەڕ و، هەروەها لێکدانەوەی لە دۆخی نالەباری نێوخۆی وڵات و هێزی نیزامیی ئیسرائیل و پاڵپشتیی بێئەملاوئەولای ئامریکا لەم وڵاتە،



https://serchawe.com

ئەستەمە ڕاستەوخۆ وڵامی ئیسرائیل بداتەوە. بۆیە هیچ دوور نییە لە ڕۆژان و حەوتووەکانی داهاتوودا، هێزە نیابەتییەکانی بجوڵێنێ و تەنیا بۆ ڕازیکردنی بیروڕای لایەنگرەکانی و دامرکاندنەوەی کەف و کوڵی تەیفە توندڕەوەکانی خۆی، هێرشی مووشەکی بکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل لە ناوچەکە و لەم ڕێگایەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی هێندێک ئیمتیازی دیکە بدات.

ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئەساس و گرینگە، مانەوەی خۆی وەک نیزامێکی ئیدیۆلۆژیکە و بنەمای ئەم تێڕوانینەشی هیچ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتی ئێران و گیان و ماڵی ئەو سەدان هەزار خەڵکەوە نیە کە لە غەززە و شوێنەکانی دیکەی فەلەستین دەبنە قوربانی. مانەوەی کۆماری ئیسلامییش وەک ڕێبەر و دامەزرێنەرەکەی، ئایەتوڵڵا خومەینی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە گوتی و بە نانەوەی شەڕ لە گەڵ عێراق و دوژمنایەتی لەگەڵ ئامریکا پێناسەی کرد، لەشەر و ئاڵۆزی و قەرانخوڵقێنی دایە. خومەینی وتی؛ "شەڕ نێعمەتە."

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هێرش و دژکردنەوانەی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا، خەڵکی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی هەرجۆرە دەستدرێژی و جینایەتێک، خۆیان لەبەرەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دانانێن. چونکی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی ئەم ڕێژیمە و دروشم و هەوڵی "سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی" تەنیا ئارەزووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا هیچ قازانجێکی بە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتی ئێران نەگەیاندوە و ناگەیەنێ، بەڵکوو سیاسەتێکە کە ڕاست چل ساڵە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و وڵاتەکەیان کاری پێ کراوە.

بۆیە خەڵکی ئێران لەمێژە بە بەرزکردنەوەی درووشمی "نەغەززە، نە لوبنان"، ئەم سیاسەت و ڕێگارانەی کۆماری ئیسلامییان ڕەت کردۆتەوە و بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی خۆیان لە دەرەوەی مەوجوودیەتی فکری و سیاسیی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن.

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جلوبەرگی خاكی و جامانه وەک ڕەمزی بەهێزی خەبات له ڕۆژهەڵاتی كوردستان



**حەسەن قارەمانی**

له ڕۆژهەڵاتی كوردستان پۆشینی جلوبەرگی كوردی هەمیشه مانایەكی تایبەتی هەبووه. ڕێگایەک بووه بۆ ئەوەی مرۆڤەكان ناسنامه و میراتی كولتووریی خۆیان بەخاوەن بكەن و پێشانی بدەن. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا جامانه بووەته سیمبولی خەبات و بەرخۆدانی سیاسی. بۆته بزووتنەوەیەک، بزووتنەوەیەک كه مرۆڤەكان له هەموو چین و توێژەكان و هەموو تەمەنەكان كۆ دەكاتەوه.

له ناوچەیەكدا كه ململانێی سیاسی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووانی بووه، جامانه بووەته ئامرازێک بۆ دیاركردن و دەربڕینی بێزاری دژی دەسەڵات و دەرخستنی هیوا و هاودەنگی.

خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان به لەملكردنی ئەو جامانه ڕەمزییانه توانیویانه پشتیوانیی خۆیان بۆ بزووتنەوه و ئایدیاڵه سیاسییه جۆراوجۆرەكان نیشان بدەن. جامانەكان بوونەته بەشێک له ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، یەكپۆشییەک كه گوزارشت له



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پابەندبوون و باوەڕیان بە گۆڕانکاری دەکات. خەڵک بە لەملکردن و لەسەرکردنی جامانەکانیان بە شانازی و ئازایەتییەوە نیشانیان داوە لەهەمبەر ستەم و توندوتیژی بێدەنگ نابن و ئەکتی سیاسیی خۆیانیان هەیە.
بەڵام جامانەکان تەنیا هێمای بەرخۆدان نین - وەبیرهێنانەوەی ئەو مەینەتییەشن کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیدا تێپەڕیون. هەر جامانەیەک چیرۆکێکی لەدەستدان و ئازاری هەڵگرتوە، بەڵام لەگەڵ هێز و ئازایەتیشدا. بیرهێنانەوەی بارگرانییەکانی ڕابردوو و بەڵێنەکانی داهاتوو و خۆڕاگری خەڵکن بۆ خەباتکردن بۆ سبەینێیەکی باشتر. جلوبەرگی کوردی تەنیا بەشێک نین لە پۆشاک بۆ لەبەرکردن، بەڵکوو بەشێکن لە خەباتێکی گەورەتر بۆ ئازادی.

مرۆڤەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک جلوبەرگی ڕەمزیی خۆیان لەبەر دەکەن، نەک تەنیا بۆ نیشاندانی ناسنامەی خۆیان بەڵکوو بۆ دەربڕینی پابەندبوونی خۆیان بە گۆڕانکاری. هەر جلوبەرگێک دەبێتە دەرکەوتنی هەوڵەکانیان بۆ داهاتوویەکی باشتر، نەک تەنها بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە. هەر جلوبەرگێک بەشێکە لە چیرۆکێکی گەورەتری خۆڕاگری و هیوا. باسی ئەو ئازارانە دەکەن کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەریان هاتووە بەڵام خۆڕاگری و هێزی خۆیان بۆ بەردەوامبوون لە مافخوازی پێشان دەدەن. ئەم جلوبەرگە ڕەمزییە بیرخستنەوەیەکن کە تەنانەت لە تاریکترین ساتەکانیشدا هیوایەک بۆ داهاتوویەکی باشتر هەیە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگانە خەباتی خۆیان بەرەو بەرزایی هەڵدەکێشن.

## بەڵام چی وایکردوە ئەم جامامانە ئەوەندە ڕەمزی بن؟

جامانە بووەتە ڕەمزێکی بەهێزی خەبات، هێمایەک کە مرۆڤەکان لە هەموو چین و توێژەکان و هەموو تەمەنەکان یەک دەخات. لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جلوبەرگ و جامانە هێمای هەوڵێکی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕانکاری و یەکگرتووین. یەکێک لە لایەنە هەرە بەرچاوەکانی ڕۆڵی جلوبەرگ و جامانە وەک هێماکانی خەبات بەکارهێنانیەتی لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی و بەستنی جامانە یان لەملکردنی خەڵکەکە پابەندبوونی خۆیان بە پرسێکی دیاریکراو پێشان دەدەن و ئەمە دەکەنە گۆڕەپانێک بۆ ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامی و هێمای یەکگری و هاوخەباتی. ئەمەش هەستێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و هاودەنگی دروست دەکات کە سنووره کۆمەڵایەتی و تەمەنەکان تێدەپەڕێنێت و کەوشەنی کوردی و شوناسخوازی دیاری دەکات.

٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەڵگەی ڕوون بۆ پێویستیی نەمانی کۆماری ئیسلامی




**سمایل شەرەفی**

لە کۆتاییدا دوای ساڵانێک هەڕەشە و گوڕەشە و مەرگ و نەمان ناردن بۆ ئیسرائیل و ئیدیعای سڕینەوەی ئەم وڵاتە لەسەر نەخشەی جیهان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی، بە ٣٠٠ درۆن و مووشەکی دوورهاوێژی جۆراوجۆرەوە هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە.

چەندین ساڵە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە عەلی خامنەییەوە بگرە هەتا سەرکۆماری ئێستا و بەشێک لە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو و بەتایبەت بەرپرسانی هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی ئەم ڕێژیمە بە هاتوهاواری "نابوود"کردنی ئیسرائیل و "لەگەڵ خاک تەختکردنی تێل‌ئاویو" و "دادگاییکردنی سەرانی ڕێژیمی زایونیستی و لەسێدارەدانیان" گوێی عالەمیان پڕ کردبوو. بەڵام ئەوەی لەم هێرشەدا بینیمان ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی نەکهەر ئەوە نەبوو کە لە ڕووی توانای سەربازییەوە ئیدیعای دەکات، بەڵکوو بە بەراوەرد لەگەڵ توانای وڵاتی حەریف و هاوپەیمانەکانی، زۆر لاواز و دەستەوەستان مایەوە. بە چەشنێک کە هەر ئێستا بۆتە گەپجاڕی عالەم. بەپێچەوانەی درۆ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەلەسە و بانگەشەی بەرپرسانی سپای پاسداران و پڕوپاگاندای ناڕاستی میدیاکانی ئێران، بەشێکی زۆری درۆن و مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی کە قەرار بوو دڵی ئیسرائیل بکەنە ئامانج، پێش ئەوەی بگەنە سنوورەکانی ئیسرائیل لەلایەن هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە کراونەتە ئامانج و بەردراونەتەوە. بەجۆرێک کە خودی کاربەدەستانی سپای پاسداران نەیانتوانی ئەم شەرمەزارییە بشارنەوە و گوتیان ئەو هێرشەی کردوویانە "عەمەلیاتێکی بەرتەسک و بە بارتەقای زەبرەکانی پێشووی دوژمن بووە"! ئەوە لە حاڵێکدایە نزیک بە دوو حەوتوو بوو کاربەدەستانی تاران و تەنانەت خودی خامنەیی بۆ تۆڵەکردنەوە لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەناو کۆنسوولخانە ڕێژیمەکەیان لە سووریە، باسیان لە تۆڵەکردنەوەی "سەخت" دەکرد.

دەرکەوتنی لاوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرشەی بۆ سەر ئیسرائیل - بەتایبەت دوای چەندین ساڵ لە فرۆفیشاڵ و خۆگێپکردن- لێکەوتەی باش و دڵخوازی بۆ ڕێژیم لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان نابێت و ئەم هێرشە ئەگەر هیچ قازانجێکی تێدا نەبێت، لانیکەم دەریخست کۆماری ئیسلامی بایی چەندە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هێرشە کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل و ڕێڕەوی درۆن و مووشەکەکانی سپای پاسداران و چارەنووسی زۆربەیان بەدرێژایی ئەو مەودایەی تێدایدا تێپەڕ دەبوون هەتا ئامانجی ڕێژیم لە وەها هێرشێک لەو ئاستەدا، دەریدەخات کە ئەم نیزامە لە بێپرەنسیپی و شەڕەنگێزی و بەزاندنی یاسا و ڕێسا مرۆیی و نێودەوڵەتییەکاندە چەندە بێهاوتا و تاقانەیە. بەڕێکردنی زیاتر لە ٣٠٠ درۆنی خۆکوژ و مووشەکی دورهاوێژی کرووز و بالیستیک کە ئەگەر توانای خۆ گەیاندن بە ئامانجەکانیان هەبا، دەیتوانی گیانی بە هەزاران هەزار کەس بخاتە مەترسییەوە تەنیا دەکرێ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوەشێتەوە. بەزاندنی سنووری ئاسمانیی چەند وڵاتێکی وەک عێراق، سووریە و ئۆردۆن بۆ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل یەکێکی دیکە لەو بێپرەنسیپی و پێشێلکارییانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا شەرمی لێ ناکەن، بەڵکوو یەکی وەک وتەبێژی هێزی ئاسمانیی ئەرتەش بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە دەڵێ؛ هەر وڵاتێک لە ئاسمانی خۆیەوە درۆن و مووشەکەکانمان بکاتە ئامانج، بە خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە و بەوجۆرە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی سەربازییان لێ دەکات.

بۆ هەمووان ئاشکرایە ئەوەی لە ئارادایە شەڕی وڵاتی ئێران و خەڵکەکەی نییە لە گەڵ ئیسرائیل، بەڵکوو شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە دژبە خەڵک و وڵاتی ئیسرائیل. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە خەڵکی ئێران و ئەم وڵاتە پێشتر و ئێستاش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئاسەوارەکانی ئەم شەڕە. ئەو بە دەیان میلیارد دۆلارەی خەرجی دروستکردنی ئەو درۆن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و مووشەکە پڕتێچووانە کراون لە سامان و قووتی ژیانی خەڵکی ئێران گیراونەتەوە. خەڵکێک کە لە ئێستادا لە خراپترین دۆخی ژیان و گوزەران و گرانی و بێدەرەتانیدا دەژین. بێقیمەتبوونی زیاتری دراوی ئێرانی کە ئەمڕۆژانە دۆلارێک نزیک بە حەفتا هەزار تمەن مامەڵەی پێوە دەکرێ، ئاسەوارێکی دیکەی ئەم سەرەڕۆیی و شەڕئەنگێزییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گوزەرانی لە خەڵکی وڵات تاقەتپڕوکێنتر کردوە.

کۆماری ئیسلامی بەم هێرشکردنەی بۆ سەر ئیسرائیل پێویستە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە جۆرێکی دیکە لێی بڕواندرێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. ئەم ڕێژیمە نیشانی دا و سەلماندی کە لە شکاندنی هەر جۆرە سنوورێکی یاسایی و مرۆییدا دیاردەیەکی ناوازە و دوور لە پێبەندبوون بە هەر ڕێوشوێنێکی دانپێدانراو و دیاریکراوە. ئەو وڵاتانەی بە دەیان ساڵە بە ڕەپێشگرتنی سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە و کەمکردنەوەی ئالۆزییەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم لەم نیزامەدان، دەبێ ئێستا باش بزانن و بۆیان دەرکەوتبێ کە لەگەڵ چ ڕێژیمێک بەرەوڕوون. دەبێ ئەم خەسڵەت و ڕەفتارانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسیار لە خۆی بکات کە مانەوەی ئەم ڕێژیمە و دەستپێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی، دەتوانێ دنیا تووشی چ بەڵا و کارەساتێک بکات. دەبێ گەلانی جیهان بۆیان دەرکەوتبێ خەڵکی ئێران زیاتر لە ٤٥ ساڵە دەسەڵاتی سەرکوتگەری چ ڕێژێمیکیان بەسەردا سەپاوە و لەدژی چ نیزامێکدا خەریکی خەبات و تێکۆشانن و لەبەرچییە کە دەیانهەوێ لێی ڕزگار بن و ئاسەواری نەهێڵن؟

ماوەتەوە بڵێین: گەلانی ئێران ئەم شەڕە بە شەڕی خۆیان نازانن و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ئیسرائیل هیچ خواستێکی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەسەر نییە. ئەم هێرشە ئاکامی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سپای پاسدارانە کە بوون و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆی وەک باندێکی مافیا لە قەیرانخوڵقێنی و بەئەمنیەتیکردنی دۆخەکەدا دەبینێ. گەلانی ئێران سەرەڕای مەحکوومکردنی هەرچەشنە دەستدرێژی و سنووربەزاندنێکی کۆماری ئیسلامی، هۆکاری سەرەکیی ئەم ئالۆزییانە و هەرچەشنە ئالۆزییەکی دیکەی ناوچەکە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێننەوە و لەو باوەڕەدان تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ئێران و ناوچەکە لە شەڕ و قەیران و ناسەقامگیری نەمانی ئەم ڕێژیمەیە.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جامانەی خەباتگێڕان و جامانەی مرۆکوژان



رەسووڵ سوڵتانی

خەباتی بندەستان لە ڕەوتی بەردەوامی و بەرەپێشچوونی خۆیدا مۆرکی خۆی لەسەر کۆمەڵێک دیاردە بەجێ دێڵێ و دەیانکاتە هێما. ئەو هێمایانە وردە وردە لە نێو خەڵکدا دەناسرێن و شەقڵی ئەو خەباتەیان لێ دەدرێ و بایەخێکی تایبەتی وەردەگرن کە بەبێ ئەو شەقڵ و مۆرکە وەکوو هەموو کەلوپەل و شتەکانی دیکەی ئەم جیهانە شتێکی ئاسایی دەبوون. یەکێک لەو شتانەی لە سەدەیەک خەباتی کورددا ئەم شەقڵ و مۆرکەی گرتوە، جامانە یان ئاغابانووی کوردەوارییە.

جامانە وەکوو هێمای پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە ناسراوە. لە کوێوە و چۆن ئەو هێمایە دیاری کراوە و کێ بڕیاری لەسەر داوە؟ ئەوەی لە کەس ڕوون نییە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە هێماکان بە بڕیار دروست نابن و بە بڕیار نابنە هێما بەڵکوو لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دروست دەبن. وەختێک پێشمەرگە بەتایبەتی جامانە لەسەری دەبەستێ و لە ملی خۆی دەکا و دوور پێشمەرگە بەو جامانەیەوە دەناسرێتەوە بەتایبەتیتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پیاوانی موکریان جاری جاران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێچ و کڵاویان لەسەر دەکرد و لە ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێچی پیاوان وەکوو ئەوەی ئێستاش لە مەریوان و هەورامان ماوە قوماشێکی تایبەتە، بەڵام جامانە لەو نێوەدا دەبێتە هێمایەک. هێمای خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی و ئاواڵی سەر و مل و شانی پێشمەرگە.

لە هەر وڵاتێک خەباتێک بۆ ڕزگاری لە بندەستی هەڵگیرسابێ ئەو خەباتە هێمای خۆی بەرهەم هێناوە و لایەنگرانی خەبات و خەباتگێڕان ئەو هێمایانەیان بۆ ناسینەوەی یەکتر و ڕەمزی دژایەتیی داگیرکەر بەکار هێناوە، شان بە شانی ئەوانیش نیشتمانفرۆش و خۆفرۆش و خیانەتکاران هەم دژی ئەو هێمایانە وەستاونەوە و بەگژیاندا چوونەتەوە هەمیش ویستوویانە بەکاریان بێنن. بۆ نموونە جاشەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەختێک زانییان ناوی پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا بووەتە ناوێکی پیرۆز، وێڕای ئەوەی شان بەشانی دوژمنانی کورد شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد و بە شەهیدکردنی پێشمەرگە هەمیشە شەرگەیەک لە پێش داگیرکەرانەوە بوون کەچی ئەم ناوەیان قۆستەوە و بە پاشگرێکەوە بەخۆیانەوە نا و ناوی خۆیان نا (پێشمەرگەی مسوڵمان) بەڵام لە نێو خەڵکدا هەر بە جا پشمەرگەی مسوڵمان ناوبانگیان ڕۆیشت و ناوی پێشمەرگە فریای ناوەرۆکی ڕیسوای نیشتمانفرۆشان نەکەوت.

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئەم نوێنەرانی ڕێژیم بۆ مەجلیسی کۆماری سێدارەی ئیسلامی، دیتمان کۆمەڵێک لەو خۆفرۆشانە جامانەیان کردبووە ملی خۆیان. ئاخر ئەوان دەزانن خەڵکی کوردستان جامانەی وەکوو هێمای خەبات هەڵبژاردووە، هەڵبەت خەبات دژی ڕێژیمی سێدارەی ئیسلامی، هەر بۆیە ئەو هێمایە تەنیا لە مل و ئەستۆی دژبەرانی ئەو ڕێژیمەدا واتا و هێما پیرۆزەکەی دەمێنێتەوە و لە مل و سەری شۆڕی لایەنگرانی ڕێژیمدا دەسبەجێ ڕەنگ و بۆن و مانای ئەو سێدارە و قەمچی و فیشەکانە دەگرێتە خۆی کە جەلادە دژەمرۆڤەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی ئازادیخوازان بەکاریان دێنن. کەوابوو هەر ئەو هێمایەی لە شوێنێک پیرۆزە دەکرێ لە شوێنێکی دیکە تەواو مانایەکی پێچەوانەی هەبێ لەبەر ئەوەی مانای جەوهەریی هێماکە بەستراوەتەوە بەو ئاکام و ئامانجەی بەکارهێنەر و هەڵگری هێماکە بۆی تێ دەکۆشی. ئەوانەی خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری خامنەیی لە مەجلیسی تاران، جامانە لە ملیاندا لە هەموو هێمایەکی مرۆیی بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێتە هێمای سێدارە. ئاخر ئەوان خۆیان پاڵاوتووە تا لە تاران ببنە نوێنەری بیری مرۆکوژانەی خامنەیی. جامانە ئەو بایەخەی لە خەبات و خەباتکاران و لایەنگرانی خەباتی ڕزگاریخوازی وەرگرتوە و تەنیا لەلای ئەوانیش هەڵگری ئەو بایەخ و مانایە دەبێت.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# وەڵامەکەی ئێران بۆ ئیسراییل و ئەو ئامانجانەی نەپێکران



**مادح ئەحمەدی**

لە دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژ بەسەر هێرشەکەی ئیسراییل بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دیمەشق، کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ئاپریل زنجیرە هێرشێکی درۆنی و هاژەکیی بۆ سەر ئیسراییل دەست پێ کرد. پاش ٤٥ ساڵ دوژمنایەتی و هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسراییل، کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەمجار خاکی خۆی لەدژی ئیسراییل بەکار هێنا. بۆیە، لەم ڕووەوە ئەکرێ بێژین ئەمە پێشهاتێکی نوێیە کە دەتوانێ گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەم وڵاتە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. لەگەڵ ئەوەش، پێم وایە وڵامدانەوەکەی کۆماری ئیسلامی لە چەند لایەنەوە جێگای سەرنجە کە لێرەدا بەکورتی لە چەند خاڵدا تیشکیان دەخرێتە سەر.

**یەکەم**: لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، واتە لە دوای هێرشەکەی ڕۆژی ١ی ئاپریلی ئیسراییل بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە پایتەختی سووریە، ئێران بە چەند ڕێگە هەوڵی دا مامەڵە بەم بابەتەوە بکا، بەڵام هیچ کڕیارێکی بۆ پێشنیارەکانی نەدۆزییەوە. سەرەتا ویستی وەک کارتێک لەدژی ئیسراییل بەکاری بێنێ و ئیسراییل ناچار بە قەبووڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاگربەست لە غەزە بکات، بەڵام هەر زوو هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی لەم بارەوە تووشی شکست بوون. لە قۆناغی دووەمدا ئامادە بوون ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشەکەی ئیسراییل "مەحکووم" بکا، ئەوا ئەوان واز لە وەڵامدانەوە بێنن. ئەم داوایەش کە ڕەشنووسەکەی لەلایەن ڕووسیەوە گەڵاڵە کرا، هەر بە دەم ڕێگەوە ڕەت کرایەوە. لە ئاستێکی دیکەدا، ئێران لەڕووی میدیاییەوە هەوڵی دا ئەم بابەتە بۆ دنەدانی ڕای گشتیی جیهان لەدژی ئیسراییل بەکار بێنێ، بەڵام بەو پێیە کوژراوەکان ژمارەیەک کاراکتەری سەر بە مافیای سپای پاسداران بوون، ئەمەشی بۆ نەچووە سەر.

**دووەم**: وەڵامەکەی ئێران، بابەتێک نەبوو کە ئێران بە دڵخوازی خۆی هەڵیبژاردبێ، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی هەندێ کەس پێیان وایە، ئێران ئەم دۆخە و شەڕ لەگەڵ ئیسراییلی پێ خۆشە، ئەم دۆخە بۆ ئێران زۆر نەخوازراوە. هێرشەکەی ئێران بەتەواوی لەڕووی ناچارییەوە بوو و تەنیا وەڵامدانەوە بوو بەو چاوەڕوانی و بەڵێنانەی لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا لەژێر ناوی "انتقام سخت"دا دروستیان کردبوو. لە ماوەی دوو حەفتەی ڕابردوودا، ئەگەر تەنانەت یەکێک لە پێشنیارە لاوەکییەکانی ئێران قەبووڵ کرابایە، کۆماری ئیسلامی خۆی تووشی ئەم ئابڕووچوونە نەدەکرد کە نزیک بە تەواوی درۆن و هاژەکەکانی لە دەرەوەی سنووری ئیسراییل بە ئاسمانەوە تەقێندرانەوە. هەر بۆیە وەڵامەکە وەک "کاری نابەدڵ" وا بوو، و کارێکیش ئەگەر لەڕووی ناچارییەوە بێ ئەنجامەکەی هەر دەبێتە هێرشەکەی سەر بنکەی "عین السد" و هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل!

**سێیەم**: بەپێچەوانەی ئێران، ئیسراییل شەڕی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوەی لەگەڵ ئێران پێخۆشە. هەم لەبەر ئەوەی دەوروبەری ئیسراییل بە کۆمەڵێک هێز تەنراوە کە دوژمنی ئەو وڵاتەن و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامین و ئیسراییل لە ستراتیژیی سیاسی و سەربازیی خۆیدا ئێران وەک دوژمنی سەرەکیی خۆی و سەری مارەکە دەبینێت. هەمیش دەوڵەتی ئێستای ئیسراییل بە سەرۆکایەتیی بنیامین ناتانیاهوو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران بە قازانجی مانەوەی خۆی دەزانێ و سەرکەوتنیان لە بەرانبەر ئێراندا، هاوکات سەرکەوتنیان لەنێوخۆی ئیسراییل مسۆگەر دەکات.

**چوارەم**: لە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبرەوە، بەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل لە غەزە، ڕای گشتیی جیهان دژی شەڕ و دژی ئیسراییلە. هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، تا ڕادەیەکی زۆر لەم ڕووەوە بە قازانجی ئیسراییل و بە زەرەری کۆماری ئیسلامی بوو. هەر ئێستا هەم لە ئاستی ڕای گشتیی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاییدا و هەم لە ئاست هەڵوێست و پشتیوانیی وڵاتان لە ئیسراییل لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا ئەم گۆڕانکارییە دەبینرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پێنجەم**: ئەگەرچی ئەمریکا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئیسراییل بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران ناتەبایە و لەم بارەوە ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان جۆ بایدن و بنیامین ناتانیاهوودا هەیە، بەڵام لە ئەگەری شەڕدا ئەمریکا ناچارە لە بەرانبەر ئێراندا، پشتیوان و پارێزەری ئیسراییل بێت. بەپێچەوانەی ئەمریکا، ڕووسیە درێژە کێشانی ئەم ئاڵۆزییانە بە قازانجی خۆی دەبینێ و بە قیمەتی قوربانیکردنی ئێرانیش پێی خۆشە وڵاتانی بلۆکی ناتۆ بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا تووشی شەڕێکی نوێ بن. لەم حاڵەتەدا توانای پشتیوانیی وڵاتانی بلۆکی ناتۆ لە ئۆکراین کەم دەبێتەوە و ڕووسیە لە شەڕ لەگەڵ ئۆکراین و پێکانی ئامانجەکانیدا تا ڕادەیەک دەستکراوەتریش دەبێت. هاوکات لەڕووی ئابووریشەوە، (وەک چۆن پێشتریش بازی بەسەر ئێراندا لێ دا و نەوتەکەی بە هەرزانتر بە چین فرۆشت) چین وەک گەورەترین کڕیاری نەوتی ئێران، ناچارە نەوتی زیاتر لە ڕووسیە بکڕێت. بۆیە شەڕ لەگەڵ ئێران لەم کاتەدا بۆ ڕووسیە دوو جار قازانجە.

**شەشەم**: هێرشەکەی ئێران، تەنیا لە یەک لایەنەوە تا ڕادەیەک دوور لە چاوەڕوانی بوو. ئەویش بەکارهێنانی ئەو ڕێژە زۆرە لە درۆن و هاژەک لەدژی چەند ئامانجێک لە دووریی زیاتر لە ١٧٧٠ کیلۆمەتر. لەم هێرشەدا ئێران ئەوەندەی مەبەستی بوو کە بیسەلمێنێ دەتوانێ بە ڕێژەیەکی زۆر لە کێشە و ململانێیە ناوچەییەکاندا چەکە ستراتیژیکەکانی بەکار بێنێ، ڕەنگە ئەوەندە مەبەستی نەبووبێ کە ئەو درۆن و هاژەکانە ئامانجە دیاریکراوەکان بپێکن. لەم ڕووەوە ئێران ویستی زیاتر پەیامێک بە ئەمریکا و ڕکابەرە ناوچەییەکانی بگەیێنێت. ئەوەی کە چەندەش ئەم پەیام و مەبەستەی وەردەگیردرێت، بابەتێکە کە جارێ ڕوون نییە و دوور نییە ئەم مەبەستەیشی هەر نەپێکێت.

**حەوتەم**: لە، هێرشەدا تورکیە (وەک دووەم هێزی ناتۆ)، عەرەبستانی سعوودی و میسر وەک سێ وڵاتی گرنگی ناوچەکە بێلایەن بوون. ڕووسیە و چین وەک دوو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش، هەروەها وەک دوو پشتیوانی ئێران، نەتەنیا پشتیوانییان لەم هێرشانە نەکرد، بەڵکوو هەڵوێستی ئەمانیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی تورکیە، سعودی و میسر نەبوو. عێراق کە لەم کاتەدا سەرۆکوەزیرانەکەی بە سەردانێکی فەرمی لە ئەمریکایە، بێدەنگ بوو و ژمارەیەکی زۆریش لەو درۆن و هاژەکانەی ئێران هاویشتی، لە ئاسمانی عێراق تەقێندرانەوە. ئۆردۆن، هەڵوێستی دژی بەکارهێنانی ئاسمانی وڵاتەکەی بوو و لە پاڵ ئەمریکا، بریتانیا و فەرەنسا نەیانهێشت درۆن و هاژەکانی ئێران سنووری ئەم وڵاتە دەرباز بکەن و بگەنە نێو خاکی ئیسراییل. بەگشتی، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پشتیوانەکانی ئیسراییل دیار بوون و هەڵوێستیان گرت، بەڵام پشیوانەکانی ئێران هەڵوێستیان شتێکی دیکە بوو.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



https://serchawe.com

# شکۆی کچان و ژنانی کوردستان و پیلانی کۆماری ئیسلامی



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

لە ماوەی دوای شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" و درەوشانەوەی ئەستێرەئاسای کچان و ژنانی کوردستان لە نەورۆزدا و داماوی ڕژێم لە ئاست ئەو شۆڕشە مەزنەدا، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژێم و دەست و پێوەندەکانی سەر بە ڕژێم خەریکی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و بێ متمانەیی و سازکردنی شەڕ و ئاژاوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و شاری سەردەشت بە تایبەتی دان.

بۆ شکاندنی شکۆی کچان و ژنانی کوردستان بە گشتی و شاری سەردەشت بە تایبەتی، هەوڵێکی نەزۆک و بێ مایە و دوور لە هەر پێوەرێکی ئەخلاقی لە لایەن ڕژێمی پەت و سێدارەی ئێران لە ئارا دایە. لەو پەیوەندییەدا، بە مەبەستی گۆشەگیرکردن و شکاندنی ژنان و بنەماڵە و کۆمەڵگای کوردستان، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سەر بە ڕژیمی ژنکوژ و منداڵکوژی ئیسلامی ئێرانەوە، کەس یا کەسانێکی نەفس نەزم، هان دراون بە درووست کردنی چەند پەیج و لاپەڕەیەک لە دونیای مەجازی دا، بۆ ناوزڕاندنی ژنان و کچان و هەروەها بۆ سازکردنی نیفاق و دووبەرەکی و بێ متمانەیی لە کۆمەڵگای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستاندا.

دەست و پێوەندەکانی ڕژێم بۆ ئەوەی شوێنەونکە بکەن و بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕیان پێ بکەن، لە نێو وێنە و ناوەکان دا چەند کەسێکی سەر بە ڕژێم کە ساڵانێکە مۆرەی سووتاوی دەستی ڕژێم بوون، ناویان هاتووە، بێشک خەڵکی کوردستان چاک و خەراپی کۆمەڵگا دەبینن. قسە و بابەتی ئێمە لە سەر کەسانێکە کە خۆشناو و جێی متمانەی بنەماڵە و خەڵکن و بە ئانقەست لە لایەن ڕژێم و هەندێک کەسی نەفس نەزم، کراونە ئامانج بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگا و بنەماڵەدا بشکێندرێن.
بۆ ئەوەی پێش بە پیلانەکانی ڕێژێم و دەست و پێوەندەکانی بگرین، پێویستە کە هەموو لایەکمان دەست بخەینە دەستی یەکتر و بە یەکگرتوویی و یەکریزی خۆمان بە تاک و بە کۆ و بە بنەماڵە، بە گژ هەموو جۆرە پیلانەکانی ڕژێم و دار و دەستە سیخورییەکانیدا بچینەوە و هاوکات متمانەمان بە ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵگای خۆمان هەبێ.

پاراستنی شکۆی کچ و ژنانی کوردستان بە گشتی و شاری سەردەشت بە تایبەتی لە گرەوی یەکریزی و یەکگرتوویی خەڵکی بە شەرەف و بە ئەمەگی کوردستان دایە، با بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین کە ئەوانەی ئەمڕۆ بە نووسین و بڵاو کردنەوەی وێنەی شەخسی و بنەماڵەیی، لە هەندێک پەیج و لاپەڕەی دونیای مەجازیدا دەیانهەوێ شکۆی بنەماڵەکان تێک بشکێنن، چیدی نەهێڵین کە بە نووسینە چەوتەکانیان کۆمەڵگای کوردستان ناحەز و ناشیرین بکەن.

هەمووومان دەزانین کە ناوزڕاندنی کچ و ژنان و کوڕ و پیاوانی کۆمەڵگا لە لایەن ڕژێم و سیخوڕانی سەر بە ڕژێم شتێکی نوێ نییە. ڕژێم لە ڕاگەیاندنی خۆی دا باس لە سەرووی ٢٠ هەزار سەربازی سایبێری دەکات، ڕژێمێک کە ٢٠ هەزار سەربازی سایبێری و جاسووسی هەبێ و بتوانێ سەدان پەیجی هەواڵنێری جیهانی و دژبەرەکانی فیلتەر بکا، چۆنە ناتوانێ چەند پەیجێکی کرچ و کاڵ و پڕ لە بوختان و درۆ بلۆک و یا دابخا؟ ئامانجی ڕژێم زۆر ڕوون و ئاشکرایە و دەیهەوێ لە ڕێگای هەندێک پەیجی سێبەری خۆی دووبەرەکی و بێمتمانەیی لە نێو کورد و بنەماڵەکانیان دا درووست بکا.

خەڵک بە گشتی دەزانن کە ڕژێم نەیتوانی پێش بە ڕاپەڕینی ژنانی بوێر گەلەکەمان بگرێ، نەیتوانی لێچکە و مەقنەعە بخاتە سەر کیژانی ڕوو سووری کورد، نەیتوانی پێش بە وریایی و جوانی و ڕەنگاوڕەنگی ژن و کچی کورد لە نەورۆز و بۆنەکانی دیکە دا بگرێ، ڕژێم بۆ قەرەبووی داماوییەکانی خۆی، بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان و بۆ ئەوەی ژن و کیژانی کورد لە ماڵێ دا بە بێ تێچوو و زەحمەت زیندانی بکا ، بە بڵاوکردنەوەی ناوی نەشیاو و بوختانی پڕ لە درۆ ، گەرەکیەتی بە دەستی دایک و باوک و براکانیان لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف دا، کچان و ژنان لە ماڵێ دا گۆشەگیر و زیندانی بکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## له ڕۆژنامەی "کوردستان و "کوردستان میدیا"وە

**خاکەلێوەی: ٢٧٢٤**

سالانێکە خەڵکی کوردستان بە کار و چالاکییە خێرخوازییەکان و کارە هونەرییەکانی خۆیان و خزمەتەکانیان بە ژینگە و کۆمەڵگای کوردستان، بوونە چەقڵی چاوی ڕژێم. هەر بۆیەش ڕژێم هەوڵ دەدا کە بە درووست کردنی قسە و قسەڵۆک، ناویان لە کۆمەڵگا دا خەوشدار و ناحەز بکا، بە تایبەت دوای شەهید کردنی ژینا ئەمینی و شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" و لە سەرپێ بوون و لە مەیدان دا بوونی کچان و ژنان و دایکانی کوردستان. ڕژێم بۆ تۆڵە کردنەوە لەم توێژە گەورەیەی کۆمەڵگا، لە ڕێگەی چەند پەیجێکی سێبەرەوە، خەریکی شکاندنی کەسایەتی بنەماڵەکان و ئەندامانی خێزانەکانیانە.

بڵاو کردنەوەی وێنەی شەخسی بنەماڵەیی کە لە خۆشی و شادی و زەماوەند و ڕۆژی لە دایک بوونیان دا گیراوە و تایبەت بە ئالبۆمی خۆیانن، ئەوپەڕی بێ ڕەوشتی و بێ ئەخلاقییە. لەوەش بێ ئەخلاقییتر نووسینی نەشیاو و هەڵبەستنی کۆمەڵێک درۆ و بووختان و ناڕەواییە کە لە ژێر وێنەکاندا لە سەریان دەنووسرێ. ئەوانەی ئەو کارە چەوت و نامرۆڤانەیە دەکەن، بێشک لە کۆمەڵگا دا بێزراو و لە هەمان کاتدا بێشک فێرکراوی ئیدارەی ئیتلاعەتی سەر بە ڕژێمن. ئەوانە لە هەر کوێ بن، لە نێوخۆی وڵات و یا لە دەرەوەی وڵات بن، دانەخۆرە و چاو بەرەژێری ڕژێم و درەنگ یا زوو دەستی یاسا و کۆمەڵگا دەیان گاتێ و بە سزای کارە چەوتەکانی خۆیان دەگەیێندرێن.

دواتر پێشنیار دەکەم کە ئەو کەسانەی لە ژووری پەیجی قاوەخانە دان و خۆیان مات کردووە و بابەتەکان دەخوێننەوە و متەقیان لێوە نایە، ئەگەر ئەمڕۆ دەنگ نەکەن سبەی بە ناحەق و ناڕەوا باسی کەس و کار و بنەماڵەی ئەوانیش دەکرێ، لە جیاتی مانەوە لە ژوورەکەدا باشترە بێنە دەر و هاوکاتیش بلۆکی بکەن و ڕاپۆرتی لە تێلگرام لێ بدەن بۆ ئەوەی هەم پاکی بکاتەوە و هەمیش ڕێگا نەدات بە موبایل و یا کامپیوتێرەکەی جارێکی دیکەش ژوور بکاتەوە.

لە کۆتایی دا بۆ ئەوەی پێش بە نیفاق و دووبەرەکی و بێ متمانەیی بگرین، باشترین ئەرک و کار ئەوەیە کە منداڵەکانی خۆمان خۆش بوێن و نەکەوینە نێو داوی ڕژێم و بە هێچ شێوەیەک کوڕ و کچەکانمان وەک لە پەیجە درۆیین و سازکراوەکان دا ناویان هاتووە سەیر نەکەین، ئەوانەی ناویان هاتووە قوربانی دەستی ڕژێم و دواکەوتوویی و نەفس نەزمی نامرۆڤانەی چەند کەسێکن و لە دوا ڕۆژدا ئەو کچ و کوڕانەی ناویان هاتووە دایک و باوکی داهاتووی کوردستانن و پێویستە لە ئێستاوە ڕێزیان لێ بگرین.

**٣١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەرکی ئێستامان



**مستەفا مەولوودی**

هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل جیا لە تەپڵی ڕیسوایی و نیشانەکانی هەرەسهێنانی ڕێژیم، سیناریۆیەکی دووپاتەشی تێدا خوێندرایەوە و، ئەو سێناریۆیەی پێشتر دوای کوژرانی قاسم سولێمانی و لە هێرش بۆ بنکەی "عەینولئەسەد"دا بەرنامەی بۆ داندرابوو؛ دیسان بە جۆرێکی دیکە و بە هەزینە و ڕیسواییەکی زۆر زیاترەوە دووپات کرایەوە. ڕێژیم بە قسەی خۆی وەڵامی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر بەناو کۆنسوولخانەکەی و لەڕاستیدا بنکەی دارشتنی پلانە تێرۆریستی و دەستدرێژییەکانی لە دەمیشقی سووریەی داوەتەوە کە لەودا چەندین فەرماندەی پایەبەرزی سوپای پاسداران کوژران، بەڵام پێچەوانەی ئەوەی پێی وایە ئیقتدار و توانای سەربازیی خۆی پێشان داوە و هەیمەنەی سیاسیی وڵاتەکەی پاراستوە، دۆڕاوی سەرەکی هەر بۆخۆیەتی.

ڕێژیم لەو پەلامارەدا زیاتر لە ٣٢٠ مووشەک و درۆنی لە ئیسرائیل گرت کە سەتا ٩٩ی هەڵدراوەکان بەر لەوەی بگەنە خاکی ئیسرائیل بەردرانەوە و تەقێندرانەوە. ئەو هێرشە جیا لە شکستی نیزامی بۆ کۆماری ئیسلامی سەرباری تێچووی ماددیی زۆری لەڕووی سیاسییشەوە بە زیانی شکایەوە و پشتیوانی و هاوڕایی پتری بۆ ئیسرائیل دەستەبەر کرد و بژاردەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پەرچەکرداری دیکەشی بۆ ئەو وڵاتە مسۆگەر کرد. ئیسرائیل کە لە سۆنگەی وێرانی و کوشتارەکانی غەززەوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت هاوپەیمانەکانی خۆشیەوە بەتوندی خرابووە ژێر گوشارەوە، بەو هێرشە گەمژانەیەی کۆماری ئیسلامی خۆی لەو تەنگانەیە ڕزگار کرد و باڵادەستیی خۆی لە هاوکێشەکاندا دەست خستەوە.

پێوەندیدار بە هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل هێنانەگۆڕی چەند پرسیار و وەڵامدانەوەیان بۆ بەرچاوڕوونی سیاسی و بەردەوامیی خەباتی خەڵکی ئێران گرینگن: ئایا شەڕفرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی هاوکات شەڕی خەڵک و وڵاتی ئێرانیشن؟ کاتێک ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان و بۆ نموونە بڕیارنامەی ١٩٢٩ی شورای ئەمنیەت نەیتوانیوە بەر بە پرۆژە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، قەیرانخوڵقێنی و ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی بگرێت؛ کۆمەڵگەی جیهانی بە چ شێوەیەک بەرەوڕووی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە؟ هەروەها کاریگەریی ئەم دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی و ئەو دۆخە نوێیەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا خوڵقاندوویەتی لەسەر خەباتی جەماوەریی خەڵک دژی ڕێژیم و بزووتنەوەی نارەزایەتیی نێوخۆی وڵات چ دەبێت؟

ئەگەر ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ، قەیرانخوڵقێن، دەستدرێژیکەر، پەرەپێدەری شەڕ و تێرۆریزمی دەوڵەتی و هۆکاری ناسەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەناسرێ؛ بەڵام خەبات و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بەدژی ئەو ڕێژیمە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێزی لێ دەنرێ و خەڵاتە پڕبایەخە جیهانییەکانی پێشکێش دەکرێت. ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ و پێمل‌نەبوون بە یاساوڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە تەریک کەوتووەتەوە، گەمارۆی خراوەتە سەر و بە بەردەوامی سیاسەت و ڕەفتارەکانی لەلایەن کۆڕوکۆمەڵە سیاسی و مافی مرۆڤی و وڵاتان و ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکانەوە مەحکووم دەکرێت و سزا لە دوای سزای بەسەردا دەسەپێندرێت؛ بەڵام لە پارلمانی ئورووپا، کۆنگرەی ئەمریکا و بیروڕای گشتیی کۆمەڵگە ئازادەکاندا پێشوازی لە جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی و بایەخە جیهانداگرەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی گەلانی ئێران بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەکرێت. بۆیە ئارمانج و ڕێگە و ڕێبازی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی ئێران دوو شتی لێک‌جیان و ئەو شەڕەش کە ڕێژیمی ئێران هەڵیگیرساندوە نەک هەر شەڕی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو هەڕەشە بۆ سەر هەموو بەرژەوەندییەکانی خەڵک و وڵاتی ئێرانیشە.

کۆماری ئیسلامی بە هەڵدانی سەدان مووشەک و درۆن لە خاکی ئێرانەوە بۆ سەر وڵاتێکی دی سەلماندی کە نە ڕێوشوێنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

نێودەوڵەتییەکان بۆ نموونە بڕیارنامەی ١٩٢٩ی شوڕای ئەمنییەت توانیویانە بەر بە پڕۆژە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرن، نە ئەو ڕێژیمە قەت پێملی یاسا و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بووە. لە ئێستاشدا کە هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی و جیهانی پتر لە هەموو کاتێک دەرکەوتوە، پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی بە خەسارناسیی هەڵوێستەکانی پێشوویان سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر ڕێژیم بگۆڕن و نابێ تەنیا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لە موماشات و ساتوسەودا لەگەڵ ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە بەردەوام بن. بێگومان پێشگرتن بە دۆخی ئاڵۆز و پڕ شەڕ و گرژییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخوازێ سنووری زۆر ڕوون بۆ کۆماری ئیسلامی دابندرێ، بەڕوونییش سپای پاسداران بخرێتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە و گوشاری سیاسی و ئابووری بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بەبێ زیان گەیاندن بە بەرژەوندییەکانی خەڵک و تەنیا بە مەبەستی ویشککردنی توانا و دەسەڵاتی ئابووری و نیزامیی ڕێژیم زۆرتر و سیستماتیکتر ببێت.

پشتتێکردن لە ڕێژیم و پشتیوانیی پتر لە جووڵانەوەی نارەزایەتیی گەلانی ئێران ئەرکێکیترە کە پتر لە هەموو کاتێک لەسەر شانی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی قوورسایی دەکات. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆرییەکان و بە لێبڕاوی و بە دانی هەموو تێچوویەک قۆڵیان لە گۆڕینی ئەو ڕێژیمە بۆ نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و وەڵامدەر هەڵماڵیوە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو پەیامەی خەڵکی ئێران وەربگرن و پشتیوانیان بن. چونکی لەسەرهەستبوون و بەهەڵوێستبوونی وڵاتان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی کە نەک خەڵکی ئێران بەڵکوو ئارامی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشی بەبارمتە گرتوە، جیا لە بایەخەکانی مافی مرۆڤیی و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی لە بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆشیاندایە.

بەڵام ئەو دۆخە نوێیەی لەسۆنگەی ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنییەکەی ئەمدواییانەی ڕێژیم خوڵقاوە چ کارتێکەرییەکی لەسەر نارەزایەتییەکانی نێوخۆی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی دەبێت؟ پێش هەموو شتێک ئەم ڕووداوە خەڵکی ئەوەندەیتر لە سیاسەت و ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی تووڕە و بێزار کردوە. خەڵکی ئێران لە سۆنگەی دەسەڵاتی دژیگەلی، گەندەڵ، ناکارامە و قەیرانخوڵقێنی کۆماری ئیسلامییەوە لەوپەڕی قەیران و بەشمەینەتیدا دەژین و دەستوەردان و شەڕفرۆشییەکانی ڕێژیم ئەوەندە دیکەش هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر وڵات و کۆمەڵگەی ئێران زیاتر دەکات کە تێچووەکەی دەبێ خەڵک بیدەن. بەڵام ئەم دۆخە تایبەتە هاوکات خەڵک بۆ خەبات و بەربەرەکانی لەدژی ڕێژیم بۆ پێشگرتن بە ڕۆژڕەشیی زیاتر هان دەدات و لە بەردەوامیی خۆیشیدا سەرکەوتن هەر بۆ خەڵکە.

٣١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاکەلێوەی: ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٤ی زایینی





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراوە و بابەتەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com